پڕفرۆشترین کتێب لە لیستی نیویۆرک تایمز


## تۆنی ڕۆبنز


هەنگاو بە هەنگاو
بەرەو بەدەستهێنانی
پارە



" تۆنی هێزێکە
لە سروشتەوە"
- جۆن سی بۆگل

# خۆڕاگر بە!

ستراتیژییەتەکانی گەشتنت بە سەربەستیی دارایی
دروستکردنی کەشێکی ئارامیی هزری
لە جیهانێکی سەقامگیر و شێواودا

وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: سەروەر نامیق

# کتێبخانەی یەڵدا



t.me/Yellda_Library

## هاوڕێکانمان

منتدى إقرأ الثقافي
iqra.ahlamontada.com

Tanya Haji | تەنیا حاجی
t.me/tanyahaji7

Kurdpdf
kurdpdf.com

PDF Drive
pdfdrive.com

Chawe zanko
t.me/Chawezanko

Library Genesis
libgen.rs

پڕفرۆشترین کتێبی نیویۆرک تایمز

## تۆنی ڕۆبنز

# خۆڕاگربە

ستراتیژییەکانی گەشتنت بە سەربەستیی دارایی

دروستکردنی کەشێکی ئارامیی هزری

لە جیهانێکی ناسەقامگیر و شێواودا

وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: سەروەر نامیق

**لەگەڵ پیتەر مالۆک**

بۆ ماوەی سێ ساڵ لەسەریەک لەلایەن بارۆن پلەی یەکەم ڕاوێژکاری دارایی لەهەموو ئەمریکادا پێدراوە.

ناسنامەی کتێب:

**ناوی کتێب: خۆڕاگر بە!**

**نوسەر:** تۆنی ڕۆبینز

**وەرگێڕ: سەروەر نامیق**

**بابەت: گەشە پێدانی مرۆیی**

**چاپخانە: تاران**

**تیراژ: ١٠٠٠ دانە**

**نرخ: ٤٠٠٠ دینار**

**لە بەڕێوبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی ( ١٦٤٠ ) ساڵی ٢٠١٩پێدراوە.**

**لە بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی بەختیاری**
**سلێمانی – شەقامی مەولەوی**
**٠٧٧٠١٤٩٥٢٧٠**

# پێڕست

بەندی یەکەم ,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,٥
سامان: کتێبی یاساکان ,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,٥
بەشی یەکەم,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,٦
خۆڕاگر بە ,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,٧
بەشی دووەم ,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,٣٧
زستان دێت، بەڵام کەی؟ ,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,٣٧
بەشی سێیەم,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,٧٢
کرێ شاراوەکان و هەندێك لە ڕاستییەکان ,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,٧٢
بەشی چوارەم ,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,٩٣
ڕزگارکردنی پلانی خانەنشینییەکەمان ,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,٩٣
بەشی پێنجەم ,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,١١٠
دەتوانیت متمانەی تەواو بە کێ بکەیت؟,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,١١٠
بەشی شەشەم,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,١٤٠
چوار یاسا بنچینەییەکە ,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,١٤٠
بەشی حەوتەم,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,١٦٤
ورچەکە بکوژە ,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,١٦٤
بەندی سێیەم ,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,١٩٩

دەروونزانی سامان ,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,, ١٩٩

بەشی هەشتەم ,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,, ٢٠٠

بێدەنگکردنی دوژمنی ناوخۆت ,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,, ٢٠٠

بەشی نۆیەم ,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,, ٢٣٥

سامانی ڕاستەقینە ,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,, ٢٣٥

# بەندی یەکەم

# سامان: کتێبی یاساکان

# بەشی یەکەم
# خۆڕاگر بە

## هێز و ئارامیی مێشك لە دونیای پەشێویدا

## خۆڕاگر بە

### بڕوایەکی تەواو و جێگیر:

### پابەندبونێکی تەواو بە ڕاستییەکانەوە:

### هێوریی و ئارامیی مێشك لە کاتی زریاندا

ئەو هەستە چۆنە کاتێك بە مێشك و دڵ و تەنانەت قولآیی ڕۆحت هەست بکەیت کە هەمیشە سەرکەوتوو دەبیت؟ هەروەها بەوپەڕی دڵنیاییەوە بزانیت کە هەرچەندە لایەنی ئابوریش تێکبچێت و هەرچی بەسەر زەوی و زار و خانوبەرەدا بێت تۆ بەتەواوی ژیانت لەوپەڕی ئاسایشی داراییدا دەبیت؟بزانی کە ئەوەندە بەدەست ئەهێنیت نەك هەر بەشی پێداویستیی خێزانەکەت بەڵکو بەشی ئەوەش دەکات یارمەتی کەسانی دیکە بدەیت؟ هەموان خەون بەو ئارامیی و ئاسودەیی و ئازادییەوە دەبینن. بەکورتی، هەموومان خەون بەوەوە دەبینین کە ببینە کەسێکی خۆڕاگر.

بەڵام لە ڕاستیدا مانای خۆڕاگری چییە؟

ئەم بابەتە پارە نییە، بەڵکو پەیوەندی بە مێشکەوە هەیە. کاتێك بەتەواوی خۆڕاگر دەبیت، ئەوکات لە ناوجەرگەی زریانەکانیشدا تۆ بڕوات بەخۆت هەیە. هەروەها هیچ شتێکیش نیگەرانت ناکات. هیچ شتێك ناتوانێت دوودڵ و ڕاڕات بکات. هەروەها ڕێگە نادەیت ترس بەسەرتدا

زاڵبێت. هەرکاتێکیش هاوسەنگییت لەدەستدا، بەزوویی جێگیر دەبیتەوە و دێیتەوە ئاستی خۆت و هێمنی دڵ و دەرون بەدەست دەهێنیتەوە. کاتێك خەڵکی دەترسن، تۆ هەست بە بوونی مێشکی خۆت دەکەیت و سود لەو بارودۆخ و پشێوییە وەردەگریت کە لە بازاڕدا هەیە. بۆیە ئەم بارودۆخەی مێشکت وات لێدەکات ببیت بە ڕابەر و سەرکردە، نەك شوێنکەوتە. ببیت بە یاریزانی شەترەنج نەك سەربازێکی یارییەکە. ببیت بەو کەمینەیەی کە کار دەکەن، نەك زۆرینەیەك کە تەنانەت قسەشیان بۆ ناکرێت.

بەڵام ئایا دەشێت لە بارودۆخێکی ئاوا پشێودا خۆڕاگربین؟ یان ئەمە هەر خەونێکە؟ ئەو قەیرانە داراییەت لەبیرە کاتێك لە ساڵی ٢٠٠٨ ئابوریی جیهانی گرتەوە؟ هەستت چۆن بوو؟ لەبیرتە ئەو ترس و نیگەرانی و گومانانە چۆن هەموومانی داگیرکرد بوو، ئەمە لە کاتێکدا هەموو جیهان خەریکبوو بەش بەش دەبوو؟ کۆگاکان دارمان، دوکان و بازاڕ و سامانی خەڵکی توشی زیانێکی زۆر بوون، بانکە گەورەکان کەوتن و توشی زیانی زۆر گەورە بوون. هەروەها ملیۆنان کەسی باش و ئیشکەری باش کارەکانیان لەدەستچوو.

با پێت بڵێم من هەرگیز ئەو ئازار و نارەحەتی و ترسەم لەبیر ناچێت کە بە چاوی خۆم بینیم. خەڵکم دەبینی پێداویستیی ڕۆژانەیان نەمابوو، لە ماڵ دەردەکران ئینجا پارەشیان نەبوو منداڵەکانیان بنێرنە خوێندنگە. سەرتاشەکەم پێی گوتم کە کارەکەی سودی نەماوە، چونکە خەڵکی نایانەوێت پارەکانیان لە قژچاککردندا خەرج بکەن. هەروەها گوتی تەنانەت هەندێك لە موشتەرییە ملیاردێرەکانم ترسیان هەبوو لە

قژچاککردن، چونکە پارەکانیان لە بانکدا گیری خواردبوو، مەترسی ئەوەیان لەسەربوو، کە هەموو شتێك لەدەستبدەن. ترس وەك ڤایرۆس وابوو بە هەموو شوێنێکدا بڵاوەی کردبوو. ترس دەستیگرت بەسەر ژیانی خەڵکیدا و ملیۆنان خەڵکی خستە گومان و پشێوییەکی زۆرەوە.

باشە ئەگەر ئەم گومانانە لە ساڵی 2008 کۆتایی بهاتایە زۆر خۆش نەدەبوو؟ پێتوانەبوو ئێستا جیهان گەڕابووەوە دۆخی ئاسایی؟ هەروەها ئابوری جیهان بەشێوەیەکی زۆر خێرا دەستی دەکردەوە بە گەشە و دەهاتەوە سەر سکەی خۆی؟

بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە کە ئێمە هێشتا لە جیهانێکی پشێودا دەژین. دوای ئەم هەموو ساڵە بانکەکان خەریکی جەنگێکی درێژن بۆئەوەی گەشەی ئابورییان ببوژێننەوە. ئەم بانکانە هێشتا سیاسەتێکی توند پەیڕەو دەکەنەوە، کە بەدرێژایی مێژووی ئابوری نەمان بینیوە.

پێت وایە بابەتەکە گەورە دەکەم؟ باشە جارێکیتر بیربکەرەوە بزانە نرخی سوو چەند نەرێنییە لە وڵاتانی وەك سویسرا، سوید، ئەڵمانیا، دانیمارك و یابان. دەزانیت ئەمە چەند شێتانەیە؟ مەبەستی سەرەکی سیستەمی بانکی بۆ تۆیە بۆئەوەی سودت دەستبکەوێت، ئەمیش بەوە دەبێت کە تۆ پارە لە بانکەکان دادەنێیت و ئەوانیش دەیدەن بە خەڵکانی دیکە، بەڵام ئێستا لە هەموو دونیادا وەهای لێهاتووە، کە خەڵکی پارەش دەدەن بۆئەوەی پاشەکەوتەکانیان لە بانك هەڵبگرن نەك سودێکیان دەستبکەوێت. گۆڤاری وۆڵ ستریت ویستی بزانێت چی کاتێك جیهان بە سەردەمی لاوازیی بەرهەمهێناندا تێپەڕیووە. بۆیە گۆڤارەکە چاوپێکەوتنی لەگەڵ ئابوریناسێکی مێژوویی کرد. دەزانیت ئابوریناسەکە

چی بە گۆڤارەکە گوت؟ گوتی بۆ یەکەم جارە ئەمە ڕوودەدات لە مێـژووی ٥٠٠٠ ساڵی بازرگانی و بانکەکاندا.

ئێمە بەم شـێوەیە گەشـتوین بـەم جیهانـە ئاسـاییەی ئێسـتامان: کەسـێك قەرزی بکردایـە پـارەی پێـدەدرا، کەسـێکیش پـارەی هەڵبگرتایـە و کۆی بکردایەتەوە سزا دەدرا.

لـــەم بارودۆخـــە بـــێ ســـەروبەرەیەدا بەرهـــەمهێنانێکی 'ســـەلامەت' دەستکەوتی زۆر خراپی بۆ دەهێنایـەوە، بەتایبـەت ئـەو بەرهەمهێنانـەی کە کوالێتی بەرز بوو، لەبەرئەوە کەسێك ئەمـەی ببینیبایـە پێکـەنینی پێـت دەهـات کـە بـەم شـێوە مامەڵـە دەکـەیت. لـەم دواییانـەدا تێگەیشـتم کـە کۆمپانیای تۆیۆتـا بـۆ مـاوەی سـێ سـاڵ توشـی کێشـەی گرێبەسـتەکانی بووبوویەوە کە تـەنها ٠,٠٠١٪ بەرهـەمی هـەبوو. بۆیـە بـەو پێیـە کەسـێك بیویستایە داهاتەکەی دوو قات بکاتەوە ئەوە پێویسـتی بـە ٦٩,٣٠٠ سـاڵ هەبوو! ئەگەر دەتەوێت تێبگەیت و واتای هەموو ئەمانە بزانیت سـەبارەت بە داهاتوی ئابوریی جیهان، ئەوا بەشـداربە لەگـەڵمان. هـاوارد مـارك، کـە وەبـەرهێنێکی ئەفسـانەییە و بـڕی١٠٠ مليـۆن دۆلار پشـکی هەیـە. بـەم دواییانە پێـی وتم " ئەگـەر توشـی سەرسـوڕمان نـەبویت، ئـەوا تێناگـەیت چی دەگوزەرێت."

دەزانیـت ئێمـە لـە کاتـە نـامۆ و سـەیرەکاندا دەژیـن، لـە کاتێکـداین کـە تەنانـەت گـەورەترین مێشـکە بازرگانییـەکان دان بـەوەدا دەنـێن توشـی سەرسـوڕمان بـوون. بەنیسـبەت منـەوە، ئـەم بابەتـە تـەواو تەشـەنەی سەندووە، بەتایبەت لە ساڵی ڕابردوودا، کاتێك چاوپێکەوتنێکم ڕێکخسـت: کۆمـەڵێك هـاوڕێی دڵسـۆز و موشـتەری بـووین، کـە سـاڵی جارێـك

کۆدەبوینەوە بۆ ئاڵوگۆڕی بیروڕا و پێشبینییە بازرگانییەکان و وەرگرتنی سەرنجە لە باشترینی کەسە زیرەکەکانەوە.
گوێمان لە بیروڕای حەوت کەسی ملیاردێر گرت. بەڵام ئێستا کاتی ئەوەیە گوێ لە پیاوێك بگیرێت کە بۆ ماوەی دوو دەیە بە جۆرێك بەرهەمهێنان دەکات، کە لە هەموو کەسێکی زەوی باشترە. من لەسەر یەکێك لە قەنەفەکان دانیشتبووم لە ژووری کۆنفرانسەکاندا لە هۆتێلی فۆر سیزن لە شاری ویسلەر لە کەنەدا. لە دەریشەوە بەفر بەهێواشی دەباری. ئەو پیاوەش بەرانبەری من دانیشتبوو ناوی ئالان گرینسپان بوو، کە لەلایەن سەرۆکی ئەمریکا ڕۆناڵد ڕیگانەوە لەساڵی ١٩٨٧ وەك سەرۆکی بانکەکانی ئەمریکا دەستنیشان کرابوو، گرینسپان بەوپەڕی توانایەوە وەك سەرۆکی بانکەکان خزمەتی چوار سەرۆکی ئەمریکای کرد پێش ئەوەی لە ساڵی ٢٠٠٦ خانەنشین بێت. لە گفتوگۆکەدا بەدەگمەن پرسیارمان دەکرد. تەنها مەگەر کەسێکی زۆر بەئەزموون قسەی بکردایە و زانیاری لە بارەی داهاتوی ئابورییەوە بخستایەتە ڕوو.
خەریکبوو گفتوگۆ دوو کاتژمێرییەکەمان کۆتایی پێدەهات، من یەك پرسیاری داراییم لەو کابرایە هەبوو، کە هەموو ئەو شتانەی تێپەڕاند بوو، کەسێك بوو بۆ ماوەی ١٩ ساڵ ئابوریی ئەمریکای بە هەموو نارەحەتییەکدا بردبوو، ئینجا دەستم پێکرد: ئالان تۆ لەسەر ئەم هەسارەیە ئەوە ٩٠ ساڵ تەمەنت کردووە و ئینجا گۆڕانکاریی زۆر گەورەت بینیووە لە ئابوریی جیهاندا، لەم جیهانە تەواو شپرز و سیاسەتە شێتانەی بانکە ناوەندییەکاندا، ئەگەر تۆ ئێستاش هەر سەرۆکی بانکەکان بویتایە چییت دەکرد؟ گرینسپان کەمێك وەستا و ئینجا تۆزێك خۆی

خست بە پێشدا و گوتی: "دەستم لە کار دەکێشایەوە."

## چۆن لە کاتی گوماندا دڵنیایی بدۆزینەوە؟

لە بارودۆخێکدا چاوەڕوان دەکرێت چی بکەیت کە تەنانەت ئالان گرینسپان دەستەوستان بێت و نەزانێت ئەمە چییە دەگوزەرێت و کەی کۆتایی دێت؟ئەگەر ئەو نەتوانێت بیر لە شتێك بکاتەوە و چارەیەك بدۆزێتەوە ئەی من و تۆ چۆن بتوانین پێشبینی بکەین کە چی ڕوودەدات؟

ئەگەر هەست بە پەستان و سەرسوڕمان دەکەیت، لێت تێدەگەم، بەڵام با هەوڵە خۆشەکەت پێبڵێم: کۆمەڵێك خەڵکی کەم هەیە کە وەڵامی ئەو پرسیارەیان لایە. کۆمەڵێك کەسی زیرەکی بازرگانی، کە دۆزیویانەتەوە چۆن لە کاتە باش و خراپەکانیشدا پارە پەیدا بکەیت. دوای ئەوەی حەوت ساڵم لە چاوپێکەوتنی ئەو کەسە بازرگان و خاوەن داراییانەدابەسەربرد، ئێستا دەمەوێت وەڵام و دیدگا و نهێنییەکانیان بخەمە ڕوو بۆئەوەی تێبگەیت چۆن لە کاتە ناسەقامگیرەکانیشدا سەرکەوتوو بیت و ببەیتەوە.

هەروەها ئەمەشت پێدەڵێم: ئەوەی لەم بازرگان و دەوڵەمەندانەوە فێربووم ئەوەیە، کە پێویست ناکات پێشبینی داهاتوو بکەیت بۆئەوەی یارییەکە ببەیتەوە. ئەم بیرۆکەیە بەباشی لە مێشکە گەورە و زیرەکەکەتدا بهێڵەرەوە، چونکە گرنگە، بەڕاستی زۆر گرنگە. ئەوەی پێویستە بیکەیت ئەمەیە: دەبێت جەخت لەسەر ئەو شتانە بکەیتەوە کە دەتوانیت کۆنترۆڵیان بکەیت، نەك ئەو شتانەی ناتوانیت کۆنترۆڵیان بکەیت. تۆ ناتوانیت کۆنترۆڵی ئەوە بکەیت ئابوری بەرەو کوێ دەڕوات،

هەروەها زەوی و زار و خانوبەرە نرخیان بەرزدەبێتەوە یان دادەبەزێت.
ئەوە گرنگ نییە! ئەو کەسانەی براوەی یارییە بازرگانییەکانن چاك دەزانن کە ناتوانن کۆنترۆڵی داهاتوو بکەن، چونکە دەزانن زۆرجار پێشبینییەکانیان هەڵە دەردەچێت، لەبەرئەوەی ئەم جیهانە زۆر ئاڵۆزە و زۆر خێرایە لە گۆڕانکاریدا بەتایبەت بۆ کەسێك کە بیەوێت پێشبینی داهاتوو بکات، بەڵام لە لاپەڕەکانی داهاتودا تێدەگەیت کە ئەوان زۆر سوورن لەسەر ئەو شتانەی کە دەتوانن کۆنتڕۆڵی بکەن بەبێ گوێدان بە گۆڕانکارییە ئابوری و داراییەکان و هەوڵی خۆیان دەدەن و تێدەکۆشن.
بۆیە تۆش بە هاوکاری دیدگا و بۆچونەکانی ئەوان تێدەکۆشیت.
ئەوە کۆنتڕۆڵ بکە کە دەتوانیت کۆنتڕۆڵی بکەیت. ئەمە فێڵەکەیە. ئینجا ئەم کتێبەش ڕێك کوتومت ئەوەت پیشان دەدات کە چۆن ئەو فێڵە بەکاربهێنیت. لە سەروو هەموشییەوە، کاتێك ئەم کتێبە تەواو دەکەیت پلانێکی گرنگ فێر دەبیت کە ئەو ڕێگە و هۆکارانەت پێدەڵێت کە یارمەتیدەرن بۆ بردنەوەی یارییەکە. هەمومان دەزانین کە بە بیر و خەون و خەیاڵ یان بە درۆکردن لەگەڵ خۆماندا یان بە ئەرێنی بوون بەتەنها یان بە هەڵواسینی وێنەی ئۆتۆمبێلی نایاب لە بەرچاوماندا نابینە کەسێکی جێگیر و خۆڕاگر. بڕوابوون بە تەنها بەس نییە، بەڵکو پێویستت بە دیدگا و هۆکار و بەهرە و شارەزایی و ستراتیجییەتی تایبەت هەیە، کە هێزت پێدەبەخشێت لە بەدەستهێنانی سەرکەوتنی ڕاستەقینە و هەمیشەیی. تۆ پێویستە یاساکانی یارییە داراییەکان فێربیت. فێربیت یاریزانەکان کێن؟ ڕەگەزیان چییە؟ لە کوێدا دەکرێت ئەم کەسانە زەرەریان پێبگات؟ ئەی تۆ چۆن دەیبەیتەوە؟ ئەم جۆرە زانیارییانە دەتوانن ڕزگارت بکەن.

مەبەستی گەورەی ئەم کتێبە بچوکە ئەوەیە ئەو زانیارییە بنەڕەتییانە بە تۆ بدات. چەند ستراتیجییەتێکی تەواوت پێدەدات لەبارەی سەرکەوتنی دارایی، بۆیە چیتر خۆت و خێزانەکەشت پێویست ناکات لە ترس و ڕاڕاییدا بژین، بەڵکو دەتوانن گەشتی ژیانتان بەخۆشی و ئارامی بەڕێ بکەن.

زۆر کەس بابەتی داراییان بەلاوە گرنگ نییە و زۆر بەهەند وەریناگرن، بەڵام دواتر پارەیەکی زۆریان لەدەست دەچێت. خۆ ئەمە لەبەر ئەوە نییە کە گوێی پێنادەن، بەڵکو لەبەرئەوەیە تەواو نوقمی پەستان و شپرزەیی بوون لە ژیانی ڕۆژانەیاندا. هەروەها شارەزاییان لەم بوارەدا نییە لەبەرئەوە بابەتەکە بەلایانەوە ترسناک و ئاڵۆزە. هیچ یەکێك لە ئێمە حەزناکەین توانا و وزەی خۆمان لە شتێکدا بەفیڕۆ بدەین کە بزانین سەرکەوتوو نابین تێیدا! کاتێك خەڵکی ناچارن بڕیاری دارایی بدەن، هەست بە ترس دەکەن و بەترسەوە بڕیار دەدەن. هەر بڕیارێکیش لە کاتی ترسدا بدرێت دەکرێت هەڵە بێت.

بەڵام کاری من لێرەدا ئەوەیە ببم بە ڕاهێنەری تۆ، بۆئەوەی ڕێنوێنییت بکەم و یارمەتییت بدەم تا بتوانیت کار و بەرنامەیەك پێکەوە گرێ بدەیت بۆئەوەی لەو شوێنەی ئێستا تێیدایت بتبات بۆ ئەو شوێنەی کە دەتەوێت پێی بگەیت. ڕەنگە تۆ کەسێك بیت لە ناوچەیەکی زۆر جەنجاڵدا بیت و ئاسایشی دارایت نەبێت و پێتوابێت تازە درەنگی کردووە، یان لە تەمەنی هەرزەکاریدا بیت و بڵێیت " زۆر قەرزارم، هەرگیز ڕزگارم نابێت لە قەرز،" یان ڕەنگە وەبەرهێنێکی کارامەبیت بەدوای قازانجدا بگەڕێیت بۆئەوەی میراتێك پێك بهێنیت کە نەوەکانی داهاتووت سودی لێببینن.

هەرکەسێکیت و لە هەر قۆناغێکی ژیاندایت، من لێرەم تا پیشانت بدەم کە ڕێگەیەك هەیە.

ئەگەر خۆت تەرخان بکەیت و بمێنیتەوە لەگەڵم تا هەموو لاپەڕەکانی کتێبەکە تەواو دەکەین، دڵنیات دەکەمەوە کە زانیاریی و ڕێگەچارەی تەواوت پێ نیشان دەدەم، کە مەبەستەکەت بەدی دەهێنێت. هەرکاتێکیش لە زانیارییەکان تێگەشتیت و لای خۆت هێشتتەوە و پلانەکەت لە شوێنی خۆیدا دانا، ئەوە دەشێت ساڵی پێویستت بە یەك تا دوو کاتژمێر بێت بۆئەوەی ئامانجەکەت بەدەستبهێنیت. ئەمە لایەنێکی گرنگی ژیانە، کە پێویستە خۆتی بۆ تەرخان بکەیت. ئەگەر تۆ خۆت بۆ ئەوە تەرخانکردووە لە دیدگا و بۆچونەکانی ئەم کتێبە تێبگەیت و بەکاریان بهێنیت، ئەوا دەستکەوت و بەرهەمەکەی بێوێنە دەبێت. هەست بە چ بەهێزیی و بڕوا بەخۆبوونێك دەکەیت ئەگەر ئەو یاسایانە بزانیت لایەنی دارایی بەڕێوە دەبەن؟کاتێك ئەو زانیارییانەت بەدەستهێنا و تەواو شارەزابوویت، ئەوکات دەتوانیت بڕیاری دروست بدەیت لەسەر بنەمای تێگەیشتنێکی ڕاستەقینە، بڕیاریش ئەوپەڕی هێزە. بڕیارەکان یەکسانن بە چارەنووس. ئەو بڕیارانەی کە لەدوای خوێندنەوەی ئەم کتێبە کورتە دەستتدەکەوێت، قۆناغێکی نوێ لە ئارامیی مێشك و ئاسودەیی و ئازادیی داراییت پێدەبەخشێت، کە زۆربەی خەڵکی خەون بە بەدەستهێنانییەوە دەبینن. ڕەنگە وەك پێداهەڵدان تێبگەیت، بەڵام هەر کە خۆت زانییت و دۆزیتەوە ئەوکات تێدەگەیت پێوەنان نییە و ڕاستییەکانت پێدەڵێم.

## چاوپێکەوتن لەگەڵ کەسانی ساماندناردا

خولیای ژیانم ئەوەیە یارمەتی خەڵکی بدەم تا ئەو ژیانە دروست بکەن کە

خەونی پێوە دەبینن. خۆشترین شتی ژیانم ئەوەیە پیشانیان بدەم چۆن لە ئازارەوە هەستنەوە بەرەو هێز. بەرگەی ئەوە ناگرم ئەوانیتر ببینم ئازار بچێژن، چونکە دەزانم چ هەستێکە. من خۆم وەك منداڵێکی چڵکنی هەژار گەورەبووم کە چوار باوکم هەبوو لە چەند ساڵێکی جیاوازدا، لەگەڵ دایکێك کە مادەی کحولی بەکاردەهێنا. هەموو کات بەبرسێتی دەچوومە ناو جێگە و نەشمدەزانی کە سبەی هیچ دەبێت بیخۆم یان نا. پارەیەکی زۆر کەممان هەبوو بۆیە تیشێرتێکم کڕی بە ٢٥ سەنت و چووم بۆ قوتابخانە بەڵام پانتۆڵێکی جۆری لیڤایسم لەپێدەکرد کە نزیکەی ١٠ سانتیمەتر کورت بوو بۆم. بۆئەوەی خۆم بژییەنم، لە دوو بانك لە نیوەی شەودا وەك کارگوزار کارم دەکرد و ئینجا دوای کارکردن پاسێکم دەگرت بۆ ماڵەوە و کە دەگەشتمە ماڵەوە یەکسەر دەخەوتم و هەم دیسان زوو هەڵدەسامەوە بۆ قوتابخانە. بەزەحمەت دەمتوانی چوار تا پێنج کاتژمێر بخەوم، چونکە دەبوایە زوو بچومایە بۆ قوتابخانە.

ئەمڕۆ من خۆشبەختم بەهۆی سەرکەوتنە بازرگانییەکانمەوە. بەڵام با پێتان بڵێم، هەرگیز ئەو بارودۆخە لەبیر ناکەم کە تێیدابووم و بەردەوام بەپەرۆشبووم و مەراقم بوو لەبارەی داهاتوومەوە. لەو ڕۆژانەدا گیرم خواردبوو بەدەست بارودۆخمەوە و پڕبووم لە گومان و ناسەقامگیری و دوودڵی. بۆیە کاتێك ئەو بارودۆخەم بینی کە بەسەر خەڵکیدا هات لەکاتی قەیرانەکەی ساڵی ٢٠٠٨ بۆ ٢٠٠٩ نەمتوانی پشتیان لێبکەم.

ئەوەی منی زۆر پەستکرد بوو ئەوەبوو کە هەموو ئەو پشێوییە ئابورییە بەهۆی کەمتەرخەمیی هەندێك لە کەسە خراپەکانی کۆمپانیاکانی ئەمریکاوە بوون. هێشتا هیچ کەسێکی دەسەڵاتدار گرنگی بەو ناڕەحەتیی

و ئازارە نادات که دروستکرا، کەس نەچووە زیندان، هیچ کەسێك باسی ئەو کێشە بەرنامە بۆداڕێژراوەی نەکرد کە لایەنی ئابوری زۆر لاوازکرد. کەس گرنگی بەو کەسانە نەدەدا کە لە ناڕەحەتی و ئازاردا ژیانیان بەڕێدەکرد. دەمبینی خەڵکی وردە وردە بە بارودۆخەکە ڕادەهاتن و هەموو ڕۆژێکیش خراپ مامەڵەیان لەگەڵ دەکرا و منیش چیتر ئەوەم پێ هەرس نەدەکرا.

بۆیە ئەمە وایکرد دەستبکەم بە گەڕان بەدوای دۆزینەوەی ڕێگەچارەیەك و وەها بکەم کە خەڵکی دووبارە کۆنترۆڵی لایەنی داراییان بکەنەوە بەو شێوەیە چیتر نەبنە قوربانی یارییەك کە لێی تێناگەن. من یەك لایەنی باشەم هەبوو: دەستم بە زۆربەی کۆمپانیا زەبەلاحەکانی دونیا دەگەشت، هەروەها سەرکەوتوو بووم لە سەرپەرشتیکردنی پاوڵ تودەر جۆن کە یەکێك بوو لە گەورەترین بازرگانەکان. پاوڵ یەکێك بوو لە خێرخوازترین و هۆشمەندترین وەبەرهێنەکان. وە هاوڕێیەکی ئازیزم بوو کە یارمەتیدەربوو لە کردنەوەی دەرگاگەلێکی زۆر بەڕوومدا.

بەدرێژایی حەوت ساڵ، لە سەرانسەری جیهاندا چاوپێکەوتنم لەگەڵ زیاتر لە ٦٠ پسپۆڕی داراییدا کرد. ڕەنگە ناوەکانیان گرنگ نەبێت بۆت، بەڵام بەهۆی ناوبانگییانەوە لە بواری داراییدا دەستێکی باڵایان هەبووە و ناسراون، وەك لێبرۆن جەیمس، ڕۆبێرت دی نیرۆ، جەی زێد هەروەها بیۆنس!

ئەمە لیستی کۆمەڵێك ئەفسانەیە، کە لە کۆتاییدا دیدگا و بۆچونەکانیان لەگەڵ من باسکرد لەوانەش ڕەی دالیۆکە سەرکەوتوترین بەڕێوەبەربوو لە مێژودا: کارڵ ئایکان کە بەناوبانگترین چالاکوان و وەبەرهێنی ئەمریکی

بوو: دەیڤد سوێسن کە داراییەکەی زانکۆی 'یالی کرد بە یەکێك لە دەوڵەمەندترین زانکۆکان: وە هەروەها وارن بەفت کە بەناوبانگترین و بێوێنەترین وەبەرهێنبوو.

ئەگەر تۆ ئەم ناوانە نازانیت، کێشە نییە هەر تۆ نییت. ئەگەر لە بواری داراییدا کار نەکەیت، ئەوە ڕەنگە زیاتر دەنگوباسی ئەو یانەیەت لەلابێت کە هاندەریتی، بەڵام ڕاستییەکەی پێویستت بەو کەسایەتییە گەورە داراییانە دەبێت بۆئەوەی تۆش بکەویتە سەر پێی خۆت، چونکە ئەم کەسایەتییانە بەڕاستی ژیانت دەگۆڕن. سەرئەنجامی هەموو ئەمانە کتێبە گەورەکەم بوو کە 670 لاپەڕەبوو. کتێبی پارە: دەست بەسەر یارییەکەدا بگرە، بەخۆشحاڵییەوە بوو بە ژمارە یەك لە پڕفرۆشترین کتێبە بازرگانییەکانی نیویۆرك تایمز، کە لە دوای بڵاوبونەوەی لە ساڵی ٢٠١٤ زیاتر لە یەك ملیۆن چاپی لێ فرۆشرا. خۆشبەختانە ژمارەیەکی ئێجگار زۆر دەستخۆشیم بۆ هاتەوە لەوانە: کارڵ ئایکان، کە پیاوێکی ئاسان نییە تا لێی ببەیتەوە، ڕایگەیاند هەموو وەبەرهێنێك هەستدەکات کە ئەم کتێبە ئەوپەڕی سەرنجڕاکێش و ڕوونە. جاك بۆگڵ نوسی: ئەم کتێبە چاوکراوەت دەکات و تێگەشتنت بەهێز دەکات لە بارەی ئەوەی چۆن شارەزابیت یاری بە پارە بکەیت و لە داهاتودا ئازادی دارایی بەدەست بهێنیت. ستیب فۆربس نوسی، ئەگەر خەڵاتی پولیتزەر هەبووایە بۆ کتێبەکانی تایبەت بە وەبەرهێنان، ئەم کتێبە زۆر بەئاسانی دەیبردەوە.

سەرکەوتنی کتێبی *" پارە: دەست بەسەر یارییەکەدا بگرە"* ڕێك ئاوێنەی ئەو بازرگانە گەورە و بەخشندانەیە کە بە چەند کاتژمێرێك لەگەڵ مندا

دادەنیشتن و زانیارییەکانیان پێ دەبەخشیم. هەر کەسێك کاتی خۆی لە هەوڵدان و جێبەجێکردنی ئەو شتانەی کە ئەوان بە منیان گوتووە بەسەر ببات، ئەوە پاداشتێکی دارایی گەورەی دەستدەکەوێت کە بەشی هەموو ژیانی دەکات.

ئەی کەوایە من بۆچی کتێبێکی دیکە دەنوسم لەسەر چۆنییەتی بەدەستهێنانی ئاواتە داراییەکان؟ دوای هەموو ئەمانە، خۆ ژمارەیەکی زۆر شتی خۆش و ئاسان و بێئازار هەیە دەتوانم بیانکەم لەجیاتی نوسینی ئەم کتێبە! بەڵام ئامانجی من بەهێزکردنی تۆی خوێنەرە، لە هەمان کاتدا گۆڕانکارییەك لە ژیانی ملیۆنان کەس دروستدەکەم کە لەوپەڕی پێویستیدان.

هەموو قازانجەکانم لە کتێبی *پارە: دەست بەسەر یارییەکەدا بگرە* بەخشیوە. ئێستاش ئەم کتێبە خۆڕاگر بە' قازانجەکەیم بەخشیوە بۆئەوەی خواردنی برسییەکان دابین بکەم بە هاوبەشی لەگەڵ دەستەی خۆراکبەخشانی ئەمریکا، کە یەکێکە لە کاریگەرترین دەزگا خێرخوازییەکان بۆ خواردن بەخشین بە برسییەکان. تا ئێستا بە هەموو ئەو دوو کتێبە و بە ئەو بەخشینانەی بەشێوەی کەسی بەخشیومن خواردنمان بۆ زیاتر لە ۲۵۰ ملیۆن خێزان دابینکردووە. لە هەشت ساڵی داهاتوودا لە بەرنامەمدایە ئەو ڕێژەیە بەرزبکەمەوە بۆ یەك ملیار ژەمەخۆراك. ئەگەر تۆ ئێستا ئەم کتێبەت پێیە، ئەوە تۆش بەشداریت کردووە لەم بەخشینەدا. سوپاس!

هەوڵبدە کە چەن چاپێکیش بۆ خێزانەکەت و هاوڕێکانت بکڕیت.

لە سەرو ئەمەشەوە، سێ هۆکاری گرنگم هەیە بۆ نوسینی کتێبی'

**خۆڕاگر بە'.**

یەکەم، دەمەوێت بگەم بە زۆرترین خەڵك ئەویش بە نوسینی کتێبێکی کورت، کە بتوانیت لە ماوەی دوو ڕۆژدا بخوێنیتەوە. ئەگەر دەتەوێت زیاتر بخوێنیتەوە، ئەوە هیوام وایە کتێبی 'پارە: دەست بەسەر یارییەکەدا بگرە' بخوێنیتەوە، بەڵام گەر پێت وابێت ئەم کتێبە گەورە ترسێنەرە و ناخۆشە لێت تێدەگەم. 'خۆڕاگر بە' بە شێوازێك دیزاینکراوە تاوەکو ببێتە هاوڕێیەکی تەواوەتی کە هەموو ڕاستییە بنەڕەتی و گرنگەکانی تێدایە، بۆ گۆڕانکاریکردن لە ژیانتدا لەڕووی داراییەوە پێویستت دەبێت.

لە نوسینی کتێبێکی ئاوادا، من هەوڵی ئەوە دەدەم نەك تەنها شارەزای بابەتەکانی کتێبەکە بیت، بەڵکو کاریشیان پێبکەیت. خەڵکی حەزیان لێیە بڵێن زانست و زانیاری هێزە، بەڵام ڕاستییەکەی ئەو زانیاریی و زانستە تەنها هێزێکی شاراوەیە. تۆش و منیش باش ئەوە دەزانین ئەگەر بێت و کاری پێنەکەین بێسوود دەبێت. ئەم کتێبە پلانێکی بەهێزت پێدەبەخشێت کە زۆر بەخێرایی کاریگەری دەبێت.

هۆکاری دووەم بۆ نوسینی ' خۆڕاگر بە' ئەوەیە کە ترسێکی زۆر دەبینم لەناو خەڵکیدا. چۆن من و تۆ بتوانین بڕیارێکی ژیرانە بدەین لە بارەی داراییەوە ئەگەر پڕبین لە ترس؟ تەنانەت ئەگەریش بزانیت چی دەکەیت، ترس واتلێدەکات کە نەیکەیت. من نیگەرانی ئەوەم ئەگەر ئاوا ترسنۆك بیت ڕەنگە جوڵەیەکی هەڵە بکەیت، یان خۆت و خێزانەکەت وێران بکەیت بەهۆی کۆمەڵێك هەڵەوە کە من بڕوام وایە دەتوانیت خۆتیان لێ بپارێزیت.

ئـەم کتێبـە بەشـێوەیەکی بەرنامـە بۆداڕێـژراو وات لێـدەکات هـەنگاو بـە هەنگاو خۆت لە ئەو ترسە ڕزگار بکەیت.

## ئازیزم دەرەوە ساردە !

لە کاتێکدا من ئەمە دەنوسم، نرخـی شـتومەك بـۆ مـاوەی حـەوت سـاڵ و نیوە بەرزبووەتەوە. ئێستا ئەو دەنگۆیە بڵاوبووەتەوە کە ئێمە دەکەوین، چـونکە گـوتراوە ئـەوەی سـەربکەوێت ڕۆژێکـیش دێتـەوە خـوارەوە. زسـتانیش وادێـت. لـەو کاتـەی تـۆ ئەمـە دەخوێنیتـەوە، ڕەنگـە نرخـی شتومەك خۆی دابەزیبێت، بـەڵام وەك لـە بەشـی دواتـر گفتوگۆ دەکـەین، ڕاستییەکەی ئەوەیە کە هیچ کەسێك ــ دووبارەی دەکەمەوە هیچ کەسێك ــ ناتوانێت وەك خۆی بەتەواوی پێشبینی ئەوە بکات کە نرخـی شـتومەك بەرەو کوێ دەچێت. بە هەموو ئەو دەم لوسانەی لەسەر شاشـەکان قسـە دەکەن و هەموو ئەو ئابوریزانانەی ئەمریکا کە قاتی کەشخە لەبەردەکـەن کەسیان ناتوانن ئەو پێشبینییە بکەن.

هـەموومان دەزانـین وا زسـتان دێـت، جـارێکیتر شـتومەك دادەبەزێتـەوە، بـەڵام هـیچ کەسـێکمان نازانێـت زسـتان کـەی دێـت و تـا چـەند سـەخت دەبێت. ئەمە مانای ئەوەیە کە ئێمە بێهێزین؟ نـەخێر هـەرگیز. ' خـۆڕاگر بە' نیشانت دەدات چۆن شارەزایانی دارایی خۆیان ئامادە دەکـەن، چـۆن لە جێگەی ئـەوەی هـەر بەرهەڵسـتی بکـەن، سـود لـە چـاوەڕوانی زسـتان وەردەگرن. لە ئەنجامدا کاتێك ئەوانـەی خۆیـان ئامـادە نـەکردووە توشـی زیان دەبن، بەڵام تۆ قازانج دەکەیت. ئەو پرسیارە لـە خـۆت بکـە: کاتێـك زریان دێت، دەتەوێت لە دەرەوە بیت و ڕەقبیتەوە و سەرمایەکی سـەخت ڕووت لێبکات و گیر بخۆیت، یان لەو کەسانە بیـت کـە لـە ژوورەوەن و لـە

بەردەم ئاگردان بۆ خۆیان شیرینی دەخۆن؟

با نمونەیەکت پێبدەم لەسەر ئەوەی ئەگەر خۆت ئامادە بکەیت چی دەبێت. لە مانگی کانونی دووەمی ساڵی ٢٠١٦ نرخی شتومەك زۆر دابەزی، لە ماوەی چەند ڕۆژێکدا زیاتر لە ٢ ترلیۆن دۆلار بەهەدەرچوو. بەنیسبەت وەبەرهێنەرانەوە، ئەو ١٠ ڕۆژە خراپترین ڕۆژەکانی دەستپێکی ساڵ بوون. جیهان تەواو شپرزە بووبوو. خەڵکی پێیان وابوو تەواو دونیا بەیەکجاری تێکچووە! بەڵام ڕای دالیۆ سەرکەوتوترین بەڕێوەبەری مێژوو، شتێکی زۆر بێ هاوتای کرد. لە کتێبی ' پارە: دەست بەسەر یارییەکەدا بگرە' باسی شێوازێکی نایابی پلان و وەبەرهێنانی لەگەڵ من کرد کە دەکرێت لە هەموو وەرزەکاندا سەرکەوتوو بێت.

لە ناوەڕاستی ئەم نرخ دابەزینەدا، ڕەی لە داڤۆس بوو لە سویسرا، ئەو شوێنەی کە ساڵانە باشترین کەسەکانی لێ کۆدەبێتەوە بۆ قسەکردن لەسەر دۆخی جیهان، چووە سەر شاشە و قسەی کرد، لە پشتییەوە پەردەیەکی گەورەی لێبوو کە وێنەی شاخێکی بەفراوی لەسەربوو، ئەمەی بۆئەوە کرد تا ڕونی بکاتەوە خەڵکی چۆن لەم دۆخە سەخت و ناهەموارەدا خۆیان بپارێزن. ئەی ئامۆژگارییەکەی چیبوو؟ ڕەی گوتی: پێویستە هەمووان چاپێك لە کتێبەکەی من 'پارە: دەست بەسەر یارییەکەدا بگرە' بکڕن. هەروەها ڕوونی کردەوە و گوتی: تۆنی ڕۆبنز لە کتێبێکدا بەرنامەیەکی دارشتووە کە بۆ هەموو بارودۆخێك دەبێت و ڕەنگە زۆر بەسود بێت بۆ خەڵکی.

کەواتە چی دەبوو ئەگەر شوێن ئامۆژگارییەکەی ڕەی بکەوتیتایە و ئەو بەرنامەیەت دابنایە لە کتێبەکەمدا باسم کردووە، کە بۆ هەموو بارودۆخێك

دەبێت؟
ئەم بەرنامەیە مەرج نییە یەك بە یەكی خەڵكی وەك خۆی سودی لێ ببینن و گونجاوبێت بۆیان، یان هەموو كەسێك بە جوانی جێبەجێی بكات، بەڵكو زیاتر بۆ ئەوەیە كە گەشتێكی ئاسان ببەخشێت بەو كەسانەی كە بەرگەی بارودۆخ و قەیرانی دارایی ناگرن. ئەوەی شایەنی باسە ئەوەیە كە ئەم بەرنامە و نەخشەڕێگایە لە هەموو وەرز و كاتە جیاوازەكاندا لە ماوەی ٧٥ ساڵی ڕابردودا ٨٥٪ ی پارەی جیهانی پەیداكردووە. ئەمەش ئەوەمان پیشاندەدات كە پلان و نەخشەڕێگەی ڕاست چەندە بەهێزە. نەخشەڕێگەیەكە ڕاستەوخۆ لەلایەن یەكێك لە باشترینەكانی جیهانەوە دانراوە.

## خۆت لە قرشەكان بپارێزە

هۆكاری سێیەم بۆ نوسینی ئەم كتێبە ئەوەیە كە پیشانت بدەم چۆن خۆت بپارێزیت لە قرشەكان تاوەكو نەتخۆن. وەك دواتر باسی دەكەین، گەورەترین بەربەست لە بەدەستهێنانی ئامانجە داراییەكانت ئەوەیە كە نازانیت متمانە بە كێ بكەیت و بە كێی نەكەیت.
خەڵكانێكی یەكجار زۆر هەن، كە لە بواری داراییدا كاردەكەن، خەڵكانێك كە هەمیشە ڕۆژی لەدایكبوونی دایكیان لەبیرە، كەسانێك كە لەگەڵ سەگەكاندا میهرەبانن و كەسایەتییەكی پاكوخاوێنی بێ خەوشیان هەیە، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە ئەمانە بەدوای خۆشبەختیی تۆدا بگەڕێن. زۆربەی ئەوانەی كە تۆ پێتوایە ئامۆژگاری خەڵكی دەكەن بەبێ هیچ مەرامێك ئەوە لە ڕاستیدا كەسانێكی دەلاڵن، هەرچەندیش ناوی خۆیان

بگۆڕن و ناونیشانی جیاواز لە خۆیان بنێن. بەم زوانە فێردەبیت، کە تەنها کەسانێکی کەمت پێویستە کە قازانجی تۆ بخەنە پێش خۆیانەوە، تۆ تەنها چەند کەسێکی کەمت دەوێت ڕێنوێنییت بکەن و قازانجی تۆیان بوێت.

دوای نوسینی 'پارە: دەست بەسەر یارییەکەدا بگرە'، جارێکیتر هەستم بەوە کردەوە کە چەند ئاسانە بازرگان و وەبەرهێنەکان گەوجت بکەنەوە. پیتەر مالۆك، کە پارێزەر و بەرنامەداڕێژەرێکی دارایی باوەڕپێکراوی یاساییە، ڕێزی تەواوم بۆی هەیە، ڕۆژێك چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ من ڕێکخست بۆ گۆڕینەوەی هەندێك زانیاری کە ئەو بە زۆر گرنگ و چارەنوساز ناوی دەبرد.

ڕۆژنامەی بارۆن پلەبەندی کردبوو بۆ پیتەر، خۆی و کۆمپانیاکەی لە لیستی یەکەم داهێنەر و پلانداڕێژەرەکانی ئەمریکادابوو بۆ ساڵەکانی ٢٠١٣ و ٢٠١٤ و هەروەها ٢٠١٥ . ئەمە لە کاتێکدایە کە فۆربس لە ئەمریکادا لە ساڵی ٢٠١٦ وەك باشترین وەبەرهێنەکان ناوی بردبوو ( لەسەر بنەمای گەشەی ١٠ ساڵ ). کاتێك کەسێکی شارەزا و بەناوبانگی وەك پیتەر بێت بۆ لای من، ئەوە من دڵنیام شتێکی زۆر بەبەهای لێوە فێر دەبم.

پیتەر لە کەنزاسەوە گەشتی کرد بۆئەوەی من ببینێت کە لە لۆس ئەنجەلۆس بووم، کە گەشتە ئەوێ هەرایەکی نایەوە، باسی ئەوەیکرد کە چۆن هەندێك لە بەناو '' ڕاوێژکارەکان'' بانگەشەیان بۆ خۆیان کردووە گوایە کەسانێکی ڕاستن، بەڵام لەولاوە یاسایان بۆ مەرامی خۆیان بەکار هێناوە و لە بەرژەوەندی خۆیان بەکاریان هێناوە تاوەکو بەرهەمەکانیان

بفرۆشن و قازانج بکەن. ئەمانە بەخۆیان دەگوت خەمخۆری خەڵك و ئەمانەتپارێز، بەڵام لە ڕاستیدا کەسانێکی بێ ویژدانن، بەهۆی نواندن و فێڵەوە قازانجیان بەدەستهێناوە. ' خۆڕاگر بە' هەموو ئەو زانیارییانەت پێدەدات کە یارمەتییت دەدەن خۆت بپارێزی لەو گورگانەی کە لە پێستی مەڕدان. ئێمە ئەو کەرەستە و بنەمایانەت پێشکەش دەکەین کە یارمەتیدەرن لە ناسینەوەی ئامۆگاژر و ڕاوێژکارە ڕاستگۆ و بێ فڕوفێڵەکان کە بەڕاستی بەدوای قازانجی تووەن.

چاوپێکەوتنەکەمان وەك گفتوگۆیەکی هاوڕێیانەی لێهات کە وایکرد ئەویش ببێت بە نوسەری ئەم کتێبە لەگەڵ مندا. تۆش داوای ڕێبەریی و ڕێنیشاندەرێکی ڕاستگۆتر و پڕ زانیاریتر و قسەی ڕاست مەکە بۆ گەشتەکەت، چونکە ئەو شتەکانت وەك خۆی پێدەڵێت، هەروەها دەشزانێت چۆن و کەی فێڵت لێدەکرێت!

کۆمپانیاکەی پیتەر بە بەهای ٢٢ ملیار دۆلار پشکی هەیە و کۆمپانیایەکی زۆر ناوازەیە. زۆربەی ملیاردێرەکان شتێکیان هەیە پێیدەوترێت '' ئۆفیسی خێزانی'' کە تیمێکن لە ماڵەوە بیرۆکە و ئامۆژگاریی کارامە لەبارەی پێشهات و وەبەرهێنانەکانیانەوە دەدەن بەم ملیاردێرانە بۆئەوەی خۆیان ئامادە بکەن بۆ باج و بەرنامە دابڕێژن بۆ خانووبەرە و زەوی و زار، بەڵام پیتەر هەمان ئامۆژگاری بە هەمان ئاست و زانیارییەوە دەدات بە کڕیارەکانی کە خاوەنی زیاتر لە٥٠٠,٠٠٠ دۆلارن: وەك دکتۆرەکان و پارێزەران و خاوەن پرۆژەکان، کە ئەمانە بڕبڕەی پشتی ئابوریی ئەمریکان. هەروەها پیتەر بڕوای وەهایە کە ئەم جۆرە کەسانە هیچیان کەمتر نییە لەو کەسانەی، کە دەوڵەمەندێکی زۆر گەورەن.

من زۆر بە بیرۆکەی دروستکردنی ‘‘ خێزانێك بۆ هەمووان‘‘ سەرسام بووم، کە پیتەر دایهێنا. منیش بەشداریم کرد لە بەشی نەخشەڕێگای داهێنەرانە و دواتر بووم بە سەرۆکی بەشی دەروونی وەبەرهێنەران، ئینجا لەگەڵ دامەزراوەکە تێکەڵبووم بۆ ئەوەی پلان و وەبەرهێنانە داراییەکانم سەربخەم، ئینجا بە بیرۆکەیەکی زۆر ژیرانەوە لە پیتەر نزیك بوومەوە گوتم: پیتەر بەنیازە دابەشکارییەك بکات کە خزمەتی ئەوانەش بکات کە لە سەرەتای گەشتی دروستکردنی ئابوورییاندان؟ ئایا ئەم خزمەتگوزارییە بۆ ئەوانەش دەبێت کە سەرجەمی پشك و سامانەکەیان ١٠٠,٠٠٠ دۆلار دەبێت؟ پیتەر بیرۆکەکەی منی وەرگت و ڕێك بەو شێوەیەی کرد کە من پێشنیارم کرد و هەوڵیدا بیگەیەنێت بە زۆرترین کەس.

دڵخۆشم بە وتنی ئەوەی کە ئەم کۆمپانیایە پێداچونەوەیەك دەکات بە بارودۆخی ئێستا و هەروەها ئامانجەکانت، بێبەرامبەریش یارمەتییت دەدات کە بەرنامەیەکی گونجاوی دارایی دابنێیت. ڕەنگە پێت خۆشبێت بەتەنها کارە داراییەکانت بەئەنجام بگەیەنیت، بەلاّم هەرکات زانییت کە پێویستت بە بیروڕای خاوەن باشترین کۆمپانیاکان دەبێت، ئەوا بەخێربێیت بۆ ‘‘ بەرنامەی داهێنەرانە‘‘ لە ڕێگەی سایتی www.getasecondopinion.com

## ڕێگەی پێشەوەمان

پێش ئەوەی زیاتر بڕۆین، دەمەوێت بەخێرایی نەخشەی ڕێگاکەت پیشان بدەم کەلە پێشەوەماندایە. بەم شێوەیە دەتوانیت بزانیت ئەو بەشانەی کە لە پێشەوەماندایە تا چەند سودیان دەبێت. خۆڕاگر بە‘ دابەشکراوە

بەسەر سێ بەندد‌ا.

بەندی یەکەم باسی یاساکانی کتێبەکەیە کە تایبەتە بە سەرکەوتنی سامان و دارایی. بۆچی دەبێت لە یاساکانەوە دەستپێبکەین؟ چونکە ئەگەر تۆ یاساکانی یارییەکە نەزانیت، چۆن چاوەڕوانی بردنەوە دەکەیت؟

ئەو شتەی کە زۆربەمان دەگێڕێتەوە بۆ دواوە ئەوەیە کە هەست دەکەین تێچووەکانمان زۆرن، ئەمەش هیچ سودی نییە، چونکە جیهان زۆر جەنجاڵ و ئاڵۆزە. نزیکەی ٤٠,٠٠٠ بەروبووم لە بازاڕەکاندا هەیە تا هەڵیانبژێریت، بەو٣,٧٠٠ بەروبومەشەوە کە لە بازرگانیی و مامەڵەدان. لە کۆتایی ساڵی ٢٠١٥ نزیکەی ٩,٥٠٠ پڕۆژەی هاوبەش بە تەنها لە ئەمریکادا هەبوون. ئەمە مانای ئەوە دەگەیەنێت بڕی پارە زیاتربوو لە کاڵا و شتومەك! چەند پێکەنیناوییە؟ هەروەها نزیکەی ١,٦٠٠ شتومەکی ئاڵوگۆڕکراویش هەبوون، بۆیە ئەمە توشی ژمارەیەکی زۆر هەڵبژاردەت دەکاتەوە لە بواری وەبەرهێناندا کە سەرت گێژ دەخوات. بیهێنە پێش چاوی خۆت لەبەردەم ئامێرێکی دۆندرمەدا وەستاویت و دەبێت ٥٠,٠٠٠ تامی جیاواز تاقی بکەیتەوە؟

منیش و تۆیش پێویستمان بە یاسای بەهێز هەیە تا بتوانین لەو پشێوییەدا بڕیار بدەین. لە بەشی سێیەمدا بۆت دەردەکەوێت کە یەکێك لە سادەترین و گرنگترین یاساکان بریتییە لە: کێشەی ئابونەکان.

زۆربەی پڕۆژە هاوبەشەکان بەشێوەیەکی چالاکانە بەڕێوەدەبرێن، ئەمەش مانای ئەوەیە کە لەلایەن کەسانێکەوە بەڕێوەدەبرێن، کە هەوڵدەدەن باشترین وەبەرهێنان بکەن لە باشترین کاتدا، ئامانجیان

ئەوەیە بازاڕ ببەزێنن. بۆ نمونە هەوڵدەدەن قازانجی زۆر بکەن و باشتربن لە کەسانی ئاسایی، هەروەها باشتربن لە بازاڕ و ئەو قازانجانەی خەڵکی ڕۆژانە دەیکەن، بەڵام جیاوازییەکە ئەوەیە، کە ئەمان کرێیەکی باشترت دەدەنێ لە بەرانبەر کارێکدا. شتێکی باشە وایە؟

بەڵام کێشەکە ئەوەیە زۆربەی پرۆژە هاوبەشەکان زۆر کار دەسپێرن بە خەڵکی و پرۆژە دەدەن بە وەبەرهێنەران و دواتر کەمێك لەو وەبەرهێنانە سەرکەوتوو دەبن. توێژینەوەیەك ئەوەی پیشانداوە کە ٩٦٪ی پرۆژە هاوبەشەکان بۆ ماوەی ١٥ ساڵە شکستیان هێناوە لە بەزاندنی بازاڕدا. ئەی دەرئەنجامەکەی چی؟ لە ئەنجامدا ئەو کەسانەی بەشدارییان کردووە دەبێت پارەی زیاتر بدەن بەهۆی ئەو زیانانەی ئەوان کردویانە. ئەمە ڕێك وەك ئەوە وایە فیراریيەك بکڕیت و دواتر بە تراکتۆرێکی قوڕاویی شڕە بیبەیتەوە بۆماڵەوە. تەنانەت لەوەش خراپتر ئەوەیە ئەو پارەدانە بەردەوام زیاد دەکات. بۆ نمونە، ئەگەر تۆ بە ڕێژەی ١٪ بۆ هەر ساڵێك پارەی زیادە بدەیت ، ئەوا داهاتی ١٠ ساڵت زووتر تەواو دەبێت. هەرکاتێك فێربوویت چۆن خۆت لەو پرۆژانە بپارێزیت کە کرێیەکی زۆرت لێوەردەگرن، ئەوکات دەتوانیت داهاتی ٢٠ ساڵ بۆ خۆت بگێڕیتەوە.

ئەگەر بە تەنها ئەمە فێربیت لە یەکەم بەشی ئەم کتێبەدا، ئەوە داهاتوت دەگۆڕێت، بەڵام شتی زۆر زیاتر هەیە. هەروەك پێشتر ئاماژەمان پێدا، ئێمە ئەوەشت پیشان دەدەین کە چۆن خۆت لە کەسانی خراپ بپارێزیت، کە گوایە خزمەت دەکەن و ‘‘ ئامۆژگاری’’ دەبەخشن، بەڵام زۆر مەترسیدارن بۆ سەر داراییەکەت. هەروەها پێتدەڵێین کە چۆن ڕاوێژکاریی کارامە بدۆزیتەوە کە هیچ زیانێکی بۆت نەبێت.

وتەیەك هەیە دەڵێت: '' کاتێك کەسێکی خاوەن ئەزمون چاوی بە کەسێکی پارەدار دەکەوێت، کەسە بەئەزمونەکە پارەکە بەدەستدەهێنێت و ساماندارەکەش ئەزمونێك. '' ئێمە پیشانت دەدەین چۆن ئەم یارییە ئاڕاستە بکەیت، بەم شێوەیە جارێکیتر فریونادرێیت.

بەندی دووەمی خۆڕاگر بە' چەند ستراتیجییەتێکت پێدەدات کە بەدیاریکراوی پیشانت دەدات چی بکەیت، بەم جۆرە دەتوانیت بەزوویی دەستبکەیت بە نەخشەڕێگاکەت لە هەمووی گرنگتر '' چوار بنەما گرنگەکە '' فێردەبیت: ئەمانیش بنەما گرنگ و بەهێزەکانمە کە لە چاوپێکەوتنم لەگەڵ ٥٠ لە گەورەترین وەبەرهێنەکانی جیهانەوە وەرمگرتوون. هەرچەندە ئەوان چەندین ڕێگەی جیاوازیان هەیە بۆ پارەپەیداکردن، بەڵام تێبینی ئەوەم کرد کە هەمویان ئەم بنەمایانە بەکاردەهێنن لە بڕیاردان. من 'چوار بنەما گرنگەکە'م وەك خاڵی وەچەرخان بینی لە ژیانی خۆمدا، هەروەها شادومانم بەوەی ئەم زانیارییانە بخەمە بەردەستی تۆش. دواتریش فێری ''ورچەکە بکوژە'' دەبیت: واتە نەخشەڕێگایەکی هەمەچەشن دابنێ بۆئەوەی زەمیلەی هێلکەکانت تێکنەشکێن (زیانێکی گشتی نەکەیت) کاتێك بازاڕ تێکدەچێت. لە ڕاستیدا فێری ئەوە دەبیت چۆن لە کاتی پشێوی و ترسدا سود وەربگریت و قازانجێکی گەورە بکەیت. ئەوەی خەڵکی هەستی پێناکەن ئەوەیە کە سەرکەوتنی وەبەرهێنان پەیوەستە بە ژیری لە کاتی دەستنیشانکردنی پشکەکان. هەروەها دەبێت بەوردی بزانیت چەندێکی پارەکەت دابنێیت لە چەند پشکێکی جیاوازدا وەك: خانوبەرە و شتومەك و ئاڵتون و گرێبەستەکاندا. پاشان هەواڵە خۆشەکە ئەوەیە کە ئەمانە

هـەمووی لـە کەسـانی سـامانداری وەك : ڕەی دالیـۆ، دەیڤـد سوێنسـن هەروەها پیتەر مالۆك فێردەبیت.

ئەگەر تۆ خۆت شتێك لـەبارەی وەبـەرهێنان بزانیـت، ئـەوا ڕەنگـە هـەمان پرسیاری ئەو ڕۆژنامەنوسـە بکـەیت کـە پرسـی ‘‘ ئایا مەسـەلەکە تـەنها پەیوەست نییە بە کڕین و فرۆشتنی شتومەکی ئاساییەوە؟’’ دالیـۆ، وارن بـەفت، سوێنسـن هـەروەها جـاك بـۆگڵیش هـەموویان پێیـان گـوتم کـە وەبەرهێنان لە پـڕۆژە ئاساییەکاندا باشـترین سـتراتیجییەتە. یـەکێك لـەو هۆکارانـەی کـە پـڕۆژە هاوبەشـەکان سـتراتیجییەتێکی ئەوەنـدە گـرنگن ئەوەیە کە ئەم پڕۆژانە بە شێوەیەك دیـزاین کـراون کـە قـازانجی کەسـانی سادە هاوشـێوەی بـازاڕ بێت. مەگـەر ئەسـتێرەیەکی وەك وارن یـان ڕەی بیت بتوانیت دەستکەوتت زۆر زیاتر بێت لە بازاڕ، چونکە ئـەوان دەتـوانن شـتومەکەکانیان بفرۆشـن هەرچـەندە زۆریـش بێـت.خۆزگـە ئەوەنـدەش ئاسان و سادە بوایە. من وەك خوێندکارێك لە بواری هەڵسوکەوتی مـرۆڤ، دەتوانم ئەمە بـە تـۆ بڵێم: زۆربـەی خـەڵکی پێیـان قورسـە لـە بـازاڕ یـان دوکانێکدا بمێننەوە لە کاتێکدا شـتەکان بـەرەو خراپبـوون دەڕۆن، بـەڵام ئەگەر تۆ ئازایەتییت تێدا بێت لە کاتە ناڕەحەتەکاندا بەرگە دەگریت.

وەك بەفێت یان بۆگڵ بتوانیـت بەرگـەبگریت و بمێنیتـەوە، ئـەوە تـۆ زۆر نایابیت. ئەگەر دەتەوێت بزانیت زۆربـەی خـەڵکی لـە کاتێکدا پەسـتانیان لەسەرە چۆن مامەڵە دەکەن، بڕۆ سەیری توێژینەوەکەی دالبـەر بکـە، کـە یەکێکـە لـە ڕابـەرانی دامـەزراوەی تایبـەت بـە توێژینـەوە لـە بـواری پیشەسازی. دالبەر ئەو جیاوازییەی خستەڕوو کە لەنێوان قازانجی بـازاڕ و هاوڵاتیدا هەیە، بۆ نمونە بازاڕ و کۆمپانیاکـانی ئـەمریکا لـە سـاڵانی ١٩٨٥

بۆ ٢٠١٥سالآنە بە ڕێژەی ١٠,٢٨ قازانجیان کردبوو. بەپێی ئەم ڕێژەیە بێت پارەکەی تۆ هەر حەوت ساڵ جارێك دووقات دەبێتەوە، کەواتە تۆ پارەیەکی زۆرت پەیداکردووە لە ماوەیەکی کەمدا بە خاوەنداریکردنی پشکێکی ئاسایی. با بڵێین تۆ بە بڕی ٥٠,٠٠٠ دۆلار وەبەرهێنانت کردووە، کەواتە ئەو نرخە لە ساڵی ٢٠١٥ دەبێتە چەند؟ وەلآمەکەی ئەمەیە: دەبێت بە ٩٤١,٦١٣,٦١ دۆلار. بەڵێ ئەوە ڕاستە کە نزیکەی یەك ملۆن دۆلارە.

بەلآم لە کاتێکدا قازانجی بازاڕ ١٠,٢٨٪ دۆلار بووە بۆ هەر ساڵێك، دالبەر ئەوەی دۆزییەوە کە لەم کاتەدا وەبەرهێنێکی ئاسایی بۆ ماوەی سێ دەیە تەنها ٣,٦٦٪ دۆلاریان قازانجکردووە! بەپێی ئەم ڕێژەیە بێت پارەکەی تۆ هەر بیست ساڵ جارێك دووقات دەبێتەوە. سەرئەنجام چی؟ لە جێگەی بەدەستهێنانی یەك ملیۆن دۆلار، تەنها ١٤٦,٩٩٦ دۆلارت دەستکەوت.

باشە چی شتێك ئەم جیاوازییە گەورەیە ڕووندەکاتەوە؟ تا ڕادەیەك کاریگەری خراپی سووی ئیداریی و ئەو زیشانەی بەشێوەی دەلآلی دەکرا و هەروەها هەندێك هۆکاری دیکەی شاراوە بوون، کە لە بەشی سێیەمدا گفتوگۆی دەکەین. ئەم تێچووە زۆرانە بەردەوام لە خەرجییەکانت دەبەن هەروەك خوێنمژێکی بێ بەزەیی کە شەوانە لەکاتێکدا تۆ خەوتوویت خوێنت بمژێت.

بەلآم تاوانبارێکی دیکەش هەیە: سروشتی مرۆڤ. منیش و تۆش دەزانین کە ئێمەی مرۆڤ بونەوەرێکی سۆزدارین لەگەڵ توانای ئەنجامدانی سەرکێشی کاتێك دەکەوینە ژێر کاریگەری هەستەکانمانەوە، وەك ترس و

چاوچنۆکی. هەروەك ئابوریناسی ئەفسانەیی بورتۆن مالکێل پێی وتم: ‘‘هەستەکان کۆنترۆڵمان دەکەن، هەروەها ئێمەی وەبەرهێن دەمانەوێت کۆمەڵێك شتی گەمژانە بکەین.’’ بۆ نمونە، ‘‘ئێمە دەمانەوێت پارە بخەینە بازاڕەوە و دواتر لە کاتێکی هەڵەدا وەریبگرینەوە.’’ ڕەنگە خەڵکانێك بناسیت کە لەکاتی هەرزانبوونی شتومەکدا پارەیەکی زۆر بخەنەکار بۆ کرینی کەلوپەل، کەچی دواتر بەرگەی لەدەستدانی ئەو پارەیە ناگرن، یان ڕەنگە کەسانێك بناسیت کە لە ساڵی ٢٠٠٨ دا ترسابن و هەموو بەروبومەکانیان فرۆشتبێت بۆئەوەی لە زیانی گەورە ڕزگاریان ببێت.

نزیکەی چوار دەیەم لە بواری سایکۆلۆژیای ساماندا بەسەربردووە، لەبەرئەوە لە بەشی سێیەمی خۆڕاگر بە‘دا ئەوەت پیشاندەدەم، کە چۆن لە کاتێکدا هەست و سۆزت زاڵبووە بەسەرتدا، خۆت لە هەڵە باوەکان بپارێزیت. ئەم بابەتە زۆر گرنگە، بەڵام بۆچی؟ چونکە تۆ ناتوانیت ئەو ستراتیجییەتی بردنەوە پیادە بکەیت کە لەم کتێبەدا باسکراوە، ئەگەر بێت و فێرنەبیت ئەو ‘‘ دوژمنەی لە ناختدایە‘‘ بێدەنگ بکەیت.

ئینجا پێکەوە وەڵامی گرنگترین پرسیارەکان دەدەینەوە.

بەڕاست تۆ بەشوێن چییەوەیت؟ چۆن دەگەیت بەوپەڕی خۆشبەختی، کە لە ژیانتدا ئاواتی پێدەخوازیت؟ بەڕاست ئەوە پارەیە کە بە شوێنیەوەیت، یان ئەو هەستانەن کە پێتوایە پارە دەتوانێت دروستیان بکات؟ زۆربەمان بڕوامان وایە یان وەها خەیاڵدەکەین کە پارە دەمانباتە ئەو خاڵەی کە ئیتر تەواو هەست دەکەین ئازاد و پارێزراو و بەهێز و خۆشبەختین، بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە هەر ئێستا دەتوانیت ئەو

بارودۆخە بەدەستبهێنیت بەبێ گوێدان بە ئاستی ئابورییت. کەواتە بۆچی چاوەڕێی دڵخۆشبوون بکەین؟

لە کۆتاییدا، ئێمە نەخشەی ئەو ڕێگە بێهاوتایەمان بۆ ئامادەکردوویت بۆئەوەی لەگەڵ پارێزەر و ڕاوێژکارە داراییەکەت بەکاری بهێنیت. ئەم چوار لیستەیە کە ڕێنوێنییت دەکەن لە پاراستنی پشکەکانت و بنیاتنانی میراتێکی زۆر، هەروەها ڕێگەی زیاتر دەدۆزیتەوە بۆئەوەی باجی کەمتر بدەیت!

## مار و گوریسەکە

سەرەتا دەمەوێت لەبارەی سەرەتای بەشەکەوە قسەت بۆ بکەم، چونکە زۆر دڵنیام ژیانی داراییت دەگۆڕێت. ڕاستییەکەی ئەگەر تەنها بەشی دووەم بخوێنیتەوە و هەموو ئەوانیتر فەرامۆش بکەیت، هێشتا هەر دەستکەوتی نایابت دەبێت. وەك پێشتر ئاماژەم پێدا، ئەم کاتەی کە تێیداین زۆربەی خەڵکی سەردەمێکی پشێو و پڕ گومانە بۆ ئابوری جیهان دوای ئەو هەموو ساڵە هێشتا لە شکستدایە. موچەی کەسە مامناوەندەکان بۆ چەندین دەیەیە لە گەشە وەستاوە.

تەکنەلۆجیا چەندین ناوچەی پیشەسازی بەش بەش کردووە و کەسیش نازانێت کام جۆرە ئیشە لە داهاتوودا دەمێنێتەوە و کامیان تەکنەلۆجیا جێگەی دەگرێتەوە. هێشتا ئەو هەستە ناخۆشە هەیە کە نرخی شتومەکی بازاڕ بۆچی چاك نەبووە و شتومەك لە سنوری خۆی دواکەوتووە. من نازانم تۆ چۆنیت، بەڵام ئەم ناسەقامگیرییە خەڵکانێکی زۆری خستووەتە ترسەوە، هەروەها ڕێگرییان لێدەکات لە دروستکردنی سامان، ئەمیش لە ڕێگەی پارەخستنە بازاڕ و پڕۆژەکانەوە و هەروەها ببنە خاوەن پشك لە داهاتوودا نەك هەر بەکارهێنبن.

بەشی دواتر دەرمانی ترسە. بەناو حەوت ڕاستیدا دەتبەین کە واتلێدەکات تێبگەیت کە کاروباری بازاڕ چۆن دەگوزەرێت و چۆن لایەنە ئابوریی و سۆزدارییەکان کاری تێدەکەن. فێری ئەوە دەبیت کە سستیی و دارمانی بازاڕ بەشێوەیەکی سەرسوڕهێن ڕودەدەن، بەڵام هەرگیز بەردەوام نابن. باشترین وەبەرهێن ئەوەیە کە خۆی ئامادە بکات بۆ

بارودۆخه‌ له‌ناكاو و هه‌ڵبه‌ز و دابه‌زه‌كان كه‌ توشیان ده‌بێت و دواتر له‌ به‌رژه‌وه‌ندی خۆیان به‌كاریان بهێنێت.

هه‌ركاتێك له‌م شتانه‌ تێگه‌یشتیت ده‌توانیت به‌بێ ترس ده‌ستبكه‌یت به‌ كار، نه‌ك له‌به‌رئه‌وه‌ی كه‌ كه‌لله‌ڕه‌قی بنوێنیت، به‌ڵكو له‌به‌رئه‌وه‌ی زانیاریی و به‌رچاوڕوونییت هه‌یه‌ له‌ بڕیاردانی دروست. ئه‌مه‌ ئه‌و چیرۆكه‌م بیرده‌خاته‌وه‌، كه‌ ڕه‌نگه‌ تۆش بیستبێتت، شه‌وێك پیاوێكی ڕه‌به‌نی بوزی به‌ره‌و ماڵه‌وه‌ ده‌ڕواته‌وه‌ و له‌ ڕێگادا مارێك ده‌بینێت زۆر ده‌ترسێت و ڕاده‌كات. بۆ به‌یانییه‌كه‌ی ده‌گه‌ڕێته‌وه‌ بۆ ئه‌و شوێنه‌ی كه‌ ئه‌و دیمه‌نه‌ ترسناكه‌ی تێدا بینی، به‌لام ئه‌مجاره‌ له‌ ڕۆژێكی ڕوناكدایه‌، پاشان كه‌ بینی ئه‌و ماره‌ پێچخواردووه‌ له‌ ڕێگه‌كه‌یدا بوو ته‌نها گوریسێكی بێزیان بوو. به‌شی دووه‌م ئه‌وه‌ت پیشانده‌دات كه‌ ئه‌و نیگه‌رانیی و په‌شێوییه‌ت شتێكی بێ بنه‌مایه‌ و ئه‌وه‌ی تۆ لێی ده‌ترسیت و كردووته‌ به‌ مار ته‌نها گوریسێكه‌. بۆچی ئه‌م بابه‌ته‌ گرنگه‌؟ چونكه‌ ئه‌گه‌ر هێز و توانای ئه‌وه‌ت نه‌بێت له‌ بارودۆخێكی وه‌هادا بمێنیته‌وه‌ و به‌رگه‌بگریت بۆ ماوه‌یه‌كی دورودرێژ، ئه‌وكات ناتوانیت یارییه‌كه‌ ببه‌یته‌وه‌.

هه‌ر كه‌ زانییت هیچ مارێك له‌سه‌ر ڕێگه‌كه‌ت نییه‌، ئه‌وكات به‌هێمنی و بڕوا به‌خۆبونه‌وه‌ یه‌كسه‌ر ده‌ستده‌كه‌یت به‌ ڕۆشتن.


پرفرۆشترین کتێب لە لیستی نیویۆرک تایمز
تۆنی ڕۆبنز
"تۆنی هێزێکە لە سروشتەوە"
جۆن سی بۆگل
خۆڕاگر بە!
ستراتیژییەکانی گەشتن بە سەربەستیی دارایی دروستکردنی کەشێکی ئارامیی هزری لە جیهانێکی ناسەقامگیر و شێواودا
وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: سەروەر ئاسق

# بەشی دووەم
# زستان دێت، بەڵام کەی؟

## ئەم حەوت ڕاستییە لە ترسی سستی و دارمانی بازاڕ ڕزگارت دەکەن:

*کلیلی پەیداکردنی پارە ئەوەیە کە نەترسی لە کڕین و فرۆشتنی شمەکەکاندا.*

- پیتەر لینج، ئەو کەسەی لە ساڵێکدا ٢٩٪ قازانجی کرد.

هێز: توانای دیاریکردن و کارتێکردنی باردۆخەکانی ژیانە، سوتەمەنییە بۆ بەدەستخستنی ئەنجامێکی زۆر نایاب. ئەی ئەم هێزە لە کوێوە دێت؟ چی شتێك مرۆڤ بەهێز دەکات؟ چی شتێك لە ژیانتدا هێز دروست دەکات؟

کاتێك مرۆڤایەتی وەك کۆمەڵە ڕاوچییەك دەژیان، ئەوکات هیچ هێزێکمان نەبوو، لەژێر بەزەیی سروشتدابوین. دەکرا لەلایەن هەندێك ئاژەڵی دڕندەوە لەت لەت بکرانیایە یان ئەو کاتانەی دەچوینە دەشت و دەر بۆ ڕاو یان بۆ دۆزینەوەی خواردن، دەکرا سروشت و کەش و هەوا لە ناوی ببردینایە. لەگەڵ ئەمەشدا کەچی هەموو کاتێکیش خواردن نەبوو. بەڵام وردە وردە بەدرێژایی هەزاران ساڵ گەشەمان کرد و پەرەمان بە بەهرەکانماندا، فێربووین کە شتەکان بناسینەوە و بۆ مەبەستی دیاریکراو بەکاریان بهێنین.

لە هەمووی گرنگتر ئەوەیە، کە هەستمان بە شێوە جیاوازەکانی وەرزەکان کرد، پاشان فێربووین سود لە کاتە جیاوازەکانی وەربگرین،

ئەمیش بە چاندنی دەغڵ و دان لە کاتی خۆیدا. ئەم توانایە وایکرد لە دەگمەنی و نەبوونییەوە بچینە هەبوونی و زۆربوون و ئاوەدانی، بردینییە ژیانێکەوە کە کۆمەڵگا و لە کۆتاییشدا شار و شارستانییەتییەکان دەدرەوشانەوە. توانای ناسینەوەی شتەکان لە مرۆڤدا وایکرد ئاڕاستەی ژیانی مرۆڤایەتی بگۆڕێت.

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا وانەیەکی زۆر گرنگ فێربووین: فێربووین کە ئێمە ئەگەر بێتو کارێکی ڕاست لە کاتێکی هەڵەدا ئەنجام بدەین هیچ پاداشتێك وەرناگرین. ئەگەر لە زستاندا شت بچێنیت، بێجگە لە ئازار و ناڕەحەتی، هیچت دەستناکەوێت، هەرچەندە خۆشت ماندوو بکەیت و سەخت کار بکەیت، بۆئەوەی لە هەوڵەکانمان سەرکەوتوو بین، دەبێت شتە ڕاستەکان لە کاتە ڕاست و گونجاوەکاندا بکەین. توانای ناسینەوەی شتەکان و شێوازە جیاوازەکان بەهرەیەکی نمرە یەك کە دەتوانێت بەهێزمان بکات لە بەدەستهێنانی سەرکەوتنی دارایی. هەرکات توانیت شێوازە داراییەکانی بازاڕ بناسیتەوە، ئەوکات دەتوانیت خۆت بگونجێنیت لەگەڵیان، هەروەها بەکاریان بهێنیت و سودیان لێوەربگریت. ئەم بەشە ئەو هێزەت پێدەبەخشێت کە باسمان کرد.

*"زۆربەی وەبەرهێنەران شکست دەهێنن لە سوودوەرگرتن لە هێزی پارەدانان، ئەو هێزی گەشەکردنەی کە چەند جاران زیاد دەکات."*

— بورتۆن مالکێڵ

پێش ئەوەی بچینە قوڵایی ئەم بەشەوە، با دوو خولەکێك باسی چەمکێکی بنەڕەتی بکەین، کە دڵنیام خۆت دەیزانیت، بەڵام چەمکێکە

کـە پێویسـتمان دەبێـت بـۆ بـەکارهێنان و زیـادکردنی دەسـتکەوتەکان، تاوەکو بتوانین سامانێك دروستبکەین کە درێژە بکێشێت و بمێنێتەوە.

یەکەم شێوازکە پێویستە بزانین ئەوەیە کە ڕێگەیەکی موعجیزەیی بەهێز لە بەردەستی هەمووماندا هەیە بۆ بنیاتنانی سامان، ئەو ڕێگەیەی کە وارن بەفت کۆنترۆڵی کرد و بەکاریهێنا بۆ کۆکردنەوەی سامانێك کە ئێستا بڕەکەی ٦٥ ملیار دۆلارە. ئەم نهێنییە چییە؟ زۆر سادەیە، بەفێت دەڵێت: " سامانەکەم دەرئەنجامی ئەمانەن، ژیان لە ئەمریکا و هەندێك جیناتی ناو جەستەم هەروەها قازانجی مامەڵەکانم."

هەرچەندە پێم وایە زۆر باشن، بەلآم من ناتوانم قسە لەسەر جیناتەکانی تۆ بکەم. ئەوەی کە من دەیزانم ئەوەیە کە پارەدانان هێزێکە دەتباتە ژیانێکی تەواو ئازاد لە ڕووی داراییەوە. هەمومان دەزانین پارەدان چییە، بەلآم گرنگە بیری خۆمانی بخەینەوە کە ئەم ڕێگایە چەند کاریگەرە کاتێك تێدەگەین چۆنە و چۆن کار دەکات بۆمان. لە ڕاستیدا توانای ناسینەوە و بەکارهێنانی قازانجی پڕۆژەکان یەکسانە بە گۆڕینی ژیانی نەوەکانمان، کە یارمەتییان دەدات لە بەرهەمهێنانی بڕێکی زۆر دانەوێڵە، ئەمیش بە چاندن لە کاتی گونجاودا!

با ئەم کاریگەرییە بە نمونەیەکی سادە و گرنگ ڕوونبکەینەوە. دوو هاوڕێ جۆی لەگەڵ بۆب بڕیاردەدەن ٣٠٠ دۆلار بخەنە ئیشەوە، جۆی لە تەمەنی ١٩ ساڵییەوە دەستپێدەکات و بۆ ماوەی هەشت ساڵ بەردەوام دەبێت و هەموو مانگێك ٣٠٠ دۆلار دەخاتە سەر حسابەکە، بەلآم دوای ئەوە دەوەستێت لە پارە زیادکردن، واتە ئێستا تەمەنی ٢٧ ساڵە، ئێستا ئەو بە هەموویەوە ٢٨,٨٠٠ دۆلاری داوە و خستویەتیە پڕۆژەوە.

پارەکەی جۆی هەر ساڵێك لە ١٠٪ زیاد دەکات ( کە دەستکەوتێکی دەگمەنە لە ئەمریکادا لە ماوەی سەدەی کۆتایی).

ئەو کاتەی جۆی خانەنشین دەبێت لە تەمەنی ٦٥ ساڵیدا، چەندێك پارەی دەبێت؟ وەڵامەکەی بریتییە لە: ١,٨٦٣,٢٨٧ دۆلار. بە مانایەکی دیکە، ئەو پارە کەمەی کە دەیخستە پرۆژەوە مانگانە ٣٠٠ دۆلاربوو، بەڵام گەشەی کرد و بوو بە نزیکەی دوو ملیۆن دۆلار! سەرسوڕهێنەرە ها؟

هاوڕێکەشی کە ناوی بۆب بوو ئەمیش دەستی پێکرد بە بڕی ٣٠٠ دۆلار، بەڵام درەنگتر لە تەمەنی ٢٧ ساڵیدا بوو، واتە ئەمیش هەموو مانگێك ٣٠٠ دۆلاری دادەنا، بەڵام درەنگتر دەستی پێکرد، بەڵام کەسێکی پابەندە بە ئیشەکەوە و هەموو مانگێك ٣٠٠ دۆلاری لە کاتی خۆیدا دەدا تا دەگاتە ٦٥ ساڵی، کە لەو کاتەی دەستی پێکردووە تا ئێستا ٣٩ ساڵ دەکات. پارەکەی ئەمیش ١٠٪ زیادی کردووە، بەڵام سەرئەنجام چی؟ ئەم کاتێك لە تەمەنی ٦٥ ساڵی خانەنشین دەبێت، بڕی هەموو پارەکەی دەکاتە ١,٥٨٩,٧٣٣ دۆلار.

بیرێك لەمە بکەرەوە! بۆب ١٤٠,٠٠٠ دۆلار زیاتری لە جۆی خستە پرۆژەوە، کە نزیکەی پێنج ئەوەندەی پارەکەی جۆی دەبێت، کەچی هێشتا جۆی ٢٧٣,٥٥٤ دۆلار زیاتر چووەتە سەر پارەکانی و ئەو بڕەیە زیاتر قازانجی کردووە! جۆی پارەی کەمتری خستە پرۆژەوە، بەڵام لە بۆب دەوڵەمەندتر بوو، هەرچەندە بۆب زیاتریش و تا تەمەنی ٢٧ ساڵیش بەردەوام بوو!

چی شتێك ئەم سەرکەوتنە نایابەی جۆی ڕووندەکاتەوە؟ سادەیە، بە زوو دەستپێکردن. ئەو پارەیەی کە دەچووە سەر حسابەکەی بەهۆی قازانجی

ئەو پارانەی خستبوویە پڕۆژەوە، زۆر زیاتربوو لەو پارەیەی کە خۆی پەیدای بکردایە و بیخستایەتە سەر حسابەکەی. ئەو کاتەی جۆی دەگاتە ٥٣ ساڵی قازانجی پارەکانی ساڵانە ٦٠,٠٠٠ دۆلار زیاد دەکات. ئەو کاتەی دەگاتە ٦٠ ساڵی قازانجی پارەکانی دەبێتە ١٠٠,٠٠٠ دۆلار ساڵانە. هەموو ئەمانە بەبێ زیادکردنی یەك سەنت دەبێت. بەبێ ئەوەی هیچ پارەیەکی تر بخاتە سەر پارەکانی، بەڵکو ساڵانە پارەکانی زیاد دەکات. بیهێنە پێش چاوت ئەگەر جۆی لە تەمەنی ٢٧ ساڵیدا نەوەستایە، ئەمیش وەك بۆب تا ٦٥ ساڵی مانگانە ٣٠٠ دۆلاری زیاد بکردایە بۆ حسابەکەی، سەرئەنجام جۆی ٣,٤٥٣,٠٢٠ دۆلار قازانجی دەکرد! بە واتایەکی دیکە، جۆی ١,٨٦ ملیۆن دۆلار لە بۆب زیاتری دەستکەوت. هەموو ئەمەش تەنها لەبەرئەوەیە کە جۆی سەرەتا ٨ ساڵ زووتر دەستیپێکرد.

بەڵام دەزانیت چی زۆر سەرنجڕاکێشە؟ زۆربەی خەڵکی ئەم هەلە ناقۆزنەوە و سوود لەم نهێنییە وەرناگرن کە لەبەردەستیاندایە، سوود وەرناگرن لەم موعجیزەیە بۆ بنیاتنانی سامانێکی زۆر کە ڕێك لەبەرچاویاندایە، کەچی بڕوا بەوە دەکەن کە خۆیان دەتوانن دەوڵەمەندبن بە ڕێگەی خۆیان، ئەمە تێگەیشتنێکی هەڵەیە. ئەو تێگەیشتنەی کە ئەگەر داهاتت زۆربوو ئەوە ئیتر تۆ ئازادی لە ڕووی داراییەوە، ئەو بیروڕایە هەڵەیە.

ڕاستییەکەی ئەوەندەش سادە نییە، هەموومان چیرۆکی ئەستێرەکانی ناو فیلمەکان و هونەرمەندان و وەرزشکارانمان خوێندووەتەوە، کە چۆن بڕێکی زۆر پارەیان پەیداکردووە، کەچی سەرئەنجام مایەپووچ بوون. هەموی لەبەرئەوەی نەیانزانیووە چۆن ئەو پارەیە بەکاربهێنن، بۆ نمونە

لە دوای ژمارەیەك وەبەرهێنان کەچی ڕاپەڕێکی گەورە ڕایگەیاند کە توشی مایەپووچبوون بووە، هەرچەندە سامانێکی هەبوو کە بە ١٥٥ ملیۆن دۆلار مەزەندە دەکرا. کیم باسینگەر، ئەکتەرێك بوو کە لەوپەڕی ناوبانگیدا بوو بۆ هەر فیلمێك ١٠ ملیۆن دۆلاری دەستدەکەوت، کەچی لە کۆتاییدا مایەپووچ بوو. تەنانەت پاشای گۆرانی مایکڵ جاکسۆن وەك دەگوترێت بە بڕی ١ ملیار دۆلار گۆرانی گوتووە و تۆماریکردوون، دواتریش ٧٥٠ ملیۆن نوسخەی لێفرۆشتووە، کەچی کاتێن لە ساڵی ٢٠٠٩ مرد، تەنها ٣٠٠ ملیۆن دۆلاری هەبوو.

وانەی گرنگ ئەوەیە کە هەرگیز بە ڕێگەی خۆت ئازادی دارایی بەدەستناهێنیت. ڕێگای گەشتن بە دەوڵەمەندی ئەوەیە کە گوێ بە ڕێژەی پارەکەت نەدەیت، بەڵکو پارەکەت بخەیتە پڕۆژەوە، بەم شێوەیە دوای چەند ساڵێك زیاد دەکات و قازانج دێتە سەری. بەم شێوازە تۆ لە کاتێکدا خەوتوویت هەر پارەت زیاد دەکات. بەم شێوازە پارە دەکەیت بە کۆیلەی خۆت نەك ببیتە کۆیلەی پارە. بەم شێوازە ئازادی ڕاستەقینەی دارایی بەدەست دەهێنیت.

ئێستا ڕەنگە تۆ بیربکەیتەوە بڵێیت " باشە پێویستە چەندێك پارە بخەمە لاوە بۆئەوەی بگەم بە ئامانجە داراییەکانم؟" ئەمە پرسیارێکی جوانە ! هەروەك ئاماژەم پێدا، بۆئەوەی یارمەتییت بدەین وەڵامی ئەو پرسیارە بدەیتەوە، بەرنامەیەکی مۆبایلمان داناوە کە دەتوانیت بەکاری بهێنیت بۆئەوەی بزانی چییت پێویست دەبێت بۆ پارەخستنە پڕۆژە و پاشەکەوتکردنی. دەتوانیت ئەم بەرنامەیە لێرەوە بەدەست بهێنیت. www.unshakeable.com

بارودۆخی هەرکەسێك تایبەتە، بۆیە پێشنیارت بۆ دەکەم کە لەگەڵ ڕاوێژکارێکی دارایی دابنیشیت و لەبارەی ئامانجەکانت و چۆنییەتی بەدەستهێنانیان گفتوگۆ بکەیت، بەڵام ئاگادارت دەکەمەوە کە زۆربەی ڕاوێژکارەکان ئەو پارەی کە تۆ پێویستتە بۆئەوەی لەڕووی داراییەوە سەلامەت و سەربەخۆ یان ئازاد بیت کەمی دەکەنەوە و ڕێژەکەی دادەشکێنن، هەندێکیان دەڵێن دەبێت پاشەکەوتەکەت ١٠ قاتی ئەوە بێت کە ئێستا بەدەستی دەهێنیت. هەندێکی تریان کە کەمێك ڕاستیبینن دەڵێن: ١٥ ئەوەندەی ئەوەت هەبێت کە ئێستا بەدەستی دەهێنیت. بە واتایەکی دیکە، مەبەستیان ئەوەیە ئەگەر تۆ ساڵانە١٠٠,٠٠٠ دۆلار دەستکەوتت هەبێت، ئەوا پێویستت بە ١,٥ ملیۆن دەبێت، واتە دەبێت ١,٥ ملیۆن دۆلار پاشەکەوتت هەبێت، یان ئەگەر٢٠٠,٠٠٠ دۆلار بێت ئەوە پێویستت بە ٣ ملیۆن دۆلار دەبێت، واتە ٣ ملیۆن دۆلار پاشەکەوتت هەبێت، ئێستا تێگەیشتیت چۆنە؟ لە ڕاستیدا ئەو ژمارەی کە دەبێت بیکەیت بە ئامانج ٢٠ قاتی داهاتەکەتە، بۆیە ئەگەر داهاتەکەت ١٠٠,٠٠٠ دۆلارە ئەوە پێویستت بە ٢ ملیۆن دۆلارە، ڕەنگە بڵێیت ئەمە زۆرە، بەڵام جۆیت لەبیر بێت کە ئەو بڕەیەی بەدەستهێنا تەنها بە بڕی ٢٨,٠٠٠ دۆلار، هەروەها گرەو دەکەم تۆ لەو بڕەی جۆی زیاترت هەیە بۆئەوەی لە ساڵەکانی داهاتودا بیخەیتە پڕۆژەوە. دەتوانیت بەشێوەیەکی دورودرێژتر لە کتێبی 'پارە: دەست بەسەر یارییەکەدا بگرە' ئەم بابەتە بخوێنیتەوە کە لەو بارەیەوە یەك بەشی تەواوی تێدایە. وەك لەوێش باسمکردووە ڕەنگە بەئاسانی بترسیت کاتێك سەیری ئەو ژمارە گەورانە دەکەیت، بەڵام ئەگەر ئامانجەکەت کەمێك بچوکتر بێت ئەوکات ئەوەندەش ترسناك

نابێت.

بۆ نمونە: ڕەنگە ئامانجی یەکەمی تۆ دڵنیایی دارایی بێت نەوەك سەربەخۆیی دارایی. باشە هەستت چۆن دەبێت ئەگەر بتوانیت پارەی خانوبەرە و خۆراك و کرێی گواستنەوە و خزمەتگوزارییەکان هەمووی بدەیت بەبێ هیچ کارکردنێك؟ زۆر نایابە وا نییە؟ هەواڵە خۆشەکە ئەوەیە کە ئەو ڕێژەیە تەنها ٤٠٪ی داهاتەکەتی پێویستە بۆئەوەی پارەی هەموو ئەوانە بدەیت. بەم شێوەیە زووتر دەگەیت بە ئامانجەکەت، هەر کە گەشتیت بە ئامانجەکەشت ئەوکات گوڕوتینێکی وەهات دەبێت کە چیتر ئەو ژمارە گەورانە تۆ ناترسێنن.

بەڵام چۆن دەگەیت بە ئەو ئاستە؟ سەرەتا دەبێت هەندێك پارە پاشەکەوت بکەیت، پاشان بیخەرە پڕۆژەیەکەوە با ببیتە خاوەنکار نەك هەر بەکاربەر بیت. پارە بەخۆت بدە، واتە لەو موچە و داهاتەی کە هەتە ڕێژەیەکی لێ بشکێنە و پاشەکەوتی بکە. بە بۆچونی من خۆت مانگانە لە پارەکەت پاشەکەوت دەکەیت، بەڵام ئێستا کاتی ئەوەیە ڕێژەکە زیاد بکەیت، واتە ئەگەر بەڕێژەی ١٠٪ی داهاتەکەت پاشەکەوت دەکەیت، ئەوا زیادی بکە بۆ ١٥٪ یان ئەگەر ڕێژەی ١٥٪یە، ئەوا زیادی بکە بۆ ٢٠.

بەنیسبەت هەندێك خەڵکەوە ڕەنگە لە ئێستادا ١٠٪ زۆربێت بۆ پاشەکەوتکردن. ڕەنگە تۆ ئێستا لە قۆناغێکی ژیانتدابیت کە منداڵت هەبێت، خوێندکار بیت یان بژێویی ژیانی خێزانەکەت لەسەر بێت، هیچ کێشە نییە.

بارودۆخەکەت هەرچۆنێکە، تۆ دەبێت یەکەم هەنگاو بنێیت و دەستپێبکەیت. ئەم شێوازە سەلمێنراوە و پێی دەوترێت ‘‘ بەیانی زیاتر

پاشەکەوت بکە‘‘ ، کە من لە کتێبی ‘ پارە: دەست بەسەر یارییەکەدا بگرە‘ بە دوورودرێژی باسم کردووە. تۆ بە پاشەکەوتکردنی ٣٪ی داهاتەکەت دەستپێبکە و دواتر وردە وردە بەپێی کات بەرزی بکەرەوە بۆ ١٥٪ یان ٢٠٪. ئێستا ئەگەر تۆ ئەو پارەیەت پاشەکەوتکرد، ئەی باشترین شوێن کوێیە بۆئەوەی ئەوە پارەیەی تێدا بەکاربهێنیت تاوەکو خێراتر بگەیت بە ئامانجەکانت؟ تاکە شوێن و باشترین شوێن کە بتوانیت پارەکانت تێیدا زیادبکەیت بازاڕ و شوێنەکانی ئاڵوگۆڕ و کڕین و فرۆشتنە. لە بەشی شەشەمدا باسی گرنگی دانانی نەخشەڕێگایەکی هەمەچەشن دەکەین، کە بەوردی باسی نەخشەڕێگا و چۆنیەتی شمەك و کەلوپەلی جیاواز بکات، بەڵام لە ئێستادا دەمانەوێت جەخت بکەینەوە لەسەر بازاڕ و شوێنەکانی ئاڵوگۆڕکردن، بۆ نمونە مەزادخانەکان، لەبەرچی؟ چونکە بەڕاستی شوێنێکی ئێجگار بەبەرهەمە! وەك باوباپیرانمان، ئێمەش دەبێت تۆوەکانمان بچێنین لە شوێنێکدا کە بتوانین زۆرترین بەرهەم دروێنە بکەین.

لەکوێ پارەکەم دابنێم؟

وەك منیش و تۆش دەزانین بازاڕ و مەزادخانەکان ملیۆنان خەڵکیان دەوڵەمەند کردووە. بۆ ماوەی زیاتر لە ٢٠٠ ساڵە سەرەڕای هەموو هەڵبەز و دابەز و کێشەکان، ئەم شوێنە باشترین شوێن بووە بۆ ئەو وەبەرهێنەرانەی کە ویستویانە سامان کۆبکەنەوە، بەڵام دەبێت تۆ شێوازی بازاڕ و مەزادخانەکان شارەزابیت، دەبێت لە وەرزەکانی تێبگەیت. ئەمەش ئەو بابەتەیە کە ئەم بەشە باسی دەکات. گەورەترین پرسیاری دارایی چییە کە لە مێشکی هەمووماندایە؟ بەپێی ئەو

ئەزموونەی من هەمە، هەمومان بۆ وەڵامی یەك پرسیار دەگەڕێین کە ئەویش ئەمەیە: ''پێویستە لەکوێ پارەکەم دابنێم؟'' ئەم پرسیارە بووە بە پرسیارێکی پێویست، چونکە هێشتا وەڵامەکان قایلکەر نین. لە ناوچەیەك کە ڕێژەی قازانجکردن کەمە و سنورداره، ئەگەر بێت و پارەکەت لە سندوقی پاشەکەوت یان حساب بانکییەك هەڵبگریت، ناتوانیت هیچ بەدەستبهێنیت، ئەگەریش بەڵگەنامەیەکی کوالیتی باش بکڕیت، ئەوکات لە هیچ کەمتریش بەدەستدەهێنیت! هەروەك قسەیەکی گاڵتەئامێز هەیە لەبارەی وەبەرهێنانی سەلامەت و بێ مەترسییەوە کە دەڵێت: وەبەرهێنانە سەلامەت و بێ مەترسییەکان *کارێکی بێ قازانجت* پێدەدەن لە بری *قازانجێکی بێکار*.

ئەی لەبارەی شتومەکەکانەوە چی؟ سەدان ملیار دۆلار لە بازاڕەکانی جیهانەوە هاتونەتە بازاڕی ئەمریکا کە ڕەنگە خەڵکی تا ڕادەیەك بە شوێنێکی سەلامەتی دابنێن، بەڵام ئەمە پشێوی و گومانی زیاتری دروستکردووە، لەبەرئەوەی نرخ و بەهای شتومەکەکانی ئەمریکا لەم حەوت ساڵ و نیوەی دواییدا بەرزبوونەتەوە، هەروەها ترسی ئەوەیان هەیە، کە ڕەنگە دووبارە لەپڕ دابەزێتەوە. تەنانەت ئەوانەش لەکاتی بەرزبوونەوەی ئەم نرخانەدا قازانجێکی باشیان کردووە، دەترسن لەوەی دووبارە شکست بهێنن کە دواتر هیچ شتێك ناتوانێت یارمەتیدەریان بێت بانکە ناوەندییەکان نەبێت.

ئەی کەواتە پێویستە چی بکەیت؟ خۆت ئامادە بکەیت بۆ دابەزینی نرخی شتومەك بە شێوەیەکی بەرچاو و هەموو شتومەکەکەت پێشوەخت بفرۆشیت و ڕابکەیت بەرەو گردەکان؟ پاشان هەموو پارەکەت بەشێوەی

کاش هەڵبگریت و چاوەڕێی ئەوە بکەیت کە نرخەکان دابەزین تۆش کەلوپەلێکی زۆر بکڕیت بە نرخێکی هەرزان؟ بەڵام ئەگەر چاوەڕێش بکەیت تا چەندێك چاوەڕوان دەبیت؟ ئەی بۆ باسی ئەوانە ناکەیت کە چەند ساڵە چاوەڕێن؟ هەرجارێك نرخی شتومەك باش بووە ئەمان لەدەستیان چووە؟ یان باشتر وایە لە بازاڕدا بمێنیتەوە و بەتوندی دانیشیت و چاوەکانت دابخەیت و وادابنێیت خۆت جێگیرکردووە و سەلامەتیت؟ پێم وتیت کە هیچ یەکێك لەمانە سودی نییە! وەك دەزانیت مرۆڤ کاتێك چارەسەری پشێوی و گومان دەکات، بە کاتێکی ناخۆشدا تێدەپەڕێت. کەواتە چاوەڕوان دەکرێت چۆن بڕیاری ژیرانە بدەین لە ژینگەیەکی وەهادا کە هەموو شتێك گوماناوییە؟ چیمان پێدەکرێت ئەگەر بازاڕ دابەزێت یان لە کۆتاییدا زستانی دارایی بێت؟

هەندێك هەوڵی داراییم پێیە بۆت: ئێمە دەزانین کەی زستان دێت، چۆن؟ لەبەرئەوەی کاتێك چاوێك بە سەد ساڵی ڕابردوودا دەخشێنینەوە و سەیری شتومەکەکان دەکەین، ئەو ڕاستییە سەرسوڕهێنەرەمان بۆ دەردەکەوێت، کە زستانی دارایی بە نزیکەیی هەموو ساڵێك دێت. لەبەرئەوە ئەگەر ئەم زانیارییە بزانیت و ئاگاداری بیت، ئەوکات دەتوانیت لە بەرژەوەندی خۆت بەکاریان بهێنیت، بگرە باشتریش. بەم جۆرەش ترست لە ناسەقامگیری دەڕەوێتەوە، چونکە دەبینیت ئەو لایەنە گرنگانەی دارایی و بازاڕ زۆر چاوەڕوانکراون بە شێوەیەك کە هەرگیز تۆ هەستت پێنەکردووە.




لەبەرئەوە دەمانەوێت گەشتێك بەناو ئەو حەوت ڕاستییەدا بکەیت بۆئەوەی بزانیت بازاڕ و مەزادخانەکان چۆن کاردەکەن.

ئینجا فێری ئەوە دەبیت کە بڕیارەکانت لەسەر کۆمەڵێك ڕاستی سەلمێنراو بینا بکەیت. هەروەك باوباپیرانمان ئەوەیان دۆزییەوە کە چاندنی تۆوەکان لە وەرزی بەهاردا ستراتیجییەتی بردنەوەیە. بەدڵنیاییەوە هیچ شتێك لە بازاڕ و چاندنی بەروبووم و تەنانەت لە ژیانیشدا بەتەواوەتی دڵنیایی تێدا نییە! هەندێك زستان زوو دەگەن، هەندێکیان درەنگ: هەندێکیان سەختن، هەندێکیان ئاساین، بەلاّم ئەگەر

تۆ بۆ ماوەی چەند ساڵێك ڕێگایەكی كاریگەر بگریتەبەر، ئەوكات ئەگەری سەركەوتنت بە شێوەیەكی بەرچاو زیاد دەكات. ئەوەی شارەزایان و ساماندارەكان لە خەڵكی ئاسایی جیادەكاتەوە ئەوەیە، ئەوان توانای دۆزینەوەی ستراتیجییەتی بردنەوەیان هەیە و پیادەی دەكەن. لەبەرئەوە هەمیشە شتەكان بە دڵی ئەوان دەبێت. هەر كە لەو حەوت ڕاستییە حاشاهەڵنەگرانە تێگەیشتیت كە كەمێكی دیكە ڕوونیان دەكەینەوە، ئەوكات لەوەش تێدەگەیت وەرزە داراییەكان چۆن كاردەكەن. هەروەها یاساكانی یارییەكە دەزانیت و دەزانیت لەسەر چی بنەمایەك دانراون. ئەمەش هێز و ورەیەكی زۆرت پێدەدات، چونكە زۆربەی كەسە بەئەزموون و كارامەكانیش ئەم ڕاستییانە نازانن. بەم زانیارییانە خۆت پڕچەك بكە، ئەوكات دەتوانیت بچیتە ناو یارییەكە و تێیدا بمێنیتەوە و بیبەیتەوە. لە هەموشی گرنگتر ئەوەیە ئەم ڕاستییانە ڕزگارت دەكەن لەو ترس و پەشێوییەی كە ژیانی زۆربەی كەسە داراییەكانی داگیركردووە. هەر لەبەر ئەمەیە پێی دەڵێین ڕاستییەكانی ئازادبوون.

با پێت بڵێم بۆچی توانای وەبەرهێنان بەبێ ترس ئەوەندە گرنگ و چارەنوسازە، بۆچی؟ چونكە خەڵكانێكی زۆر بەهۆی ترسەوە لە جوڵە كەوتوون بە شێوازێك كە ناتوانن جوڵەیەك یان ئیشێك بكەن، لەوە تۆقیون كە ڕەنگە بازاڕ هەموو سەروەتەكەیان تێك بشكێنێت و هەموو ئەوەی كە بەنارەحەتی دەستیانكەوتووە لەدەستیان بچێت. لەوە تۆقیون كاتێك ئەمان پارە دەخەنە پڕۆژەوە نرخی شتومەكەكان دابەزێت. لەوە تۆقیون كە زیانیان پێبگات، چونكە نازانن خەریكی چین و چی دەكەن، بەڵام هەروەك دواتر دەیزانیت، هەركاتێك لەم ڕاستییانە

تێگەیشتیت کە لە چەند لاپەڕەیەکی دواتردا باسیان دەکەین، ئەوکات ئەو ترسە بەخێرایی نامێنێت.

پێش ئەوەی دەستپێبکەین با بەخێرایی هەندێك شێوازی بازاڕکردن و مامەڵەت بۆ ڕوون بکەمەوە. کاتێك بازاڕ بەڕێژەیەکی کەم دادەشکێت بە بەراورد بە بەرزترین نرخی پێشوی، ئەوە پێی دەگوترێت سستی بازاڕ، بەڵام کاتێك نرخی بازاڕ بەڕێژەی زیاتر دادەبەزێت ئەوە پێی دەگوترێت دارمانی بازاڕ. هەندێك ڕاستی سەرسوڕهێنەرت لەگەڵ باسدەکەین لەبارەی ڕزگاربوون لە سستی بازاڕ. دواتر جەخت لەسەر دارمانی بازاڕ دەکەینەوە. لە کۆتاییدا گرنگترین ڕاستی ڕووندەکەینەوە: گەورەترین مەترسیی سستی یان دارمانی بازاڕ نییە، بەڵکو ئەوەیە کە بەشداری بازاڕ نەکەیت و بچیتە دەرەوەی بازاڕ.

## یەکەم ڕاستی بۆ ڕزگاربوونت: بەشێوەیەکی ڕێژەیی، لە ساڵی ۱۹۹۰ەوە، سستی بازاڕ هەموو ساڵێك جارێك ڕویداوە.

تا ئێستا گوێت لە کەسە زانا و قسەکەرەکان گرتووە کە لەسەر شاشەکان دەردەکەون باسی نرخی شتومەك و بازاڕ دەکەن؟ شتێکی سەرنجڕاکێش نییە کاتێك دەبینیت ئەوەندە بەسامناکی باسی بابەتەکە دەکەن؟ ئەوانە حەزیان لەوەیە باسی ترس و پشێویی و ئاژاوە بکەن، چونکە ترس واتلێدەکات بتخاتە ناو پلانەکانییەوە. بەردەوام شیکاری ئەو قەیرانە بچوکانە دەکەن و پێشبینی دەکەن گەورە بێت و پشێوی دروستبکات. بۆ نمونە: قەیرانە باوەکان لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا بێ ئۆقرەیی

دروستدەکەن و بەردەوامیشن لەوانەش: سستی بازرگانیی نەوت و داشکانی قەرزەکانی ئەمریکا و خاوبوونەوەی ولاّتی چین یان هەرشتێکی دیکە بێت، کە بەهۆیەوە ئەم جۆرە کەسانە پارەیەك پەیدا بکەن یان خۆشییەك ببینن. پاشان بەو بۆنەیەوە ئەگەر لەم شتانە تێناگەیت ئەوە نیگەران مەبە، چونکە شارەزایانیش لێی تێناگەن! من لۆمەی ئەوانە ناکەم بۆ ئەو زمانلوسیی و قسانەیان. ئەوە ئیشی خۆیانە، بەلاّم بەنیسبەت من و تۆوە هیچ یەکێك لەم شتانە ئەوەندەش سەرنجراکێش نییە. زۆربەیان گەورەکراون بۆئەوەی تۆ بوەستێنن لە گەشتن بە کۆنترۆڵکردنی شتەکان. کێشەکە ئەوەیە هەموو ئەم چەنەچەن و نواندن وهەست و سۆزانە وامان لێدەکەن نەتوانین بەڕونی بیربکەینەوە. کاتێك گوێمان لەو شارەزایانە دەبێت کە زۆر سورن لە قسەکردندا لەبارەی ئەگەرەکانی ڕوودانی سستی بازاڕ یان دروستبونی قەیران، زۆر بەئاسانی توشی نیگەرانی و مەراق دەبین، چونکە وا قسەدەکەن دەڵێیت ئاسمان دەکەوێت بەسەرماندا. ڕەنگە ئەمە بۆ تەلەفزیۆنەکان باشبێت، بەلاّم لە کۆتاییدا منیش و تۆش وامان لێدێت کە بڕیاری دارایی بدەین لەسەر بنەمای ترس. لەبەرئەوە هەتا دەتوانیت دەبێت هەست و سۆز لەم یارییەدا لاببەین.

لەجیاتی ئەوەی بەم هەمووە ژاوەژاوەوە سەرقاڵ بیت، باشتر وایە سەرنج بخەیتە سەر هەندێك ڕاستی کە بەڕاستی زۆر گرنگن. بۆ نمونە: بەشێوەیەکی ڕێژەیی لە ساڵی ١٩٩٠ەوە هەموو ساڵێك سستییەك لە بازاڕدا ڕودەدات. یەکەمجار من کە گوێم لەوەبوو سەرسام بووم، تەنها بیری لێبکەرەوە: ئەگەر تۆ ئێستا ٥٠ ساڵ بیت، هەروەها داینێ ٨٥ ساڵ

دەژیت، ئەوکات تا ئەو تەمەنە تۆ ٣٥ سستی دیکە دەبینیت، یان با بڵێم هێندەی ژمارەی ڕۆژی لەدایکبوونەکانت سستی دەبینیت.

ئەم داتایە بۆچی گرنگە؟ چونکە ئەوەت پیشاندەدات ئەو سستییانەی کە بەسەر بازاڕدا دێن تەنها بەشێکی ڕۆتینی یارییەکەن. لە جێگەی ئەوەی بەترسەوە لەگەڵیان بژین، من و تۆش پێویستە وەك شتێکی ئاسایی وەری بگرین هەروەك بەهار و هاوین و پاییز و زستان. پاشان دەزانیت چیتر؟ بەپێی مێژوو زۆربەی سستییەکان ٥٤ ڕۆژ درێژەیان کێشاوە کە دوو مانگیش نابێت. بە واتایەکی دیکە، پێش ئەوەی هەست بەو سستییانەی بازاڕ بکەیت، ئەو کۆتایی هاتووە. ئێستا تێگەیشتیت ئەوەندەش ترسناك نییە؟ ئێستا ئەگەر بکەویتە ناو سستی بازاڕەوە، ڕەنگە هەست و سۆزت بجوڵێت و دەستبکەیت بە فرۆشتن بۆئەوەی خۆت لابدەیت لە زەرەر و زیان، بەڵام بەدڵنیاییەوە تۆ بەتەنها نییت. ئەو قسەوباسانە قەیرانی مێشك دروستدەکەن، بەڵام ئەوەی گرنگە ئەوەیە کە تێبینی ئەوە بکەیت کە بەشێوەیەکی ڕێژەیی قەیرانی بازاڕ لە ماوەی ١٠٠ساڵی ڕابردوودا تەنها ١٣,٥٪ دابەزیوە. لە ساڵی ١٩٨٠ تاوەکو کۆتایی ساڵی ٢٠١٥ ڕێژەی دابەزین ١٤,٢٪بووە. ڕەنگە هەست بە نائاسودەیی بکەیت کاتێك پشکەکانت ئەو زیانەیان بەردەکەوێت و ناسەقامگیریش زۆر کەسی توشی هەڵە کردووە لە بڕیاردان، بەڵام ئەوەی دەبێت لەبیرت بێت ئەوەیە: ئەگەر خۆڕاگر بیت، ئەو ڕەشەبایە زوو تێپەڕدەبێت.

## دووەم ڕاستی بۆ ڕزگاربوونت:

## کەمتر لە ٢٠٪ی سستییەکانی بازاڕ دەبن بە دارمان.

کاتێك بازاڕ دەستدەکات بە جوڵە و نرخ دادەبەزێت بەتایبەت کاتێك لە

١٠٪ کەمتر دەبێتەوە، زۆربەی خەڵکی دەستدەکەن بە فرۆشتنی شتومەکەکانیان و دەترسن، لەبەرئەوەی دەترسن بارودۆخەکە خراپ و کوشندە بێت. ئایا ئەوانە زۆر هەستیار نین بە بابەتەکە؟ لە ڕاستیدا زۆریش نا، یەك لەسەر پێنجی سستییەکانی بازاڕ دەبن بە دارمان. بە شێوەیەکی تر بڵێم، لە ٨٠٪ی سستییەکان نابن بە دارمانی بازاڕ.

ئەگەر لەکاتی سستیی بازاڕدا بترسیت و بەرهەمەکانت بکەیت بە پارەی کاش، ئەوە ڕەنگە لەو کاتەدا کارێکی باشت کردبێت، بەڵام ئەو کاتەی بۆت دەردەکەوێت کە زۆربەی سستییەکان ئەو خراپەش نین، ئەوکات زۆر بەئاسانی بەردەوام دەبیت و سود لە بارودۆخەکە وەردەگریت.

## سێیەم ڕاستی بۆ ڕزگاربوونت:

## هیچ کەسێك ناتوانێت پێشبینی بەرزبوونەوە یان دابەزینی نرخی شتومەك بکات.

ڕاگەیاندنەکان ئەم ئەفسانە و شتە پڕوپوچانە بڵاودەکەنەوە کە گوایە ئەگەر تۆ کەسێکی زیرەك بیت ئەوە دەتوانیت پێشبینی بازاڕ بکەیت و خۆت لە دابەزینی نرخەکان بپارێزیت. ناوچە پیشەسازییەکانیش هەمان پڕوپاگەندە بڵاودەکەنەوە. ئابوریناسان و پلاندارێژەرانی بواری وەبەرهێنانە گەورەکان زۆر بەبڕوا بەخۆبوونەوە پێشبینی دەکەن کە کۆتایی ساڵ چی بەسەر بازاڕ و نرخی شتومەکدا دێت، وەك بڵێیت قاوەیان گرتبێتەوە یان سروشتیان بۆ هاتبێت. نوسەرانی ڕۆژنامە و گۆڤارەکان حەزیان لێیە وەك کەسێکی جادوگەر ڕەفتار بکەن و وریات بکەنەوە لەو بارەیەوە تا ڕزگارت ببێت لەو چارەنوسە خراپەی کە ئەوان

پێشبینی دەکەن. ئەمەش بۆیە دەکەن بۆئەوەی هەست بە ناچاری بکەیت و شوێنیان بکەویت

زۆربەیان هەموو ساڵێك ئەم پێشبینییانە دەکەن تا لەپڕ دانەیەکیان ڕاست دەردەچێت، کە ئەوەش دەکرێت جارجار ڕووبدات. تەنانەت کەسێك ئەگەر کاتژمێرەکەشی لەکارکەوتبێت دەتوانێت لە ڕۆژێکدا دووجار پێتبڵێت کە کاتژمێر چەندە. ئەمانەی کە ناوی خۆیان ناوە داهاتووبین، ئەو یەکجارەی کە ڕاستیانکردووە و پێشبینییەکەیان ڕاست دەرچووە بەکاری دەهێنن بۆ بانگەشە و خۆیانی پێوە گەورە دەکەن، مەگەر تۆ کەسێکی ژیر بیت ئەگینا دەکەویتە داوی ئەو فێڵەوە.

هەندێك نەتەوە بڕوایان بە هێز و توانای داهاتوو بینین هەیە، ئەوەکەی دیکەش فرۆشیارانی دەملوسن، لەبەرئەوە هەڵبژێرە، ئایا ئەوانە درۆزنن یان گەمژە؟ من ناتوانم ئەوە بڵێم کامیانن، بەڵام پێتدەڵێم: ئەگەر ڕۆژێك لەڕۆژان ئەم شتانەت بە ڕاست داناوە، ئەوە پێویستە وتەی فیزیاوان نیڵز بۆرت بە بیر خۆت بهێنیتەوە کە دەڵێت: ‘‘ پێشبینیکردن زۆر سەختە، بەتایبەت لەبارەی داهاتووەوە.’’

من نازانم تۆ چۆن بیر لە ئەفسانە و خەون و فاڵچی و نوشتە دەکەیتەوە، بەڵام کاتێك بابەتەکە پەیوەندی بە داراییەوەهەیە، باشترین شت ئەوەیە واز لە ئەمانە بهێنیت و ڕووبەڕووی ڕاستی ببیتەوە. ڕاستیش ئەوەیە کە کەس ناتوانێت وەك خۆی پێشبینی بەرزبونەوە و دابەزینی بازاڕ بکات. ئەوە خەون و خەیاڵە پێتوابێت تۆ یان من تەنها بە لێکدانەوە و پێشبینیکردنی بارودۆخەکە دەتوانین کاتی دیاریکراوی بازاڕ بزانین و بڕیاری دروست بدەین.

ئەگەریش قایل نییت بە شتەکان، سەیربکە بزانە دوان لە باشترین شارەزایانی جیهان لەبواری داراییدا چی دەڵێن لەبارەی هەڵسەنگاندنی بازاڕ و نرخەکان و پێشبینیکردنی جوڵەی بازاڕ. جاك بۆگلێ دامەزرێنەری ڤانگارد کە ٣ ترلیۆن دۆلاری لە پرۆژەدایە، دەڵێت: ‘‘ بەدڵنیاییەوە شتێکی باشە ئەگەر لەکاتی هەرزانیدا بەشداری بازاڕ بکەیت و لەکاتی گرانبونیشدا بکشێیتەوە، بەڵام نەك تا ئێستا هیچ کەسێکم نەدیووە کە توانیبێتی ئەمە بکات، بەڵکو بەدرێژایی ٦٥ ساڵی کارکردنم لە بواری بازرگانیدا کەسیشم نەبینیوە کە کەسێکی بینیبێت توانیبێتی ئەمە بکات.‘‘ هەروەها وارن بەفت وتویەتی: ‘‘ بەها و قیمەتی پێشبینیکەران لەوەدایە کە شتەکان جوان پیشان بدەن.‘‘ شتێکی پێکەنیناوییە دابنیشیت سەیری هەموو ئەو قسەزان و توانجدەر و ئابوریزانانە بکەیت کە خۆیان دەگەوجێنن ئەمیش بەهۆی ئەوەی هەوڵدەدەن کاتی ڕوودانی سستیی بازاڕ دیاری بکەن.

یەکێك لە نمونەکانم کە زۆرم لەلا پەسەندە ئابوریزان دکتۆر نورێڵ روبینییە، کە پێشبینییەکی هەڵەی کرد و گوتی کە گوایە لە ساڵی ٢٠١٥ دا گۆڕانکارییەکی گەورە لە نرخی شتومەك ڕودەدات. ڕوبینی کە بە یەکێك لە باشترین پێشبینیکارانی ئەم سەردەمە دادەنرێت، نازناوی دکتۆر ‘تیاچوو‘یان لێنا بەهۆی ئەو هەمووە پێشبینییە هەڵانەیەوە. ئەم بەڕێزە بەسەرکەوتوویی پێشبینی دارمانەکەی ٢٠٠٨ی کرد، بەڵام بەداخەوە لە ساڵی ٢٠٠٤ پێشبینی سستیی بازرگانی کرد هەڵەبوو، لە ساڵی ٢٠٠٥ هەڵەبوو، لە ٢٠٠٦ هەڵەبوو، لە ٢٠٠٧یش هەر هەڵەبوو لە پێشبینییەکەیدا. بەپێی ئەو ئەزمونەی کە من هەمە، پێشبینیکارانی وەك

ڕوبینی کەسانێکی زیرەك و قسەڕەوانن کە گفتوگۆکانیان هەمیشە قایلکەرن، بەڵام بەهۆی ترساندنی تۆوە خۆیان سەرکەوتوو دەکەن، دووبارە و دووبارە و دووبارە هەر هەڵە دەکەن، هەندێك جاریش ڕاست دەردەچن، بەڵام ئەگەر تۆ گوێ لە هەموو ئاگادارکردنەوە ترسناکەکانیان بگریت، ئەوا پێویستە لەژێر جێگەی نوستنەکەتدا خۆت بشاریتەوە و باوەش بەو سندوقە بچوکەدا بکەیت کە هەموو پاشەکەوتەکەتی تێدایە. پاشان با نهێنییەکیشت پێبڵێم: لە مێژوودا ئەم شێوازەی هەڵسوکەوتکردنە نەبووەتە ڕێگەچارەیەك بۆ سەرکەوتن لەو پرۆژانەی دوورمەودان.

## چوارەم ڕاستی بۆ ڕزگاربوونت:

## سەرەڕای کۆسپ و بەربەستە کاتییەکان، نرخی شمەك و کاڵاکان بەرز دەبێتەوە.

کۆمپانیا و پرۆژەکانی ئەمریکا لەساڵی ١٩٨٠ تا کۆتایی ساڵی ٢٠١٥ بۆ هەر ساڵێك بە ڕێژەی ١٤,٢٪ توشی پوکانەوە بوون، بە واتایەکی دیکە، ئەم دابەزینی بازاڕە لە ماوەی ٣٦ ساڵدا بەڕێکوپێکی و بەردەوام ڕوویانداوە. جاریکی دیکە دەیڵێمەوە، هیچ شتێك نییە تاوەکو لێی بترسیت، تەنها ئەوە زستانە کە جارجار خۆی پیشاندەدات و کەش و هەوا کەمێك سەخت دەبێت. بەڵام دەزانیت مێشکم بەدەست چی شتێکەوە دەتەقێت؟ ئەو کۆمپانیایانە لەو ٣٦ ساڵەدا ٢٧ ساڵیان قازانجیان کردووە!

## كۆتاییە دڵخۆشكەرەكان

سەرەڕای دابەزین بە ڕێژەی ١٤,٢٪ لە هەر ساڵێكدا، بازاڕی ئەمریكا لە كۆتاییدا ئەو ٣٦ ساڵە ٢٧ ساڵیان بە قازانجی ئەڕێنی شكایەوە بەسەریدا. ئەم شتانە بۆچی ئەوەندە گرنگە؟ چونكە ئەوەمان بیردەخاتەوە كە بازاڕ بە شێوەیەكی گشتی سەرئەنجام بەرز دەبێتەوە، هەرچەندە بەدرێژایی ڕێگەكەش توشی كۆسپ و تەگەرە ببین. هەردووكمان دەزانین لەو ٣٦ ساڵە قەیراناوییەدا هەموو جیهان پشكی تەواوی بەركەوت، هەر لە هەردوو جەنگی كەنداو و ئاڵۆزییەكانی عێراق و ئەفغانستان و قەیرانە مەزنەكەی بازاڕی ئەمریكا، لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا جگە لە ٩ ساڵیان هەموو ساڵەكانی دیكە بازاڕ بەرەو بەرزبوونەوە ڕۆشت.

ئەمە لەڕووی كردەییەوە واتە چی؟ واتە منیش و تۆش پێویستە هەمیشە ئەوەمان لەبیربێت، كە هەرچەندە هەوڵە كورتخایەنەكان خراپ بن و بازاڕیش توشی كێشە ببێت، ڕووداوە درێژخایەنەكان هەر دەكرێت باش دەربچن. پێویست ناكات خۆمان سەرقاڵ بكەین بە تیۆرە ئابورییەكانەوە، بەڵام شایەنی باسە كە كەلوپەلی بازاڕی ئەمریكا بە شێوەیەكی ئاسایی بەپێی كات بەرزدەبێتەوە، لە كاتێكدا كە كۆمپانیاكان زیاتر قازانج دەكەن و كاركەرانی ئەمریكا زیاتر بەرهەمدار و چوست و چالاك دەبن و تەكنەلۆجیا داهێنانی نوێ دەكات و دانیشتوانیش گەشە دەكەن، ئابوری وڵاتیش گەشە دەكات.

من ناڵێم هەموو كەسێك یان هەموو كۆمپانیایەك لە هەموو كاتێكدا قازانج دەكەن، وەك هەردووكمان دەزانین بازرگانیی جیهان وەك دارستانەكەی

داروینە ! هەندێك كۆمپانیا لەناودەچن و هەندێك شتومەك دەگەنە ئاستی سفر، بەڵام لایەنی باشی ئەوەیە كە ژمارەیەك پشك و كەلوپەلی جیاوازت هەبێت، چونكە كاتێك كۆمپانیا لاوازەكان تێكدەشكێن و نامێنن، كۆمپانیای بەهێزتر جێگەی دەگرنەوە و تۆش قازانج دەكەیت.
شتێكی نایابی ئەم كارە ئەوەیە كە تۆ قازانج لەو بەرزكردنەوانەدا دەكەیت كە كۆمپانیاكان دەیكەن لە بەرهەمەكانیاندا. چۆن؟ واتە تۆ كە پشكت هەیە لەو كۆمپانیایەدا و خاوەنی بەشێكیت، كاتێك كە كۆمپانیاكە بەرهەمێكی بەرز دەكاتەوە و دەیفرۆشێت تۆش پارەت دەستدەكەوێت، واتە ئابوری وڵات پارە بۆ تۆ پەیدادەكات لەكاتێكدا تۆ نوستوویت! ئەمە تەنها بەهۆی ئەوەی كە چەند پشكێكی جیاوازت هەیە لە كۆمپانیاكاندا.
ئەی چی ئەگەر ئابوری وڵات لە داهاتوودا خراپ بێت؟ پرسیارێكی جوانە. هەمووممان دەزانین كە چەندین مەترسی هەیە جا ئیتر ترسی تیرۆر بێت یان گەرمبوونی كەشوهەوای جیهان بێت یان كێشەی ئاسایشی كۆمەڵایەتی بێت، لەبەرئەوە هەرچییەك بێت ئەوە شتێكی بەردەوامە كە كاردەكاتە سەر گەشەی داهاتوو. لە ڕاپۆرتی ساڵانەی خۆیدا لە ساڵی ٢٠١٥دا، وارن بەفت بەدرێژی باسی ئەم بابەتەی كردووە. ئەوەی ڕونكردووەتەوە كە چۆن گەشەی دانیشتوان و ئەو دەستكەوتە ئێجگار زۆرانە لەبواری بەرهەمهێناندا دەبنە هۆی ئەوەی كە زیادبونێكی بەرچاو لە سامانی وڵاتدا بۆ نەوەی داهاتوو بنیادبنێن.

## پێنجەم ڕاستی بۆ ڕزگاربوونت:

**لەڕووی مێژووییەوە، دابەزینی بازاڕ هەر سێ تا پێنج ساڵ جارێك ڕویداوە.**

هیوادارم لەوە تێبگەیت کە بۆچی باشتر وایە ببینە بازرگانێك بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ لە بازاڕ و مامەڵەدابین وەك لەوەی ببینە بازرگانێکی ماوەکورت. هەروەها هیوادارم لەلات ڕونبێت کە چیتر پێویست ناکات لە ترسی دابەزینی نرخدا بژیت. وەك بەبیرهێنانەوەیەك، ئێستا تۆ دەزانیت کە دابەزینی نرخ جارجار ڕودەدات بەشێوەیەك کە هیچ کەسێك ناتوانێت پێشبینی بکات کەی ڕودەدات و کەی دێتەوە دۆخی جارانی و بازاڕ دەگاتە دۆخی جارانی. هەر ترسێك کە پێشتر هەستتپێکردووەدەبێت ئێستا گۆڕابێت بۆ هێز. بڕوام پێبکە ئەم ڕاستییانە سەرسامیان کردم، ئەو کاتەی کە لێیان تێگەیشتم یەکسەر هەموو خەم و نیگەرانییەکانم ڕەوانەوە. سەلمێنرا کە مارەکە هیچ نەبوو تەنها گوریسێکی نەجوڵاو بوو!

ئەی دەربارەی داڕمانی بازاڕ؟ ئەی نابێت لێی بترسین؟ لەڕاستیدا نەخێر. دیسان کۆمەڵێك ڕاستیی گرنگ هەن کە دەبێت لێیان تێبگەیت ئەوکات لەسەر بنەمای زانیاری هەڵسوکەوت دەکەین نەك هەست و سۆز. یەکەم ڕاستی کە پێویستە بیزانیت ئەوەیە کە لەماوەی ١١٥ ساڵدا لەنێوان ساڵانی ١٩٠٠ تا ٢٠١٥ تەنها ٣٤ جار داڕمانی بازاڕ ڕوویداوە. بە مانایەکی دیکە، بەشێوەیەکی ڕێژەیی سێ ساڵ جارێك داڕمانی بازاڕ ڕوویداوە. لەم دواییانەشدا داڕمانی بازاڕ کەمتر بووەتەوە، بەجۆرێك کە بۆ ماوەی ٧٠ ساڵ و لە ساڵی ١٩٤٦ەوە تەنها ١٤ جار داڕمان ڕوویداوە، واتە پێنج ساڵ جارێك یەك داڕمان. ئێستا بەپێی ئەو لێکدانەوەیە بێت باشتروایە بڵێین کە داڕمانی بازاڕ سێ تا پێنج ساڵ جارێك ڕوویداوە، بەم پێیە ئەگەر تۆ ٥٠ ساڵ بیت ئەوا دەکرێت ٨ تا ١٠ داڕمانی دیکە ببینیت!

دەبێت هەردووکمان ئەوە بزانین کە داهاتوو هاوشێوەی ڕابردوو نییە، بەڵام هێشتا شتێکی سودبەخشە ئەگەر بێت و لە ڕابردوو بکۆڵینەوە بۆئەوەی لەو شتانە تێبگەین کە زۆر دووبارەبوونەتەوە، وەك ئەو وتەیەی کە دەڵێت: ‘‘ مێژوو دووبارە نابێتەوە، بەڵام هەمان ئاواز دەژەنێت.’’

کەواتە چی لە یەك سەدە مێژووی دارایی فێر دەبین؟ ئەوە فێردەبین کە دارمانی بازاڕ دەشێت چەند ساڵێکی کەم جارێك ڕووبدات جا پێمان خۆشبێت یاخود نا. وەك پێشتریش وتم زستان دێت، لەبەرئەوە باشتر وایە ڕابێین لەگەڵی و خۆمانی بۆ ئامادە بکەین.

چەند هەستێکی ناخۆشە کاتێك بازاڕ بەتەواوی توشی دارمان دەبێت؟ بەپێی مێژوو کۆمپانیاکانی ئەمریکا لەکاتی دارمانی بازاڕدا بەڕێژەی ٣٣٪ دابەزیوونەتە خوارەوە. من نامەوێت شتەکەت لەبەرچاو شیرین بکەم. ئەگەر تۆ کەسێك بیت کە بترسیت و شتەکانت بفرۆشیت لەکاتی پەشێویدا و ٤٠٪ی داهاتەکەت لەدەستبدەیت، ئەوا هەستێکی وەها ناخۆشت دەبێت وەك ئەوەی ورچێك چەپۆکی لێدابیت. هەرچەندە خاوەن هێز و زانیاری بیت، ئەم دارمانی بازارە ئەزموونێکە وەك ئەوەی دڵت دەربهێنن ئەوەندە ناخۆشە. تەنانەت کەسێکی شۆڕەسواری مەیدان وەك هاوڕێی کۆنم جاك بۆگڵ، دان بەوەدا دەنێت کە هیچ دڵخۆش نەبووە، بەڵکو بێزاربووە. بەبێتاقەتییەوە پرسی ‘‘ چۆن هەستێکم هەبێت کاتێك بازاڕ ٥٠٪ دابەزیوە؟ لەڕاستیدا هەست بە خەمباری دەکەم. گەدەم تێکدەچێت، بەڵام چی بکەم؟ دوو کتێب لە کتێبەکانم دەردەهێنم بەناوی 'مانەوە لەسەر ڕاڕەو' و دوبارە دەیانخوێنمەوە!’’

بەداخەوە زۆربەی ڕاوێژکارەکان هەمان دەردیان توش دەبێت و لەکاتی

پشێویەکی وەهادا لەژێر مێزەکانیان خۆیان دەشارنەوە. پیتەر مالۆك پێی وتم کە ئەو گفتوگۆیانەی لەکاتی ڕەشەباکەدا دەکرێن هەر ئەوانەن کە نەخشە بنیاتنەرەکان لەوانی دیکە جیا دەکەنەوە. کۆمپانیاکەی پیتەر وەك تاوەرێکی بەرز وایە کە ئاراستەمان دەکات و پێمان دەڵێت "لە هەمان ڕاڕەودا بمێنەرەوە!"

ئەمریکا نزیکەی ١٤ جار بەو بارودۆخەدا تێپەڕیوە و لەم ٧٠ ساڵەی دواییدا لەڕووی ماوەوە ئەم دارمانانە گۆڕانکارییان بەسەرداهاتووە بەجۆرێك لە دوو مانگ و نیو تا نزیکەی دوو ساڵیان خایاندووە. کە بە شێوەیەکی ڕێژەیی ئەم دارمانانە نزیکەی ساڵێك درێژەیان کێشاوە. کاتێك لەناوجەرگەی دارمانێکدایت، دەبینیت زۆربەی ئەو خەڵکەی لە چواردەورتدان ڕەشبینی دایگرتونەتەوە. بڕوایان وایە کە بازاڕ هەرگیز بەرزنابێتەوە دۆخی جارانی و زیانەکانیان زیاتر دەبێت و زستان بۆ هەمیشە دەمێنێتەوە، بەڵام بیرت بێت: زستان هەرگیز بۆ هەمیشە نامێنێتەوە! هەمیشە بەهار بەدوایدا دێت.

سەرکەوتووترین وەبەرهێن سود لەو ترس و دڵتەنگییانە وەردەگرێت و ئەو بارودۆخ و پشێوییە بەکاردەهێنێت بۆ پەیداکردنی پارەی زیاتر، ئەمیش بە کڕینی شتومەك لەو کاتانەدا کە نرخەکەی تەواو دابەزیووە. بەڕێز جۆن تێمپلتۆن کە یەکێك بوو لە گەورەترین وەبەرهێنەرەکانی سەدە، لە چەند چاوپێکەوتنێکدا کە لەگەڵی ئەنجاممدا پێش ئەوەی لە ساڵی ٢٠٠٨دا کۆچی دوایی بکات، لەسەر ئەم بابەتە بەدرێژی قسەی بۆ کردم. باسیکرد کە سامانێکی پەیداکردووە بە کڕینی شتومەکی هەرزان لە ناوەڕاستی جەنگی دووەمی جیهانیدا و پاشان گوتی: "باشترین

دەرفەتەکان لە کاتی نائومێدیی و ڕەشبینییەکی زۆردا دەردەکەون.‌‌‌‌‌‌‌‌‌‌‌‌‌‌‌‌‌‌‌‌‌‌‌‌‌‌‌‌‌‌‌‌‌‌‌‌‌‌‌‌‌‌‌‌‌‌‌‌‌‌‌‌‌‌‌‌‌‌‌‌‌‌‌‌‌‌‌‌‌‌‌‌‌‌‌‌‌‌‌‌‌‌ ''

## شەشەم یاسای ڕزگاربوونت:

## دارمانی بازاڕ دەبێت بە بەرزبونەوەی بازاڕ و ڕەشبینیش دەبێت بە گەشبینی.

لەبیرتە لە ٢٠٠٨دا جیهان چەند لاوازبوو کاتێك بانکەکان توشی دارمان بوون و شتومەك و بازاڕ بەتەواوی کەوتن؟ کاتێك بیرت لە داهاتوو دەکردەوە تاریك دیاربوو یان ترسناك؟ یان وەها دەردەکەویت کە کاتە خۆشەکان نزیکن و ئاهەنگەکە خەریکە دەستپێبکات؟

لە ٩ ی ئازاری ٢٠٠٩ بازاڕ گەشتە ئەوپەڕی خراپی. دەزانیت دواتر چی ڕویدا؟ کۆمپانیاکانی ئەمریکا لە ١٢ مانگی دواتردا بەڕێژەی ٦٩,٥٪سەرکەوتنەوە. ئەمە قازانجێکی سەرنجڕاکێشە ! یەك خولەك، بازاڕیش گەڕایەوە دۆخی جارانی. داواتریش دەستمانکرد بە گەورەترین هەڵکشانی بازاڕ لە مێژوودا. لەم کاتەی من ئەمە دەنوسم کە کۆتاییەکانی ٢٠١٦ یە، کۆمپانیاکانی ئەمریکا بە بەراورد بە مانگی ئازاری ٢٠٠٩ بەڕێژەی ٢٦٦٪ بەرزبونەتەوە.

ڕەنگە پێتوابێت ئەمە ڕووداوێکی نامۆبێت، بەڵام زۆرجار ئەمە ڕوویداوە کە دارمانی بازاڕ گۆڕاوە بۆ بەرزبوونەوەی نرخ و باشبوونەوەی بازاڕ، بەجۆرێك کە لەماوەی ٧٥ ساڵی ڕابردوودا چەند جارێك ئەم گۆڕانکارییە دووبارەبووەتەوە.

ئێستا دەزانیت بۆچی وارن بەفت حەزی لەوەبوو کە کاتێك خەڵکی دەترسن ئەم زیاتر چاوبرسیتر بێت؟ ئەو دەیزانی کە چەند بەخێرایی

دەکرێت بارودۆخ لە ترس و بێ ئارامییەوە بگۆڕێت بۆ چوست و چالاکی و گەشبینی.

لە ڕاستیدا کاتێك بازار زۆر چۆڵ دەبێت، وەبەرهێنەرە ئەستێرەکانی وەك بەفێت ئەم بارودۆخە بە ئەرێنی دەبینین بەشێوەیەك کە دەزانن لەپێشەوە کاتی باشتر چاوەڕوان دەکات. هەمان شێواز بەرچاوت دەکەوێت کاتێك کە باسی متمانەی بەکاربەر دەکەین، چونکە ئەمە پێوەرێکە بۆئەوەی بزانین کە تا چەند بەکاربەران گەشبینن یان ڕەشبینن لەبارەی داهاتوو. لەکاتی دارمانی بازاڕدا کەسایەتییەکان زۆرجار دەڵێن کە ڕێژەی خەرجکردنی بەکاربەران دابەزیووە، چونکە خەڵکی زۆر پەرۆشی داهاتویانن و نیگەرانن. ئەمەش پرۆسەیەکی بازنەییە: بەکاربەران پارەی کەم خەرج دەکەن، کۆمپانیاکانیش پارەی کەم پەیدا دەکەن. ئەگەریش کۆمپانیاکان پارەی کەم پەیدابکەن مانای ئەوە نییە کە بازاڕ ناتوانێت وەك خۆی لێبێتەوە و باش بێتەوە؟ ڕەنگە بڵێیت ڕاستە وایە. بەڵام ئەوکاتەی بەکاربەران ڕەشبینن باشترین کاتە بۆ وەبەرهێنان و پارەپەیداکردن. ئەمە بۆچی وەهایە؟ چونکە بازاڕ سەیری ئەمڕۆ ناکات، بەڵکو هەمیشە سەیری داهاتوو دەکات. ئەوە گرنگ نییە ئێستا ئابوری لە چی دۆخێکدایە، ئەوە گرنگە ئابوری بەرەو کوێ دەڕوات؟ کاتێك شتەکان ترسناك دەردەکەون، دواتر شتەکان پێچەوانە دەبنەوە و لە کۆتاییشدا ئاڕاستەکەیان دەگۆڕێت. لەڕاستیدا لە هەموو مێژووی ئەمریکادا ئەگەر دارمانێك لەبازاڕدا ڕوویدا بێت ئەوە بەرزبوونەوەی بازاڕ بەدوایدا هاتووە.

ئەم شێوازە لە بەرگریکردن و بەردەوامییە بەرێژەیەك ژیانی زۆربەی

وەبەرهێنەرانی بازاڕی ئەمریکای ئاسان کرد. دوبارە کاتە خراپەکان بەدوایاندا کاتی باش هاتوون. ئەی وڵاتەکانی دیکە چی؟ ئایا ئەوانیش هەمان بارودۆخیان تێپەڕاندووە کە دابەزینی نرخ ڕوویدابێت و دواتر بازاڕ هەستابێتەوە؟ بەشێوەیەکی گشتی بەڵێ، بەڵام یابان بە ئەزمونێکی زۆر سەختتردا تێپەڕیووە. لەبیرتە لە ساڵانی ١٩٨٠ کاندا کۆمپانیا یابانییەکان ئامادەبوون بۆ دەستگرتن بەسەر جیهاندا؟ بازاڕی یابان نزیکەی شەش هێندە زیادیکرد لە ساڵانی خۆشگوزەرانیدا. لە ساڵی ١٩٨٩ گەشت بە ٣٨,٩٧٥ بەڵام دواتر لەماوەی٢٠ساڵدا بەڕێژەی ٨٠٪ زیانی بەرکەوت! لەم ساڵانەی دواییدا، زۆر بەباشی گەڕایەوە قۆناغێکی باش بەشێوەیەك کە گەشتە١٧,٠٧٩ بۆیە وەك لە دواتردا باسی دەکەین چۆن خۆت لەو جۆرە کارەساتانە بپارێزیت لەڕێگەی نەخشەپلانێکی نێودەوڵەتی هەمەچەشنەوە کە سەرجەم کاڵا و پشکەکان لەخۆبگرێت.

"بازاڕ هۆکارێکە بۆ گواستنەوەی پارە لە بێئارامەکانەوە بۆ ئارامگرەکان."

ـ وارن بەفت

تا ئێستا گوێت لە هەوڵەکان گرتووە و گوێت لێبووبێت ڕاگەیاندنکاران باسی ئەوە بکەن بازاڕ گەشتوەتە بەرزترین ئاستی بە بەراورد بە کاتەکانی دیکە؟ ڕەنگە ئەو هەستەت بۆ دروستبوو بێت کاتێك دەفڕیت بە ئاسماندا و زۆر بەرز دەبیتەوە و لەوکاتەدا هێزی کێشکردنی زەوی ڕاتدەکێشێتەوە خوارەوە وەك چۆن بازاڕ لەپڕ دێتەوەخوارەوە.

هەر لەم کاتەی من ئەم وشانە دەنوسم، بازاڕی ئەمریکا کەمێك لەخوار بەرزترین ئاستدایە. لەم چەند هەفتەی دواییدا چەند جارێکیش گەشتە

بەرزترین ئاستی. وەك دەشزانیت ئەم بەرزبونەوەیە لەبازاڕدا تەمەنی حەوت ساڵ زیاترە. کەواتە ئەمە ئەگەرەکانی کەوتنی بازاڕ لە مێشکماندا زیاد دەکات. زۆر شتێکی گونجاوە کە بێباکانە خۆمان نەخەینە مەترسییەوە لە کاتێکدا بازاڕ چەند ساڵێکە تەواو بەرزبوەتەوە. ئەگەر تەنها یەك وانە هەبێت لە ئەزموونی یاباندا ئەوەیە کە ئێمەی مرۆڤ مەیلی وروژان و جۆش و خرۆشمان هەیە و دەمانەوێت ئەوە لەبیری بکەین کە نرخەکان تەواو بەرزبونەتەوە، بەڵام ئەوەی کە بازاڕ ئاوا بەرزبووەتەوە بۆ بەرزترین ئاستی مەرج نییە هەمووکات مانای ئەوەبێت کە کێشەمان لەپێشە. وەك پێشتر باسمانکرد بازاڕی ئەمریکا ماوەیەکی دورودرێژە لە بەرزبونەوەدایە، چونکە ئابوری وڵات بەردەوامە لە گەشە. لە ڕاستیدا بازاڕی ئەمریکا گەشتە بەرزترین ئاستی بەڕێژەی ٥٪ ی هەموو ڕۆژە بازرگانییەکانی. سوپاس بۆ ئەم هەڵئاوسانە. نرخی زۆربەی شتەکان ئێستا لە بەرزترین ئاستدایە.

## حەوتەم ڕاستی بۆ ڕزگاربوونت:

## گەورەترین مەترسی ئەوەیە لە بازاڕ بکشێیتەوە.

هیوادارم ئێستا لەگەڵم هاوڕابیت کە کارێکی قورسە ئەگەر بتەوێت بە سەرکەوتویی بچیتە بازاڕ و بکشێیتەوە. بۆ ئێمە زۆر سەختە بتوانین پێشبینی جوڵەی بازاڕ بکەین. هەروەك جاك بۆگڵ جارێك گوتی: ‘‘ ئەو بیرۆکەیە زۆر هەڵەیە ئەگەر پێتوابێت پێشوەختە ئاماژە و بەڵگەیەك هەیە پێت بڵێت چی کاتێك باشە وەبەرهێنەران تاوەکو بەشداری بازاڕ بکەن یان بکشێنەوە.’’

تەنانەت ئەگەریش وابێت و ئاماژەیەك هەبێت، ئەو کاتەشی بازاڕ لە

دەوری بەرزبونەوەدایە ڕەنگە بەهەڵەدا بچیت و بەوە فریو بخۆیت کە بەشداری بازاڕ نەکەیت و وەهات لێببێت دوور بگریت بۆئەوەی سەلامەت دەربچیت و هەرکاتێکیش نرخەکان دابەزینەوە ئینجا بێیتەوە بازاڕ.

کێشەکە ئەوەیە ئەگەر بۆ ماوەیەکی کەمیش بێت دووربگریت و سەیر بکەیت ڕەنگە ئەوە گەورەترین هەڵە بێت بەدرێژایی تەمەنت بیکەیت.

دەزانم ئەمە ناچێتە عەقڵەوە، بەڵام کاتێك مامەڵەکان لە باشترین ڕۆژەکانیدایە و تۆش لە بازاڕ کشاویتەتەوە، ئەمە کاریگەرییەکی کوشندەی دەبێت لەسەر دەستکەوت و قازانجەکانت. بۆیە دەبێت بەردەوام بیت لە مامەڵە و مانەوەت لە بازاڕدا.

لەساڵی ١٩٩٦ەوە تاوەکو ٢٠١٥ بازاڕی ئەمریکا بەڕێژەی ٨,٢٪ بۆ هەر ساڵێك سەردەکەوت و قازانجی دەکرد، بەڵام ئەگەر تۆ لەماوەی ئەو ٢٠ ساڵەدا ١٠ ڕۆژ لە باشترین ڕۆژەکانت لەدەستچووبا ئەوا ڕێژەی قازانجەکەی تۆ بچوك دەبوویەوە بۆ ٤,٥٪ بۆ هەر ساڵێك! بڕوا بەمە دەکەیت؟ نیوەی قازانجەکەت کەمی دەکرد تەنها ئەگەر ١٠ ڕۆژ لە باشترین ڕۆژەکان بەشداری بازاڕت نەکردایە لەماوەی ئەو ٢٠ ساڵەدا!

لەمەش خراپتر ئەوەیە ئەگەر تۆ ٢٠ لە باشترین ڕۆژەکان نەچویتایەتە بازاڕ ئەوا ڕێژەی قازانجی ساڵانەت لە٨,٢٪ دادەبەزی بۆ ٢,١٪ ئینجا ئەگەر ٣٠ لە باشترین ڕۆژەکانت لەدەستچووبایە چی؟ ئەوکات قازانجەکانت بەبا دەچوون و سفر دەبوونەوە! لە هەمان کاتدا و بەپێی توێژینەوەیەکی جەی پی مۆرگان، ئەو ١٠ باشترین ڕۆژەی کە باسمانکرد ٦ ڕۆژیان لەماوەی ٢ هەفتەدا ڕوویانداوە. واتە ئەگەر ترسایت و شتومەکەکەت لە کاتێکی هەڵەدا فرۆشت، ئەوا ئەو ڕۆژە ئەفسانەییانەت

لەدەستچووە کە دواتر دێن. ئەمەش ڕێك ئەو کاتەیە کە وەبەرهێنەکان زۆربەی قازانجەکانیانی تێدا دەکەن. بە شێوازێکی دیکە بڵێم: پشێوی و ناڕێکوپێکی بازاڕ شتێك نییە لێی بترسیت، بەڵکو گەورەترین هەڵە بۆئەوەی بگەیت بە ئاسودەیی دارایی. ناتوانیت بە دانیشتن ببەیتەوە، بەڵکو پێویستە لەناو یارییەکەدا بیت. دەمەوێت پێتبڵێم کە ترس دەستکەوتی نییە، بەڵکو ئازایەتی هەیەتی.مەبەستەکە ڕوونە: گەورەترین مەترسی لەسەر سامانەکەت دارمانی بازاڕ نییە، بەڵکو ئەوەیە بچیتە دەرەوە لە بازاڕ. لە ڕاستیدا بنەڕەتیترین یاسا بۆ سەرکەوتن چوونە بازاڕ و مانەوەیە تێیدا، بەو شێوەیە دەتوانیت هەموو دەستکەوتەکان بەدەستبهێنیت. جاك بۆگڵ بەجوانی ئەمەی گوتووە: '' هیچ مەکە تەنها لەوێدا بوەستە ! '

"دۆزەخ ئەو ڕاستییەیە کە درەنگ دەبینرێت."

— تۆماس هۆبس، فەیلەسوفی بەریتانی سەدەی حەڤدەهەم

بەڵام چی دەبێت ئەگەر ڕێك لە کاتێکی هەڵەدا بچیتە بازاڕەوە؟ چی دەبێت ئەگەر بەخت یاوەرت نەبێت و توشی دابەزین یان دارمانی نرخ ببیتەوە؟

ناوەندی شواب بۆ توێژینەوە لەبواری بازرگانی توێژینەوەیەکی ئەنجامدا لەسەر پێنج وەبەرهێن لەبارەی کاریگەریی کاتەکان لەسەر قازانجەکان. ئەم پێنج وەبەرهێنە ٢٠٠٠ دۆلاریان هەبوو کە ساڵانە دەیانخستە وەبەرهێنانەوە بۆ ماوەی ٢٠ ساڵ کە لە ساڵی ١٩٩٣ دەستیان پێکرد.

یەکێك لە باشترینی ئەو پێنج وەبەرهێنە پارەکانی لە باشترین ڕۆژەکانی ساڵدا خستبووە پڕۆژەوە، لەو کاتەدا بوو کە بازاڕ گەشتبووە کەمترین

ئاست له ساڵەکەدا. ئەم وەبەرهێنە ئەفسانەییە کە بۆ ماوەی ٢٠ ساڵ لەکاتی گونجاودا پرۆژەی ئەنجامدا، لە کۆتاییدا ٨٧,٠٠٤ دۆلاری قازانج کرد، بەڵام وەبەرهێنێکی دیکە کە لە کاتێکی هەڵەدا وەبەرهێنانی کرد و خراپترین ڕۆژەکانی ساڵ وەبەرهێنانی کرد لەکاتێکدا بازاڕ لە خراپترین ئاستیدا بوو. ئەی ئەنجام چی بوو؟ ئەمیش بڕی٧٢,٤٨٧ دۆلار قازانجی کرد. چەند سەیرە ها؟ تەنانەت ئەمان وەبەرهێنەکەیان ٢٠ ساڵ لەوپەڕی خراپیدابوو کەچی قازانجی گەورەیان کرد. نهێنییەکە چییە؟ ئەگەر بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ لە بازاڕدا بمێنیتەوە، ئەوە قازانجەکانت وەك جادوو کاردەکەن و زیاد دەکەن، لە کۆتاییشدا قازانجێکی سەلامەتت دەستدەکەوێت، هەرچەندە نەشتوانیت بەباشی کاتەکانی بازاڕ دیاری بکەیت.

دەزانیت چی؟ خراپترین وەبەرهێن لە ئەم پێنج دانەیە ئەوەیان نەبوو کە بێبەختبوو، بەڵکو ئەوەیان بوو کە لەسەر کورسی گۆڕەپانەکە دانیشت و سەیری یارییەکەی دەکرد، ئەوەی کە پارەی کاشی هەیوو لە کۆتاییدا ٥١,٢٩١ دۆلاری بۆ مایەوە.

## لە کۆتاییدا ڕزگارت بوو!

لەم بەشەدا حەوت ڕاستی فێربوویت کە پیشانیان دایت چۆن بازاڕ کاردەکات. بەپێی نیو سەدە لە مێژووی بازرگانی، گۆڕانکاریی نرخ و دارمانی بازاڕ هەموو کات باشبوونەوەی بەدوادا هاتووە. ئێستا تۆ توانای ئەوەت هەیە ئەو شێوازانە بناسیتەوە، بۆیە هێزی ئەوەشت هەیە کە لە بەرژەوەندی خۆت بەکاریان بهێنیت. دواتر لەم کتێبەدا بەدوورودرێژی باسی ئەو ستراتیجییەتانە دەکەین کە دەتوانیت بیانگریتەبەر بۆئەوەی

سود لەو گۆڕانکارییە وەرزییانە ببینیت کە ڕوودەدەن. بۆ نمونە پێت دەڵێین سەبارەت بە کاتی پشکەکانت بۆچی ستراتیجییەتێك بگەڕێیت بەم جۆرە کەمترین زیانت بەردەکەوێت وە کاتێکیش بازاڕ باش دەبێت زۆرترین دەستکەوتت دەبێت، بەڵام بۆ ئێستا پێویستە زۆر دڵخۆش بیت!

ئێستا تۆ ڕاستییەکان دەزانیت. یاسای یارییەکەش دەزانیت. دەزانیت گۆڕانی نرخ و دابەزینی شتێکی چاوەڕوانکراون، هەروەها بەزووییش فێردەبیت چۆن سودیان لێوەربگریت و لە بەرژەوەندی خۆت بەکاریان بهێنیت. تۆ یەك هەنگاوت ماوە بۆئەوەی بەتەواوی خۆڕاگر بیت.

لە هەمووی باشتر ئەوەیە کۆنترۆڵی ژیانی بازرگانییت دەکەیت. ئێستا تۆ بەرپرسیارێتی دەگریتە ئەستۆ. دەزانیت بۆ؟ زۆربەی خەڵکی بەرپرسیارێتی ناگرنە ئەستۆ، لۆمەی بازاڕ دەکەن بۆ هەر شتێك بەسەریاندا بێت، بەڵام بازاڕ هەرگیز یەك سەنت لە کەس وەرناگرێت! ئەگەر لە بازاڕدا پارەت لەدەستدا ئەوە بەهۆی ئەو بڕیارەوەیە کە داوتە، هەروەها ئەگەر لە بازاڕیشدا پارە پەیدا بکەیت ئەوە هەر بەهۆی ئەو بڕیارەوەیە کە داوتە. بازاڕ تەنها ئەو شتە دەکات کە لەسەری پێویستە، بەڵام تۆ خۆت بڕیار دەدەیت براوەی یان دۆڕاو، تۆ خاوەن دەسەڵاتیت.

ئەم بەشە فێریکردیت کە هەموو زستانێکی بازرگانی بەهارێکی بەدواوەیە. وانەیەکی فێرکردیت کە ڕێگەت دەدات بەبێ ترس پێشبکەویت. هەر هیچ نەبێت بەلایەنی کەمەوە ئەوە فێربوویت کە زانیاری بەدوایدا تێگەشتن دێت و تێگەشتنیش چارەسەری بەدوادا دێت.

تۆ ئەو کەسە نابیت کاتێك بازاڕ دەشکێت پارەکەی بکشێنێتەوە! تۆ ئەو کەسە دەبیت کە لە یارییەکەدا بۆ ماوەیەکی دورودرێژ دەمێنێتەوە،

تـۆوی ڕاسـت دەچـێنێت و بـەئۆقرەوە پـەروەردەیان دەکـات و دواتـر بەرهەمەکەی دەدوریتەو! لە بەشـی دواتـردا ئـەوەت بـۆ دەردەکـەوێت کـە شـتێك هەیـە بـاش وایـە لێـی بترسـیت، ئـەویش ئەوەیـە کـە کۆمپانیـا بازرگانییـەکان ئابوونەیـەکی زۆر لـە موشـتەری وەك مـن و تـۆ دەسـێنن لەبەرانبـەر ئەنجامـدانی کـارێکی کـوالیتی نزمـدا، وەك دواتـر خـۆت بـۆت دەردەکەوێت، ئەگەر بتەوێت کۆنترۆڵی ژیانی بازرگانییت بکەیت ئەوا هـیچ شتێك لەوە باشتر نییـە، کـە ئـەو ئابوونـە و کـرێ زۆر و شـاراوە ببڕیـت و لەکۆڵ خۆتی بکەیتەوە.ئەی ئەگەر خۆت ڕزگارکرد چی دەبێـت؟ بەلایـەنی کەمەوە داهاتی ١٠ ساڵ پاشەکەوت دەکەیت!

بڕۆ لاپەڕەکـەی دیکـە بۆئـەوەی ئـەو کـرێ شـاراوە و نیـوە ڕاسـتییەکانت پیشان بدەین.

# بەشی سێیەم
# کرێ شاراوەکان و هەندێك لە ڕاستییەکان

## چۆن بازاڕ و کۆمپانیاکان دەتگەوجێنن بۆئەوەی کرێی زیادە بدەیت لەبەرانبەر مامەڵەیەکی کەم

ناوی یارییەکە؟

**گواستنەوەی پارە لە گیرفانی کڕیارەوە بۆ گیرفانی تۆ.**

**– ماپیوبۆ لیۆناردۆ لە کتێبی ( گورگەکانی وۆڵ ستریت)**

زۆرجار پرسیارم لە خەڵکی کردووە " بۆچی وەبەرهێنان دەکەیت؟" چەندین وەڵامی جۆراوجۆرم دەستکەوتووە، لەوانە: گەشتن بە قازانجی زۆر، گەشتن بە ئاسایشی دارایی، خانەنشینی یان خانوویەکی کەنار دەریا لە هوای، بەڵام ماوەیەکی زۆر لەمەوپێش وەڵامی زۆربەی خەڵك یەك شتبوون. ئەوەی کە زۆربەی خەڵکی دەیانەوێت بەبێ گوێدان بەوەی کە چەندێك پارەیان هەیە لە ئێستادا، ئازادی و سەربەستییە. سەربەست لەوەی کە بتوانن لەگەڵ هەرکەسێك بێت و لەهەر کاتێکدابێت زیاتر ئەنجام بدەن لەوەی کە دەیانەوێت. ئەمە خەونێکی جوانە، هەروەها خەونێکە دەتوانرێت بەدەستبهێندرێت، بەڵام چۆن دەتوانیت بەرەو ئامانج سەوڵ لێبدەیت، لەکاتێکدا بەلەمەکەت کونی تێدایە؟ چی ڕوودەدات ئەگەر لەسەرخۆبیت، بەڵام سەرئەنجام پڕبیت لە ئاو و ژێر ئاو بکەویت

پێش ئەوەی بگەیت بە شوێنی مەبەست؟ پێم ناخۆشە ئەوەت پێدەڵێم، بەڵام زۆربەی خەڵکی لەو بارودۆخەدان، هەستی پێناکەن کە چارەنوسیان نائومێدبوونە بەهۆی کاریگەرییەکی لەسەرخۆ و کوشندەی ئەو ئابونە و کرێ زۆرەی کە دەیدەن. ئەوەی من دەکوژێت ئەوەیە کە خۆشیان هەست بەوە ناکەن کە ئەمەیان بەسەرداهاتووە، نازانن کە قوربانی دەستی بازرگانانێکن کە بە شێوەیەکی نهێنی و بەرنامەڕێژی کرێی زیادەیان لێوەدەگرن. ئەمە هەر قسەی من نییە، کۆمپانیایەکی قازانج نەویست ڕاپۆرتێکی بڵاوکردەوە کە تێیدا ئاماژە بەوەکرابوو کە ٧١٪ ی ئەمریکییەکان بڕوایان وابوو کە لەبەرانبەر پلانی گرنگی ٤٠١ (ئەم پلانە لە ئەمریکادا باوە و شمەك و کەلوپەلی هاوڵاتیان ڕێکدەخات و پلانێکی هەمەچەشنیان بۆ دابین دەکات) هیچ پارەیەکیان لێوەرناگرێت. ڕاستییەکەی لە ١٠ کەس ٧ کەسیان بەتەواوەتی بێئاگابوون لەوەی کە کرێ دەدەن. ئەمە ڕێك وەك ئەوە وایە پێتوابێت خواردنە خێراکانی سەرشەقام هیچ کالۆرییەکی تێدانییە! لە هەمان کاتدا ٩٢٪ یان دانیان بەوەدانا کە نازانن چەندێك پارە دەدەن. ئەوان کوێرانە متمانەیان بە دامەزراوە پیشەسازییەکان کرد بۆئەوەی ئاگایان لە قازانجەکانیان بێت! بەڵێ ئەمانە هەر ئەو دامەزراوە پیشەسازییانەبوون کە بوونە هۆی قەیرانی دارایی لەسەرتاسەری جیهان! ڕەنگە تۆ هەروا بەئاسانی کیف و ژمارە نهێنییەکەت بدەیت بە خاوەن قەرزەکەت.

ئەو وتە کۆنەیە دەزانیت کە دەڵێت '' نەزانین ئاسودەییە؟'' با من پێت بڵێم: کاتێك بابەتەکە پارەیە نەزانین ئاسودەیی نییە. نەزانین ئازار و نەدارییە. نەزانین کارەساتێکە بۆ خۆت و خێزانەکەت، بەڵام ئاسودەییە

بۆ ئەو کۆمپانیایەی کە بێئاگایی تۆ دەقۆزێتەوە!

ئەم بەشە زانیاری تەواو دەخاتەڕوو لەسەر بابەتی کرێ و ئابونەکان، لەبەرئەوە ئیتر بەتەواوەتی دەزانیت چی دەگوزەرێت. هەواڵە خۆشەکەش ئەوەیە: هەر کە زانییت چی ڕوودەدات ئەوکات دەتوانیت بەشێوەیەکی هەمیشەیی ئەمە بوەستێنیت، ئەمەش وادەکات گۆڕانکاری گەورە لە ژیانت ڕووبدات. بۆچی ئەمە ئەوەندە گرنگە؟ چونکە زۆر کرێدان دەبێتە هۆی ئەوەی دوو لەسەر سێی داهاتەکەت لەدەست بدەیت! جاك بۆگلبەجوانی ئەمەی بۆ ڕونکردمەوە و وتی: با وای دابنێین بۆ ماوەی ٥٠ساڵ بازاڕ بەڕێژەی ٧٪ قازانجت پێدەدات، بەپێی ئەم ڕێژەیە بەهۆی زیادبوونی دەستکەوتەوە هەر دۆلارێك دەبێتە ٣٠ دۆلار. بەلاّم بەشێوەیەکی ڕێژەیی بۆ هەر ساڵێك تۆ ٢٪ وەك باج دەدەیت. بەم جۆرەش ڕێژەکەت لە ٧٪ دادەبەزێت بۆ ٥٪ بەوپێیەش تۆ ١٠ دۆلار وەردەگریت نەك ٣٠ دۆلارەکەی خۆت. واتە هەر دۆلارێك لە پارەکەت دەبێت بە ٣٠ دۆلار کەچی بەهۆی باج و ئابونەوە تەنها١٠ دۆلاری دەمێنێتەوە. کەواتە ١٠ دۆلار لەبەرانبەر ٣٠ دۆلارەکەی پێشوت. ئەمەش واتە تۆ ١٠٠٪ی سەرمایەکەت داناوە و لە ١٠٠٪ مەترسییت توشبووە، هەروەها ٣٣٪ ی قازانجەکەتت بەدەستگەشتووە!

تێگەیشتی چۆن چۆنییە؟ دوو لەسەر سێی پاشەکەوتەکەت خستە گیرفان ئەو بەڕێوەبەرانە کە هیچ ئەرکێکیان نەکێشاوە و توشی مەترسیش نەبوونەوە. هیچ پارەیەکیان نەداوە لە سامانەکەی خۆیان و هەموو کاتێکیش کارەکانیان بەشێوەیەکی ئاسایی ئەنجامداوە! ئێستا پێتوایە کێ لەکۆتاییدا خانوویەك لە کەنار دەریا لە هوای دەکرێت؟

هەر کە ئەم بەشەت خوێندەوە فێردەبیت چۆن کۆنترۆڵ بگێڕیتەوە! بە کەمکردنەوەی کریێ، دەکرێت چەند ساڵێك یان دەشێت چەند دەیە لە داهاتی خانەنشینییت بۆ بگەڕێتەوە.
ئەم جوڵەیە بەشێوەیەکی ئێجگار گەورە یارمەتی گەشتەکەت دەدات و گوڕ و تینت پێدەدات بەرەو سەربەستیی دارایی، بەڵام ئەمە هەمووی نییە. هەروەها فێری ئەوەش دەبیت چۆن لە وەبەرهێنان و کارەکانتدا خۆت لە باج لابدەیت و باجدان کەم بکەیتەوە. ئەمە زۆر گرنگە، چونکە باجدانی زۆر، هێزێکی وێرانکەرە کە دەتوانێت هەموو بیرکردنەوە ئەرێنییەکانت تێکبدات. ئەو هەستە چۆنە کاتێك نەك تەنها ئەم دوو دوژمنە دەناسیت، بەڵکو زاڵبوویت بەسەریاندا و بەزاندوتن؟ بەتەواوی هەست بە خۆڕاگری دەکەیت.

## گورگەکانی بازاڕی ئەمریکا

ئەگەر بەدوای بەدەستهێنانی ئاسایشیی داراییدا دەگەڕێیت، ڕێگای ڕوون ئەوەیە بەشێوەی هاوبەش وەبەرهێنان بکەیت. ڕەنگە زاواکەتان دەرفەتی ئەوەی هەبێت لە ئەمازۆن و گووگل و ئەپڵ پشك بکڕێت پێش ئەوەی نرخ بفڕێت، بەڵام بۆ ئەوەکانی دیکە کڕینی پشك بەتەنها یەکسانە بە دۆڕاندنی یارییەکە. چەندین شت هەیە کە ئێمە نایزانین، چەندین شتی جیاواز، چەندین شت کە دەکرێت ببنە کێشە و ئێمەش نایانزانین. وەبەرهێنانی هاوبەش شوێنگرەوەیەکی ئاسان و لۆژیکییت پێشکەش دەکات. سەرەتا قازانجی سەرجەم پشکە جیاوازەکانت پێدەدات کە یارمەتیدەرە لە کەمکردنەوەی مەترسییە گشتییەکان. بەڵام چۆن

پڕۆژەیەکی هاوبەشی ڕاست هەڵدەبژێریت؟

بەدڵنیاییەوە چەندین دانەمان هەیە دەتوانێت هەڵیان بژێریت، وەك پێشتر ئاماژەمان پێدا، نزیکەی ٩,٥٠٠ پڕۆژەی هاوبەش لە ئەمریکادا هەیە، کە دوو ئەوەندەی ژمارەی کۆمپانیا بازرگانییە گشتییە ئەمریکییەکانە! بۆچی زۆربەی کۆمپانیاکان دەیانەوێت لەم جۆرە بازرگانییەدابن؟ بەڵێ چاکت پرسی: چونکە ئەم جۆرە بەشێوەیەکی نایاب سەرکەوتوو دەبێت.

کێشەکە ئەوەیە بۆ بازرگانانی ئەمریکا زیاتر سەرکەوتوو دەبن وەك لە بەکاربەری ئاسایی وەك من و تۆ. بە هەڵە لێم تێمەگە. من نالێم ئەوان دەیانەوێت هەڵمان بخەڵەتێنن، نالێم کە پڕە لە کەسی خراپ و قۆڵبڕ! بەپێچەوانەوە زۆربەی کەسە بازرگانەکان زیرەك و ماندونەناس و خاوەن بیرن، بەڵام کۆمپانیاکانی ئەمریکا بەشێوەیەکن کە یەکەم شتیان ئەوەیە پارە بۆ خۆیان پەیدا بکەن. ئەمە ناوچەیەکی پیشەسازی خراپ نییە کە پێکهات بێت لە کەسانی خراپ، بەڵکو لە کۆمەڵێك دامەزراوە پێکهاتووە کە ئامانجیان ئەوەیە قازانجی خاوەن پشکەکانیان زیادبکەن. ئەمە کاری ئەوانە. تەنانەت باشترین فەرمانبەریش بەم مەبەستەوە کاردەکات بۆئەوەی قازانجی خۆی لە هەمووان زیاتر بێت. ئەوان لەژێر پەستانێکی زۆردان بۆئەوەی گەشە بکەن، هەروەها پاداشتی ئەوەش وەردەگرن. ئەگەریش تۆی کڕیاریش وەك ئەوان بیت و هەمان شت بکەیت و هەوڵبدەیت ئەوە زۆر بێوێنەیە!

کاتێك دەیڤد سوێنسنم بینی کە سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنانە لە زانکۆی یەیڵ، یارمەتیدام کە تێبگەم وەبەرهێنانی هاوبەش چەند

بەشێوەکی کەمتەرخەمانە خزمەتی زۆربەی موشتەرییەکانیان دەکەن.
سوێنسن یەکێکە لە وەبەرهێنەرە بەناوبانگەکان، بەوە بەناوبانگە کە پشکەکانی بە بەهای ١ ملیۆن دۆلار زیادکرد بۆ ٢٥,٤ ملیار دۆلار! هەروەها یەکێکیشە لە وریاترین و دڵسۆزترین کەسەکان تا ئێستا بینیبێتم.ئەو بەئاسانی توانی زانکۆی یەیڵ بەجێبهێڵێت و دەست بکات بە پرۆژەی خۆی کە لەلایەن مامۆستاکەیەوە ڕێنوێنی دەکرا. لەبەرئەوە سەرسام نەبووم بەوەی کاتێك ئەو ترسی هەبوو کە کۆمپانیا هاوبەشەکان بەو شێوەیە مامەڵەی خراپ لەگەڵ کڕیارەکانیاندا دەکەن. ئینجا بەم شێوەیە گوتی: ‘‘ بەشێوەیەکی بەرچاو پرۆژە هاوبەشەکان بڕێکی زۆر لە وەبەرهێنەران وەردەگرن لەبەرانبەر ئەو خزمەتگوزارییانەدا.‘‘
با بزانین ئەو خزمەتگوزارییانە چین کە چاوەڕێ دەکرێت پرۆژە هاوبەشەکان پێشکەشی بکەن؟ کاتێك تۆ پشکێك دەکڕیت ئەوا سەرەتا پارە دەدەیت بە بەڕێوەبەرەکە بۆئەوەی قازانجێکت بۆ بەدەستبخات کە لە نرخی بازاڕ باشتر بێت. بەڵام بەپێچەوانەوە باشتر نییە وازبهێنیت و پارەکەت بخەیتە پرۆژەیەکی هەرزانتر و هەمان قازانجی بازاڕیشت بۆ پەیدابکات؟ وەك دەزانیت ئەوانەی کە پرۆژەکان بەڕێوەدەبەن کەسانی گەمژە نین. ئەمانە کاتێك لە قوتابخانەدا بوون لە بیرکاریدا زۆر زیرەك بوون، دواتر بەشی ئابوری و ژمێریارییان خوێندووە و دواتر ماستەریان لە بازرگانی و بەڕێوەبردندا لە باشترین زانکۆکانی جیهان بەدەستهێناوە. هەروەها خۆیان تەرخانکردووە بۆ گەڕان و دەستنیشانکردنی باشترین بەرهەم بۆ پرۆژەکانیان.
کەواتە دەکرێت چی شتێك ببێتە کێشە؟ دەکرێت زۆر شت بێت.

## هۆكاری مرۆیی

وەبەرهێنەر و خاوەن پرۆژەكان بەهۆی پێشبینیكردنەوە بەها و نرخی خۆیان زیاد دەكەن و پێشبینی ئەوە دەكەن كە كۆمپانیاكانیان لە مانگ یان ساڵی داهاتودا بەرهەمیان چۆن دەبێت و چییان بەسەردێت. ئەمانە دەتوانن لە سەنگ و قورسایی كۆمپانیا یان هەندێك ولآتی دیاریكراودا كەمبكەنەوە. ئەمانە هەركات بازاڕ دابەزێت و شتێك نەدۆزنەوە شایەنی كڕین بێت پارەكانیان دەكەن بە كاش و هەركاتیش هەستبكەن بازاڕ بەرزدەبێتەوە بەشێوەیەكی زۆر وەبەرهێنان و مامەڵە دەكەن، بەلآم دەركەوت كە پسپۆڕەكانیش هیچ لە ئێمە باشترنین لە پێشبینیكردنی داهاتودا. ئەوانیش وەك ئێمەن، ڕاستییەكەی ئەوەیە كە مرۆڤ بەگشتی خراپە لە پێشبینیكردندا. ڕەنگە هەر لەبەرئەوەبێت كە هەرگیز نابینی سەردێری ڕۆژنامەیەك بنوسێت "یانسیبەكە بۆ فلآن كەس دەبێت."

كاتێك بەڕێوەبەرانی پرۆژە هاوبەشەكان دێنە بازاڕ و دەكشێنەوە، زۆرترین دەرفەت دەبێت بۆئەوەی كە هەڵەی گەورە بكەن. ئەمە چۆنە؟ چونكە ئەوان تەنها بڕیارنادەن كام شتومەك بكڕن یان بیفرۆشن، بەڵكو دەبێت بزانن كەی دەیكڕن و دەیفرۆشن. واتە دەبێت كاتەكەشی دیاری بكەن.

كەواتە هەرجارێك بڕیاری كڕین و فرۆشتن بدەن دەبێت بڕیاری كاتەكەشی بدەن. جا هەتاوەكو بڕیاربدەن ئەگەری هەڵەكردنیشیان زیاترە. پاشان خراپتریشت پێبڵێم، ئەم بازرگانییە بەم جۆرە گرانتر دەبێت، چونكە هەركاتێك ئەم بازرگانانە دێنە بازاڕ یان دەردەچن لەبازاڕ ئەوە دەزگای مامەڵەكاران پارەیان لێوەردەگرن لەبەرانبەر مامەڵەكانیان. هەر ڕێك وەك

قومار وایە کە لە گازینۆیەکدا دەکرێت. ئەو کەسەی قومارەکە دەکات پارە دەدات بە گازینۆکە، پاشان بەشداری دەکات جا ئەم کەسە بیباتەوە یان بدۆڕێت گازینۆکە کرێی خۆی هەر وەردەگرێت. کەواتە گازینۆکە هەمیشە براوەیە! بۆیە دەزگای مامەڵەکارانیش دەوری گازینۆکە دەبینێت. هەرجارێك بەڕێوەبەرەکان جوڵەیەك بکەن ئەم دامەزراوە باجیان لێوەردەگرێت. جا ئەوکات وردە وردە ئەم باجانە زیاددەکەن. لەکاتی نوسینی ئەم بەشەدا، من لە هۆتێلێکم لە لاس ڤێگا کە لەلایەن ستیف وینی هاوڕێمەوە بەڕێوەدەبرێت، کە بەهۆی دروستکردنی بەناوبانگترین گازینۆکانی جیهانەوە بووە بە ملیاردێر. هەروەك ستیف دواتر پێتان دەڵێت، هەمیشە باشتروایە ببیتە ئەو کەسەی کە دەباتەوە نەك ئەوەی پارە دەدات.

ئەمە ڕێك وەك یاری پۆکەر وایە کۆمەڵێك کارت لەسەر مێزوکەن و دوو کەس یاری پێدەکەن، هەروەها هەریەکە و هەندێك پارەی کەم دەدات و لەسەر مێزەکە دایدەنێن، ئەوەی بردییەوە پارەکە دەبات. کەواتە لەم یارییەدا هەر دەبێت کەسێك بیباتەوە و کەسێك بدۆڕێت. ئینجا لە بازاڕیشدا ئەگەر شتومەکەکەت بەرزبێتەوە و بیانفرۆشیت و قازانجی زیاتر بکەیت، ئەوە دەبێت باجی زیاتر بدەیت. بۆیە بەنیسبەت وەبەرهێنە گەورە و خاوەن پرۆژە گرانبەهاکان ئەم پارە و باجدانە بکوژێکی لەسەرخۆیە کە هێواش هێواش قازانجەکەیان دەخوات! کاتێك باسی باج دەکەین بێزاردەبیت؟ دەزانم ئەمە بابەتێکی سەرنجڕاکێش و ورووژێنەر نییە، بەڵام دەبێت سەرنجڕاکێش بێت! چونکە گەورەترین تێچوو لە ژیانتدا باجە، هەروەها پارەدان زیاتر لەوەی کە پێویستە بیدەی شتێکی

گەمژانەیە، بەتایبەت لەکاتێکدا کە دەتوانیت نەیدەیت! ئەگەر وریا نەبیت ڕەنگە باجدان کاریگەرییەکی کوشندەی هەبێت لەسەر قازانجەکانت. ئەمەش نمونەیەکی گرنگە لەم بارەیەوە: با بڵێین تۆ لە مانگی ١٢ پشکێکت کڕیووە و دەستتکردووە بە وەبەرهێنان، پاشان ڕۆژی دواتر بەڕێوەبەری پرۆژەکە ئەو شمەکانە دەفرۆشێت کە تۆش پشکت هەیە تێیدا. ئەم پشکەی کە دەیفرۆشێت ١٠ مانگ پێش ئەوەی تۆ بەشداربیت قازانجێکی زۆر باشی کردووە، بۆیە ئێستا کە بەڕێوەبەر دەیانفرۆشێت، دەبێت باجی هەموو ئەو قازانجانە بدات کە پێشتر کردویەتی، بەڵام کێشەکە ئەوەیە تۆش دەبێت باج بدەیت، چونکە لەو پشکەدا بەشداریت! کەواتە مادام تۆ خاوەن پشکیت دەبێت باجی ئەو دەستکەوتە بدەیت کە پرۆژەکە کردویەتی، چونکە گوتمان کاتێك پرۆژەیەك قازانجەکانی زیاددەکات دەبێت باجی زیاتر بدات. کەواتە تۆ باجی ئەو بەرزبوونەوە خێرایە دەدەیت بەبێ ئەوەی هیچیشت دەستبکەوتبێت، چونکە ئەو بەرهەمە هی پێشووترە فرۆشتویەتی نەك بەشەکەی تۆ. واتە تۆ مانگێکە پشکت گرپیوە، بەڵام کاتێك باج دەدەیت دەبێت باجی ١٠ مانگەکەی پێشتریش بدەیت.

کێشەیەکی باوتر پەیوەندی بەوەوە هەیە ئەم وەبەرهێنانە تا چەند شتومەك و کاڵاکانیان ڕادەگرن و دەیهێڵنەوە. زۆربەیان بەردەوام بازرگانی دەکەن. زۆربەی شتەکانیان لە کەمتر لە ساڵێکدا دەفرۆشن. ئەمە واتای ئەوەیە کە تۆ ئەگەر لەو وەبەرهێنانەدا بەشداری بکەیت قازانجێکی وەها ناکەیت، چونکە شتەکان زوو دەفرۆشن و نایهێڵنەوە. پاشان بەبێ گوێدان بەوەی تا چەندێك ئەم شتانە دەمێنێتەوە تۆ هەر

باجت لێوه‌رده‌گیرێت له‌به‌رانبه‌ر داهاته‌که‌تدا. بۆچی ده‌بێت وریابیت؟ چونکه‌ قازانجه‌که‌ت به‌رێژه‌ی ٣٠٪ یان زیاتر ده‌فه‌وتێت ئه‌گه‌ر بێتو له‌ حساب بانکییه‌كی تایبه‌تدا هه‌ڵینه‌گریت. سه‌رسام مه‌به‌، به‌ڵام كۆمپانیاكان حه‌زناكه‌ن له‌ كێشه‌ی باج و كرێدا بژیت، به‌ڵكو به‌باشی ده‌زانن پێشوه‌خت باجه‌كان به‌ده‌ستبهێنن و كۆیبكه‌نه‌وه‌! بیهێنه‌ پێش چاوی خۆت به‌ تێپه‌ڕبونی كات دوو له‌سه‌ر سێی داهاته‌كه‌ت به‌ كرێدانه‌وه‌ له‌ده‌ستده‌چێت و واز له‌ ٣٠٪ تریش ده‌هێنیت به‌هۆی باجی ناپێویسته‌وه‌.

ئه‌ی چه‌ندێك بۆ داهاتووی خۆت و خێزانت ده‌مێنێته‌وه‌؟

كه‌واته‌ چاره‌سه‌ر چییه‌؟

كۆمپانیاكانی ئه‌مریكا ڕێگه‌یه‌كی ئاسان ده‌گرنه‌به‌ر كه‌ له‌ هه‌موو چالاكییه‌ بازرگانییه‌كان ده‌تپارێزن. له‌جێگه‌ی ئه‌وه‌ی بچنه‌ بازاڕ و هه‌م بكشێنه‌وه‌، كه‌لوپه‌له‌كانیان به‌ سیسته‌مێك ڕاده‌گرن و نایخه‌نه‌ بازاڕه‌وه‌. له‌وانه‌ش كۆمپانیاكانی وه‌ك ئه‌پڵ، مایكرۆسۆفت، ئه‌لفابێت، جۆنسن & جۆنسن و ئێكسۆن مۆبیل، كه‌ له‌ئێستادا پێنج گه‌وره‌ترین كۆمپانیاكانی ئه‌مریكان. ئه‌مانه‌ بازرگانییه‌كی كه‌م ده‌كه‌ن بۆیه‌ باج و تێچووه‌كانیان كه‌مده‌بێته‌وه‌. پاره‌كانیان هه‌ڵده‌گرن بۆ به‌رهه‌م و شتومه‌كی دیكه‌، له‌به‌رئه‌وه‌یه‌ پێویست ناكات پاره‌ بده‌ن به‌ به‌ڕێوه‌به‌ره‌كان و تیم و شاره‌زاكانیان له‌به‌رانبه‌ر به‌ڕێوه‌بردنی كاره‌كانیان.

ئه‌گه‌ر ئێستا بێزاربوویت ئه‌وه‌ منیش له‌گه‌ڵتدام، ڕه‌نگه‌ ئێستا ئه‌و پرسیاره‌ بكه‌یت: " به‌ڕاست من چیم ده‌ستده‌كه‌وێت كاتێك له‌ پرۆژه‌یه‌كدا وه‌به‌رهێنان ده‌كه‌م و به‌شداری ده‌كه‌م؟ ئه‌گه‌ری زۆره‌ تۆ توشی ده‌ردی پاره‌دانی زۆر و باجی خراپ و هه‌ڵه‌ی مرۆیی ببیته‌وه‌!

بـەلأم دەیڤـد سوێنسـن زۆر بەگومانـە لـەبارەی چانسـی بەدەسـتهێنانی ئازادییەکانت لەبواری داراییدا.

ئەو ئاگادارت دەکاتەوە: " کاتێك سەیری ئـەو بـاج و کرێیـە دەکـەیت لـەو ماوە دوورودرێژەدا داوتە، ئەوکات هیچ هەلێکت نییە تا قازانجێك بکەیت لە بازاڕ باشتربێت."

*بەردەوام شت بەدەستدەهێنیت — ئەوکاتە نەبێت لە قوربانیدان بوەستیت.*

کاتێك لە تەمەنی هەرزەکاریدا بووم، جارجارێك کچێکم دەبـرد بـۆ دەرەوە و ژوانمان دەبەسـت، مـن داوای چـایەکم دەکـرد، وام پیشـاندەدا کـە نـانم خواردووە. ڕاستییەکەی دەسەلأتی ئەوەم نەبوو خواردن بـۆ هـەردووکمان بکڕم! ئەزموونی هەژاریم و گـەورەبوونم بـە نـەبوونی وایلێکـردم ئاگـاداری ئەوەبم کە شتەکان نرخیان چۆنە و پێویستە چۆنیش بێت. ئەگـەر بچیتە دەرەوە بـۆ ژەمێکـی نایـاب لـە چێشـتخانەیەکی گـەورە، چـاوەڕێی ئـەوە دەکەیت کە ژەمەکەت گـران بێـت. ئەمـەیان ئاسـاییە، بـەلأم ئامـادەی ٢٠ دۆلار بدەیت بە لەفەیەکی ٢ دۆلاری؟ بـە هـیچ شـێوەیەك! بـا پێـت بلێـم: زۆربەی خەلکی بەم شێوەیە دەکەن کاتێك لە پرۆژەیەکدا دەبن.

هەرگیز بیرت لەوە کردووەتەوە کە چەندێك بـاج دەدەیـت لەبەرانبـەر ئـەو پارەی دەستتکەوتووە؟ ئەگەر بـیرت کردۆتـەوە ئـەوە پێدەچێت هـەموو سەرنجت چووبێت بەلای باجی مامەلەکان، کە پێکدێن لەکرێی ڕاوێـژکاریی وەبــەرهێنان و تێچــووی بەڕێوەبردنەکــەی کــە بریتییــە لــە گەیانــدن و تۆمارکردن. تەنانەت قاوە و کاپۆچیناکەش کە خوراونەتەوە. پرۆژەیـەکی ئاسایی کەشتومەك بەرهەم دەهێنێـت ڕەنگـە ڕێـژەی بـاجی ١٪ بـۆ ١,٥٪

بێت، بەڵام ئەوەی کە تۆ هەستی پێناکەیت ئەوەیە کە ئەمە تەنها سەرەتایەکە بۆ باج.

چەند ساڵێك لەمەوپێش فۆربس نوسراوێکی سەرنجڕاکێشی بڵاوکردەوە بە ناونیشانی "تێچووی ڕاستەقینەی خاوەنداریێتیکردنی پڕۆژەیەکی هاوبەش" هەروەها باسی ئەوەیکرد کاتێك لە پڕۆژەیەکی هاوبەشدایت تا چەند دەکرێت پارە و تێچووەکان زیادبن. باسی لەوەکرد کە تۆ تەنها ئابونەی ئاسایی نادەیت کە ڕۆژنامەکە بە کەمتر لە ١٪ خەملاندویەتی، بەڵکو بڕێکی زۆر پارەی تیچووی مامەڵەکانیش دەدەیت، کە فۆربس بە ١,٤٤٪ بۆ هەر ساڵێك خەملاندوویەتی. هەروەها دواتر باجی ڕاکێشانی پار دێت کە بە ٠,٨٣٪ بۆ هەر ساڵێك خەملێنراوە، هەروەها دوای ئەوەش تیچووی باجەکان کە بە ١٪ خەملێنراوە بۆ هەر ساڵێك، ئەمە لەکاتێکدا ئەگەر پارەکەت لە حسابێك بێت باجی لەسەربێت، ئەی سەرجەم دەکاتە چەند؟ ئەگەر پارەکە لە حساب بانکییەکەدابێت کە باجی لەسەرنەبێت ئەوا لە ساڵێکدا ٣,١٧٪ لەسەرت دەکەوێت، بەڵام ئەگەر لە شوێنێکدابیت کە باجی لەسەربێت ئەوا ٤,١٧٪ لەسەرت دەکەوێت. کەواتە ئێستا ئەگەر بەراوردی بکەین بۆمان دەردەکەوێت ئەم کارەی کە دەیکەیت وەك ٢٠ دۆلارەکەی دات بە لەفەکە وایە و هەمان شتە و دووبارە دەبێتەوە!

*تۆ دەبێت بەوردی سەرنجی ئەو وردەکارییانە بدەیت. بەو بۆنەیەوە من زۆر ڕقم لەو شتانەیە کە پێویستیان بە وردەکارییە.*

**—جاك بۆگڵ**

هیوادارم بەوردی سەرنج بدەیت، چونکە زانیاری لەبارەی ئەو ژمارە بچوکانە سامانێکی گەورەت بۆ دەگێڕنەوە! ئەی چی ئەگەر کاتێك کە ئەمە دەخوێنیتەوە بڵێیت: "ئێ جا چییە ئێمە باسی ٣٪ یان ٤٪ دەکەین بۆ هەر ساڵێك. ئەو ڕێژە کەمە چییە بۆ نێوان دوو هاوڕێ."

ڕاستە لە سەرەتادا ئەم ژمارانە بچوك دەردەکەون، بەڵام کاتێك کاریگەری ئەم ژمارانە لێکدەدەیتەوە کە دوای چەند ساڵێك زیاددەکەن ئەوکات هەناسەت دەوەستێت. با بە شێوازێکی دیکە ڕوونی بکەمەوە. پرۆژەیەکی هاوبەش کە بەڕێژەی ٣٪ بۆ هەر ساڵێك کرێت لێوەردەگرێت، ٦٠ جار لە پرۆژەیەکی دیکە زیاترە کە ٠,٠٥٪ ت لێوەردەگرێت! بیهێنە پێش چاوت لەگەڵ هاوڕێیەکت دەچن بۆ قاوەخانەیەك و ئەو داوای قاوەیەك دەکات کە نرخی ٤,١٥ دۆلارە، بەڵام تۆ دڵت خۆشە کە ٦٠ جار لە هاوڕێکەت پارەی زیاتر دەدەیت! کە نرخەکەی تۆ دەکاتە ٢٤٩ دۆلار! پێموابێت پێش ئەوەی ئەمە بکەیت دوو جار بیر دەکەیتەوە.

ئەگەر پێتوایە من زیادەڕەویم کردووە شتەکەم گەورەکردووە ئەوە با سەیرێکی ئەم نمونە بکەین، دوو دراوسێ جۆی و دەیڤد، هەردووکیان ٣٥ ساڵن. هەردووکیشیان١٠٠,٠٠٠ دۆلاریان پاشەکەوتکردووە و دەیانەوێت بیخەنە وەبەرهێنانەوە. بەم جۆرە دەستدەکەن بە پرۆژەکەیان و بۆ ماوەی ٣٠ ساڵ شتەکان باش دەڕۆن، هەروەها هەریەکەشیان بەڕێژەی ٨٪ بۆ هەر ساڵێك قازانج دەکەن. جۆی لە پرۆژەیەکی ئاساییدا بەشداردەبێت کە بۆ هەر ساڵێك ٠,٥٪ کرێی لێوەردەگرێت، بەڵام دەیڤد لە پرۆژەیەکی هاوبەشدا بەشداردەبێت کە بۆ هەر ساڵێك ٢٪ کرێ دەدات. دەرئەنجام بەهۆی ئەوەی کرێی جیاواز دەدەن بەم شێوەیە جۆی لە

تەمەنی ٦٥ ساڵیدا داهاتەکەی لە ١٠٠,٠٠٠ دۆلارەوە بوو بە ٨٦٥,٠٠٠ دۆلار، بە نیسبەت دەیڤدیشەوە داهاتەکەی لە ١٠٠,٠٠٠ دۆلارەوە بوو بە ٥٤٨,٠٠٠ دۆلار. هەردوکیان وەك یەك قازانجیان کرد، بەلام کرێکەیان جیاواز بوو کە دەیاندا، بۆیە سەرجەمی گشتی داهاتەکەیان بەو ڕێژەیە جیاواز بوو. ئەم دوو دراوسێیە دواتر بڕیار دەدەن هەموو ساڵێك ٦٠,٠٠٠ دۆلار بکشێننەوە بۆئەوەی لە کاتی خانەنشینبووندا بەکاری بهێنن. بۆیە دەیڤد سالانە ئەو بڕە پارەیە دەکێشێتەوە لە سەرجەمی پارەکانی و لە تەمەنی ٧٩ ساڵیدا پارەکەی تەواو دەبێت، بەلام جۆی ژیانی بەشێوەیەکی تر دەبێت. جۆی توانای هەیە هەموو ساڵێك ٨٠,٠٠٠ دۆلار بکشێنێتەوە و پارەکەشی تا تەمەنی ٨٨ ساڵی بەشی دەکات! بەخۆشحاڵییەوە جۆی ڕێگەدەدات دەیڤد لە ژێرزەمینەکەیدا بە بەلاش بژی!

ئێستا دەزانیت بۆ دەبێت ئەو سەرنجە وردە بدەیت لەو کرێیانەی کە دەبێت بیاندەیت؟ ئەم هۆکارە گرنگە ڕەنگە جیاوازی بکات لە هەژارییەوە بۆ ئاسودەیی، لە بێتاقەتییەوە بۆ دڵخۆشی.

## پارەدانی زیاد لەبەرانبەر بێبازاڕیدا: تەڵەی پێنج - ئەستێرەیی

پرسیارێك هەیە کە ڕەنگە قەت بە مێشکتدا نەهاتبێت: چۆن ئەو بەڕێوەبەرانەی پڕۆژە هاوبەشەکان بدۆزیتەوە کە نەك تەنها ئەو کرێ زۆرەت لێدەسێنن، بەڵکو لەبەرانبەردا قازانجێکی مامناوەندیشت بداتێ؟ نیگەران مەبە "خزمەتگوزاریی پیشەسازیی دارایی" ئەوەی کە دەستەبەرت کردووە بۆت. ئەگەر شتێك لەم دونیایەدا زۆربێت ئەوە

بەڕێوەبەری پڕۆژە هاوبەشەکانن کە کرێی زیادەت لێوەردەگرن لەبەرانبەر ئەو بێبازاڕییەیاندا! ئەمە شتە سەرنجڕاکێشەکەیە. هەر تەنها پڕۆژە هاوبەشەکان نین کە کرێی زیادە لە کڕیارەکانیان وەردەگرن، بەڵکو مامەڵە درێژخایەنەکانیش بە هەمانشێوەن کە ئەمەش زۆر ترسناکە. ئەمە دووجار سوکایەتییە. بیهێنە پێش چاوت قاوەکەی کە کڕیت بە ٢٤٩ دۆلار ئێستا دەیخۆیت، کاتێك قومی لێدەدەیت سەیر دەکەیت خراپبووە و تێکچووە.

یەکێك لە سەرسوڕهێنەرترین توێژینەوەکان کە لەسەر "بازاڕی پڕۆژە هاوبەشەکان" بینیبێتم لەلایەن شارەزای بواری پیشەسازی ڕۆبێرت ئارنۆتەوە بووە، توێژینەوەی لەسەر هەموو پڕۆژە بازرگانییەکان کرد کە ژمارەیان ٢٠٣ پڕۆژە بوو، بەلایەنی کەمەوە بە بەهای ١٠٠ ملیۆن دۆلار پشکیان هەبوو، هەروەها لێکۆڵینەوەی لە قازانجەکانیان کرد بۆ ماوەی ١٥ ساڵ و لەساڵی ١٩٨٤ تاوەکو ١٩٩٨، دەزانیت چی دۆزییەوە؟ تەنها ٨ لە ئەو ٢٠٣ پڕۆژانە توانیان لەبازاڕ زیاتر قازانج بکەن، ئەمەش کەمترە لە ٤٪!

بەشێوەیەکی دیکە بڵێم٩٦٪ ی ئەم پڕۆژانە لەماوەی ئەم ١٥ ساڵەدا قازانجیان نەکردووە. ئەگەر دەتەوێت پشکێك لە پڕۆژە هاوبەشەکان بکڕیت ئەوە دەبێت بتوانیت یەکێك لەو٤٪ە بکڕیت کە توانیویانە قازانج بکەن. ئەوەکانی دیکە شکستیان هێناوە.

ڕەنگە تۆ توێژەرێك یان کەسێك بیت کە بەئاسانی بیرورات نەگۆڕیت، هەروەها ڕەنگە حەزت لەوەبێت ڕۆژنامەی وۆڵ ستریت و مۆرنینگ ستار بخوێنیتەوە. هەروەها بتەوێت بەدوای پڕۆژە پێنج ـ ئەستێرەییەکاندا

بگەڕێیت، بەڵام کێشەیەکی دیکە هەیە کە کەسانێکی کەم هەستی پێدەکەن. براوەکانی ئەمڕۆ زۆرجار دۆڕاوەکانی سبەینێن. ڕۆژنامەی وۆڵ ستریت لەبارەی توێژینەوەیەکەوە هەندێك شتی نوسی، ئەم توێژینەوەیە لە ساڵی ١٩٩٩ ئەنجامدرا بوو، باسی ئەوەی کردبوو کە لە ١٠ ساڵی داهاتوودا چی بەسەر ١٠ لە باشترین پرۆژەکان دێت کە لەلایەن ڕۆژنامەی مۆرنینگ ستار پلەی پێنج ـ ئەستێرەیان پێدرابوو. ئەوەی توێژەران دۆزییانەوە چی بوو؟ ئەوەی دۆزییانەوە ئەوەبوو کە لە ٢٨٤ پرۆژەی هاوبەش تەنها چوار پرۆژەیان بە هەمان ئاست بەردەوامبوون و مانەوە، ئەوەکانی دیکە دابەزینە خوارەوە. وشەیەکی جوان بۆ ئەم ڕووداوە ئەمەبوو '' گەڕانەوە بۆ دۆخی هیچ '' ئەمەش ڕێگەیەکی جوانترە بۆئەوەی بڵێین کە کەسە سەرکەوتووەکانیش لەکۆتاییدا دەکەون و دەگەڕێنەوە دۆخی ئاسایی. بەداخەوە زۆربەی خەڵکی ئەو پرۆژانە هەڵدەبژێرن کە پلەی باشترینیان پێدراوە بێئاگان لەوەی کە کەوتونەتە ئەو هەڵەیەوە، کە ئەوەی ئەمڕۆ بەنرخە و دەیکڕن زۆرجار لە بازاڕدا دادەبەزێت.

دەیڤد سوێنسن ڕوونیدەکاتەوە و دەڵێت: هیچ کەسێك نایەوێت بڵێت من پرۆژەیەکی یەك یان دوو ئەستێرەییم هەیە، بەڵکو دەیانەوێت بڵێن پرۆژەی چوار یان پێنج ئەستێرەییمان هەیە و لە ئۆفیس و لەناو خەڵکیدا خۆیانی پێوە بنوێنن، بەڵام پرۆژە و پشکی چوار ـ ئەستێرەیی یان پێنج ـ ئەستێرەیی ئەوانەن کە تاوەکو ئێستا بەباشی قازانجیان کردووە نەك ئەوانەبن کە لە داهاتوشدا بەباشی قازانج بکەن. ئەگەر تۆ پشکێك بکڕیت کە باش بووە و قازانجی باش بووە، هەروەها ئەوانەش بفرۆشیت کە

لاوازبوون، ئەوا لەکۆتاییدا بە ڕێژەیەکی کەم قازانج دەکەیت.

## دەکرێت ئەمە خراپتر بێت؟

کۆمپانیاکانی پرۆژە هاوبەشەکان ناوبانگی خراپیان بەوە دەرچووە کە ژمارەیەکی زۆر پرۆژە دەکەنەوە بۆئەوەی هەر هیچ نەبێت چەند دانەیەکی کەمیشیان بێت قازانج بکەن. دواتر ئەوانەی کە سەرکەوتوو نەبوون دایدەخەن و ئەو ژمارە کەمەی سەرکەوتوبوون بازرگانی پێوەدەکەن و بەردەوام دەبن. جاك بۆگڵ باسی ئەمە دەکات و دەڵێت: کۆمپانیایەك دەستدەکات بە پێنج پرۆژە، پاشان ئەم پرۆژانە بەڕێوەدەبەن، بەلاّم یەکێك لەم پرۆژانە سەرکەوتوو دەبێت و ئەو چوار دانەکەی دیکە شکست دەهێنن، دواتر ئەمانیش واز لەو چوار دانەکەی دیکە دەهێنن و دێن باسی ئەو دانە دەکەن کە قازانجیان کردووە و دەستکەوت و تۆمارێکی باشی هەبووە ئینجا شتومەك و تۆمارەکانی دەفرۆشن. بۆگڵ ئەمەشی زیادکرد: بەپێی داتا و ئامارەکان، ئەگەر بتەوێت ڕێژەیەکی کەم لە پرۆژەکانت سەرکەوتوو بێت ئەوە دەبێت بەشداری پرۆژەی زۆر بکەیت. پاشان گوتی: '' تۆنی، ئەگەر لە هۆڵێکی داخراودا ١,٠٢٤ مەیمون کۆبکەیتەوە و یەك بەیەکیان فێر بکەیت کە دراوێك هەڵبدەن (شێر و خەت)، یەکێك لە مەیمونەکان ١٠ جار لەسەریەك هەڵیدەدات هەر ١٠ جارەکە شێر دەردەچێت. خەڵك بەوە دەڵێن بەخت، بەلاّم ئەگەر ئەمە لە بازرگانیدا ڕوویدات ئێمە پێی دەڵێین بلیمەتی! ''

ئایا هەموو ئەمانە مانای ئەوەیە کە دەکرێت بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ بەسەر بازاڕدا سەرکەوێت؟ لەڕاستیدا نەخێر. ئەوە زۆر قورسە، بەلاّم

چەند کەسێکی کەم هەن کە بۆ ماوەیەکی دووروودرێژ بەرهەمی باشیان هەبووە و سەرکەوتوو بوون. چەند ئەستێرەیەکی وەك وارن بەفت، ڕەی دالیۆ، کارڵ ئایکان و پاوڵ تودەر جۆنس، کە نەك تەنها زۆر زیرەکن، بەڵکو تەنانەت لەو کاتەنەشدا کە بازاڕ دەتەقێتەوە و زۆربەی خەڵکی هۆشیان نامێنێت، ئەمان خاوەن مێشکێکی هێور و لەسەرخۆ و ژیرن. هۆکاری ئەوەی کە ئەمانە دەبیەنەوە ئەوەیە کە بڕیارەکانیان لەسەر بنەمای تێگەیشتنێکی قوڵە لە ئەگەرەکان نەك لەسەر بنەمای هەست و سۆز یان حەز و بەخت. زۆربەی ئەم ئەستێرانە پرۆژەی زەبەلاح بەڕێوە دەبەن کە بە ڕووی وەبەرهێنە تازەکاندا داخراون، بۆ نموونە: ڕەی دالیۆ پارەی لە وەبەرهێنە تازەکانەوە قبوڵ دەکرد، ئەو وەبەرهێنە تازانەی کە پاشەکەوتیان بە بڕی ٥ ملیار دۆلار هەبوو، هەروەها بڕی ١٠٠ ملیۆن دۆلاریان بە رەی دالیۆ دەبەخشی و متمانەیان پێبوو، بەلام ئێستا ڕەی دالیۆ هیچ وەبەرهێنێکی تازە قبوڵ ناکات، بەبێ گوێدان بەوەی ئەم کەسە چەند ملیار پارەی هەیە و چەندێك پاشەکەوتی هەیە، ئێستا پرۆژەکانی بەڕووی وەبەرهێنە تازەکاندا داخستووە. کاتێك پرسیارم لە ڕەی کرد تا چەند قورسە بۆ ماوەیەکی دورودرێژ بازاڕ ببەزێنیت، بەڕاشکاوی ڕەخنەی لێگرتم و گوتی: ‘‘ ڕکابەریکردن لە بازاڕدا لە بردنەوە لە یارییە ئۆلۆمپییەکاندا قورسترە. زۆر کەسی دیکەش وەك تۆ هەوڵی ئەوە دەدەن. ئەگەر سەرکەوتوو بیت ئەوە دەستکەوتەکانت گەورە دەبن، هەر وەك یاری ئۆلۆمپی تەنها کەمینەیەك سەرکەوتوو دەبن. پێش ئەوەی هەوڵبدەیت بەسەر بازاڕدا سەربکەویت، لەخۆت بپرسە نەوەك پێویستت بە مەشقکردن هەبێت خۆت ئامادە بکەیت

بۆئـەوەی ببیتـە ئـەو کەمینەیـەی کـە دەیبەنـەوە.'' بۆیـە بـاش وایـە ئامۆژگـاریی کەسێك فـەرامۆش نەکـەیت کـە بـۆ مـاوەی چـەند دەیەیـەك بەسـەر بـازاڕدا سـەرکەوتووە و پێـت دەڵێـت پێویسـت ناکـات پشـێوی دروستبکەیت، بەڵکو باشتر وایە خەریکی پرۆژەیەکی سادەبیت.

هەروەها وارن بەفت کە لـەبازاڕدا قـازانجی زۆری کـردووە و دەسـتکەوتی باشـی هـەبووە، ئامۆژگـاری خـەڵکی ئاسـایی دەکـات کـە لـە پشـکە ئاساییەکان مامەڵە بکەن، بەم شێوەیە دەتـوانن لـەو ڕێـژە زۆرەی کـرێ و باج خۆیان بپارێزن. پاشان وارن بۆئەوەی بیسەلمێنێت کە پـرۆژە باڵاکـان قازانجیـان لـە پـرۆژە ئاسـاییەکان کـەمترە، لـە سـاڵی ٢٠٠٨ لەگـەڵ کۆمپانیایەکی نیویۆرك بەبڕی ١ ملیۆن دۆلار گرەوێکی کرد، ڕکابـەری ئـەم کۆمپانیایەی کرد کە پێنج لـەو باشـترین بەڕێوەبەرانـەی دیـاری بکـات کـە بەشـێوەیەکی گشـتی بـۆ مـاوەی ١٠ سـاڵ لـە بازاڕەکـانی ئـەمریکادا سەرکەوتوو بوون.

دەزانیت چی ڕویدا؟ دوای ٨ ساڵ ڕۆژنامەی فۆرچـن ڕایگەیانـد کـە پـرۆژە باڵاکان بەبڕی٢١,٨٧٪ قازانجیان کردووە، لە کاتێکدا پـرۆژە ئاسـاییەکان ٦٥,٦٧٪ قازانجیـان کـردووە! هێشـتا پێشـبڕکێکە تـەواو نـەبووە. ئـەم پێشبڕکێکارانەی پـرۆژە باڵاکـان وەك ئـەوە وایـە لـە پێشـبڕکێیەکدابن کـە دوو کـەس بـن قاچـیان پێکەوەبەسـترابێت و بیانـەوێت ویسـاین بۆڵـت خێراترین پیاوی جیهان بگرنەوە.

لە هەمان کاتیشدا بەفت دەڵێت: ڕێنمـایی بەجێهێشـتووە بـۆ دوای مردنـی کـە ئـەو پارەیـەی کـە بـەجێی دەهێڵێـت هاوسـەرەکەی لـە پـرۆژە ئاساییەکاندا بەکاریبهێنێت. بەمجۆرە ڕوونکردنەوەی دا: ''من بڕوام وایـە

ئـەو دەستکەوتە درێژخایەنانـەی کـە لـەم پلانـەوە (پـڕۆژە ئاسایییەکان) دەسـتدەکەوێت باشـتر و بـەرزترە لـەوەی زۆربـەی وەبەرهێنـەرەکان دەستیان دەکەوێت. تەنانەت لەناو گۆڕیشدا بەفت سوورە لەسەر ئـەوەی کـە خـۆی لـە کاریگەرییـە کوشـندەکانی کـرێ و بـاجی زیـادە بپارێزێـت. لەبیرتە پێشتر پێمگوتیت زانیاریی وزەیـەکی شـاراوەیە؟ تـەنها ئـەو کاتـە زانیاریی ڕاستەقینەت هەیـە کـە بـەکاری بهێنیـت. لـەم بەشـەدا زانیارییت وەرگـــرت و فێربوویـــت کـــە بـــاج و کـــرێ چـــەند کاریگەرییـــەکی سەرسوڕهێنەریان هەیە لەسەر داهاتووی سامانەکەت، بەڵام چی دەکـەیت بـەو زانیارییانـەی کـە فێربوویـت؟ چـۆن کـاری پێدەکـەیت و سـودی لێوەردەگریت؟

بیهێنە پێش چاوت خۆت هەر ئێستا دەوەستیت لە کڕینی پشك لـە پـڕۆژە هاوبـەش و باڵاکـان کـە ڕێژەیـەکی زۆر کـرێ وەردەگـرن، لەبەرانبـەردا لەمـەودوا تـەنها لـە پـڕۆژە هەرزانـەکان وەبـەرهێنان دەکـەیت و پشـك دەکڕیـت. ئـەوکات چـی دەبێـت؟ بەلایـەنی کەمـەوە بەڕێـژەی ١٪ لـە تێچووەکانت بۆ هەر ساڵێك کەمدەبێتەوە، بەڵام ئەوە تاکە قازانج نییە کە لە گۆڕینی پڕۆژەکەت دەستتدەکەوێت. بەشێوەیەکی گریمانـەیی بـا وای دابنـێین پشـکەکانی تـۆ لـە پشـکی پـڕۆژە هاوبەشـەکان باشـتر دەبێـت و قازانج زیاتر دەکات بەڕێژەی ١٪ بۆ هەر ساڵێك. کەواتـە ئێسـتا تـۆ ١٪ ی دیکەشـت دەسـتکەوت کـە سـەرجەمی دەکاتـە ٢٪ بـۆ هـەر سـاڵێك. ئـەم ڕێژەی ٢٪ دەتوانێت ٢٠ ساڵ تەمەنی داهاتی خانەنشینیت درێژبکاتەوە ( ئەمـە گریمانەیەکـە وەهـای دادەنێـت ٢ وەبـەرهێن دەسـتدەکەن بـە وەبـەرهێنان بـەبڕی ١٠٠,٠٠٠ دۆلار، هـەروەها هەردوکیشـیان ٨٪ قـازانج

دەکەن بۆ ماوەی ٣٠ ساڵ، بەڵام یەکێکیان ١٪ باج دەدات و ئەوی دیکە ٢٪ بەم شێوەیە ئەوەی کە٢٪ باج دەدات ١٠ ساڵ زووتر پارەکەی تەواو دەبێت).

ئێستا دەزانیت چەندە توانات هەیە بۆئەوەی دەست بەسەر داهاتووی سامانەکەتدا بگریت؟ ئەو توانایە هەڵبگرە و بەکاریبهێنە بۆئەوەی بەشێوەیەکی کاریگەرانە تێچووەکانت کەمبکەیتەوە. ئەمە یارمەتییت دەدات بێ پێوانە خۆڕاگر بیت! با پشویەك بدەین و دواتر بچینە سەر شوێنێك کە دەتوانیت سامانێکی زۆر پاشەکەوت بکەیت: (٤٠١ کەی). لاپەڕەکەی هەڵبدەرەوە و ... دەستدەکەین بە گەشتێك کە داهاتووت ڕزگار دەکات.

# بەشی چوارەم
# ڕزگارکردنی پلانی خانەنشینییەکەمان

## ئەو شتەی کە پلانی ٤٠١ کەی) نایەوێت بیزانیت

٤٠١ کەی داهێنانێکی جوان بوو. لە ساڵی ١٩٨٤ دروستکرا کە چانسی دەدا بە خەڵکی ئاسایی وەك من و تۆ تاوەکو سامانێك بە باجێکی کەمتر بنیاتبنێین، ئەمیش لەڕێگەی دانانی بەشێك لە موچەکەمان لە حساب بانکییەکدا. ئەم ‘‘ ٤٠١ ’’کەیە داهێنانێکە کە تێیدا کەسەکان بەشێك لە پارەکان دەبەن لێرە دایدەنێن و ئەم ‘‘٤٠١’’کەیەش بۆیان پاشەکەوت دەکات، بۆئەوەی لەکاتی خانەنشینبوونیاندا دووبارە بەکاری بهێننەوە و پێی بژین.

داهێنانێکی زۆر جوانە! ئێستا منیش و تۆش هەلی ئەوەمان پێدراوە کە بەشێك لە خەونەکانمان بهێنینەدی و بۆ داهاتووی خۆمان پارە بنیاتبنێین و بەرپرسیارێتیی تەواو لەئەستۆ بگرین بۆئەوەی ئازادیی داراییمان بەدەستبهێنین. ئێستا نزیکەی ٩٠ ملیۆن هاولاتی ئەمریکی بەشداری ئەم پلانی ‘‘٤٠١’’ەیان کردووە. واتە تەنها ٧٥ ملیۆن هاولاتی لەماڵەوە پارەیان داناوە، هەروەها نزیکەی ٦ ترلیۆن دۆلار لەم بەرنامەیەدا بەکارهاتووە و بۆ هاولاتیان هەڵگیراوە، ئەمەش تاکە ڕێگایە بۆ پاراستنی ئاسایشی سامانی ئەمریکا.

بەڵام دەزانیت چی ڕوویدا؟ ماوەیەك لەمەوبەر ئەو خەونە تێکچوو.

دامەزراوە بازرگانییەکان چەندین ڕێگایان تاقیکردەوە بۆئەوەی هەندێك لەو چەند ترلیۆن دۆلارە بخۆن. ئەمە یەکێکە لە لایەنە ناشرینەکانی ئەم وڵاتە! ئەمە وایلێکردین ڕێگەیەك بدۆزینەوە تاوەکو لەو پارەخۆرانە خۆمان بپارێزین. ڕەنگە بڕوا بەمە نەکەیت، بەڵام بۆ ماوەی سێ دەیە ئەو کۆمپانیانەی کە ئەم پلانی ''٤٠١''ەیان دابینکردبوو، لەلایەن یاساوە هیچ داوایەکیان لێنەکرا کە ئەو بڕە پارە ئاشکرا بکەن و بیخەنەڕوو کە لە بەشداربوانی پلانەکەی وەردەگرن! تەنها لەساڵی ٢٠١٢ حکومەت زۆری لەو دامەزراوە بازرگانییانە کرد کە وردەکاریی تەواو بخەنەڕوو لەسەر ئەوەی کە چەندێك لە پاشەکەوتی خەڵکی دەبەن. لە چی شوێنێکی دیکە بەکاربەر بەرگەی ئەم شێوازی بازرگانییە دەگرێت؟ هیچ کۆگایەکی جلوبەرگت بینیووە جلەکانی هیچ نرخیان لەسەر نەنوسرابێت؟ دەتوانیت بیهێنیتە پێش چاوت دەچیت بۆ گەشتکردن و حساب بانکییەکەت داوە بەدەست هۆتێل و فڕۆکەخانەوە و خۆیان بڕیاردەدەن چەندێك پارە ببەن بەبێ ئەوەی بەخۆت بڵێن؟

پێویست ناکات بیڵێم، بەڵام ئەم دامەزراوە بازرگانییانە درێژەیان بەم فێڵە دەدا و زانیارییەکانی بەوردیی نەدەخستەڕوو بۆئەوەی لەژێرەوە پارەمان لێبخوات.

ئێستا یاسای وڵات گۆڕاوە، بەڵام پێتوایە کە کێشەکە چارەسەرکراوە؟ ئەستەمە! هەموو سیستەمی ٤٠١ هێشتا هەر وەك سندوقێکی ڕەشە. ئەمڕۆ دامەزراوە بازرگانییەکان چەند بەڵگەنامەیەك بڵاودەکەنەوە و دەیخەنەڕوو کە بەزۆری ٣٠ تا ٥٠ لاپەڕە دەبێت و بە زمانێك نوسراوە کە ناتوانرێت لێی تێبگەیت. شۆك، شۆك: زۆرینەی خەڵکی هیچ ڕۆژێکیان

دانەناوە بۆ خوێندنـەوەی ئـەو بەڵگەنامـە ئاڵۆزانـە، لـەبری ئـەوە زۆربـەی بەشـداربوان بەسـادەیی متمانـەیان بـە بەڕێوەبـەرەکانیان کـردووە کـە لەجێگـەی ئـەمان ئاگایـان لـە پارەکانیـان بێـت. هـەروەها زۆربـەی بەڕێوەبەرەکانیش متمانـە بـە دەلاڵێك دەکـەن. لـەبیرت نەچێت ٧١٪ی خەڵکی کە خۆیان لە ٤٠١دا تۆمارکردووە پێیـان وایـە کـە هیچ ئابونەیـەك نادەن، هەروەها ٩٢٪یان دانیان بەو ڕاستییەدا نا کە تەنانـەت نـازانن ئـەم کەسانە کێن کە ئەمان متمانەیان پێکـردوون، بـەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە ئەم پلانانە لەلایەن پـڕۆژە هاوبەشـەکان و کۆمـەڵێك دەلاڵ بـەڕێوەدەبرێن کە چین لەسەر چین کرێ و ئابوونەی زیاد لە خەڵکی وەردەگرن!

ڕۆبێرت هیڵتۆنسمیس، شیکەرەوەی سیاسـی، ئـەو ئەرکـەی گرتـە ئەسـتۆ کـە توێژینەوەیـەك بکـات لەسـەر ئـەو بڵاوکراوانـەی کـە لـە ٤٠١دا هەیـە و هەوڵیـدا هێماکانیـان لێکبداتـەوە. دوای هـەوڵێکی زۆر تـوانی بگـات بـە ژمارەیەکی زۆر لە هێما و کورتکراوەی تایبەت، هەروەها دواتر ڕاپـۆرتێکی نوسـی بەناونیشـانی ' پاشـەکەوتی خانەنشـینی بـەفیڕۆ دەڕوات: تێچـوە شـاراوە و لـە ڕادەبـەدەرەکانی ٤٠١. ' ئـەی لـە کۆتاییدا چـی دۆزییـەوە؟ بەکاربـەرانی وەك ئــەو و مــن و تــۆ ١٧ ئابونــە و کرێــی جیاوازمــان لێوەردەگیرێت!

ئەگەر ڕوونتربم، ئێمە لێرەدا ئاماژە بەو ئابونە زۆرە ناکـەین کە لـە ٤٠١دا لێت وەردەگیرێت. ئەوەی کە تۆ دەیدەیت بـە پـڕۆژە هاوبەشـەکانی ٤٠١ هێشتا بـەس نییـە، وەك ڕۆژنامـەی فـۆربس باسیکردووە، هـەموو کرێ و باجـەکان دەکرێت ٣,١٧٪ بێت بۆ هـەر ساڵێك! نـا، ئـەوە تـەنها کرێـی زیادەیـە کـە دەیـدەیت بـە دابینکـەرانی ٤٠١ لەبەرانبـەر بـەڕێوەبردنی

پلانەکانت. هێشتا ماوتە. ئەم دابینکارانەی ٤٠١ یان کۆمپانیای دڵنیایین یان سەر بە بابەتی موچەن، بەڵام تۆ وەك باج وەرگر لێیان دەڕوانیت.

ئێستا دەبێت پارە بدەیت بە دەستی ئەم کەسانەی پلانەکەیان دابینکردووە، ئەمانە بەڕاستی بلیمەتن لە بابەتی پارەخواردن و بەکارهێنانی ڕێگای جیاواز بۆئەوەی پارەکەت کە لە ٤٠١ دایە بیخۆن. سەیرکە ئەمە نمونەیەکی کەمە لەو باج و ئابونانە کە دەیدەیت: تێچووی وەبەرهێنان، تێچووی پەیوەندییەکان، تێچووی تۆمارەکان، تێچووی بەڕێوەبردن، تێچووی ئەو کەسەی کە پارەکانت لەلا داناوە، تێچووی یاسایی، تێچووی مامەڵەکان، تێچووی بریکارەکان. ئەی یەکجاری بۆچی ''تێچووی تێچووەکان''یش دروستنەکەین؟

هەمیشە سەرم لەو شتە شاراوانە سوڕدەمێنێت کە لەو بەڵگەنامەی ئەم خاوەن ٤٠١ە بڵاویدەکەنەوە دەیدۆزیتەوە. پڕیەتی لە وشەی ناڕوون و ئاڵۆز هەموو ئەو شتانە دەشارێتەوە کە بەرانبەر تۆ دەکرێن، بۆ نمونە ئەگەر سەرنج بدەیت ژمارەیەك دەستەواژەی بێمانا دەبینیت کە بەمەبەست دایاناوە لەوانەش '' داهاتی پشك و کرێ، کرێی بەڕێوەبردنی پشکەکان، کرێی بەڵێننامەی پشکەکان، یان کرێی سی ئەی سی. یەکێك لە دابینکارانی ٤٠١ زۆر بێشەرم بوو نوسیبووی '' داهاتی پێویست.'' داهاتی پێویست لەلایەن کێوە؟ بۆچی؟ لەوانەیە بەڕێوەبەرەکە بۆ کڕینی یەخت و بەلەمی بێت.

هەموو ئەمانە چەند لەسەرت دەکەوێت ؟ هیڵتۆنسمیس لێکدانەوەی بۆ کاریگەریی هەموو ئەو پارە زیادانە کردووە کە کرێکارێکی ئاسایی دەیدات، کرێکارێك کە ساڵانە ٣٠،٠٠٠ دۆلار پەیدا دەکات و ٥٪ ی

داهاتەکەی پاشەکەوت دەکات، ئەم کرێکارە بەدرێژایی ژیانی ١٥٤,٧٩٤ دۆلار بەکرێ و ئابونەوە لەدەستدەچێت، کە ئەمەش یەکسانە بە داهاتی پێنج ساڵی. واتە هێندەی داهاتی پێنج ساڵی تەواو بە کرێدانەوە دەڕوات. ئەگەر کرێکارەکە ساڵانە ٩٠,٠٠٠ دۆلار پەیدا بکات، سەرجەمی کرێکەی ٢٧٧,٠٠٠ دۆلارە کە دەیدات بە ٤٠١. هەردووکمان باش دەزانین کە چەندە سەختە خەڵکی پارەی خانەنشینی پاشەکەوت بکەن. پێویستی بە قوربانیدانی ڕاستەقینە هەیە، بەڵام تێچووی زیادە دەکرێت هەموو ڕیسەکەت بکاتەوە بە خوری.

بەداخەوە مامۆستایان، پەرستاران و کرێکارەکان زۆر هەستیارن بەرانبەر بە ئەم هەڵمەتی پارە خواردنە. ئەمەش لەبەرئەوەیە پلانەکانیان لەژێر ئەو یاسایانەدا نییە کە بۆ پاراستنی کرێکاران دانراوە. کە بیردەکەمەوە بۆم دەردەکەوێت ئەوانەی لەم وڵاتەدا زۆرترین قوربانی دەدەن بۆئەوەی کۆمەڵگاکەمان باشتر بکەن، لەلایەن دەڵاڵەکانەوە ڕووتدەکرێنەوە و پارەکانیان لەدەست دەردەهێنن، لەلایەن کەسانێکەوە کە شەو تا بەیانی بۆ خۆیان لەسەر جێگەی گەرم و نەرم دەخەون.

لە ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمزدا بابەتێك بڵاوکرایەوە لەلایەن تالا سیگڵ بەناونیشانی "پێتوایە پلانی خانەنشینییەکەت خراپە؟ برۆ قسە لەگەڵ مامۆستایەك بکە." ئەم تارایە بەجوانی ئەوەمان پێشاندەدات کە چۆن خەڵکی هەژار دزییان لێدەکرێت. یەکێك لە ترسناکترین سیناریۆکان: هەموو مامۆستایەك بەڕێژەی ٢٪ کرێی لێوەردەگیرێت بۆ بەڕێوەبردنی پارەکانی، هەرکاتێکیش پارە لە بانك ڕابکێشن بەڕێژەی ٦٪ پارەیان لێوەردەگیرێت..... لەوەش زیاتر، ئەم حساباتانە باسی تێچووی ئەو

پڕۆژانەی نەکردووە کە مامۆستایان بەشدارییان تێیدا کردووە کە زۆرجار دەکاتە ١٪. ئەمە هەر لە خەرجی یەکەم ساڵدا دەکاتە ٩٪. ئەمە کونێك نییە لە بەلەمەکەتدا بێت، بەڵکو بەلەمەکەت لەدواوە ڕادەکێشن و نوقمی ئاوەکەی دەکەن.

لەبەر ئەمانەیە کە زۆر گرنگە وریای ئەوەبیت کە چۆن پیشەسازییە بازرگانییەکان ناهێڵن سەرکەوتووبیت. هەبوونی زانیاری یەکەم شتێکە پارێزەرتە. دوای هەموو ئەمانەش، چۆن دەتوانیت خۆت لە مەترسییەك بپارێزیت لەسەر سامانەکەت ئەگەر نەزانیت ئەم ترسە بوونی هەیە؟ یەك کەس کە هەمان تووڕەیی منی هەیە لەبارەی تێچووەکانی ٤٠١ ەوە. ئەکتەری کۆمیدی جۆنس ئۆلیڤەرە کە لێکۆڵینەوەیەکی کرد لەسەر ئەم بابەتە بۆئەوەی لە بەرنامە تەلەفیزیۆنییەکەی پێشکەشی بکات کە ناوی 'کۆتا شەوی هەفتە لەگەڵ جۆنس ئۆلیڤەر' بوو. کاتێك هەندێك لەو کەسانەی کە لە توێژینەوەکەیدا بەشداربوون پلانی ٤٠١ەکانیان پشکنی، بۆیان دەرکەوت ئەو کرێیەی کە دەیدەن بە دانەرانی پلانی ٤٠١ دەگاتە ١,٦٩٪ بۆ هەر ساڵێك.

ئۆلیڤەر ئەوە ڕووندەکاتەوە کە چۆن ''بە ڕووڵەت ئابونەکان بچوکن'' تا ئەوکاتەی نزیکەی دوو لەسەر سێی ئەوەی پاشەکەوتت کردووە لەدەستی دەدەیت. ئاگادارمان دەکاتەوە کە نەکەین وەك مێرولە سپییە باڵدارە کە زۆر بچوکن بیر لە باج و ئابونەکان بکەینەوە، چونکە ئەم مێرولانە زۆر وردن و بەزەحمەت دەبینرێن، بەڵام دەتوانن داهاتووت بخۆن.

من لە سەرەتاوە دەیبەمەوە، تۆش تا کۆتایی دەدۆڕێیت

ئەوەی من زۆر نیگەران دەکات ئەوەیە کە پێویستە (دەشکرێت) پلانی ٤٠١ ئامرازێکی بەهێزبێت بۆ بنیاتنانی سەروەت و سامان، ئەگەر بێتو بەباشی بەکاربهێندرێت، بەڵام لەجێگەی ئەوە زۆربەی پلانەکان پڕبوون لە باج و سەرانەی ڕێککەوتنەکان و شەڕی قازانج و سوو. لە ساڵی ٢٠١٥دا ئیدارەکەی ئۆباما ڕایگەیاند کە ئابونەی شاراوە و کرێی ژێربەژێر لەلایەن ئەمریکییەکانەوە گەشتووەتە ١٧ ملیارد دۆلار بۆ هەر ساڵێك، هەروەها تۆماس کە وەزیر بوو ڕایگەیاند: وردەکاری و کرێ شاراوەکان وەك نەخۆشییەکی درێژخایەن پاشەکەوتەکانی خەڵکی دەخۆن.

سەرەتاکانی ساڵی ٢٠١٦ کۆنگرێس چەند یاسایەکی نوێی دارشت و پلانی ٤٠١ ی ناچار دەکرد بۆئەوەی باشترین خزمەت بە موشتەرییەکانیان بکەن، بەڵام بەداخەوە ئەم پڕوپاگەندەکارانە خراپترین خزمەتیان کرد و یاساکانیش زۆر دەوریان نەما. بۆ نمونە، ئێستاش دەلاڵەکانی ئەم ٤٠١ ە دەتوانن ئەو شتومەکانەی زۆر گرانن بیفرۆشن بە تۆ و بڕێکی زۆر کرێت بەناوی بازرگانییەوە لێوەربگرن.

ئەگەر لە من دەپرسیت، من دەڵێم: یەکێك لە خراپترین کارەکان ئەوەیە زۆربەی ئەو پارەی پڕۆژە هاوبەشەکان دەیدەن، دابینکارانی ٤٠١ بەشێوەیەکی ڕۆتینی قبوڵی دەکەن و وەریدەگرن. ئەم ڕێککەوتنە پیسە پێی دەگوترێت پارە بەخشینەوە یان پارەدان بە یاری. ئەمە وەك ئەوە وایە تۆ ڕەفەیەکی بەتاڵ بکرێت لە کۆگایەك بۆئەوەی یەکێك لەو بەرهەمە خراپانەی خاوەن کۆگاکە فرێی دەدات بێتە ئەوێ و بۆ تۆ بێت. واتە پارە

دەدەیت بە شوێنێك تاوەكو بەرهەمێكی فرێدراوی تێدا هەڵبگریت.
سەرئەنجام چی؟ زۆربەی ئەو پشكانەی كە تۆ دەتەوێت بیانكڕیت لە پلانی ٤٠١دا، لە لیستی فرۆشتنەكاندان، لەبەرئەوەی خاوەن پلانەكان پارەیانداوە تاوەكو ئەم پشكانەش بخرێنە لیستەكەوە، پاشان ئەم پشكانەش كە چوونە لیستی فرۆشتنەوە نرخیان بەرزدەبێتەوە، تۆش ناتوانیت قازانجی زۆر بكەیت و پشكەكانیش لەولاوە كرێ و باج دەچێتە سەریان، كرێیەك كە زۆرجار دەگاتە ٣٪ ی پشكەكانت.
واتە بۆچی لە پلانی ٤٠١دا پشكێكی هەرزان و كەم نرخ هەڵنابژێریت، كاتێك دەتەوێت وەبەرهێنان بكەیت؟ پرسیارێكی جوانە، بەڵام كێشەكە ئەوەیە زۆربەی خاوەنەكانی پلانی ٤٠١ پشكەكانیان لەكاتێكدا دەخەنە بازارەوە كە لە دۆخێكی باشدابن، ئەمە بۆ؟ چونكە پڕۆژە هەرزانەكان هەموو كات بەپێی پێویست سەركەوتوو نابن بۆ خاوەن پلانەكان. لەبەرئەوە ئەم خاوەن پلانانە ئەگەر بتوانن ئەوا لە لیستەكەدا لایدەبەن.
ئەگەر تۆ بۆ كۆمپانیایەكی بچوك كار بكەیت ئەوا ناچار دەبیت پشكێك بكڕیت كە كرێیەكی زۆری لەسەرە. لەڕاستیدا ٩٣٪ ی خاوەنەكانی ٤٠١ كەمتر لە ٥ ملیۆن دۆلاریان هەیە. ئەمانە كۆمپانیای مامناوەندین و توانای دابینكردنی پشكی گەورەیان نییە بۆ كارمەند و بەكاربەرەكانیان، بەڵام ئەمەش مانای ئەوە نییە كە خاوەن پلانەكان سزای خەڵكی بدەن و كرێیەكی زۆر بخەنەسەریان، تەنها لەبەرئەوەی لە كۆمپانیایەكی بچوكدا كاردەكەن. هەندێك لە خاوەنەكانی ٤٠١ پلان و پشكی بچوكتر پێشكەش دەكەن، بەڵام بەشێوەیەكی بەرچاو پارەیەكی زیاد دەخەنە سەری. یەكێك لە كۆمپانیاكان پشكێكی لە پڕۆژەی بچوكی پێشكەش كرد كە

ساڵانە باجی ١,٦٨ی لەسەر بوو، لەکاتێکدا باجی ڕاستەقینەی خۆی ٠,٠٥٪ بوو. ئەمەش ئەوپەڕی زیادکردنی نرخە! بەم شێوەیە لێکی بدەرەوە: هاوڕێکەت سەیارەیەکی هۆندای دەکڕێت بە ٢٢,٠٠٠ دۆلار، بەڵام کاتێك تۆ دەیکڕیت ناچار دەکرێیت بۆئەوەی ٣,٢٦٠٪ کرێی زیادە بدەیت. ئێستا نرخی هەمان سەیارە بۆ تۆ بوو بە ٧١٧,٢٠٠ دۆلار! بەخێربێیتەوە!

لەهەمان کاتدا هەندێك لە خاوەندارەکان ڕێگەت پێدەدەن کە هەژمار بانکییەکی خۆت بکەیتەوە ئەگەر بتەوێت پشکێکی هەرزانت هەبێت یان بتەوێت خۆت وەبەرهێنان بکەیت. بژاردەیەکی باش دیارە وایە؟ هاوڕێیەکی منیش پێی وابوو کە شتێکی باشە، لەبەرئەوە هەژمار بانکییەکی سەربەخۆی کردەوە و هەندێك پشکی ئاسایی کڕی و خۆشحاڵی خۆی دەربڕی کە ڕزگاری بوو لەو هەمووە پشکە گرانە، بەڵام دواتر بۆی دەرکەوت کە خاوەندارەکان بەڕێژەی ١,٩٪ بۆ هەر ساڵێك کرێی زیادەیان لێسەندووە لەبەرانبەر ئەو ئیمتیازەی (بەکارهێنانی هەژمار بانکی سەربەخۆ) هەیبووە! واتە تۆ لەسەرەتاوە دۆڕاویت و من تا کۆتایی بردمەوە.

لەکۆتاییدا ئەم فێڵ و تەڵەکانە دێتەوە ڕێگەی خاوەندارەکانی ٤٠١ و توشی کێشەیان دەکات. ئەم کاتەی کە من ئەمە دەنوسم، ١٠ لە خاوەندارە دیارەکانی ٤٠١ لەلایەن فەرمانبەرەکانیانەوە سکاڵایان لەسەر تۆمارکراوە بەوەی کە کرێیەکی زۆریان لێوەرگرتوون! یەکێك لە گەورەترین خاوەندارەکانی ٤٠١ دوو داوای بەبڕی ١٢ ملیۆن دۆلار لەسەر ساغ بوویەوە، کە لەلایەن فەرمانبەرەکانی خۆیەوە لەسەری تۆمارکرابوو

بەتاوانی ئەوەی کە کرێ و باجەکانی زۆر بەرز بوون. بیهێنە پێش چاوت کە دەڕۆیت بۆ چێشخانەیەك و بۆت دەردەکەوێت کە شاگرد و کارمەندانی ژووری چێشتخانەکە ڕەتیدەکەنەوە کە خواردنی دەستی چێشتلێنەرەکە بخۆن! کاتێك کە فەرمانبەرانی کۆمپانیایەك ئەو شتانەیان نەوێت کە کۆمپانیاکەی خۆیان دەیفرۆشێت، پێویست دەکات من و تۆ بەڕێزەوە قبوڵی بکەین و پێمان وابێت شتێکی باشە بۆ ئێمە؟

هۆکاری ئەوەی ئەوەندە پەرۆشی ئەم بابەتەم ئەوەیە: من خۆم لەناو بابەتەکاندا بووم و ئەزموونم هەیە لەبارەی ئەوەی کە ئەم خاوەنکارە بێ ویژدانانە چەند بەئاسانی دەتوانن ئیستیغلالت بکەن. کاتێك ئەم مامەڵە خراپەی کۆمپانیاکانم بینی لە ئەمریکادا بڵاوبۆتەوە، پەیوەندیم کرد بە سەرۆکی بەشی سەرچاوە مرۆییەکانەوە لە یەکێك لە کۆمپانیاکانم بۆئەوەی زیاتر بزانم لەبارەی ئەو بەرنامانەی دەیدەین بە فەرمانبەرەکانمان. من وەك خێزانێك سەیری فەرمانبەرەکانم دەکەم، بۆیە ویستم دڵنیاببمەوە کە بەباشی مامەڵەیان لەگەڵ دەکەین و بەتەواوی ئاگامان لێیان دەبێت.

ئەوەی منی ترساند ئەوەبوو بۆم دەرکەوت زۆربەی کاڵاکانی ٤٠١ کە لەلایەن کۆمپانیاکانی دڵنیاییەوە بەڕێوەدەبرێن ڕێژەیەکی زۆر پارەی هاوبەش و تێچوی بەڕێوەبردن و پارەی مامەڵەکانی تێدا بوو کە ئێمە دەماندا بە دەلالەکان. سەرئەنجام دەرکەوت کە سەرجەمی تێچووەکان لەم پلانی ٤٠١دا دەگاتە ٢,١٧٪ بۆ هەر ساڵێك، دواتر بەپێی کات ئەم باج و کرێیانە وردە وردە پاشەکەوتی فەرمانبەرەکانمان کەمدەکەنەوە کە بەوردیی کۆیانکردووەتەوە.

لەبەرئـــەوە دەســـتمکرد بـــە گـــەڕان بـــەدوای چارەســـەردا. دوای لێکۆڵینەوەیەکی زۆر، هاوڕێیەکم منی ناساند بە ' تۆم زگەینەر' سەرۆکی جێبەجێکاری کۆمپانیایەك بوو بەناوی (باشترین ٤٠١ کەی ئەمریکا).

وەك هەمیشە من بەگومان بووم، چۆن من بڕوابکەم کە ئـەم دامـەزراوە لـە ئاسـت ناوەکەیـدا دەبێـت؟ بـەڵام زۆری پێنەچـوو بـۆم دەرکـەوت کـە ڕاستبێژە و لەسەر ئەوە سوورە کە کەموکورتی دامەزراوەکەی چاك بکات و بەرەوپێشی ببات. هـەروەك تـۆم زگەینـەر پێـی گـوتم بازرگـانی لـە ٤٠١ کەی وەك '' حەوزێکی زۆر گەورەی تاریك وایە کە پڕە لـە پشـك و کـەس نازانێت چۆن یان کێ دەستی تێیدا پیسبێت.''

بەپێچـەوانەوە پلانـی (باشـترین ٤٠١ کـەی ئـەمریکا) بەتـەواوەتی ڕوون و شـەفافە. بـۆ نمونـە، زۆر گرنگـی نـادەن بـە یاسـای '' پـارە بـدە و ڕۆڵ بگێڕە.'' ئەمان نایەن ژمارەیەك پشـك بخەنـە بـازاڕەوە و دواتـر چـەندین جۆر نرخ و باجی لەسەر دابنێن، بەڵکو پشکی هەرزان دەخانە بازاڕەوە لە کۆمپانیاکانی وەك ڤانگارد.

کۆمپانیاکەی تۆم یـەك بـاج وەردەگرێـت بـەبێ تێچووی شـاراوە و نرخـی زیادە. ئەمە کۆمەڵە چارەسەرێکە کـە ڕزگـارت دەکـات لـە دەڵاڵ و بـاج و پارەی زیادە و ئەو کرێ شاراوانەی کە دەیاندەیت.

خۆشحاڵم بەوەی کە بەئاسانی و بەخێرایی پلانـە کۆنەکـەی کۆمپانیاکـەمم گـۆڕی بـۆ پلانێکـی نـوێ کـە لەلایـەن (باشـترین ٤٠١ی ئـەمریکا)وە بـەڕێوەدەبرێت. سـەرجەمی تێچووەکان بـۆ ئـەم ٤٠١ە تـازە بەتێچووی وەبـــەرهێنان و تێچـــووی خزمەتگوزارییـــە ئیدارییـــەکان و تێچـــووی تۆمارەکـــان، تـــەنها دەکاتـــە ٠,٦٥٪ بـــۆ هـــەر ســـاڵێك، ئەمـــەش

پاشەکەوتکردنی ٧٠٪ی تێچووی ساڵانەکانمانە.

ئەمەش دوای چەند ساڵێك نزیکەی ٥ ملیۆن دۆلار دەگێڕێتەوە گیرفانی فەرمانبەرەکان بەبێ ئەوەی تۆم هیچ کرێیەك وەربگرێت بۆ کۆمپانیاکەی.

زۆر شادومان بووم کە زۆر هاوڕێی دیکەم ناساند بە باشترین ٤٠١ کەی ئەمریکا.

بەخۆشحاڵییەوە هەموویان سەرسامبوون. کۆمپانیاکەی تۆم زگەینەر ٥٧٪ کرێ و ئابونە بۆ کڕیارەکانی دەگەڕێنێتەوە و لەو بڕە زۆرە پارێزراو دەبن! منیش سەرسام بووم و بڕیارمدا لەگەڵ تۆم بەشداربم لەم ئەرکەدا بۆ ڕزگارکردنی پلانی خانەنشینی ملیۆنان کەس. ئێستا کاتی ئەوەیە ئەو پەتە زبرە بپچڕێنین کە دامەزراوە پیشەسازییەکان خستویانەتە ملی داهاتوومان. ئەگەر تۆ خاوەن کارێکی یان فەرمانبەرێکی ئەوە دەتوانیت لەڕێی ئەم سایتەوە www.ShowMeTheFee.com بزانیت کە چۆن پلانەکەت زیاد دەکات و داهاتت بۆ کۆدەکاتەوە.

ئەم سایتە لەماوەی چەند چرکەیەکدا هەموو حساباتەکانت بۆ دەکات و پێتدەڵێت کە چەندێك ئابونە دەدەیت. ئەوانەشی کە خاوەن بازرگانین دەتوانن وێنەیەکی بەڵگەنامە و داتای ئابونەکانیان بنێرن بۆئەوەی وردەکاریی زیاتر بزانن.

لە هەمووی گرنگتر ئەوەیە کە ئەم پرۆسە خێرایە دەتوانێت پێت بڵێت چەندێك قازانج دەکەیت، ئەگەر بێتو پلانەکەت بگۆڕیت بۆ پلانێکی باشتر. دوای ئەنجامدانی ئەم حساباتانە چاوەڕێدەکەم سەدان هەزار دۆلار لە ماوەی چەند ساڵێکدا پاشەکەوت بکەیت.

لەبارەی ئەمەوە لەگەڵ دکتۆر و هەم هاوڕێم کرەیگ سپۆداك قسەم کرد.

نزیکەی ٤٠ فەرمانبەری هەیە، بۆیە ویستی دڵنیابێتەوە بزانێت هەڵیانخەڵەتاندووە یان نا. نامەوێت لێرەدا ناوی هیچ کەسێك ببەم، چونکە ئەم کێشانە هەمووی دەگرێتەوە و تایبەت نییە بە کۆمەڵێك کۆمپانیاوە، بەڵام کاتێك کە کرەیگ ناوی هەندێك کۆمپانیای بەدناوی پێگوتم کە پلانی ٤٠١ بۆی داناوە، هیچم پێنەکرا تەنها توشی سەرسوڕمان بووم. لێکدانەوەی من وابوو: دکتۆرییەکەی پێویستی بە پێداچوونەوەیە ئەگەر نا ئازارەکەی زیاتر خراپتر دەبێت. کرەیگم خستە ناو بەڵێننامەیەك لەگەڵ هاوڕێیەکم لە باشترین ٤٠١ی ئەمریکا. هەر لەماوەی چەند خولەکێکدا ئیمەیڵی بۆ ناردن و بەڵگەنامەی باج و ئابونەکانی بۆ ناردن، پاشان بەوردیی و دورودرێژیی باسی کرێیان لەگەڵ کرد. سەرسامبوو بە دەرئەنجامەکەی. دەرکەوت کە پلانەکەی ئەم یەك لیستی درێژ نرخی زیادەی تێدایە و هەروەها زیادەی هەندێك مامەڵەی پشکەکانیشی لەسەرە. سەرجەمی تێچووی ئەمیش و فەرمانبەرەکانی کە لەم پلانە کوشندەدا داویانە نزیکەی ٢,٥٪ بوو بۆ هەر ساڵێك! ئێستا کرەیگ تێگەیشت کە بۆچی دەلاڵەکەی هەمیشە چۆرەك و شیرینی وەك دیاری بۆ دەهێنا و هەموو کاتیش پێدەکەنی!

سەرسام مەبە، بەڵام کرەیگ دەلاڵەکەی دەرکرد و وازی لە پلانەکەشی هێنا و لە جێگەی ئەوە متمانەی بەخشی بە ' باشترین ٤٠١ی ئەمریکی'.

وەك لە خشتەکەی خوارەوە دەیبینیت، فەرمانبەران پێویستە بەخەبەربێن، هەر وەك چۆن من و کرەیگ بەخەبەرهاتین. بەم شێوەیە دەتوانن دڵنیاببنەوە کە فەرمانبەر و کارمەندەکانیان ئیستیغلال ناکرێن. ئەگەر نا ئەوە دەکرێت پارەیەکی زۆر بدەن، ئەم پارەدانە نەك هەر

فەرمانبەران و کارمەندان بەتەنها، بەڵکو خاوەن کارەکانیش دەگرێتەوە. ئەگەر تۆ کارمەندێکیت دەتوانیت سایتەکەی سەرەوە بەکاربهێنیت و تەواوی زانیارییەکان بەدەستبهێنیت و دواتر بیکەیت بە ڕاپۆرتێك و بینێریت بۆ خاوەن کۆمپانیاکەت. هەر کە ڕاستییەکەیان زانی و بۆیان دەرکەوت چی دەگوزەرێت، ڕەنگە پلانی ٤٠١ بگۆڕن و بۆت باشتر بکەن.

بازرگانەکان وریابن! سێ خولەك لە کاتی خۆتان بگرن و بزانن چۆن خۆتان دەرباز دەکەن لەو بەرپرسیارێتییانە و خۆتان لە کابینەی نوێی وەزارەت بپارێزن:

ئەگەر تۆ خاوەندارێتی کۆمپانیایەك دەکەیت یان کۆمپانیاکە بەڕێوە دەبەیت کە پلانی ٤٠١ پێشکەش دەکات، ئەوە لەڕووی یاساییەوە تۆ بە ''سپۆنسەری'' پلانەکە دادەنرێیت. ئیتر ئەگەر خۆت ئەمە دەزانیت یان نا، ئەمە واتای ئەوە دەگەیەنێت کە لەڕووی یاساییەوە دەبێت وەك وەکیلێك لە بەرانبەر فەرمانبەرەکانتدا ڕەفتاربکەیت و ئەمەش دیسان واتە دەبێت هەوڵی باشترین قازانجیان بۆ بدەیت، ئەگەر هەڵەیەك یان فێڵێك بکەیت ئەوە ڕەنگە توشی بەرپرسیارێتییەکی گەورە ببیتەوە کە دەکرێت پڕۆژەکەت بگرە سامانەکەشت وێران بکات. ئەمەش وەك ئەوە وایە لە خانویەکی کۆندا بژیت، ڕەنگە بۆ چەند ساڵێك باش بیت تا ئەو کاتەی بارودۆخەکەت تێکدەچێت. بۆیە هەمیشە لەترسی ئەوەدا دەژیت کە خانوەکەت تێك بچێت! چییت هەیە کە بیکەیت؟ یەکەم ئەرکی یاساییت ئەوەیە دەبێت پیشانی وەزارەتی بدەیت کە وەك سپۆنسەرێك هەنگاوی پێویست دەنێیت بۆ بەجێگەیاندنی ئەرکەکەت. بۆ نمونە جارجار پلانەکەت بلاوبکەرەوە لە دژی پلانەکانی دیکە بۆئەوەی هەموو لایەك بزانن ئەو کرێ و ئابونانەی لە پلانەکەی تۆدا وەردەگیرێت شتێکی گونجاوە. زۆربەی ئەو بازرگانانەی قسەم لەگەڵیان کردووە هیچ زانیارییان لەبارەی ئەم ئەرکە یاساییەوە نییە، لەکاتێکدا ڕەنگە ئەمە لەگەڵ وەزارەت توشی کێشەیان بکات. لە ساڵی ٢٠١٤دا وەزارەت بلاویکردەوە کە لە ٧٥٪ی پلانەکان نایاساین. هەروەها ئەوەشی ڕاگەیاند ڕێژەی سوو ٦٠٠,٠٠٠ دۆلار بوو.

ئەمە تەنها سەرەتایە، پاشان ڕەنگە توشی ئەوە ببیتەوە کە فەرمانبەرەکانت داوات لەسەر تۆماربکەن. لە ساڵی 2015دا دادگای ئەمریکا یاسایەکی دەرکرد، ئەم یاسایە وایکرد کە بەشداربووانی پلانی ٤٠١ بتوانن بەئاسانی ئەم خاوەن کارانە بەکاربهێنن بۆئەوەی پرۆژە و پلانیان بۆ هەڵبژێرن و هەرکاتێکیش کرێ و ئابونەی زۆریان خستەسەر، بتوانن داوایان لەسەر تۆماربکەن. لە هەمووی زیاتر بازرگانییە بچوکەکانن کە زیاتر لە مەترسیدان. نەك لەبەرئەوەی کە بۆیان قورسە پشکی گەورە بکڕن، بەڵکو لەبەرئەوەی دەیانویست پلانی ٤٠١ ی بچوکیان هەبێت و زۆرترین کرێ بخەنەسەری.

یەك هەنگاو کە سامانێکی زۆرت بۆ دەگێڕێتەوە ئەوەیە کە پەیوەندی بکەیت بە هاوبەشەکانمەوە لە باشترین ٤٠١ی ئەمریکا و داوایان لێبکەیت کە لیسی هەموو زانیارییەکانت پیشان بدەن بۆئەوەی بزانیت کرێ و ئابونەکان چەندن لای ئێمە. هەمووی تەنها چەند خولەکێکی دەوێت تا بەڵگەنامەکانی سەبارەت بە کرێ و ئابونەکان بۆ پلانەکەت ئامادەبکات و نیشانت بدات. ئەو بەڵگەنامە و تۆمارانەی کە دەستتکەوت پیشانی وەزارەتی دەدات کە تۆ کەسێکی بەرپرسیارێتییە یاساییەکانت بەباشی جێبەجێکردووە، بگرە باشتریش. زۆر کۆمپانیا دەیانەوێت بەئاسانی ئابونە و باجی پلانەکەیان کەمبکەنەوە بۆ نیوە، ئەگەر بێتو ئەمە بکەن ئەوا بۆ ماوەی چەند ساڵێك خۆت و فەرمانبەرەکانیشت ڕێژەیەکی زۆر پارەتان دەستدەکەوێت.

www.ShowMeTheFees.com

بکەین. چۆن ڕاوێژکارێکی کارامە و بێ فڕوفێڵ بدۆزینەوە کە وات لێبکات زووتر بگەیت بە سەربەستیی داراییت؟

فێردەبیت چۆن خۆت لە ئەو ماسکپۆشانە بپارێزیت کە بەهۆی پارەخواردن بەناوی ئامۆژگارییەوە دەوڵەمەندبوون. وەك خۆت دواتر دەبینیت، هەڵبژاردنی ڕاوێژکارێکی ڕاست واتە جیاوازیی نێوان هەژاریی و دەوڵەمەندیی، جیاوازی نێوان نائارامیی و ئاسودەیی. بڕیار لەدەستی خۆتە.

با بزانین: دەتوانیت متمانەی تەواو بەکێ بکەیت؟

# بەشی پێنجەم
# دەتوانیت متمانەی تەواو بە کێ بکەیت؟

## ئاشکراکردنی فێڵە بازرگانییەکان

" زۆر قورسە پیاوێك تێبگەیەنیت لەکاتێکدا موچەکەی بەندە بە تێنەگەشتنی لەو شتە."

– ئەپتۆن سینکلە

کاتێك پرسیار لە خەڵکی دەکەم و دەڵێم چۆنن، زۆرترین وەلام کە وەریدەگرم ئەمەیە: سەرقاڵم. ئێمە لە هەمووکاتێك زیاتر جموجوڵ دەکەین. لەبەرئەوە شتێکی سەرسامکەر نییە ئەگەر زۆرێك لە ئێمە کرێی زیاتر بدەین بە ڕاوێژکارەکان بۆئەوەی یارمەتیمان بدەن لەم گەشتە ئاڵۆزەی کە بەرەو سەربەستیی دارایی دەیکەین. لە ساڵی ٢٠١٠ ەوە تاوەکو ٢٠١٥، ڕێژەی ئەو کەسانەی کە پارە دەدەن بە ڕاوێژکار دوو هێندە بۆتەوە. لەڕاستیدا ئێستا زیاتر لە ٤٠٪ ی ئەمریکییەکان ڕاوێژکاری دارایی بەکاردەهێنن. پاشان هەتا پارەی زیاتریشت هەبێت، پێویستت بە ڕاوێژ و ئامۆژگاری زیاترە. ١٨٪ی خەڵکی کە خاوەنی زیاتر لە ٥ ملیۆن دۆلارن ئێستا ڕاوێژکاری داراییان هەیە.

بەلام چۆن ڕاوێژکارێك دەدۆزیتەوە کە متمانەی پێبکەیت و شایەنی متمانەی تۆ بێت؟ شتێکی زۆر سەیرە کە خەڵکی بڕوایان بەو کەسە نییە کە ئامۆژگاری داراییان پێدەدات! توێژینەوەیەك لەساڵی ٢٠١٦دا ئەنجامدرا، ڕێژەی ٦٠٪ی بەشداربووان بڕوایان وابوو ڕاوێژکارەکان ئیش

لەسەر قازانجی کۆمپانیاکانیان دەکەن وەك لەوەی کار لەسەر قازانجی کڕیارەکانیان بکەن.

چی شتێك هۆکارەی ئەم بێ متمانەییە گەورەیە؟ ئاسان نییە ئەگەر بتەوێت بڕوای تەواو بە دامەزراوەیەك بکەیت و پشتی پێببەستیت لەکاتێکدا بەردەوام بەهۆی ئابڕوچوونەکانییەوە ناوی لە هەواڵەکاندایە.

سەیری ئامارەکان بکەن بۆت دەردەکەوێت کە ١٠ گەورەترین کۆمپانیا بازرگانییەکانی جیهان ناچاربوون لەماوەی ٧ ساڵدا لەنێوان ساڵانی ٢٠٠٩ بۆ٢٠١٥ بڕی ١٧٩,٥ ملیار دۆلار وەك قەرەبوو بدەنەوە. لە نێوانیشیاندا چوار گەورەترین بانکی ئەمریکی تێدابوون لەوانە: بانکی ئەمریکی، مۆگان چەیس، سیتی گروپ، هەروەها وێلز فارگۆ کە ٨٨ جار و بە بڕی ١٤٥,٨٤ ملیار دۆلار قەرەبوویان دایەوە!

چۆن داهاتووی سامانەکەت دەخەیتە دەستی کەسانێکەوە کە بەپێی ئەو ئامارە زۆر و داتا گەورانە ئەم جۆرە کەسانە لە بازرگانییەکانیاندا هەموو کاتێك قازانجی خۆیان خستووەتە پێش قازانجی کڕیارەکانیانەوە؟ چۆن چاوەڕێدەکەیت هەڵت نەخەڵەتێنن و ئیستیغلالت نەکەن و خراپ مامەڵەت لەگەڵ نەکەن؟

(خانەی دەلاڵەکان)

بانکەکان)

(با من لەمە تێبگەم. . .تۆ دەتەوێت ئامۆژگاری داراییمان بکەیت؟)

. وێنەی لاپەڕە ٧٣

دوای هەموو ئەمانەش، ئەم کۆمپانیانە کەسانی ناشارەزا و تازە بەڕێوەیان نەبردووە کە هیچ ناوبانگێکیان نەبێت، بەڵکو ئەمانە کۆمەڵێکن

یـان کۆمـەڵێك بـوون لـە بـەڕێزترین و گـەورەترین کەسـەکانی بـواری بازرگانی! بۆ نمونە وێڵز فـارگۆ بـۆ ماوەیـەکی دوورودرێـژ وەك یـەکێك لـە باشترین بانکەکان ناوی دەرکردبوو، کەچی سەرۆکی جێبـەجێکاری ئـەم بانکە ناچارکرا دەست لەکار بکێشێتەوە، لەبەرانبـەر ئـەو شـەرمەزارییەی کە توشی دامەزراوەکەی کرد کە بریتیبـوو لـە کردنـەوەی حساب بـانکی ساختە و وەرگرتنی بەخشش، بۆیە بڕی ٤١ ملیـۆن دۆلاریـان پێبـژارد. با زۆر ڕوون بم، من ڕەخنە لە هیچ کەسێك ناگرم لەم بوارەدا کـار بکـات یـان بۆ ئـەم دامەزراوانـە کـار بکـات. مـن بـەوە سەرسام دەبم کـە تـۆ بڵێیـت سەرۆکی جێبـەجێکاری وێڵـز فـارگۆ ئاگـاداری ئـەم هـەمووە کـارە هەڵانـە بووبێت کە لە کۆمپانیـا گەورەکەیدا کـراوە لـە کاتێکدا چـارەکە ملیۆنێك فەرمانبـەری تێـدابووە. بـەڕێوەبردنی کۆمپانیـا گـەورەکانی لـەم شـێوەیە بووە بە کارێکی زۆر زەحمەت بۆ هەندێك کـەس. ژمارەیـەکی زۆر کڕیـار و هـاوڕێم هەیـە کـە لـە پیشەسـازییە بازرگانییەکانـدان، ئـەوان و زۆربـەی هاوڕێکانیشـیان کەسـانی بـەوەفا و ڕاسـتگۆن، خـاوەن دڵ و دەروونێکـی باشن، ئـەوە بزانـە کـە لەخۆمـەوە نـایڵێم و بـاش دەیانناسـم، چـونکە لـە ناویاندابووم و ئەزموونم هەیە.

بەڵام کێشەیەکیان هەیە کە ئەویش ئەوەیە لە سیستەمێکدا کاردەکەن کـە لەسـەرو کـۆنترۆڵی خۆیانەوەیـە. سیسـتەمێك کـە سـەرنج دەخاتـە سـەر زیادکردنی قازانجی خۆی لەسەروو هەموو کەسێکەوە. ئەمـە سیسـتەمێکە کە بەشێوەیەکی بەربڵاو پاداشتی ئـەو فەرمانبەرانـە دەکـات کـە قـازانجی خاوەنکارەکان لە یەکەم و لەپێش هەموو کەسێکەوە دادەنـێن و قـازانجی خۆیان لە دووەم و قازانجی موشتەرییەکانیشیان لـە سـێیەم دادەنـێن. بـۆ

کەسێکی ئاسایی وەك من و تۆ ئەمە کارەساتە ئەگەر بێت و پێشوەختە وریای خۆمان نەبین و فێرنەبین چۆن ڕوبەڕوویان ببینەوە.

## " دەتوانیت متمانە بە من بکەیت"...
## بۆئەوەی سودت لێوەربگرم!

پێش ئەوەی بچینە قولایی بابەتەکە، پێویستە ڕوونی بکەینەوە کە چۆن ڕاوێژکارە داراییەکان جێی خۆیان دەکەنەوە لەو سیستەمانەی کە برسی قازانجن، هەروەها ئەمانە بەدیاریکراوی چی کارێك دەکەن. ئەمانە لە جیهانێکدا کاردەکەن کە هیچ شتێك لەجێگەی خۆی نییە، لەبەرئەوە وا گونجاوە ئەمانە بە چەندین ناوی جیاواز دەرکەون کە دەبێتە هۆی سەرلێشێواندنت!

بەپێی ڕۆژنامەی وۆڵ ستریت، ڕاوێژکارە داراییەکان زیاتر لە ٢٠ ناوی جیاوازیان هەیە، وەك: بەڕێوەبەری سامانەکان، ڕاوێژکاری سامان، ڕاوێژکارە داراییەکان، ڕاوێژکاری وەبەرهێنان، هەروەها ڕاوێژکاری تایبەتی سامان. ئەمانە هەمووی چەند ناوێکی جیاوازن کە دەیانەوێت بڵێن " من بەڕێزم! من شارەزام! بەدڵنیاییەوە تۆ دەتوانیت متمانەم پێبکەیت."

بەبێ گوێدان بە ناونیشانەکانیان، ئەوەی کە پێویستە بیزانیت ئەوەیە ٣١٠،٠٠٠ ڕاوێژکار لە ئەمریکادا هەیە کە ٩٠٪یان دەلاڵن. واتە ئەمانە بەکرێگیراون بۆئەوەی بەرهەمەکان بدەن بە من و تۆ و لەبەرانبەردا زیادەمان لێوەربگرن.

بۆچی ئەم بابەتە گرنگە؟ چونکە دەلاڵەکان بەرژەوەندی کەسییان هەیە

لە فرۆشتنی بەرهەمەکاندا. ئەم بەرهەمانە هەر جارێك بفرۆشرێن ئەمانە پارە وەردەگرن. ڕەنگە لە کۆمپانیایەکی گەورەدا پێویست بێت دەلاڵێك لە ساڵێکدا بڕی ٥٠٠,٠٠٠ دۆلار قازانج بەدەستبهێنێت بۆ کۆمپانیاکە ئەمیش بەهۆی شت فرۆشتنەوە (وەك کاری مەندووبیی). گرنگ نییە ئەمانە چی ناوێك لەخۆیان دەنێن، ئەمانە لەژێر پاڵەپەستۆدان بۆئەوەی داهات بەدەست بهێنن بۆ کۆمپانیاکە و شتەکانیان بۆ بفرۆشن. ئەگەر ناوی خۆیان دەنێن ڕاوێژکاری دارایی بۆئەوەی بگەن بە ئامانجەکانیان، ئەوە ڕاستناکەن، بەڵام ئەگەر ئەمانە بەخۆیان بڵێن جادوگەر و جنۆکە ئەوەیان ڕاستە. ئەمە واتای ئەوەیە ئەمانە ناپاك و خیانەتکارن؟ نەخێر هەرگیز، بەڵام ئەمە واتای ئەوەیە ئەمانە بۆ قومارخانەکە ئیش دەکەن، جا لەبیرت بێت قومارخانەکەش هەمیشە براوەیە. دەرفەتێکی باشە ئەگەر دەلاڵەکەت کەسێکی دڵسۆز و بەئەمەك بێت، بەڵام ئەو شتە دەفرۆشێت کە بۆی دیاریکراوە تا بیفرۆشێت، بۆیە دەبێت هەمیشە ئەوە بزانیت کاتێك کە شتێکت پێدەفرۆشێت سەرەتا قومارخانەکە قازانج دەکات. بەکاربەرە شازەکان لەوە تێدەگەن کە ئەمە بابەتێکی گشتی و ستانداردە. لە ئامارێکدا ئەوە دەرکەوت کە ٤٢٪ی کڕیارە زۆر دەوڵەمەندەکان پێیان وایە ڕاوێژکارەکانیان زیاتر لە خەمی فرۆشتنی بەرهەمەکانیانن وەك لە یارمەتیدانی ئەمان! وارن بەفت بەشێوەیەکی گاڵتەئامێز گوتی: "تۆ هەرگیز لە سەرتاشێك نەپرسیت کە پێویستت بە قژچاککردنە یان نا. ئەگەر پرسیت بێگومان یەکسەر دەڵێت پێویستە قژت چاك بکەیت. دەلاڵەکانیش سەرتاشەکانی بواری بازرگانین. ڕاهێنانیان پێکراوە و هانیان دەدەن بۆئەوەی زیاتر بفرۆشن بەبێ

گوێدانە ئەوەی کە تۆ ئەم شتەت پێویستە یاخود نا. ئەمە ڕەخنە نییە، بەڵکو ڕاستییە دەیڵێم."

دەشمەوێت ئەوە بڵێم کە منیش مافی ئەوەم هەیە ڕەخنە بگرم لەو دامەزراوە بازرگانییانەی کە ئەم دەلالآنە دادەمەزرێنن و کاریان پێدەدەن.

باشە ئەم کۆمپانیایانە پشکەکانیان لە شتی بێمانا و نایاسایی و بەشێوەیەکی بێڕەوشتییانە دەستکەوتووە؟ نەخێر ئەم کۆمپانیایانە بەدکار و کینە لەدڵ نین، هەرگیز هەوڵیاننەداوە سیستەمی ئابوری جیهان وێران بکەن! بەڵکو ئەم کۆمپانیایانە تەنها ئەوە دەکەن کە پێیان گوتراوە بیکەن، ئەمیش بریتییە لە پڕکردنەوەی پێداویستی خاوەن پشکەکان، ئەی خاوەن پشکەکان چییان پێویستە؟ قازانجێکی زیاتر، ئەی چی قازانجی زیاتر دروستدەکات؟ ئابونە و کرێی زیاتر. ئەگەر کەمێك حکومەت بێئاگابێت، ئەم کۆمپانیایانە یەکسەر ئەم باج و کرێ زیادانە وەردەگرن تا مەبەستەکەیان بەدەستبهێنن.

ڕەنگە پێتوابێت ئەم پارانەی کە وەك قەرەبوو دەیبژێرن و دەیدەن ببێتە ڕێگرێك و ببێتە هاندەرێك تاوەکو کۆمپانیاکان ڕەفتاری خۆیان بگۆڕن، بەلآم ئەمە سزایەکی بچوکە بۆ ئەم بازرگانییە زەبەلاحانە. بانکی ئەمریکا دەبوایە بڕی ٤١٥ ملیۆن دۆلار ببژێرێت و وەك قەرەبوو بیدات لەبەرانبەر خراپ بەکارهێنانی پشکی بەکاربەرەکاندا، ڕێژەیەکی زۆرە! بەلآم لەماوەی سێ مانگدا لەساڵی ٢٠١٥، ئەم بانکە بڕی ٥,٣ ملیارد دۆلار قازانجی کرد.

هەمووی تەنها ١٢ هەفتەبوو! بۆ کۆمپانیایەکی ئاوەها گەورە ئەم

غەرامانە شتێکی ڕۆتینییە کە هیچ نییە بۆیان، وەك ئەوەیە من و تۆ پارەی گەراج بدەین کاتێك سەیارە ڕادەگرین، ئەم ڕێژە پارەیەش ئاوەهایە بۆ ئەوان.

لەجێگەی ئەوەی ڕێگاکەیان بگۆڕن و چاکسازی بکەن، ئەم کۆمپانیایانە هەوڵەکانیان لە ڕازاندنەوەی بەرهەمەکانیان چڕ دەکەنەوە و کەمپین دادەنێن بۆئەوەی خەون و خەیاڵ دروست بکەن لەبارەی بەرهەمەکانیانەوە. من بۆچی ئەم شتانەت پێدەڵێم؟ لەبەرئەوەی ئێمە ناچارکراوین متمانە بە بەرهەمەکانیان بکەین. پێویستە ئەم یاسایانە بشکێنین و بەشێوازێکی ڕەخنەگرانە سەیری بارودۆخ و ڕاستییەکان بکەین نەك خەیاڵەکان. ئەگەر نا چۆن بتوانین خۆمان بپارێزین لە ئەم سیستەمە بەهێزەی کە تەنها قازانجی خۆی دەوێت؟

هەست بە تووڕەیی و خەمباری دەکەم کە دەبینم ئەم سیستەمی داراییە بەم شێوەیەیە، بەڵام بەتەنها ترس و خەمباریی لە خەڵەتاندن و قۆڵبڕین ناتپارێزن. ئەوەی دەتپارێزێت ئەوەیە کە بزانیت ئەو سیستەمە چۆن دژی تۆ کاردەکات. ئەگەر لە هاندەر و تەماعی ڕاوێژکارەکەت تێنەگەیت، ئەوە تۆ بەدوای باشترکردنی دارایی ئەو و تێکدانی داهاتووی خۆتدا گەڕاویت.

لەم بەشەدا فێری ئەوە دەبیت چۆن لەم ناوچە مەترسیدارەدا ڕێڕەوەکان بدۆزیتەوە. فێری ئەوە دەبیت جیاوازی بکەیت لەنێوان سێ جۆر ڕاوێژکاردا. بەم شێوەیەش دەتوانیت خۆت لەو فرۆشیارانە لابدەیت و کەسێکی ڕاستگۆ بدۆزیتەوە کە لەلایەن یاساوە پابەندکراوە بە کارەکەیەوە. هەروەها هەندێك پێوانەت پیشان دەدەین کە بەهۆیانەوە

دەتوانیت بڕیار بدەیت کام ڕاوێژکار ڕاستە و کامەیان هەڵەیە، ئەمەش لەسەر بنەمای چەند ڕاستییەك نەوەك ئەوەی کە ئەم کەسە شێوەی چۆنە و چۆن دەردەکەوێت. دوای هەموو ئەمانەش هێشتا دەکرێت لەلایەن ئەو کەسانەی خۆشتدەوێن هەڵبخەڵەتێنرێیت، بەتایبەت ئەوانەی کە دڵسۆزتن. لەبیرت نەچێت خەڵکی دەکرێت دڵسۆزت بن وە لە هەمانکاتیشدا زۆر هەڵەبن.

ڕەنگە بپرسیت باشە تۆ بڵێیت پێویستت بە ڕاوێژکار هەبێت؟ ئەگەر دەتەوێت خۆت کاروبارە داراییەکانت بەڕێوەببەیت، ئەم پەرتوکە و پەرتوکی، پارە: دەست بەسەر یارییەکەدا بگرە، دەتخەنە سەر ڕێگە ڕاستەکە و دەتوانیت ئامانجە بازرگانییەکانت بەدەستبهێنیت، بەلام بەپێی ئەو ئەزموونەی من هەمە، باشترین ڕاوێژکاری بازرگانی دەتوانێت دەستکەوتێکی یەکجار زۆرت بۆ زیادبکات ئەمیش لەڕێگەی یارمەتیدانت لە وەبەرهێنان هەتا دەگاتە کۆتایی. ئەم جۆرە کەسانە ئامۆژگاری گشتگیرت پێدەبەخشن کە بەڕاستی بەنرخن.

بە نیسبەت خۆشمەوە، کاتێك ئامۆژگارییەکی پلەیەکم دەستکەوت ڕێك یارییەکەمی گۆڕی. کات و بڕێکی یەکجار زۆر پارەی بۆ گەڕاندمەوە. من کەسێکی بەتوانام وە شانازی بەخۆمەوە دەکەم کە لە زۆرترین بنەما و یاساکانی ئەو کارە تێدەگەم کە تێیدا بەشدارم، بەلام نامەوێت نەشتەرگەری مێشك لەسەر خۆم تاقیبکەمەوە!

## دۆڕانی گرەوێك هیچ یەكێك لەمانە لەوەی دیكە ناچێت

## – بیگ بێرد

تا ئێستا ئەو گومانەت هەبووە كە هەست دەكەیت كەسێك هەموو ڕاستییەكانت پێنالێت، بەلام نەتزانیوە بۆچی متمانەت پێی نییە و نەتزانیوە چی بكەیت و چۆن بزانیت كە درۆت لەگەڵ دەكات؟ ئەم هەستە شتێكی زۆر باوە، لەو كاتەی كە دەگەڕێیت بەدوای ڕاوێژكارێكی بازرگانیدا زۆر ڕووبەڕووی دەبیتەوە. چۆن دەزانیت ئەو كەسەی هاوكاریت پێشكەش دەكات كەسێكی ڕاستە؟ تەنانەت چۆن دەزانیت لەكوێوە دەستپێبكەیت، لە كاتێكدا ژمارەیەكی زۆر خەڵكی بە چەندین ناوی جیاوازەوە ئۆفەری ئەوەت پێشكەش دەكەن كە چارەسەریان لایە بۆت؟

لەپێناو تێگەشتن لەم بابەتە ئاڵۆزە، هەوڵدەدەم هەتا بتوانم ئەم بابەتە سادە و ئاسان بكەم. لەڕاستیدا هەموو ڕاوێژكارە بازرگانییەكان سەر بە یەكێك لەم كۆمەڵەن. ئەوەی تۆ دەبێت بیزانیت ئەوەیە كە ڕاوێژكارەكەت كام لەمانەیە:

- دەلاڵ
- ڕاوێژكارێكی یاسایی
- ڕاوێژكارێكی دوولایەنە

با ئێستا بەوردیی لەسەر ئەم بابەتە گفتوگۆ بكەین ئەوكات بەتەواوی تێدەگەیت لەگەڵ چیدا هەڵسوكەوت دەكەیت.

## دەلاڵەکان

وەك پێشتر ئاماژەم پێدا، نزیکەی ٩٠٪ی ڕاوێژکارەکانی ئەمریکا دەلاڵن بەبێ جیاوازی ناو و ناونیشانیان کە لە کارتەکانیان نوسراوە. ئەمان لەبەرانبەر کاری فرۆشتندا کرێیان پێدەدرێت یان ئەوەتا بەپێی ڕێژەی فرۆش پارە وەردەگرن، واتە ڕێژەی موچەکەیان دیاریکراوە و کاری خۆیان دەکەن کە فرۆشتنە، یان دیاریکراو نییە و پەیوەستە بە فرۆشتنەوە، واتە زیاتر بفرۆشن زیاتر وەردەگرن. ئەمانە زۆربەی زۆریان بۆ بانکی وۆڵ ستریت یان کۆمپانیاکانی بیمەی کۆمەڵایەتی یان هەندێك کۆمپانیای دیکە کاردەکەن. بۆ ئەو جۆرە کۆمپانیایانە کاردەکەن کە ناوەکانیان بە هەموو شوێنێکدا بڵاودەکەنەوە و لەناو یاریگاکاندا بەردەوام ناوەکانیان دیارە.

چۆن دەزانیت ئەو بەرهەمەی کە دەلاڵێك دەتداتێ باشترین جۆرە؟ با بۆت ڕوونبکەمەوە: دەلاڵەکان ناچار نین باشترین بەرهەمەکان بدەن بە تۆ. چی؟! بەڵێ ئەمە ڕاستییە! هەموو ئەوەی کە ئەوان پێویستە بیکەن شوێن شێوازی ' گونجاوی' بکەون. واتە ئەوان دەبێت بڕوایان وابێت هەر پێشنیارێك کە دەیکەن بۆ کڕیارەکانیان گونجاوە بۆیان. گونجاوی وشەیەکی گرنگە بۆئەوەی ڕوونی بکەینەوە. بۆ نمونە: تۆ خەون بەوەوە دەبینیت کە هاوسەرگیری لەگەڵ کەسێکی گونجاودا بکەیت، وایە؟ کەواتە وشەی ' گونجاو' لێرەدا بەم مانایە دێت بۆ تۆ، بەڵام بەنیسبەت دەلاڵەوە وشەی گونجاو زۆر باشە. کێشەیەك هەیە ئەویش ئەوەیە کە دەلاڵەکان و خاوەن کارەکانیش پارەیەکی زۆر بەهۆی پێشکەشکردنی بەرهەمەکانەوە پەیدادەکەن. ئەمە واتە چیە؟ بۆ نمونە بەنیسبەت دەلاڵەکانەوە، پشکێك لە پرۆژە هاوبەشەکاندا کە نرخێکی بەرزی هەیە زۆر قازانجی زیاترە وەك

لـە پشـكێك لـە پڕۆژەیـەكی ئاسـاییدا. لەكاتێكـدا ئـەم پشـكەی كـە لـە پڕۆژەیەكی ئاساییدایە سودێكی زۆری بۆ خۆت و خێزانەكەشت هەیە. واتـە ئەوەی گرانە و نرخ و كرێی زۆرە بۆ ئەوان زۆر باشـە، بـەڵام بـۆ تـۆ گرانـە، هەروەها ئـەوەی كـە تـۆ قـازانجی لێدەكـەیت و هەرزانـە بەنیسـبەت ئـەوان قازانجی كەمە و گونجاو نییە. كەواتە ئەمە واتای ئەوە نییە بڵێین دژیـەكی هەیە لەنێوان قازانجی تۆ و ئەوان؟ زۆر ڕاستە.

چۆن قازانجكردن بەسەر خەڵكییەوە بووە بە شتێكی ئاسایی و باو؟ بـا بـە نمونـە ڕوونیبكەمـەوە، نەتەوەیـەكگرتووەكان سـتانداردی خـۆی هەیـە سەبارەت بە وەكیل و بریكارەكـان، واتـە هـەموو ڕاوێـژكارە بازرگانییـەكان بەپێی یاسا دەبێت كار بۆ قازانجی كڕیارەكان بكەن. ئوسـتralیا بـە هـەمان شـێوە سـتانداردی خـۆی هەیـە. كەواتــە بۆچــی ئەوانــەی ئــەمریكا ناچارنەكراون بەپێی یاسا كاربكـەن؟ لەڕاسـتیدا هەنـدێك نـەبێت ئەوەكـەی دیكە بەپێی یاسا ناچاركراوە. دكتۆر، پارێزەر و ژمێریارەكان لە ئـەمریكادا بەپێی یاسا دەبێت كاربكەن بـۆ خزمـەتكردنی خـەڵكی بەباشـترین شـێوە، كەچی ڕاوێژكارە بازرگانییەكان ناچارنەكراون! هـەوڵی زۆر دراوە یاسـایەك دەربكرێت كە ڕاوێژكارەكان ناچاربكات خزمەتی كڕیارەكان بكەن و هـەوڵی باشترین قازانجیان بدەن، بەڵام كۆمپانیا پیشەسازییەكان هەوڵیانداوە ئـەم یاسایە ڕابگرن، بۆچی؟ بەڕاشكاوی بیڵێم، لەبەرئەوەی ئەگـەر خـاوەن كـار و دەڵاڵەكان بەدڵی خۆیان كارتەكانی یارییەكە هەڵنەبژێرن ئـەوا پارەیـەكی زۆر كەم دەبەنەوە لە یارییەكەدا.

بیهێنـە پـێش چـاوت ئـەم جـۆرە ڕاوێژكارانـە چـەند ترسـناكبن كـە چـیتر نەتوانن شتومەكە نرخ زۆرەكانیان بفرۆشن یـان نـەتوانن پـارەی بـەرتیل و

کڕین و فرۆشتنەکانیان کۆبکەنەوە !

هەوڵێکی تا ڕاددەیەك خۆش ئەوەیە بەم دواییانە ڕێنماییەك دەرچووە کە ڕاوێـژکارەکان ناچـاردەکات هـەوڵی باشـترین قـازانجی کڕیارەکـان بـدەن ئەمیش تەنها لە حاڵەتێکی دیاریکراودا، تـەنها کاتێکـە کـە پلانـی ٤٠١ یـان هەژماری بانکی بەکاربهێنیت. سەرەڕای ئەمانەش هێشتا چـەند دەرچـەیەك هەیە بۆ فێڵکردن.[1]

بۆ زانیاریت لەم هەڵبژاردنەی دوایی دۆناڵد ترەمپدا، هـەموو ڕاوێـژکارەکانی باسی باشترکردنی کۆمەڵە یاسایەکیان دەکرد کە هێشتا کـاری پێنـەکراوە. هێشـتا یاسـاکان نەچـوونەتە بـواری جێبەجێکردنـەوە، ئـەمان بانگەشـەی ئـەوە دەکـەن چاکسـازی تێدادەکـەن. لـەم کاتـەی ئێسـتا کـە تـۆ ئەمـە دەخوێنیتەوە ڕەنگە ئەم یاسایانە هەر بوونیشیان نەمابێت!

ئەمە پوختەی بابەتەکەیە: ئەم سیستەمە پڕیەتی لە قازانجی دژبەیـەك کـە دەتخەنـە دۆخێکـی لاوازەوە، بـەڵام چـی دەبێـت ئەگـەر لەگـەڵ دەلاڵێکـدا کاربکەیت کە متمانەت پێی هەبێت و بەدڵت بێت؟

من ناڵێم کە ناتوانیت دەلاڵێکی کارامە و باش بدۆزیتەوە کە کارەکانی بە

---

[1] ئەگەر تۆ لەگەڵ دەلاڵێك کاربکەیت، دەکرێت ڕۆژێك تەلەفۆنێك یان نامەیەکت بـۆ بێـت و داوات لێبکات ئەمە واژۆبکەیت " باشترین مامەڵە" ڕەنگە دەلاڵەکەت پێت بڵێـت کـ حکومەت ڕێنماییەکی بێمانـای بڵاوکردووەتـەوە و هـەموو بژاردەکانت سـنورداربوون ناتوانیت بەدڵی خۆت هەموو شتێك هەڵبژێریت. لەبەرئەوە ئەگـەر تـۆ ئەمـە واژۆبکـەیت ئەوە من دەتـوانم لیسـتی هـەموو شمـەك و بـژاردەکانت بـۆ بهێـنم. بـەوە تێنەکـەویت، چونکە ئەمە وەك کۆد وایە و واتە بێزەحمـەت ئـەم فۆڕمـە واژۆ بکـە تـا بتـوانم هـەموو بەرهەمە پڕ قازانجەکانمت پێبفرۆشم و کرێیەکی زۆریش کۆبکەمەوە.

باشی بکات، بەڵام یاریکردنێك کە هەموو ئەگەرەکانی دژی تۆ بن هیچ ژیرانە نییە، وەبەرهێنە سەرکەوتووەکان، تەنانەت قومارچییە زۆر کارامەکانیش هەمیشە هەوڵدەدەن دڵنیاببنەوە کە ئەگەرەکان لەبەرژەوەندیی ئەماندان یاخود نا. چۆن دەکرێت ئەگەرەکان لەبەرژەوەندی تۆ بن ئەگەر دەلالەکەت ویست و مەبەستی بەلای پارە و قازانجی شاراوەدا بڕوات؟ دەیڤد سوێنسن پێی گوتم گرنگ نییە کە چەندە دەلالەکەت لەلا پەسەندە '' دەلالەکەت هاوڕێت نییە.''

## ڕاوێژکارە بێلایەنەکان

لە ٣٠٦,٩٣٧ ڕاوێژکاری بازرگانی لە ئەمریکادا تەنها ٣١,٠٠٠ ڕاوێژکاریان بێلایەنن، کە بەڕێژە دەکاتە نزیکەی ١٠٪. ئەمانیش وەك دکتۆر و پارێزەرەکان کە ئەرکێکی ئەخلاقی و یاساییان هەیە بۆئەوەی لە هەموو کاتێکدا ئیش لەسەر بەرژەوەندیی خەڵکی بکەن. ئەمە شتێکی ژیرانەیە وایە؟ بەڵام لەبابەتی داراییدا ئەمە هەموو شتێکە ژیریی نەبێت. ئەمە بۆئەوەی تێبگەیت یاساکان تا چەند بەهێزن: ئەگەر ڕاوێژکارەکەت لە بەیانیدا پێت بڵێت بەرهەمێکی ئەپڵ بکڕە و تۆش بیکڕیت، دواتر دوانیوەڕۆ خۆی بە نرخێکی هەرزانتر بیکڕیت، ئەوە دەبێت ئەوەی خۆی بدات بەتۆ! هەروەها ڕاوێژکارەکەت پێش ئەوەی هەر کارێك بکات دەبێت بەڵگەنامەکانت پیشان بدات و پێت بڵێت چەندە کێشەی قازانجکردنت هەیە و بۆت ڕوونبکاتەوە کە خۆیشی چۆن پارەی دەستدەکەوێت. ئیتر پێویست ناکات قسەی هەڵیت و پەڵیت و شتی شاراوە بڵێت و درۆ بکات، بەڵکو دەبێت هەموو شتێك ڕوون و ئاشکرابن.

کەواتە بۆچی ڕاوێژکارێك هەڵدەبژێریت کە قازانی تۆی هیچ بەلاوە گرنگ نییە، لەکاتێکدا ڕاوێژکاری دیکە هەیە هەوڵی بەدەستهێنانی باشترین قازانجت نادات؟ دڵنیام واناکەیت، بەڵام هێشتا زۆرکەس هەیە وادەکەن! یەکێك لە هۆکارەکان ئەوەیە کە لەو کەسانە باشتر ناناسن. ڕاستییەکەی کاتێك ئەم پەرتوکە دەخوێنیتەوە تۆش دەچیتە ڕیزی کەسە تایبەتەکانەوە. ئەو کەسانەی کە لە یاسا گرنگ و بنەڕەتییەکانی یارییە زۆر گرنگەکان تێدەگەن. هۆکارێکی دیکە بۆئەوەی کە خەڵکی بۆچی دەلاڵەکان بەکاری دەهێنن ئەوەیە کە ڕاوێژکارە بێلایەنەکان وەك باڵندە دەگمەنەکان وان: لە ١٠ جار تەنها ١ هەلت هەیە بۆئەوەی بیانبینیت.

## ڕاوێژکاری دوولایەنە

یەکەمجار کە فێری جیاوازی نێوان دەلاڵ و ڕاوێژکاری بێلایەن بووم، هەموو شتێك ڕوون و ئاسان بوو. بێگومان تۆ کەسێکت دەوێت کە کار بۆ باشترین قازانجت بکات، وایە؟ کەواتە باشترە لەگەڵ ڕاوێژکارێکی بێلایەن کار بکەیت کە لەڕوی یاساییەوە ناچارکراوە وەك وەکیلێکی دڵسۆز کارت بۆ بکات. من وەك ئالتون لە وەکیلەکانم دەڕوانی، بەڵام دواتر بۆمدەرکەوت بابەتەکە زۆر لەوە ئاڵۆزترە کە من دەیزانم.

هۆکارەکەش ئەوەیە کە زۆربەی ڕاوێژکارە بێلایەنەکان هەم وەك وەکیل و هەم وەك دەلاڵیش کاردەکەن. چی؟ لەڕاستیدا لە ٣١,٠٠٠هەزار ٢٦,٠٠٠ یان دوولایەنەن و لە هەردوو بوارەکەدا وەك بێلایەن و دەلاڵیش کاردەکەن. ئەمە ڕاستییە کە تەنها ٥,٠٠٠ ڕاوێژکاری ئەم وڵاتە لە ٣١٠,٠٠٠ ڕاوێژکار، نوێنەر و وەکیلی ڕاستەقینەن. ئەمەش یەکسانە بە ١,٦٪ی

هەموو ڕاوێژکارەکان. ئێستا دەزانیت بەدەستهێنانی ئامۆژگاریی ڕوون و بێ کێشە چەندە قورسە. کاتێك پەرتوکی 'پارە: دەست بەسەر یارییەکەدا بگرە''م نوسی، بووم بە شارەزایەکی تەواوی وەکیلەکان ئەوەندە ڕاستیم دۆزییەوە لەبارەیانەوە و شارەزایان بووم. کاتێك دەبینم ئەم ڕاوێژکارە دوولایەنانە بەم شێوەیە کاردەکەن زیاتر تووڕە دەبم. یەکەمجار وەك ڕاوێژکارێکی بێلایەن دەوردەگێڕن و دڵنیاتدەکەنەوە کە بەشێوەیەکی ستاندارد کالاکانت پێدەدەن و بەبێ هیچ کرێ و باجێك. هەندێك جاریش دەوریان دەگۆڕن و بەشێوازێکی دیکە و وەك دەلاڵ دێنەوە گۆڕەپانەکە و کالا و شتومەکەکانت پێت دەدەن و لەبەرانبەردا قازانج وەردەگرن. واتە هەندێك کات ناچارن خزمەتت بکەن، بەلام هەندێکجاریش ناچارنین و قازانجت لێوەردەگرن! چ کارەساتێکە؟

کەواتە چۆن دەزانیت کە ئەمانە کام ماسکەیان پۆشیوە و کام دەورەیان دەگێڕن کاتێك شتێکت پێدەدەن؟

بڕوام پێبکە ئەمە هەروا ئاسان نییە. لەم بوارەدا من ئەزموونم هەیە: جارێکیان پرسیارم لە یەکێك لە وەکیلەکان کرد بۆئەوەی بەڕاستی بزانم وەکیل و بریکارە یان نا، سەیری ناوچاوی کردم و دڵنیابوومەوە کە بەڕاستی وەکیل و بریکارە. ئەوەی پێگوتم کە دەلاڵەکان چەندە بێ متمانەن و چەندە باشە ببیتە وەکیلی ڕاستەقینە. هەروەها پێیگوتم کە قازانجەکانتان بەباشی ڕێکخراوە، بەلام دواتر بۆمدەرکەوت کە ئەمە وەك دەلاڵیش کاردەکات و چەندین کاری لابەلای کردووە تاوەکو پارەیەکی زۆر پەیدابکات!

کەسێك لە بەردەممدابوو کە پێموابوو دەتوانم وەك بریکاری ڕاستەقینە

سەیری بکەم، کەچی درۆی کرد و دەموچاوی خۆی گۆڕی. زۆر توڕەبووم کە بینیم ئاوها بەئاسانی دەکرێت بمانخەڵەتێنن. زۆربەی ڕاوێژکارە دوولایەنەکان لە بنەڕەتدا دەلاڵبوون و وازیان لە ئۆفیس و داهاتە گەورەکانیان هێناوە بۆئەوەی ببنە بریکاری بێلایەن. ئەمانە سەربەخۆیی تەواویان ویست بۆئەوەی توانای ئەوەیان هەبێت نەک تەنها لیستێك لە بەرهەم، بەڵکو چەندین جۆر بەرهەمی جیاوازیان پێشکەش بە کڕیارەکان بکەن. ئەمانە ویستویانە کڵاوی سپی لەسەر بکەن و چیتر ڕەش نەپۆشن. بۆیە ئەم قوربانییەیان داوە و هەوڵیانداوە ببنە بریکار و وەکیلی ڕاستەقینە، تەنها بۆئەوەی ئەو ڕاستییە تاڵە بدۆزنەوە کە لەڕووی داراییەوە زۆر زەحمەتە ببیتە بریکارێکی پاك و بێگەرد.

ئەم ڕاوێژکارە دوولایەنانەش مەبەست و ویستی باشەیان هەیە، بەڵام کەوتونەتە دووڕیانێکەوە. هەوڵدەدەن ڕاستگۆبن، بەڵام لەولاشەوە دەبێت پارە پەیدابکەن و پرۆژە بکەنەوە. ئەمە هەڵەی خۆیان نییە، بەڵکو خەتای شێوازی پیشەسازییە کە ئاوا داڕێژراوە و بەئاسانی بەرهەمەکان کڕین و فرۆشتنیان پێوەدەکرێت بۆئەوەی پارە پەیدابکرێت.

کەمێك ڕێز

من وا خەریکم هەموو پارەکەمت دەدەمێ

و ئەوەی لەبەرانبەردا دەمەوێت کەمێك ڕێزە.

– ئەریزا فرانکلین، ''ڕێز''

ئێستا تۆ چەند ڕاستییەك فێربوویت کە یارمەتیدەرن تاوەکو لە ئازار و ناڕەحەتییەکی زۆر بتپارێزن. فێربویت ٩٠٪ی ڕاوێژکارەکان لەڕاستیدا

دەلاڵن. فێربوویت کە ئەمانە ناچارنین بەرژەوەندیی تۆ بخەنە پێش بەرژەوەندیی خۆیانەوە. فێربوویت کە ئەمانە لەژێر پەستانێکی زۆردان تاوەکو بەزۆر بەرهەمەکان بفرۆشن. دەزانیت ئەگەر بێت و خۆت لە دەلاڵەکان بپارێزیت، ئەگەرەکانی دۆزینەوەی ڕاوێژکارێکی باش بەشێوەیەکی بەرچاو زیاددەکات. دەزانیت کە هەموو وەکیلەکان یەکسان نین. دەکرێت هەندێکیان ببنە دەلاڵیش.

کەواتە ئێستا دەزانیت خۆت لە چی لابدەیت. ئێمە ٩٨٪ی ئەو ڕاوێژکارانەمان بۆ لابردوویت کە دووڕەگن و وەك دەلاڵ و بێلایەنیش دەردەکەون. ئەی چییت بۆ ماوەتەوە؟ ئێستا هەزاران ڕاوێژکاری بێلایەنت لەبەردەستە کە بەشێوەیەکی یاسایی ناچارکراون کار بۆ بەرژەوەندییەکانت بکەن و پێداویستییەکانت پڕبکەنەوە، بەڵام هێشتا دەبێت وریابیت و بەوریاییەوە مامەڵە بکەیت، بۆچی؟ لەبەرئەوەی هەرچەندە لەگەڵ ڕاوێژکارێکی بێلایەنیشدا کاربکەیت هێشتا چەند کێشەیەك هەیە کە دەکرێت بێنە ڕێگەت. دەکرێت توشی چەند پلانێکی زیرەکانە ببیتەوە کە یاساییشە و دەبێتە هۆی ئەوەی پارەی زیادەت لێوەربگرن و بەخۆشت نەزانیت. ئەمە سێ فێڵی بازرگانییە کە دەبێت ئاگاداریان بیت:

## ژەهری کەلوپەلە جیاوازەکان

دەلاڵەکان بەشێوەیەکی ڕۆتینی کەلوپەل دەفرۆشن بەناوی جیاوازەوە کە هەر لەلایەن کۆمپانیاکەی خۆیانەوە دروستکراوە. ئەمە ستراتیجییەتێکی زۆر وردە بۆ پاراستنی پارەکان لە هەمان خێزاندا، بەڵام کەوتۆتەوە سەر ئەوەی تاچەند کڕیارەکان ساویلکەن و داوای شتومەکی هەرزان و باشتر

دەکەن لە کۆمپانیاکانی دیکە.

فێڵەکە بەم شێوەیەیە: کۆمپانیاکە دوو یەیلْ هەیە یەکێکیان ئەوەی ڕاوێژکارە بێلایەنەکەیە و ئامۆژگاریت پێشکەش دەکات، بەڵام یەیلْ دووەمی کۆمپانیاکە هی خوشکەکەیە کە بەشێکی کەلوپەل و شمەکەکانی کۆمپانیاکە بەڕێوەدەبات. پاشان ڕاوێژکارەکەت وا پیشاندەدات بێلایەنە و ئامۆژگارییت دەکات، بەڵام لە ڕاستیدا پێشنیارت بۆ دەکات بچیت ئەو شمەکە زۆر گرانانە بکڕیت کە کۆمپانیای خوشکەکەی دەیفرۆشێت! کێشە گەورەکەش ئەوەیە هەرکامیان قازانج بکەن هەر لەناو خۆیاندا دەمێنێتەوە کە بۆ هەموویان باشە، تەنها تۆ نەبێت. موشتەرییە داماوەکە دووجار پارە دەدات بە ڕاوێژکارەکە، جارێك بە ئامۆژگارییەکانی، جارێکیش بە کەلوپەلی کۆمپانیای خوشکەکەی. زۆربەی کڕیارەکان نازانن کە ئەو شتومەکە جیاوازانەی کە دەیکڕن هی هەمان کۆمپانیایە. ئەمەش لەبەرئەوەیە یەیلْ ڕاوێژکارەکە و یەیلْ خوشکەکە لەژێر ناوی جیاوازدا کاردەکەن.

## پارەی زیادە لەبەرانبەر هیچ

پیلانێکی دیکە هەیە کە بەشێوەیەکی بەرچاو زیادیکردووە، تۆ پارە دەدەیت بە ڕاوێژکارێك تاوەکو پارەکانت بەڕێوەببات. با بڵێین ١٪ی پشکەکانت دەدەیت، دواتر ڕاوێژکارەکە پێشنیاری پلانێکی نمونەییت بۆ دەکات کە زۆرجار ناوەکەی دەڕازێنێتەوە لەبەرچاوت، ئەمیش دیسان کرێی زیادەی لەسەرە، با بڵێین ئەمیش ٠,٢٥٪ی پشکەکانە. ئەم کرێیە لە کرێی بەرنامە بنەڕەتییەکەی خۆت زیاترە کە پێشتر داتنابوو. ئێستا تۆ

پارەیەکی زیاترت داوە، بەڵام هیچی تازەت بۆ نەکراوە. پلانە نمونەییەکە کۆمەڵێك وەبەرهێنانی تێدایە کە ڕاوێژکارەکە کۆیکردووەتەوە و ئامادەیکردووە، بەڵام خۆ سەرەتاش هەر بۆ ئەمە پارەت دابوو بە ڕاوێژکارەکەت و دەبوایە خۆی بیکردایە، چونکە ئەمە ئیشی خۆیەتی. ئەمە وەك ئەوەیە بە بڕی ١٠٠ دۆلار سەوزە و میوە بکڕیت دواتریش ٢٥ دۆلار بدەیت بۆئەوەی بتوانیت لە دوکانەکە بیبەیتە دەرەوە!

ئەگەر ڕاوێژکارێك پارەی بەڕێوەبردنت لێوەربگرێت لەبەرانبەر دیاریکردن و هەڵبژاردنی پرۆژەیەك، ئەوە با هەر وەریبگرێت بەنۆشی بێت. بۆچی ئەمانە دەتوانن پارەی زیادە وەربگرن؟ من پێتدەڵێم بۆ: لەبەرئەوەی دەتوانن. لەبەرئەوەی تۆ ئاگات لێی نییە.

"ناتوانم پارەی زیادە قبوڵبکەم، لەبەرئەوە با پێتبڵێین "پارەی ڕاوێژکاری!"

هەندێك ڕاوێژکاری بێلایەن هەن کە ڕێککەوتنی نهێنی دەکەن لەگەڵ کۆمپانیاکانی وەبەرهێنان کە ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە ڕاوێژکارەکە پارە پەیدابکات بەبێ ئەوەی تۆ بیزانیت.

بەم شێوەیە: ڕاوێژکارەکەت پێشنیاری شتومەکی کۆمپانیایەکی دیاریکراوت بۆ دەکات بۆئەوەی بیانکڕیت. ئەم کۆمپانیایە ڕێککەوتووە لەگەڵی بۆئەوەی شتومەکەکانی بکڕن، لەبەرئەوە ڕاوێژکارەکەت پێشنیاری شمەکی ئەو کۆمپانیایەت بۆ دەکات کە لەگەڵی ڕێکەوتووە، بەڵام ڕاوێژکارەکەت هیچ کارێکی گەمژانە ناکات، وەك وەرگرتنی پارەی ژێربەژێر لە کۆمپانیاکە، چونکە ئەمە توشی کێشەی گەورە دەکاتەوە،

ئەی چی بکات باشە؟ ئاسانە! بە ناوێکی دیکەوە پارەکە وەردەگرێت. ڕاوێژکارەکـەت بەشـێوازێکی زۆر بلیمەتانـە دەچـێت بـۆ کۆمپانیاکـە و لەجێگـەی ئـەوە داوای ‘‘ پـارەی ڕاوێـژکاری’’ دەکـات. کۆمپانیاکـەش بەخۆشـحاڵییەوە کرێـی خـۆی پێـدەدات. دوای ئـەوەش هـەموو کەسـێك بەخۆشحاڵییەوە دەژین تـۆی کڕیـار نـەبێت کـە گیرتخـواردووە و بـەردەوام بیردەکەیتـەوە، تـۆ بڵێیـت ڕاوێـژکارێکی بێلایـەنم هـەبووبێت. ئـەوە کـەی ڕەوشتە؟ جا ئەگەر کەسێك وەك مراوی بـڕوات و وەك مـراویش قسـەبکات، دەی کەواتە ئەمە خۆی مراوییە، نەك دەلاڵ.

چۆن باشترین ڕاوێژکار بۆ پێداویستییەکانت بدۆزیتەوە

بەتوانایی وەك باڵندەیەکی دەگمەنە لە دارستانێکدا

هەرکاتێك بیبینم بەگرنگییەوە لێی دەڕوانم.

— فرانك ئەندەرود

هیوادارم ئێستا لەوە تێگەشتبیت کە باشـترین کـارت ئەوەیـە ڕاوێـژکارێکی بێلایـەن بـەکرێ بگریـت کـە وەکیلێکـی ڕاسـتەقینەت بێـت، بـەڵام چـۆن ڕاوێژکارێك دیاریدەکەیت کە شیاو بێت بۆت؟

ڕوونـە هـەموو وەکیلـەکان یەکسـان نـین. ئـەوە بـەس نییـە کـە کەسـێك بدۆزیتەوە لـەڕووی یاساییەوە ناچارکرابێت بەرژەوەندییـەکانت لەپێشـینە دابنێت، بەڵکو پێویستە کەسێك بدۆزیتەوە کە لەڕووی بازرگانییەوە کارامـە بێت و زۆریش وریابێت.

چۆن دەتوانین بڵێین کەسێك وەکیلێکـی کارامەیـە و ئـەزموونی پێویسـتی هەیـە بـۆ تـۆ؟ کاتێـك دەتـەوێت کەسـێك دیاریبکـەیت و بـە ڕابردوویـدا

بچیتەوە، دەتوانیت ئەم بنەمایانە بەکاربهێنیت بۆ بڕیاردان:

١- یەکەم شت سەیری بڕوانامەی ڕاوێژکارەکە بکە.

دەبێت دڵنیابیتەوە ئەو کەسەی کە دیاریدەکەیت تایبەتمەندبێت بەو بوارەوە. باسی ناو و ناونیشانی جوان ناکەین، بەڵکو باسی تایبەتمەندی و کارامەیی دەکەین بەو بوارەوە کە پێویستە کاری لێبکات. بۆ نمونە، ئەگەر کەسێکت دەوێت یارمەتیت بدات لە پلانەکانتدا، ئەوە پێویستە بۆ کەسێك بگەڕێیت بڕوانامەی لەبواری پلاندانانىدا هەبێت. ئەگەر بەدوای ڕاوێژی یاساییدا دەگەڕێیت، ئەوە پێویستە پارێزەرێك بدۆزیتەوە. ئەم بڕوانامانە گرەنتی ئەوە ناکەن کە کەسەکە خاوەن شارەزاییەکی بەرزە، بەڵام ئەگەریش وابێت هەر دەبێت بەدوای کەسێکی چوست و چالاك و خاوەن بڕوانامەی پێویستدا بگەڕێیت کە پەیوەندیداربێت بەو بوارەوە.

٢- ئەگەر ڕاوێژکار بەکاردەهێنیت کە دیزاینی پڕۆژە و وەبەرهێنانەکانت بکات، ئەوە دەبێت تۆ لە کەسێکی ئاسایی زیاترت دەستبکەوێت. ئەوەی کە تۆ پێویستتە ئەوەیە کە کەسێك هەبێت یارمەتیت بدات بۆئەوەی دوای تێپەڕبوونی چەند ساڵێك سامانەکەت گەشەپێبدات، ئەمیش لەڕێگەی ڕێنوێنیکردنت و هەروەها پیشانت بدات چۆن پارەی خانوبەرە و باج و بیمەی کۆمەڵایەتی کەمبکەیتەوە. کەسێك بێت کە بتوانێت یارمەتیت بدات لە ڕێکخستن و پاراستنی میراتەکەت. ڕەنگە لە ئێستادا ئەمە زۆر پێویست دیارنەبێت، بەڵام گرنگە ئەم شارەزایانەت لەگەڵ بێت، چونکە باجەکان جیاوازییەکی گەورە دروستدەکەن لە پڕۆژەکانتدا، بەجۆرێك کە دەکرێت ٣٠٪ بۆ ٥٠٪ داهاتەکەت بگۆڕێت بەهۆی باجەوە.

بەلامەوە سەیربوو کە بینیم ڕیکلام بۆ کاری بەڕێوەبردن دەکرێت، هەموو

ئەوەشی دەیانکرد تەنها ڕێکخستن و دیزاینی نەخشە و پلانێك بوو. واتە ڕیکلام بۆ ئەوە دەکرا کە نەخشە و پلان دیزاین دەکەن. باشترین شت ئەوەیە لەگەڵ کەسێك دەستپێبکەیت کە بتوانیت لەگەڵیدا گەشە بکەیت. لەبەرئەوە دڵنیابە کە ئەو کەسە هەموو سەرچاوە و زانیارییەکانی گەشەکردنی پێیە. هەرچەندە لە کاری بچوکیشەوە دەستپێبکەن، لەبیرت بێت قەبارە هیچ گرنگ نییە.

٣- دواتر دڵنیابە ڕاوێژکارەکەت ئەزموونی هەیە لە کارکردن لەگەڵ کەسانی دیکەی هاوشێوەی تۆ.

ئایا لە ڕابردوودا ئەم کەسە بەباشی کاریکردووە و سەرکەتوو بووە لە بەدەستهێنانی هەمان ئەو پێویستیانەی کە تۆش هەتە؟ بۆ نمونە، تۆ سەرنج دەخەیتە سەر بنیاتنانی سامانێك بۆ کاتی خانەنشینی، کەواتە پێویستت بە شارەزایەکی پلانی خانەنشینییە. لە ئامارێکدا ئەوە خراوەتەڕوو کە ٤٦٪ ی ڕاوێژکارەکان خۆیان پلانی خانەنشینیان نییە! نازانم ئەمانە چۆن ڕێگە بەخۆیان دەدەن ئامۆژگاری خەڵکی بکەن بۆ شتێك کە خۆیان نییانە؟ بیهێنە پێشچاوت ڕاهێنەرێکی تایبەت بەکرێ دەگریت، کەچی خۆی چەند ساڵە هیچ ڕاهێنانێکی نەکردووە!

٤- هەروەها گرنگە دڵنیابیت لەوەی کە لەگەڵ ڕاوێژکارەکەت یەك بیرکردنەوەتان هەیە.

بۆ نمونە: ئایا ڕاوێژکارەکەت پێیوایە کە بەهۆی هەڵبژاردنی کاڵایەك یان پشکێك لە پرۆژە هاوبەشەکاندا دەتوانێت بەسەر بازاڕدا سەرکەوێت و قازانجی زیاتر بکات؟ یان ئایا پێیوایە ئەگەر دەرفەتی سەرکەوتن بەسەر بازاڕدا کەم بێت هەوڵدەدات بۆئەوەی پلانێکی باشتر هەڵبژێرێت؟ هەندێك

لە ڕاوێژکارەکان وەك وەکیلێکی ڕاستەقینە بەدوای پێداویستییەکانتەوەن، بەلاّم شکست دەهێنن، چونکە هەر سوورن لەسەر ئەوەی کە پشکێکی دیاریکراو بکڕن. من وەك خۆم ئەگەر ڕاوێژکارێك بلّێ هەموو کاتێك قازانج دەکەم و لەبازاڕ قازانجم باشتر دەبێت، ئەوە هەزاران مەتر لەدەستی ڕادەکەم. ڕەنگە ئەم کەسە لەڕاستیشدا وابێت، بەلاّم من گومانم هەیە. پێدەچێت ئەم کەسە یان زۆر گەشبین بێت یان درۆ لەگەڵ خۆیدا بکات.

٥- لەکۆتاییدا ئەوە گرنگە ڕاوێژکارێك بدۆزیتەوە کە بتوانیت بابەتە کەسییەکانی لەگەڵدا باس بکەیت.

ڕاوێژکاری باش بۆ ماوەی چەندین ساڵ دەبێتە هاوڕێ و پشتیوانێکی باش بۆت. لەم گەشتە دوورودرێژە ڕێنوێنیت دەکات. ڕاستە ئەمە پەیوەندییەکی پیشەییانەیە و تایبەتە بە پارەوە، بەلاّم ئەی پارەش بەنیسبەت تۆوە بابەتێکی کەسی نییە؟ ئەم بابەتە پەیوەندی بە خولیا و خەون و خەیاڵمانەوە هەیە. هەروەها هەوڵدەدەین ئاگامان لە نەوەی داهاتوومان بێت و دەزگای خێرخوازیمان هەبێت و چاکە بکەین. هەروەها بەشێوەیەکی زۆر خۆش بژین. لەبەرئەوە ئەگەر ئەمانە لەگەڵ ئەو ڕاوێژکارەدا باس بکەیت کە متمانەت پێیەتی، سەرکەوتوو دەبن.

## خەلاّتە گەورەکە

زۆربەی ئەم بەشە تەرخانکرابوو بەوەی چۆن ئەو بەربەستانە بشکێنین کە دێنە ڕێگەمان لە دۆزینەوەی ئامۆژگاری و ڕاوێژکاری بازرگانیدا، وەك ئەم فێڵ و هەڵخەڵەتاندن و تالاّنکاری و هەروەها خۆپەرستی و قۆڵبڕینانە.

ئایا شتێکی نامۆ و قورس نییە ئەگەر بتەوێت ڕاوێژکارێکی ڕاستگۆ

بدۆزیتەوە کە شارەزا و کارامە بێت و قازانجی تۆی بەلاوە گرنگبێت و خزمەتگوزارییەکت پێشکەش بکات کە بەڵێنی پێداویت وەك خۆی بۆت بکات؟

گومانی تێدا نییە ئەمە قورسە و زۆربەی خەڵکیش بێهیوا دەبن و بڕیار دەدەن خۆیان کارە بازرگانییەکانیان بەڕێوەببەن، بەڵام با من پێت بڵێم، ئەگەر گەشتیت بە خاڵی کۆتایی ئەم بەربەستانە و لەکۆتاییدا ڕاوێژکارێکی ڕاستەقینەت دۆزییەوە، ئەوکات خەڵاتێکی گەورە بەدەستدەهێنیت. زۆرکەس پێیانوایە هیچ شتێك هێندەی هاوبەشێکی ژێر کاریگەری لەسەر داهاتووی سامانەکەت نییە کە ناوچەکە شارەزا بێت و لە هەر بارودۆخێکدا بێت ڕێگەی بردنەوەت پیشان بدات.

ڕاوێژکارەکان لە سەرەتاوە تاوەکو کۆتایی یارمەتییت دەدەن. باسی ئامانجەکەت بۆ دەکەن، هەروەها لەسەر ڕاڕەویش دەتهێڵنەوە بۆئەوەی بەردەوام بیت. بەتایبەت کاتێك بازاڕ سستە و جموجۆڵ کەمە، ئەمان زیاتر هانت دەدەن و ئەگەرەکانی بەدەستهێنانی ئامانجەکانت زۆر زیاتر دەکەن.

" پلانی دروستکەر" دامەزراوەیەکی یاسایی بازرگانییە کە لەلایەن هاونوسەری ئەم پەرتوکە ' پیتەر ماڵۆك' ەوە بەڕێوەدەبرێت. کە چەندین ئامۆژگاری و ڕاوێژی دارایی پێشکەش دەکات. پیتەر کۆمپانیاکەی بە شێوازێك دروستکردووە کە هەرکەسە و لەلایەن تاقمێکی دیاریکراوی خۆیەوە ئامۆژگاری دەکرێت، کە کەسانی شارەزا و پسپۆڕ لە بوارەکانی باج و خانوبەرە و بیمەی کۆمەڵایەتی تێدایە. ئەی نرخەکەی چەندە؟ کەمتر لە ١٪ بۆ هەموو تیمەکە. ئەمە وەها دەردەکەوێت کە تایبەت بێت

بە کەسە پلە بەرزەکان، بەڵام پیتەر تەنها خزمەتی ساماندارەکان ناکات. لەسەر داوای من دابەشکارییەکی تایبەتی بۆ ئەو کەسانە کردووە کە لەسەرەتای گەشتی بازرگانیدان و داهاتەکەیان لە نزیکەی ١٠٠,٠٠٠ دۆلاردایە.

دەمەوێت جەخت لەسەر ئەوە بکەمەوە کە هەرچەندە خۆشم ئەندام و سەرۆکی بەشی دەروونناسی وەبەرهێنەرەکانم لەو دامەزراوەیەدا، بەڵام من زۆرت لێناکەم پلانی دروستکەر بەکاربهێنیت و بەشداربیت. ئەگەر خۆت کەسێکی دیکەت هەیە کە دەتوانێت کارت بۆ بکات، ئەوە من زۆر خۆشحاڵم، بەڵام دەزانم چەندە ڕاڕا و دوودڵیت کاتێک بەدوای کەسێک دەگەڕێیت کە متمانەی پێبکەیت و ڕاوێژی لەگەڵ بکەیت. ئەگەر ڕێگایەکی کورتت دەوێت دەتوانیت دەستپێبکەیت و داوا لە پلانی دروستکەر بکەیت بە بێبەرانبەر لەڕێگەی www.getasecondopinion.com.

بەم شێوەیە یەکێك لە بەڕێوەبەرەکانمان دەتوانێت بارودۆخەکەت هەڵسەنگێنێت و پێت بڵێت کە ئایا ڕاوێژکارەکەت لە بەرژەوەندی تۆ کاردەکات یاخود نا. ئەگەریش دەتەوێت پلانی دروستکەر بکەیت بە وەکیلی خۆت ئەوە خۆشحاڵ دەبین لەم خێزانەدا ببیت بە ئەندام.

## حەوت پرسیاری گرنگ کە دەبێت لە هەموو ڕاوێژکارەکان بکرێت

ڕێگەیەك بۆ دڵنیابوون لەوەی ئایا ڕاوێژکارێکی ڕاست بەکرێ دەگریت ئەوەیە کە هەندێك پرسیاری گرنگی لێبکەیت. ئەم پرسیارانە یارمەتیت دەدەن لە دۆزینەوەی ئەو کێشانەی کە ئەگەر وریانەبیت توشت دەبن. ئەگەر ڕاوێژکارێکیشت هەیە ئەم پرسیارانە هەر گرنگن و پێویستە

وەڵامەکانیانت دەستبکەوێت. ئەمە ئەو شتانەیە کە من پێش ئەوەی داهاتووی سامانەکەم بخەمە دەستی ڕاوێژکارێکەوە دەیپرسم:

١- ئایا تۆ ڕاوێژکاری یاساییت؟

ئەگەر وەڵامەکە 'نەخێر' بوو ئەوا بە ئەدەبەوە بەڕوویدا پێبکەنە و بڵێ خودات لەگەڵ، بەڵام ئەگەر وەڵامەکەی 'بەڵێ' بوو ئەوە ئەم کەسە لەلایەن یاساوە ڕاسپێردراوە کە وەك وەکیل کاربکات، بەڵام هێشتا سەرەڕای ئەمەش پێویستە دڵنیاببیتەوە ئایا ئەمە یەك ماسکی پۆشیووە یان دوو ماسك، چونکە هەندێك لە وەکیلەکان لە هەمانکاتدا دەکرێت دەڵاڵیش بن.

٢- ئایا خۆت یان دامەزراوەکەت هیچ پەیوەندییتان هەیە لەگەڵ دەڵاڵەکاندا؟ ئەگەر وەڵامەکە 'بەڵێ' بوو ئەوە تۆ لەگەڵ کەسێکدا مامەڵەدەکەیت کە ڕەنگە وەك دەڵاڵ کاربکات و وەبەرهێنانەکانت بەکاربهێنێت بۆ دەستکەوتنی قازانجی ژێربەژێر. ڕێگەیەکی ئاسان بۆئەوەی بزانیت ئەم کەسە دەڵاڵە یان نا ئەوەیە سەیرێکی کارتەکەی بکەیت، ئەگەر نوسرابوو " ئێمە لەڕێگەی فلان کۆمپانیاوە دڵنیایی و ئاسایشیی وەبەرهێنانت بۆ دابین دەکەین" ئەوا بزانە دەکرێت ئەم کەسە دەڵاڵ بێت. لەبەرئەوە ڕابکە ! ڕابکە ژیانی خۆت بپارێزە !

٣- ئایا کۆمپانیاکەتان شتومەکی هاوبەش پێشکەش دەکات یان بەجیا و بەسەربەخۆیی پێشکەشی دەکات؟

بەدڵنیاییەوە دەتەوێت وەڵامەکەی 'نەخێر' بێت. ئەگەر وەڵامەکەی 'بەڵێ'بوو، ئەوە ئاگاداری جزدانەکەت بە ! ئەمە دەکرێت مانای ئەوەبێت کە ئەمان بەدوای قازانجی زیادەدا دەگەڕێن و دەیانەوێت هانی تۆ بدەن

بۆئەوەی ئەو پشکانە بکڕیت کە قازانجێکی زۆری بۆ خۆیان هەیە و بۆ تۆ نییەتی.

٤- ئایا خۆت یان کۆمپانیاکەت قەرەبووی زیادە وەردەگرن لەبەرانبەر پێشنیارکردنی وەبەرهێنانێکی دیاریکراودا؟

ئەم پرسیارە زۆر گرنگە کە وەڵامت دەستبکەوێت، بۆچی؟ چونکە پێویستە بزانیت کە ڕاوێژکارەکەت هیچ بەخششێك وەرناگرێت لەبەرانبەر ئەو پێشنیارانەی کە دەیکات بۆت، چونکە ئەگەر وابێت ئەوا ئەم ڕاوێژکارە ڕێژەیەکی زۆر کرێ و پارەی نهێنی و زیادە وەردەگرێت.

٥- فەلسەفەی وەبەرهێنانت چییە؟

ئەمە یارمەتیت دەدات لەوە تێبگەیت کە ئایا ڕاوێژکارەکەت کەسێکە بڕوای وایە بەهۆی پشکی تاك و پشکی هاوبەشەوە دەتوانێت قازانج بکات و لە بازاڕ باشتر بێت. چونکە ئەگەر ڕاوێژکارەکەت ئەستێرەیەکی دیاری وەك دالۆ یان وارن بەفت نەبێت، ئەوە بەپێی کات وردە وردە یارییەکە دەدۆڕێنێت.

٦- خزمەتگوزاری پلانی دارایی چی شتێك پێشکەش دەکات کە لەسەروو ستراتیجییەتی وەبەرهێنان یان پلان و نەخشەڕێگای بەڕێوەبردنەوە بێت؟

یارمەتی لەبواری وەبەرهێناندا ڕەنگە هەموو ئەو شتە بێت کە بەپێی قۆناغە جیاوازەکانی ژیانت بتەوێت، بەڵام کاتێك کە تەمەن دەکەیت یان سامانی زیاتر بەدەستدەهێنیت و چەندین شت هەیە چاودێرییان بکەیت، ئەو کاتە شتەکان لەڕووی داراییەوە ئاڵۆزدەبن: بۆ نمونە، ڕەنگە سەرقاڵی پاشەکەوتکردن بیت بۆ خوێندنی منداڵەکەت یان پلانی خانەنشینییت یان سەرقاڵی ئەو ژمارە زۆرە پشکە بیت کە لەبەردەستتن. زۆربەی

ڕاوێژکارەکان توانایەکی دیاریکراویان هەیە لە وەبەرهێناندا، چونکە وەک پێشتر ئاماژەم پێدا زۆربەیان لەڕووی یاساییەوە ڕێگەپێدراو نین ئامۆژگاری و ڕاوێژت لەگەڵ بکەن لەبارەی باجەوە، بەهۆی ئەوەی پێشتر دەلاڵ بوون.

٧- پارەکەم لە کوێدا هەڵدەگیرێت؟

وەکیل و ڕاوێژکاری ڕاست دەبێت هەمیشە کەسی سێیەمی هەبێت بۆ هەلگرتنی پارەکانت. ئەمەش دەکرێت لەڕێگەی سیستەمێکی بانکی یان شوێنێکی پارێزراو بێت، تۆ واژۆ دەکەیت و دەسەڵات دەدەیت بە بریکارەکەت کە پارەکانت بەڕێوەببات و هیچ پارەیەکیش ناکشێنیتەوە. هەواڵە خۆشەکەش دەربارەی ئەم ڕێککەوتنە ئەوەیە کە هەرکاتێک ویستت ڕاوێژکارەکەت لەکار لاببەیت پێویست ناکان هەژمارە بانکییەکەت بگوازیتەوە بۆ شوێنێکی دیکە، بەڵکو دەتوانیت ڕاوێژکارێکی نوێ بەکرێ بگریت بەبێ ئەوەی هیچ لە هەژمارەکەت کەمبێتەوە. هەروەها ئەم سیستەمە لە فێڵ و تەڵەکەی کەسی ساختەچی وەک 'بێرنی مادۆف' دەتپارێزێت.

## ئەرکەکە بەئەنجامگەیەندرا!

ئێمە لە بەندی یەکەمی ئەم پەرتوکەدا بابەتێکی زۆرمان باسکرد. هەروەک لەبیرتە ئەم بەندە ناوی پەرتوکی یاساکان بوو کە دەربارەی سەرکەوتنی بازرگانی بوو، تەنها چەند ساتێک بیر لە گرنگترین یاساکان بکەرەوە کە تائێستا فێریان بووبیت:

- فێربوویت ببیتە وەبەرهێنێکی درێژخایەن کە لەکاتی بازرگانیدا نچیتە بازاڕ و دیسان بکشێیتەوە، بەڵکو لە هەموو بارودۆخێکدا

بمێنێیتــەوە و بــەهیچ شــێوەیەك بــەهۆی سســتی و گــۆڕانی نرخەکانەوە توشی شڵەژن نەبیت و خۆڕاگر بیت.

- فێربوویت کە زۆربەی زۆری پـڕۆژە هاوبەشـەکان نرخـی زیـاد لـە بەرانبەر کارێکی کەم وەردەگرن، هەر لەبەرئەوەیە کـە باشـتروایە لە پڕۆژەیەکی هەرزاندا بیت کە بۆ چەندین ساڵ دەمێنێتەوە.
- فێری ئەوە بوویت کە کرێ و ئابونەی زۆر کاریگەرییەکی وێرانکەر و کوشندەی هەیە. هەروەك مێرووله داهاتی ئایندەت دەخۆن.
- فێربوویت کە چۆن ڕاوێژکارێکی بێلایەن بدۆزیتـەوە کـە بەڕاسـتی شایستەیە و بەباشیش پاداشتی متمانەکەت دەداتەوە.

ئێستا تۆ پەرتوکی یاساکانت تەواوکردووە. تـۆ یـەکێکیت لـەو کەمینەیـەی کە لەبارودۆخ و سیسـتەمی بـازاڕ و کاروبـاری بازرگـانی تێدەگـەن. مـادەم ئێستا تۆ یاساکان دەزانیت، کەواتە ئامادەیت بچیتە یارییەکەوە!

بەندی ٢ ی پەرتوکی "خۆڕاگر بە" چەند سـتراتیجیەتێکی بازرگـانی لـەخۆ دەگرێت کە توانای ئەوەت پێدەدات پلانە کردارییەکەت هەرئێسـتا بخەیتـە بـواری جێبەجێکردنـەوە. لەبەشـی ٦ دا باسـی چـوار یاسـای گرنگـت بـۆ دەکـەم کـە باشـترین وەبەرهێنـەکانی جیهـان لـەکاتی بڕیاردانـدا بـەکاری دەهێنن. لەبەشـی ٧ دا فێـری ئـەوە دەبیـت "ورچـەکە بکوژیـت" ئـەمیش بەئامادەکردنی پلان و نەخشـەڕێگایەکی هەمەچەشـن کـە لـەکاتی دارمـانی بازاڕدا دەتپارێزێت، لـە بەشـی ٨ دا پێتـدەڵێم چـۆن "دوژمنەکـەی ناخـت بێدەنگ بکـەیت". هـەروەها ئـەو نهێنییـە گرنگانـەت پێـدەڵێم کـە خـۆم بەدرێژایی ٤٠ ساڵ فێریان بووم.

ئەم ستراتیجییەتانە زانیاری و هۆکاری پێویستت پێدەدەن کە بەهۆیانـەوە

سەربەستیی تەواو لە بواری داراییدا بەدەستدەهێنیت! ئێستا هەست بەو هێز و توانایە دەکەیت کە بەناو دەمارەکانتدا دەڕوات؟ دەی کەوایە لاپەڕەکە هەڵبەرەوە، چونکە ئێستا کاتی ئەوەیە ستراتیجییەتەکانت دابنێیت و کۆنترۆڵی بابەتەکە بکەیت و بچیتە یارییەکەوە...

# بەشی شەشەم
# چوار یاسا بنچینەییەکە

یاسا گرنگەکان کە لە هەموو بڕیارێکی تایبەت بە وەبەرهێنان یارمەتیدەرن

با سادەی بکەینەوە، زۆر سادەی بکەین.

– ستیڤ جۆبز

هەموو کەسێك دەکرێت بەختی هەبێت و یانسیبێك بباتەوە. دەکرێت هەرکەسێك لە کاتێك بۆ کاتێکی دیکە پشکێك بکڕێت و قازانجێك بکات، بەڵام ئەگەر بتەوێت بەردەوامبیت لە سەرکەوتن و هەروەها بردنەوەکانت درێژەیان هەبێت، ئەوا پێویستت بە زیاترە و ددبێت لە بەخت و یانسیب دەربچیت. ئەوەی بەدرێژایی ٤٠ ساڵ لە توێژینەوە و گەڕان بۆم دەرکەوت ئەوەیە کە ئەوانەی سەرکەوتوون لە بوارە جیاوازەکاندا ئەوانەنین کە بەختیان هەیە، بەڵکو ئەوانەن کە بیروڕایان جیاوازە، هەروەها ستراتیجییەتی جیاوازیان هەیە و کارەکانیان جیاواز لە کەسێکی ئاسایی ئەنجامدەدەن.

من بەردەوام ئەم جۆرە سەرکەوتنانە دەبینم لە ژیانی ڕۆژانەدا. بۆ نمونە: هەیە لە هاوسەرگیریدا سەرکەوتووە یان هەیە کێشی دابەزاندووە و شادومانە، یان هەیە سامانێکی زۆری کۆکردۆتەوە و بۆ ماوەی چەند ساڵ بەردەوام دەبێت. لەبەرئەوە گرنگە ئەم ڕێگە و شێوازانە بزانین و بەکاریان بهێنین لە ژیانی ڕۆژانەماندا بۆئەوەی ئێمەش سەرکەوتووبین.

کاتێك کە دەستمکرد بە گەشتەکەم بۆئەوەی ئەو چارەسەرانە بدۆزمەوە کە دەکرێت لەڕووی داراییەوە یارمەتی خەڵکی بدەن، هەوڵمدا باشترینی باشترینەکان بکەم، هەروەها چاوپێکەوتنم لەگەڵ ٥٠ وەبەرهێنی زۆر گەورەدا ئەنجامدا. هەوڵمدا ئەو کۆد و نهێنییانە بشکێنم و بزانم ئەو شتە چییە کە دەبێتە هۆی ئەم سەرکەوتنە نایابەیان. لەسەروو هەمووشییەوە، بەردەوام پرسیارێکم لەخۆم دەکرد: دەمگوت باشە ئەم کەسانە چی شتێکی هاوبەشیان هەیە؟

بەڵام هەر زوو بۆم دەرکەوت کە ئەم پرسیارە وەڵامدانەوەی زۆر قورسە، جا کێشەکەش ئەوەیە ئەم هەموو وەبەرهێنە گەورەیە شێواز و ڕێگەی جیاوازیان هەیە بۆ پەیداکردنی پارە. بۆ نمونە، پاوڵ تودەر جۆنسس بازرگانێکە کە لەسەر بنەمای دید و بۆچوونی خۆی بۆ ئابوریی جیهان وەبەرهێنانی گەورەی دەکرد. کەسێکی وەك وارن بەفت پرۆژەی ماوەدرێژ لە کۆمپانیا تایبەت و حکومییەکانیشدا دەکاتەوە کە پڕیەتی لە ململانێ و قازانج، یان کارڵ ئایکان ئەو بازرگانییانە دەکاتە ئامانج کە لاوازن و ئەم دووبارە بانگەشەی بۆ دەکات و ستراتیجییەتەکانی دەگۆڕێت بۆئەوەی موشتەرییەکان قازانج بکەن. کەواتە ڕوون و ئاشکرایە کە چەندین ڕێگەی جیاواز هەیە بۆ سەرکەوتن، بەڵام دۆزینەوەی ڕێگەیەکی گشتگیر شتێکی زۆر قورسە!

بۆ ماوەی حەوت ساڵی ڕابردووە خەریکی ئەو شتە بووم کە هەمیشە حەزمکردووە بیکەم، ئەویش ئەوەبوو ویستومە چەند بابەتێکی ئاڵۆز و سەرنجڕاکێش کۆبکەمەوە و دواتر بیانکەم بە چەند بنەمایەکی گرنگ و کەسانی وەك تۆ و خۆشم بەکاریان بهێنین. باشە چیم دزییەوە؟ ئەوەم بۆ

دەرکەوت چوار بنەمای گرنگ هەن کە زۆربەی زۆری وەبەرهێنە گەورەکان لەکاتی بڕیارەکانیاندا بەکاریدەهێنن. من ئەم بنەمایانەم ناوناوە یاسا بنچینەییەکان. ئەم چوار یاسایە کە لەم بەشەدا ڕوونیدەکەمەوە، دەکرێت بەشێوەیەکی بەرچاو کاریگەری بکەنەسەر تواناکانت بۆ بەدەستهێنانی سەربەخۆیی دارایی.

کە باسی ئەم بنەمایانەت بۆ دەکەم یەکسەر دەڵێیت "ئەوە چییە ئەوەندە ئاسان!" یان دەڵێیت "چەند سادەیە!"بەڵام دەزانیت چی؟ تۆ ڕاست دەکەیت وایە، بەڵام زانینی یاساکان بەس نییە، بەڵکو دەبێت کاریان پێبکەیت.

.

..

.



کردار هەموو شتێکە. من نامەوێت بەبێ هیچ بێم بابەتگەلێکی زۆرت لەلا ئالۆز بکەم و لە کۆتاییکەشیدا بتخەمە دەریایەك لە زانیارییەوە و نەشزانیت چۆن بەکاریان بهێنیت. ئامانجی من ئەوە نییە گفتوگۆیەکت بۆ بکەم سەرسامت بکەم، بەڵکو دەمەوێت شتەکانت بۆ کۆبکەمەوە و سادەیان بکەمەوە بۆت، ئەوکات تۆش هەستدەکەیت ئامادەیت و دەتوانیت دەستبکەیت بە جوڵە!

ئەم بنەمایانە پێکەوە لیستێکی گرنگ لە زانیاریمان پێدەدەن. لەبەرئەوە هەرکاتێك لەگەڵ ڕاوێژکارەکەمدا باسی وەبەرهێنانێکی داهاتوو بکەین، سەیرێکی ئەم لیستە دەکەم بزانم ئەم وەبەرهێنانە لەگەڵ یاساکاندا یەکدەگرنەوە.

ئەگەر یەکیاننەگرتەوە یەکسەر حەزم لەو پرۆژەیە نامێنێت. بۆچی من ئەوەندە سوورم لەسەر ئەمە؟ چونکە ئەوەندە بەس نییە تەنها بڵێیت" ئەمانە چەند یاسایەکی گرنگن، هەوڵدەدەم لەبیریان نەکەم." باشترین وەبەرهێنەکان لەوە تێدەگەن دەبێت گرنگی تەواو بە ئەم بنەمایانە بدرێت. لەوە تێدەگەن کە ئەمانە کۆمەڵە بنەمایەکی زۆر گرنگن کە دەبێت پیادەبکرێن و بکرێنە بنەمای هەر وەبەرهێنانێك کە ئەنجامی دەدەن. بەکورتی، ئەم چوار یاسا بنچینەییە دەبێت لەناو ستراتیجییەتی وەبەرهێنانەکانتدابن.

## یاسای بنچینەیی یەکەم:

## پارە لەدەست مەدە

یەکەم پرسیار کە هەموو وەبەرهێنێکی گەورە دەیکات ئەمەیە: "چۆن خۆم لە لەدەستدانی پارە بپارێزم؟" ڕەنگە ئەمە نامۆ بێت. ئێمە بەگشتی جەخت لەسەرئەوە دەکەینەوە: "چۆن بتوانم پارە پەیدابکەم؟ چۆن گەورەترین قازانج بکەم و یانسیبەکە ببەمەوە؟" بەڵام باشترین وەبەرهێنەکان سەرقاڵی ئەوەن کە پارە لەدەستنەدەن. بۆچی؟ چونکە ئەمان لە یاسایەکی سادە و گرنگ تێدەگەن، هەتاوەکو پارەی زیاتر لەدەست بدەیت، زیاتر قورس دەبێت بگەیتەوە سەر ئەو دۆخەی پێشووتر تێیدا بوویت.

ئەو هەستە چۆنە ئێستا بگەڕێیتەوە سەردەمی قوتابخانە و ناچار بیت بیرکاری بخوێنیت! نامەوێت بێزارت بکەم، بەڵام گرنگە کەمێك بوەستین و ڕونیبکەینەوە کە بۆچی پارە لەدەستدان ئەوەندە کارەساتە. با بڵێین تۆ ٥٠٪ ی داهاتەکەت لە وەبەرهێنانێکی خراپدا لەدەستدەدەیت، چەندێکت پێویستە بۆئەوەی دووبارە سامانەکەت بگاتەوە دۆخی پێشووی؟ زۆربەی خەڵکی دەڵێن ٥٠٪، بەڵام زۆر هەڵەن.

با بزانین بۆ؟ ئەگەر تۆ بە بڕی ١٠٠,٠٠٠ دۆلار وەبەرهێنانت کردبێت و ٥٠٪ی لەدەستدەدەیت، کەواتە ئێستا ٥٠,٠٠٠ دۆلارت ماوەتەوە. ئەگەر دواتر بە بڕی ئەو ٥٠,٠٠٠ دۆلارە وەبەرهێنان بکەیت و ٥٠٪ قازانج بکەیت ئەوە تۆ ئێستا خاوەنی ٧٥,٠٠٠ یت (٥٠,٠٠٠ی خۆت و نیوەش قازانج کە ٢٥,٠٠٠ هەزارە، کەواتە هەمووی دەکاتە ٧٥,٠٠٠ دۆلار)!

لە ڕاستیدا پێویستت بە ١٠٠٪ دەبێت بۆئەوەی بگەیتەوە بە دۆخی

پێشووترت کە ١٠٠,٠٠٠دۆلار بوو. کە ئەمەش بەلایەنی کەمەوە چەندین ساڵ دەخایەنێت. ئەمەش دوو یاسا بەناوبانگەکەی وارن بەفت ڕووندەکاتەوە کە دەڵێت: ‘‘ یاسای یەکەم: هەرگیز پارە لەدەستمەدە. یاسای دووەم: هەرگیز یاسای یەکەمت بیرنەچێت.‘‘

وەبەرهێنە ئەفسانەییەکانی دیکەش گرنگی تەواو دەدەن بە خۆپاراستن لە لەدەستدانی پارە، بۆ نمونە، هاوڕێی ئەزیزم پاوڵ تودەر جۆنس پێیگوتم: ‘‘ گرنگترین شتێك بەنیسبەت منەوە ئەوەیە کە بەرگریکردن ١٠ هێندەی هێرشکردن گرنگترە... دەبێت ئامادەبیت بۆئەوەی لەهەر بارودۆخێکدا خۆت بپارێزیت.‘‘ بەڵام لەڕووە کرداریییەکەیەوە چۆن خۆت لە لەدەستدانی پارە دەپارێزیت؟ سەرەتا ئەوە بزانە کە بازاڕ و دۆخی دارایی پێشبینیکراو نییە. سەرکردەکان لە تەلەفیزیۆنەوە قسەدەکەن و بەشێوازێك نیشانیدەدەن کە دەزانن دواتر چی ڕوودەدات، بەڵام بەوە تێمەکەوە ! زۆربەی وەبەرهێنە سەرکەوتووەکان لەوە تێدەگەن کە هیچ کەسێك ناتوانێت بزانێت داهاتوو بەدیاریکراویی چۆنە و چی بۆ ئامادەکردوین. لەبەرئەوە ئەمەیان لە مێشکدایە و هەمووکات ئامادەی شتە چاوەڕواننەکراوەکانن و خۆیان بۆ ئەوەش ئامادەکردووە کە هەرچەندە زیرەکبن تەنانەت دەکرێت خودی خۆشیان بکەونە هەڵەوە.

بۆ نمونە، ڕەی دالیۆ: ڕۆژنامەی فۆربس دەڵێت کە ڕەی دالیۆ ٤٥ملیار دۆلاری بۆ وەبەرهێنانەکانی بەدەستهێناوە کە زیاترە لە هەرکەسێکی دیکە بەدرێژایی مێژوو، سامانەکەی بە ١٥,٩ ملیار دۆلار خەمڵێندراوە !

من بۆ ماوەی چەندین ساڵە ژمارەیەك کەسی زۆر جیاوازم بینیووە، بەڵام هیچ کەسێکم نەبینیووە لە ڕەی زیرەکتر بێت. سەرەڕای ئەمەش جارێك

پێیگوتم هەموو وەبەرهێنانەکەی لەسەر ئەوە بنیاتناوە کە هەمیشە ئاگاداری ئەوەبووە دەکرێت هەندێکجار بازاڕ لە ئەم زیرەکتر بێت و بەتەواوەتی ئاڕاستەی بگۆڕێت. ئەو ئەم وانەیە ماوەیەکی زۆر لەمەوپێش لە پیشەکەیدا فێربوو. سوپاس بۆ ئەو ئەزمونەی کە ئەو بە ‘‘ بەئازارترین ئەزموونەکان’’ی ژیانی ناوی هێنا.

لە ساڵی ١٩٧١ ئەوکاتەی ڕەی دالیۆ گەنج بوو، سەرۆکی ئەمریکا ڕیچارد نیکسۆن، ویلایەتە یەکگرتووەکانی لە سیستەمی ئاڵتونەوە گۆڕی. واتە چیتر ڕاستەوخۆ دۆلار بە ئاڵتون ناگۆڕدرێتەوە، ئەمەش واتای ئەوەیە کە چیتر پارەی ئەمریکا لە کاغەزێك زیاتر بەهای نییە. ڕەی دالیۆ و هەموو کەسێکی دیکەش دەیانزانی کە بازاڕ لەبەرانبەر ئەم ڕووداوە مێژووییەدا بەتەواوی دادەبەزێت. ئەی دواتر چی ڕوویدا؟ نرخی شتومەك تەواو بەرزبوویەوە! بەڵێ ئەمان تەواو پێچەوانەی لۆژیك و ئەقڵیان ئەنجامدا و پێچەوانەی ئەوەیان کرد کە هەموو شارەزاکانی دیکە چاوەڕێیان دەکرد، لەبەرئەوە ڕەی گوتی ‘‘ ئەوەی بۆم دەرکەوت ئەوەیە کە هیچ کەسێك ئێستا و داهاتووش هیچ نازانن، لەبەرئەوە پشك و شتومەکێك هەڵدەبژێرم کە ئەگەر هەڵەش بکەم بەباشی بمێنمەوە.’’

ئەمە بیروبۆچونی منە: نابێت هەرگیز ئەوەت لەبیربچێت کە دەبێت پشك و شتومەکێك هەڵبژێریت و دیاری بکەیت کە هەرچەندە هەڵەش بکەین هەر بەسەلامەت بمێنیتەوە. مەبەست لە هەڵبژاردنی شمەك تێکەڵکردنی چەندین جۆر وەبەرهێنانی جیاوازە بەشێوەیەك کە مەترسییەکانت کەمبکاتەوە و دەستکەوتت زیادبکات.

## من بەدوای ڕکابەریی زۆر گەورەدا ناگەڕێم، بەڵکو بەدوای ڕکابەریی بچوکدا دەگەڕێم کە دەمگەیەنێتە ڕکابەرییە گەورەکان

## – وارن بەفت

دواتر لەم بەشەدا باسی ورد و درشتی هەڵبژاردن و دانانی پشکەکان دەکەین بە وردەکارییەکی قوڵتر، بەڵام لەئێستادا گرنگە لەبیرمان بێت هەموو کات پێویستە چاوەڕێی شتی نەخوازراو بکەین. کەواتە ئەمە واتای ئەوە دەگەیەنێت کە دەبێت خۆمان بشارینەوە، چونکە هەموو شتێك جێگەی گومانە؟ نەخێر بەهیچ شێوەیەك. ئەمە زۆر بەسادەیی واتە دەبێت بەشێوازێك وەبەرهێنان بکەین کە بمانپارێزێت لە شتی کتوپڕ و ناخۆش. هەردووکمان ئەوە دەزانین کە زۆربەی وەبەرهێنەکان بەهۆی تێکچونی دۆخی بازاڕەوە توشی زیان دەبن، چونکە بەشێوازێك مامەڵەیانکردووە وەك بڵێیت داهاتوویان هیچی تێدانییە سەرکەوتن و قازانج نەبێت. لەبەرئەوە لە ئەنجامدا توشی کێشە دەبنەوە و بارودۆخەکەیان سەخت دەبێت، بەڵام براوەکانی وەك بۆگڵ و بەفت و دالیۆ دەزانن داهاتوو پڕە لە سوپرایز کە دەکرێت هەندێکیان خۆش و هەندێکیان ناخۆش بن. لەبەرئەوە هەرگیز مەترسیی کەوتنیان لەبیرناچێت. بۆیە ئەم جۆرە کەسانە بەهۆی وەبەرهێنانی چەندین پشکی جۆراوجۆرەوە کە هەندێکیان قازانج دەکەن و هەندێکی دیکەیان زیانیان بەردەکەوێت خۆیان دەپارێزن.

من کەسێکی ئابوریزان یان چاودێری دۆخی بازاڕ نیم، بەڵام دەزانم کە خۆپاراستن لە لەدەستدانی پارە بابەتێکی زۆر گرنگە.

چۆن یاسای `` پاره لەدەست مەدە `` لە ژیانی خۆمدا جێبەجێ بکەم؟
من زۆر گرنگی دەدەم بە بیرۆکەی لەدەستنەدانی پارە و بە هەموو ڕاوێژکارەکانیشم دەڵێم `` باسی وەبەرهێنانێك مەکەن بۆم تاوەکو باسی ئەوەم بۆ نەکەن کە چۆن خۆمان بپارێزین لە لایەنە نەرێنییەکانی. ``

## یاسای بنچینەیی دووەم:

## یاسای مەترسی/ پاداشت

بەپێی قسەی کەسە ژیرەکان پێویستە خۆت بخەیتە مەترسی گەورەوە، ئەگەر بتەوێت پاداشتی گەورە بەدەستبهێنیت، بەڵام زۆربەی وەبەرهێنەکان خۆیان ناخەنە ئەم یاسای `` مەترسی گەورە – پاداشتی گەورە ``وە، بەڵکو لەبەرانبەردا ڕاوی وەبەرهێنان دەکەن. بە مانایەکی دیکە ئەمان دەیانەوێت پاداشتەکەیان لە مەترسییەکەیان زیاتر بێت. واتە هەتا بتوانن کەمترین مەترسی توشی خۆیان دەکەن و زۆرترین پاداشتیان دەستدەکەوێت.

ئەم شێوازی وەبەرهێنانەم لە پاوڵ تودەر جۆنسم بینی کە یاسای `` پێنج بە یەك ``ی لە بڕیارە بازرگانییەکانیدا بەکاردەهێنا.



©Jeff Stahler/Distributed by Universal Uclick for UFS via CartoonStock.com

پاوڵ گوتی: ‌‌‌‌‌‌‌‌‌‌ ‘‘ من یەك دۆلار دەخەمە مەترسییەوە لە بەرانبەردا پێنج دۆلارم دەستدەکەوێت.’’ پاشان دواتر بۆی ڕوونکردمەوە کە یاسای ‘‘ پێنج بە یەك’’ واتە ئەگەر تۆ پێنج وەبەرهێنان بکەیت هەریەکێکیان بەبڕی ١ ملیۆن دۆلار، دواتر چوار لەم وەبەرهێنانە مایەپوچ بێت و ٤ ملیۆن لەدەستدەدەیت، بەڵام ئەگەر پێنجەمیان سەرکەوتووبێت و قازانجی باش بکەیت ئەوە بڕی ٥ ملیۆن دۆلارت دەستدەکەوێتەوە.

لەڕاستیدا یاساکەی پاوڵ دەکرێت زۆر لەوە باشتربێت. بیهێنە پێش چاوت تەنها دوان لەو وەبەرهێنانە بەو شێوەیەی چاوەڕێ دەکرێت سەرکەوتووبن و هەریەکە و پێنج قات زیادبکەن، ئەوکات ٥ ملیۆن دۆلارەکەت دەبێتە ١٠ ملیۆن. واتە هەرچەندە ٦٠٪ ئەگەری هەبوو بدۆڕێت کەچی هێشتا

پارەکـەی دووقـات بووەتـەوە. بـە جێبـەجێکردنی ‘‘ پێـنج بـە یـەك‘‘ سەرەڕای هەندێك هەڵەش کە کردویەتی پاوڵ یارییەکە دەباتەوە.

با ڕوونـتربم لەگـەڵت، ئـەم ‘‘پێـنج بـە یـەك‘‘ە داهێنـانی پاوڵـە، بـەڵام هەمووکات پاوڵ پشت بەو ڕێژەیە نابەستێت. ئەگەر بارودۆخەکە پێویستی کـرد دەکرێـت ‘‘ سـێ بـە یـەك‘‘ بـەکاربهێنێت، بـەڵام سـەرئەنجام یـەك مەبەستی هەیە، ئەویش ئەوەیە خۆی لـە کێشـە و زیـان لابـدات و قـازانجی گەورە بکات.

هاوڕێیەکی دیکەم کە زۆر گرنگـی بـە یاسـای مەترسـی بـە پاداشـت دەدات نـاوی ‘ڕیچـارد برانسـن‘ە کـە دامەزرێنـەری گروپـی ‘ڤێـرجن‘ە. ڕیچـارد سەرپەرشتی چوارسەد کۆمپانیای دەکرد. ئەم تەنها بەڵێنـدەرێکی ئاسـایی نەبوو، بەڵکو خولیایـەکی زۆری هـەبوو بۆ سەرکێشـی و خسـتنە مەترسـی ژیـانی. لەگـەڵ ئـەوەی کـە چـەندین سەرکێشـی ئەنجامـدا، بـەڵام کاتێـك بابەتەکـە دەبـووە بابـەتی دارایـی زۆر وریـا دەبـوو و هەوڵیـدەدا کـەمترین مەترسی توش بێت.

نمونەیـەکت پێـدەڵێم: کاتێـك ڕیچـارد لەسـاڵی ١٩٨٤ هێڵـە ئاسمانییـەکانی ئەتڵەسی دامەزراند، هەمووی تەنها پێنج هێڵی ئاسمـانی بـوون. دەیویسـت ڕکابـەری هێڵـی ئاسمـانی بـەریتانیا بکـات کـە زۆر بـەهێز و گـەورە بـوون. جارێك ڕیچـارد بەگاڵتـەوە گـوتی: ‘‘ ئەگـەر دەتـەوێت ببیـت بـە ملیۆنـەر، ئـەوە دەبێـت لـە یـەك ملیـارد دۆلارەوە دەسـتپێبکەیت و فڕۆکەخانەیـەك بکەیتـەوە!‘‘ ڕیچـارد بـۆ مـاوەی یـەك سـاڵ زیـاتر خـەریکی گفتوگـۆ و لێکۆڵینـەوە بـوو بۆئـەوەی ئەگـەر کارەکـەش سـەرینەگرت فڕۆکـەکانی دەستبکەوێتەوە. بـەم جـۆرەش کـەمترین زیـان و قـازانجێکی بێشـوماری

دەستدەکەوێت. ڕیچارد گوتی زۆربەی بەڵێندەرەکان بە ڕووڵەت وا دەردەکەون بەرگەی مەترسی بگرن، بەڵام وەهانین. گرنگترین وشە لە ژیانی مندا بریتییە لە ''لایەنە نەرێنییەکان'' دووربخەرەوە لەخۆت. ئەم شێوازی بیرکردنەوە لەبارەی 'مەترسی بە پاداشت' لەکاتی چاوپێکەوتنەکانمدا لەگەڵ کەسە بەناوبانگەکان بەردەوام دووبارە دەبونەوە و زیاد دەبوون.

سەیری کارڵ ئایکان بکە کە سەروەتەکەی بە ١٧ ملیار دۆلار مەزەندە دەکرێت و لەسەر بەرگی ڕۆژنامەی ''تایم مەگەزین'' ناونیشانی ''مامۆستای هەموو جیهان''ی لێنرابوو. کارڵ سامانێکی زۆری بەهۆی وەبەرهێنان لەو پرۆژانەدا بەدەستهێناوە کە بەشێوەیەکی لاواز بەڕێوەدەبران. دواتریش هەڕەشەی ئەوەی لە کۆمپانیاکان کرد ئەگەر بێت و چاکسازی لە شێوازی بەڕێوەبردنیاندا نەکەن، دەستدەگرێت بەسەریاندا. ئەمەش وەك یەکێك لە ترسناکترین یارییەکان لە جیهاندا دەردەکەوێت کە ترسی لەدەستچوونی ملیارەها دۆلاری هەبوو، بەڵام کارڵ هیوای لەدەستنەدا و ئومێدی بە ئەگەرەکانی سەرکەوتن زۆر بوو. وە پێی گوتم '' وەها دەردەکەوێت کە بڕێکی زۆر پارەمان خستووەتە مەترسییەوە، بەڵام وانییە، هەموو شتێك مەترسی و پاداشتە، بەڵام دەبێت تۆ لەوە تێبگەیت کە مەترسی چییە و پاداشت چییە. زۆربەی خەڵك لەمن زیاتر مەترسییان بینیوە، بەڵام ئەوان وەك من لێی تێنەگەشتوون.''

ئەم سێ ملیاردێرە، پاوڵ تودەر جۆنس، ڕیچارد برانسن، هەروەها کارڵ ئایکان، هەموویان بەتەواوی ڕێگەی جیاوازیان بەکارهێنا لە پەیداکردنی

پارەدا، بەڵام هەموویان یەك بیرکردنەوەیان هەبوو: چۆن مەترسییەکان کەمبکەینەوە و دەستکەوتەکان زیادبکەین.

بمبورە ئەگەر هەڵەم، بەڵام خۆ تۆش بەتەمانییت فرۆکەخانەیەك بکەیتەوە یان بتەوێت دەست بەسەر کۆمپانیاکاندا بگریت. ئەی کەواتە چۆن ئەم شێوازە بیرکردنەوەیە لە ژیانی بازرگانییتدا پیادە دەکەیت؟ ڕێگەیەك بۆ بەدەستهێنانی شێوازی مەترسی بە پاداشت ئەوەیە کە لەکاتی پشێوی و ڕەشبینیدا تۆ پشکی هەرزان و کەم بەها بکڕیت. هەروەك لە بەشی دواتردا فێردەبیت،، سستیی و لاوازی بازاڕ دەکرێت یەکێك بێت لە گەورەترین بەخششەکان لە ژیانی بازرگانییتدا. بیربکەرەوە لە قەیرانەکەی ساڵی ۲۰۰۸ بۆ ۲۰۰۹ کاتێك جیهان وەك دۆزەخی لێهاتبوو، بەڵام ئەگەر ژیربوویتایە و چاوت بکردایەتەوە ئەوە لە هەموو شوێنێك دەرفەتی زێڕین لەبەردەمتدا کەوتبوو!

کاتێك لەساڵی ۲۰۰۹ بازاڕ بەتەواوەتی تووشی دارمان بوو، زۆربەی وەبەرهێنەکان داهاتوویان لێوە دیارنەبوو، هەروەها هیچ ئومێدێکیان نەمابوو، چونکە وایلێهاتبوو بەچەند دۆلارێکی کەم کاڵات دەکڕی لە کۆمپانیاکان. بۆ نمونە، کۆمپانیای ' سیتی گروپ' نرخی کاڵاکانی کە پێشتر نرخیان ٥٧ دۆلاربوو دابەزی بۆ ٩٧ سەنت! بەڵام سەرکەوتنەکە لێرەدایە، هەمیشە دوای زستان بەهار دێت. هەندێك جار وەرزەکان زۆر لەوە زووتر دەگۆڕێن کە تۆ چاوەڕێت دەکرد. ئەو ٩٧ سەنتە لەماوەی ٥ مانگدا بەرزبوویەوە بۆ ٥ دۆلار. ئەمەش ٥٠٠٪ قازانجی بەخشی بە وەبەرهێنەکان. هەر لەبەر ئەوەیە کە وارن بەفت لەکاتی ئەو قەیرانەدا دەستی خۆی وەشاندبوو. لەکاتی قەیرانەکەدا وەبەرهێنەکان هەندێکیان

شتومەکی هەرزانیان کڕی و دواتر لەکاتی باشبوونی بازاڕدا بە نرخێکی سەرسوڕهێنەر فرۆشتیانەوە.

زۆربەی خەڵکی لەکاتی تێکچوونی بازاڕدا دەتۆقن و تەنها لایەنە نەرێنییەکان دەبینن، بەلام بەفت سەلماندی کە ئەستەمە بدۆڕێت. بەواتایەکی دیکە هەموو ئەمانە پەیوەندی بە شێوازی مەترسی بە پاداشتەوە هەیە.

کەواتە پێویست ناکات ملیۆنێك دۆلارت هەبێت بۆئەوەی وەبەرهێنانی گەورە بکەیت. پێویست ناکات بترسیت، ئەوەی لەسەر تۆیە ئەوەیە کە بەدوای ئامانجەکەتدا بڕۆیت. ئاگاداربە هەلی جۆراوجۆر هەمیشە بەپێی کەشوهەوای ئابوری و بارودۆخی بازاڕ دێنە بەردەستت.

## یاسای بنچینەیی سێیەم:

## خۆپاراستن لە باج

هەروەك پێشتر باسمانکرد، ئەگەر وریانەبیت دەکرێت بەرێژەی ٣٠٪ یان زیاتر لەکاتی وەبەرهێناندا دەستکەوت یان سامانەکەت بەهۆی باجەوە بڕوات. لەگەڵ ئەمەشدا کۆمپانیاکانی پڕۆژە هاوبەشەکان هەوڵدەدەن باجێکی زۆرت لێوەربگرن و بتخەڵەتێنن بەوەی کە تەنها یەك شت گرنگە ئەویش ئەو بڕەیە کە پەیدای دەکەیت نەك باجدان. کاتێك خەڵکی خۆشحاڵی خۆیان دەردەبڕن بەوەی کە قازانجێکی زۆریان کردووە و هیچ گوێ بە بڕی باج نادەن کە داویانە، ئەوە ڕێك ساویلکەیی و داماوی خۆیان پیشان دەدەن! وەك ئەوەیە کەسەکە بڵێت: ‘‘ من ئەمڕۆ لەسەر سیستەمێکی ڕێکی خۆراکی ڕۆشتم و زۆر باشبووم’’ ئەمە لەکاتێکدا لەبیریچووە دوو پارچە سەبونی گەورە و دوو قاپ پەتاتە و یەك دوو

ساردیشی خواردووە !

لە جیهانی بازرگانیدا خۆ بەباشزانین ڕەوشتێکی خراپە. لەبەرئەوە با خۆمان نەخەڵەتێنین و پەڕۆکەی چاومان لاببەین و ڕووبەڕووی ڕاستییەکان ببینەوە! ئەگەر تۆ کەسێکی کە دەستکەوتت باشە ئەوە ئێستا نزیکەی ٥٠٪ باج بە دەوڵەت و کۆمپانیاکان دەدەیت. ئەگەر تۆ شتێك دەفرۆشیت کە کەمتر لە ساڵێك ئەم شمەکەت هەیە، ئەوا کاتێك دەیفرۆشیت باج دەچێتە سەر ئەو قازانجەی دەستتدەکەوێت لێی. واتە هێندەی ئەو باجەیە کەدەیدەیت لە بەرانبەر داهاتێکی ئاساییت. کوشندەیە وای؟

بە پێچەوانەشەوە، ئەگەر شمەکەکانت بۆ ماوەی ساڵێك یان زیاتر هێشتەوە، کاتێك دەیانفرۆشیت ئەوا دەبێت باجی ماوەدرێژ بدەیت.

ئەگەر زیرەك بیت و بزانیت تا چەندێك ئەو شمەکانە دەهێڵیتەوە، ئەوا دەکرێت بەڕێژەی ٣٠٪ خۆلادانت لەباج زیاد بکات، بەڵام ئەگەر کاریگەرییەکانی باج فەرامۆش بکەیت، ئەوا بەقورسی باجەکەی دەدەیت.

با بڵێین تۆ لە پرۆژەیەکی هاوبەشدا کاردەکەیت کە ساڵانە ٨٪ قازانج دەکات، دوای لێدەرکردن و بردنی باج و کرێ بەڕێژەی ٢٪، ئەوکات ٦٪ دەمێنێتەوە.

ئەگەر لە شوێنێکی وەك کالیفۆرنیا وەبەرهێنان بکەیت ئەوا ٦٪ کەمتر دەبێتەوە بۆ ٣٪، چونکە باجی زیاتر دەدەیت! بەپێی ئەمەش بێت داهاتەکەت ٢٤ ساڵ جارێك دووقات دەبێتەوە. واتە ئەگەر ١ ملیار دۆلارت هەبێت دوای ٢٤ ساڵ دەبێت بە ٢ ملیار. هەروەها دەبێت حسابی ئەوەش بکەیت ئەگەر بازاڕ توشی هەڵاوسان ببێتەوە ئەوە بەڕێژەی ٢٪ هەم دیسان دادەبەزێت، لەبەرئەوە قازانجەکەت لە ٣٪ وە دێتە ١٪ و بەم

پێوەرەش بێت تۆ لە تەمەنی ١٢٠ ساڵیدا خانەنشین دەبیت.

**من پارەی تەواوم هەیە بۆ خانەنشینی و دەشتوانم بەخۆشی پێی بژیم، بەڵام کێشەکە ئەوەیە دەبێت هەفتەی داهاتوو بمرم.**

**– نەناسراو**

ئێستا دەزانیت بۆچی گرنگە بەشێوەی خۆلادان لەباج وەبەرهێنان و مامەڵە بکەیت؟ بڕوام پێبکە هەموو ئەو ملیاردێرانەی کە بینیوومن یەك شتیان هەیە هاوبەش بێت، ئەویش ئەوەیە خۆیان و ڕاوێژکارەکانیشیان زۆر وریان لەبارەی باجەوە. ئەوان دەزانن ئەوە حساب نییە کە پەیدای دەکەن، بەڵکو ئەوە حسابە کە دەمێنێتەوە بۆیان، چونکە پارەی ڕاستەقینە ئەوەیە دەتوانن وەبەرهێنانی پێوە بکەن و ببیەخشن و ژیانی خۆیانی پیێ باش بکەن.

ئەگەر دەتەوێت بزانیت با من پێت بڵێم: دەتوانیت باج لەسەر شمەکەکانت کەمبکەیتەوە و هیچ کێشەیەکی یاسایی و ئەخلاقی تێدا نەبێت، تەنها لەڕێگەی ڕێکخستنی شێوازی بەڕێوەبردنی کارەکانت. دەسەڵاتدارانی ئەمریکا زۆرجار لەسەر ئەم بابەتە زانیارییان داوە. جارێك 'بیلینگ' ئەندامی دەستەی دادگای باڵای ئەمریکا لەساڵی ١٩٣٤ ڕایگەیاند: '' هەموو کەسێك دەتوانێت کاروبارەکانی ڕێکبخات و بەم شێوەیەش باجەکانی دەکرێت کەمبێتەوە... هیچ کەسێك قەرزاری دەوڵەت نییە تاوەکو لەو بڕە زیاتر بدات کە دەوڵەت داوایکردووە.''

کاتێك دەیڤد سوێنسنم بینی باسی ئەوەی بۆ کردم کە یەکێك لە سودەکانی وەبەرهێنان بۆ دامەزراوەی 'یەیڵ' ئەوەیە کە ئەم دامەزراوەیە

قازانج نەویستە و لە باج خۆشدەبێت. بەڵام ئەی کەسانی دیکەی وەك ئێمە لەکوێ وەبەرهێنان بکەن؟ کەسانی ئاسایی وەك خۆمان باش وایە لە پرۆژە ئاساییەکاندا بیکەن، بەتایبەت ئەوانەی کە وەبەرهێنان زۆر دەکەن، بەڵام کێشەیەکی ئەم پرۆژانە ئەوەیە کە زۆربەی بەڕێوەبەرەکانی بەشێوەیەك هەڵسوکەوت دەکەن وەك بڵێیت باج گرنگ نییە، بەڵام باج گرنگە زۆریش گرنگە.

کاتێك دەیڤد قسەی بۆ دەکردم هەستم بەوە دەکرد بابەتەکەی زۆر بەلاوە گرنگ بوو. زۆر سوربوو لەسەر ئەوەی کە یارمەتی خەڵکی بدات لە گرنگی قسەکانی تێبگەن. لە کاریگەرییە زۆر گەورەکانی باج لەسەر قازانج و داهاتەکانیان تێبگەن. هەروەها دەیڤد جەختی لەوە کردەوە "ئەگەر پلانی ٤٠١ کەی یان ٤٠٣ بی"ت هەیە و بۆ دامەزراوەیەکی قازانج نەویست کاردەکەیت ئەوە باشترە ڕێژەی بەشداریکردنت ئەوپەڕی زیادبکەیت و بە زۆرترین پشکەوە بەشداری بکەیت. ئەگەر دەتەوێت زیاتر لەبارەی ئەم بابەتەوە بزانیت ئەوە پەرتوکی 'پارە: دەست بەسەر یارییەکەدا بگرە' بەوردیی باسیکردووە، بەتایبەت لە بەشی پێنجەم بەناونیشانی: "نهێنیی کەسە زۆر دەوڵەمەندەکان (کە تۆش دەتوانیت بەکاریان بهێنیت)." لەبیرت نەچێت ئەگەر دەلاڵ بەکاربهێنیت یەکێك لە کێشەکان کە ڕووبەڕوی دەبیتەوە ئەوەیە کە دەلاڵەکان شارەزای باج نین، لەبەرئەوە لەڕووی یاساییەوە ڕێگەپێدراو نین لەبارەی باجەوە ڕاوێژت لەگەڵ بکەن. تەنانەت زۆربەی ڕاوێژکاری کۆمپانیاکانیش لە تیمەکەیاندا شارەزای بواری باج نییە. هەر لەبەرئەمەیە کە پێویستە لەگەڵ دامەزراوەیەکدا کاربکەیت کە ژمێریار و شارەزایان لەگەڵ بێت، چونکە ئەمانە خۆلادان لە باج بە

گرنگترین شت دادەنێن. ئەوەی دەیڤد فێریکردم جێبەجێمکرد. ئەم شێوازە بیرکردنەوە و هەستیارییە بەرانبەر بە باج لە شێوازی وەبەرهێنانەکانمدا ڕەنگیداوەتەوە. من بە باجدان دەستپێناکەم، چونکە ئەمە هەڵەیەکی کوشندەیە، بەڵکو هەمیشە بە جەختکردنەوە لەسەر لەدەستنەدانی پارە و شێوازی مەترسی بە پاداشت دەستپێدەکەم. پاشان پێش هەموو وەبەرهێنانێك ئەم پرسیارە دەکەم: ‘‘ شێوازی باجدان چۆن دەبێت؟ ئایا هیچ ڕێگەیەك هەیە تاوەکو باجدان کەمبکەینەوە ؟’’

هۆکاری ئەم گرنگیدانەم بەم بابەتە ئەوەیە کە زۆربەی ژیانم لە کالیفۆرنیا بەسەربرد، کە دوای ئەوەی باجم دەدا لە یەك دۆلار ٣٨ سەنتم بۆ دەمایەوە. ئەی ئەگەر قەرزەکەی خاڵم بدایەتەوە ئاخۆ چیم بۆ بمایەتەوە. لەبەرئەوە کاتێك بەم ڕێژە زۆرە باجت لێوەربگیرێت واتلێدەکات هەستیاربیت بەرانبەر ئەم بابەتە. وەك دەوترێت "سەد حەکیم هێندەی دەردەدارێك شارەزا نییە !"

هەمیشە کاتێك کەسێك پێشنیاری وەبەرهێنانێکم بۆ دەکات کە قازانجێکی زۆری هەیە، منیش هەمیشە یەك قسە دەکەم: ‘‘ ئەم قازانجە پوختەیەت بەبێ باجدانە ؟’’ زۆربەی کاتەکان وەڵامەکەی ئەمە دەبێت، ‘‘ نەخێر ئەم قازانجە پێش باجدانە.’’ ئاگاداربە قازانجی پێش باجدان هەمیشە خەڵەتێنەرە، بەڵام قازانجی پوختە و دوای باج درۆی تێدا نییە. واتە کاتێك هەرچەندە ڕێژەیەکی زۆریش قازانج دەکەیت دواتر بەهۆی باجەوە زۆر کەمدەبێتەوە، بەڵام ئەگەر پوختە بێت واتە بەبێ باج ئەو ڕێژەیەت دەستبکەوێت ئەوە ڕاستییە و کەم ناکات. بۆ نمونە تۆ ١٠٠ دۆلارت

دەستدەکەوێت دوای باج و کرێ و هەموو شتێك دەمێنێتەوە ٦٠ دۆلار، بەڵام ئەگەر ٨٠ دۆلاری پوختت دەستبکەوێت واتە دوای باج و هەموو شتێك ئەوەندە بکات کەم نابێتەوە و پێی دەگوترێت داهاتی پوختە. لەبەرئەوە ئامانجی منیش و تۆش ئەوەیە داهاتی پوختە زیادبکەین نەك داهاتی پێش باج.

لە کۆتاییدا دەڵێم: وریابوون لە باجەکانت یارمەتیت دەدات کاریگەرییەکی گەورەترت لەسەر جیهانیش هەبێت. لەجێگەی ئەوەی حکومەت بڕیارت بۆ بدات و پارەکەت خەرج بکات، خۆت ئەو بڕیارە بدە! من ژیانێکی زۆر دەوڵەمەندانەم هەیە، چونکە دەتوانم لەگەڵ ئەو ئامانجانەدا بژیم کە یارمەتیم دەدەن و هانم دەدەن. من توانیومە خۆراکی چارەکە ملیارێك خەڵك بدەم، هەروەها لە بەرنامەدایە بەرزیبکەمەوە بۆ یەك ملیار ژەمە خۆراك. ڕۆژانە ئاوی سازگار بۆ ٢٥٠ هەزار خەڵکی هیندستان دابیندەکەم. هەروەها لە هەوڵدام کە هەزار منداڵ لە دەستدرێژی سێکسی ڕزگاربکەم. ئەمانە تەنها کەمێکن لەو بەخششانەی کە من دەیبەخشم لە ئەنجامی ئەوەی وریام بەرانبەر بە باج و خۆمی لێلادەدەم.

## یاسای بنچینەیی چوارەم:

## دابەشکاری (هەمەچەشنی)

چوارەم و کۆتا یاسای بنچینەیی کە ڕەنگە گرنگترین و ڕوونترینی هەر چوار یاساکە بێت: ئەویش هەمەچەشنییە. ناوەڕۆکی ئەم یاسا زۆربەی خەڵکیش دەزانین ئەویش ئەمەیە: هەموو هێلکەکانت لە یەك سەبەتەدا دامەنێ ( هەموو دەرفەتەکانت مەبەستەرەوە بە یەك شتەوە)، بەڵام جیاوازییەك هەیە لەنێوان ئەم دوو شتەدا ‘ بزانیت چی دەکەیت و ئەوەی

دەیزانیت بیکەیت.' پرۆفیسۆر بورتۆن مالکێڵ پێی گوتم: چوار ڕێگەی گرنگ هەیە بۆئەوەی بەباشی دابەشکاری بکەین:

١- دابەشکاری بکە لەنێوان چەندین کۆمەڵەشمەکی جیاوازدا. هەموو پارەکەت لە یەك پرۆژە یان یەك جۆر خانوبەرە و قەوڵە و گرێبەستدا خەرج مەکە، بەڵکو چەندین جۆر پشك و وەبەرهێنانی جیاواز بکە.

٢- دابەشکاری بکە لەنێوان یەك جۆر لە شمەکەکان. هەموو پارەکەت لە یەك جۆر شمەکی کۆمپانیایەکدا بەکارمەهێنە کە حەزت لێیەتی بۆ نمونە ئەپڵ. پێویست ناکات هەموو پارەکەت بدەیت بە یەك جۆر بەرهەمی ئەپڵ، بەڵکو چەندین بەرهەمی جیاواز بەکاربهێنە.

٣- دابەشکاری بکە لەنێوان بازاڕ و جۆری دراو و وڵاتی جیاوازدا. ئێمە لە جیهانی ئابوریدا دەژین، لەبەرئەوە ئەو هەڵەیە نەکەیت کە تەنها لە وڵاتەکەی خۆتدا بازرگانی بکەیت، بەڵکو وڵاتانی دراوسێ بەکاربهێنە و مامەڵە بکە و بازاڕ و دراوی دیکەش بەکاربهێنە.

٤- دابەشکاری بکە لەنێوان کاتدا. تۆ هیچ کاتێك نازانیت کەی بازاڕ باش دەبێت و کەی تێکدەچێت. لەبەرئەوە بەشێوازێکی بەرنامەڕێژیی بەردەوام هەموو کاتێك پارە بۆ پرۆژەکانت زیادبکە، چونکە لە هەرکاتێك نرخی دراو ( بۆ نمونە دۆلار) دابەزی یان بەرزبوویەوە تۆ لە مەترسییەکان پارێزراو دەبیت و لە هەردوو کاتەکەی کە دراو دابەزیوە و بەرزبووەتەوە تۆ وەبەرهێنانت کردووە، بۆیە ڕێژە و ئەگەری زیانت کەمترە و داهاتووت زیاترە.

.

.



هەموو ئەوانەی تا ئێستا چاوپێکەوتنم لەگەڵ کردوون یەك پرسیاری گرنگیان هەبووە، ئەویش ئەوەبووە کە چۆن بەباشترین شێوە دابەشکاری بکەیت بۆئەوەی زیانت کەمبکەیتەوە و قازانجت زیاد بکەیت. پاوڵ تودەر جۆنس پێی گوتم: "بەڕای من باشترین و گرنگترین شت ئەوەیە کە هەمەچەشنی لە بەرنامە و پلانی وەبەرهێنانەکانتدا بکەیت." ئەم پەیامە لە چاوپێکەوتنەکانمدا لەگەڵ جاك بۆگڵ، وارن بەفت، هۆوارد مارك، دەیڤد سوێنسن و هەروەها چەندانی دیکەدا دەنگدانەوەیەکی گەورەی هەبوو.

ئەم بنەمایە ڕەنگە سادە بێت، بەڵام جێبەجێکردنی شتێکی دیکەیە! چونکە بەڕاستی پێویستی بە شارەزاییەکی باش هەیە. ئەمە بابەتێکی ئەوەندە گرنگە کە زۆربەی بەشی دواترمان بۆ تەرخانکردووە. هاوڕێکەم پیتەر مالۆك، ئەو کەسەی کە لە قەیرانەکەی ٢٠٠٨ بۆ ٢٠٠٩دا ڕێنوێنی

خەڵکی دەکرد، لە دواتردا بۆتان ڕووندەکاتەوە کە چۆن بتوانیت لەنێوان چەندین جۆری شتومەك و خانوبەرە و زەوی و قەوڵەدا، هەڵبژاردن و جیاوازی و ڕێکخستنی کات و شوێن بکەیت. ئەرکی ئەو یارمەتیدانی تۆیە تاوەکو پلانێکی هەمەچەشن دابنێیت کە وەهات لێبکات لە هەموو بارودۆخێکدا سەرکەوتوو بیت. ڕەنگە ئەمە بەڵێنێکی گەورەبێت، بەڵام ئەم دابەشکارییە لە سەخترین وەرزەکانیشدا کاری خۆی دەکات. بۆ نمونە، لەنێوان سالأنی ۲۰۰۰ بۆ کۆتایی ۲۰۰۹ وەبەرهێنەرەکانی ئەمریکا بە قۆناغێکدا تێپەڕین کە بە "قۆناغی دۆڕاندن"ناسرابوو. لەبەرئەوەی کۆمپانیاکانی ئەمریکا سەرەڕای باڵە گەورەکانیشیان سەرئەنجام کەوتنە خوارەوە، بەڵام وەبەرهێنە ژیرەکان بەدوای کەلوپەلی گەورەتر لەوەی ئەمریکا گەڕان. ئەوەتا بورت مالکێلْ لە ڕۆژنامەی وۆلْ ستریت بابەتێکی نوسی بەناوی ‘‘ بکڕە و بیهێڵەرەوە ئەوکات تۆ براوەی.‘‘ لەم بابەتەدا بورت مالکێلْ ئەوەی ڕوونکردەوە ئەگەر تۆ دابەشکاریت بکردایە لەنێوان چەندین شمەك و کاڵای جیاوازدا، لەنێوان ساڵی ۲۰۰۰ بۆ ۲۰۰۹، ئەوا ئەگەر بێت و بڕی ۱۰۰,۰۰۰ دۆلارت بخستایەتە وەبەرهێنانەوە، دواتر زیادی دەکرد بۆ ۱۹۱,۸۵۹ دۆلار. کە ئەمەش بۆ هەر ساڵێك لەو ساڵانەی کە ناوبرابوو ‘‘ ساڵانی دۆڕان‘‘ تۆ بڕی ٦,٧٪ دەستدەکەوت.

یەکێك لەو هۆکارانەی کە بۆچی دابەشکاری ئەوەندە گرنگە ئەوەیە کە دەمانپارێزێت لە ویست و ئارەزوی خۆمان. واتە هەرکاتێك ئێمە حەزبکەین یان پێمانوابێت شمەکێك باشە ئەوکات بەردەوام ئەو شمەکە بەکاردەهێنین و لەکۆتاییدا زۆر قورس دەبێت بتوانین قازانج بکەین. بۆ نمونە، ڕەنگە خەڵکی گرەو یان وەبەرهێنان لەسەر خانوبەرە و زەوی و

زار بکەن، هەروەها پێیان وابێت بەشێوازێکی باش قازانج دەکات و وەك ئالتون وایە هەرکات بیانەوێت بەکاریدەهێنن، بەڵام کێشەکە ئەوەیە کە ئەمانە بێئاگان لەوەی هەموو شتێك بازنەییە. ئەوەی ئێستا گەرمە دەکرێت کەمێکی دیکە ساردبێتەوە و بیبەستێت! جارێك ڕەی دالیۆ ئاگاداری کردمەوە و گوتی: بەدڵنیاییەوە لە هەموو پشکێکدا ( بە هەموو جۆرەکانییەوە) ڕۆژێك دێت بەسەریدا کە بەڕێژەی ٥٠٪ بۆ ٧٠٪ نرخەکەی دادەبەزێت، '' جا بیهێنە پێش چاوت، تۆ هەموو سامانەکەت لە یەك جۆر بەروبومدا بەکارهێناوە، پاشان ئەم ڕۆژە بەسەر شتومەکەکانتدا دێت و تۆش دەبینیت ٥٠- ٧٠٪ی داهاتەکەت بە بەرچاوتەوە لەدەست دەڕوات! بەڵام دابەشکارییەکی باش دەبێتە هۆی دڵنیایی و ئاسودەییت لە دژی هەر خەونێکی ناخۆش. هەروەها دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی زیانەکان و زیادکردنی قازانجەکانت.

من ناڵێم یەك جۆر ڕێگە بەکاربهێنە و ئەم ڕێگەیەش بۆ هەموو بارودۆخێك گونجاوە. ئەوەی دەمەوێت پێتبڵێم ئەوەیە کە گرنگی بدەیت بەو دابەشکارییانەی کە باشترین وەبەرهێنەکان بە بنەمای گرنگیان داناوە. بەم شێوەیە ئامادە دەبیت بۆ هەموو بارودۆخێك و یارمەتییشت دەدات بەئارامی و بڕوا بەخۆبوونەوە بەرەنگاری داهاتوو ببیتەوە.

## ئامادەی بۆردومان بە!

ئێستا تۆ بەرەو یارییەکە دەڕۆیت. تۆ یەکێکیت لەو کەمینەیەی کە لەم چوار بنەما گرنگە تێدەگەن کە باشترین وەبەرهێنەکان لە بڕیارەکانیاندا بەکاریدەهێنن. ئەگەر تۆش لەگەڵ ئەم بڕیارانەدا بژیت ئەوا ئەگەرەکانی سەرکەوتنت لە وەبەرهێناندا زۆر زیاددەکات!

لە بەشی دواتردا دەچینە وردەکاری دیاریکردنی شتومەکەکان. پیتەر مالۆك باسی سوودەکانی هەڵبژاردنی ڕێگەیەکی دیاریکراو دەکات کە ڕێك بەپێی پێویستییەکان لە بارودۆخە جیاوازەکاندا بۆت ئامادەکراوە. بەهۆی ئەزموون و شارەزاییەکانییەوە فێری ئەوە دەبیت کە پلان و نەخشەڕێگەیەکی هەمەچەشن دابنێیت کە توانای ڕووبەڕووبوونەوەی زریان و باوبۆرانەکانت پێدەدات. هەموومان دەزانین کە زستان دێت.

هەموومان دەزانین داشکانی بازاڕ شتێکی چاوەڕوانکراوە. زۆربەی وەبەرهێنەکان بەترسی ئەم داشکانەوە دەژین، بەڵام وا تۆ خەریکە ئەوە بدۆزیتەوە کە چۆن زستان بکەیت بە باشترینی هەموو وەرزەکان، بیکەیت بە وەرزی شادومانی!

کەواتە وەرە لەگەڵم جەنگاوەری ئازا! ئێستا کاتی ئەوەیە چەکەکانمان دەربهێنین و ورچەکە بکوژین!

# بەشی حەوتەم
# ورچەکە بکوژە

## چۆن سستی و دابەزینی بازاڕ بەشێوەیەك بگۆڕین کە زووتر بگەین بە سەربەستیی دارایی

فێربووم کە ئازایەتی ئەوە نییە کە ترس بوونی نەبێت، بەڵکو ئازایەتی سەرکەوتنە بەسەر ترسدا. پیاوی ئازا ئەوە نییە کە هەست بە ترس نەکات، بەڵکو ئەوەیە کە بەسەریدا زاڵبێت.
– نێڵسن ماندێلا

### ڕێگای گەشتن بە نەترسان

کاتێك تەمەنم ٣١ ساڵ بوو، چووم پشکنینێکی جەستەم بکەم، چونکە ئەوکات فڕۆکەوان بووم، پێویست بوو ساڵانە پشکنین بکەم. دوای پشکنینەکانم، لە چەند ڕۆژی دواتردا دکتۆرەکەم چەند نامەیەکی بۆ ناردم کە داوای کردبوو پەیوەندی پێوەبکەم، بەڵام من زۆر سەرقاڵبووم و کاتم نەبوو قسەی لەگەڵ بکەم. شەوێکیان گەڕامەوەماڵەوە نیوەشەو بوو، سەیرمکرد لەسەر جێگەی نوستنەکەم نوسراوێکی لێبوو کە یاریدەدەرەکەم دایناوو. نوسیبووی '' دەبێت پەیوەندی بە دکتۆرەکەتەوە بکەیت، دکتۆر دەڵێت حاڵەتەکە زۆر گرنگە.''

ڕەنگە ئێستا تۆش بزانیت ئاخۆ چەندە شت بە مێشکتدا هاتبێت. من ئەوپەڕی ئاگاداری تەندروستیم بووم کە تا ئێستا لەوە باشتر نەبووم. ئەی کەواتە تۆ بڵێیت کێشەکە چی بێت؟ لەم کاتانەدا مێشکت هەزار شت لێکدەداتەوە. لەخۆمم پرسی: چەندین گەشتم کردووە بۆیە دەکرێت بابەتەکە پەیوەندی بە تیشکدانەوەی فڕۆکەخانەوە بێت. تۆ بڵێیت شێرپەنجەم هەبێت؟ تۆ بڵێیت بمرم؟ نا شتی وا نییە.

هەوڵمدا لەبیری خۆمی ببەمەوە و هەرچۆنێك بێت توانیم کەمێك بخەوم، بەڵام کاتێك بەیانییەکەی بەخەبەرهاتم زۆر ترسابووم. پەیوەندیم بە دکتۆرەکەوە کرد و پێی گوتم: تۆ پێویستت بە نەشتەرگەرییە. لوویەك لە مێشکتدا هەیە. سەرمسوڕمابوو. ئەوە تۆ باسی چی دەکەیت؟چۆن ئەوە دەزانیت؟ دکتۆرەکە گوتی کە چەند تاقیکردنەوەیەکی زیادەی بۆ خوێنەکەم کردووە، چونکە پێی وابوو کە بە ڕێژەیەکی زۆر هۆرمۆنەکانم گەشەیان کردووە. بیری ئەوەم نەبوو کە کاتی خۆی ٦ پێ درێژبووم بەڵام لەماوەی ساڵێکدا ١٠ ئینج زیادمکرد. بەمشێوەیە دکتۆرەکە ویستی بچم و ئەو لووە ببڕم. منیش پلانم دانابوو کە گەشت بکەم بۆ باشوری فەڕەنسا بۆئەوەی سیمینارێك پێشکەش بکەم، بەڵام ئێستا دەبێت واز لەهەموو شتێك بهێنم و بچم نەشتەرگەری بکەم؟ بەڵام من ڕۆشتم بۆ گەشتەکەم و سیمینارەکەم پێشکەشکرد، دواتر گەشتم کرد بۆ ئیتالیا و لە گوندێکی خۆش مامەوە کە ناوی پۆرتۆفینۆ بوو، بەڵام هەر لەوێدابوو کە وردە وردە بێتاقەت بووم و توشی هەڵچوون و توڕەبوون بووم. هەستمکرد کەسێکی دیکەم و لەسەر شتی بچوك توڕەدەبووم. تۆ بڵێیت کێشەم چی بێت؟

من لە جیهانێكدا ژیاوم كە پڕیەتی لە دوودڵیی و ناسەقامگیری. كاتێك دایكم ماددە كحولییەكانی بەكاردەهێنا تووڕە دەبوو، زۆرجار بەهۆی شتی بچوكەوە كۆنترۆڵی لەدەستدەدا. ئەگەر ڕۆژێك پێی وابوویە من درۆی لەگەڵ دەكەم، هەندێك كەفاوی دەخستە ناو دەمم تا دەرشامەوە، یان سەرمی دەدا بە دیوارێكدا. لەدوای ئەوەوە هەموو تەمەنم لەوەدا بەسەربرد خۆم ڕابهێنم بۆئەوەی لەكاتی نائارامیدا من ئارامی و سەقامگیری بدۆزمەوە، كەچی ئێستا من ڕێگەمدا بە قسەی دكتۆرێك بچێتە مێشكمەوە و بمباتە قوڵترین ناسەقامگیریی و دوودڵی. دوای هەموو ئەمانەش، چۆن دەكرێت ئارام و دڵنیابم لەكاتێكدا دڵنیانیم لەوەی ئایا دەژیم یان دەمرم؟

لە پۆرتۆفینۆ لە كەنیسەیەكدا نزام دەكرد بۆ ژیانم، دواتر بڕیارمدا بگەڕێمەوە و ڕووبەڕووی ئەو بارودۆخە ببمەوە. چەند ڕۆژی دواتر بارودۆخ بەجۆرێك بوو كە لە خەون دەچوو. بیرمە كە لە ئامێری ئەشیعە تەنوری هێنامیانە دەرەوە و دەموچاوی پەرستارەكەم بینی مۆن بوو، گوتی كە بارودۆخەكە تێكچووە، بەڵام وردەكاری بابەتەكەی پێنەگوتم تا ئەو كاتەی دكتۆرەكە خۆی هات و پشكنینەكەی بۆ باسكردم. دكتۆرەكە زۆر سەرقاڵبوو، لەبەرئەوە دەبوایە ٢٤ كاتژمێری دیكە چاوەڕێم بكردایە. ئێستا دڵنیابووم كە نەخۆشییەكم هەیە، بەڵام نەمدەزانی كوشندەیە یاخود نا.

لە كۆتاییدا دكتۆر لەگەڵم دانیشت بۆئەوەی باسی ئەنجامی پشكنینەكانم بكات. پشكنینەكەم ئەوەی دڵنیاكردەوە كە لوو لە سەرمدا هەیە، بەڵام بەشێوەیەكی موعجیزەئاسا ئەم لووە بۆ ماوەی ئەم چەند ساڵە بەڕێژەی

٦٠٪ بچوك بووه‌ته‌وه. هیچ نیشانه‌یه‌كی خراپیشم نه‌بوو، ئیتر بۆچی ده‌بێت نه‌شته‌رگه‌ری بكه‌م. دكتۆر ئاگاداری كردمه‌وه كه گه‌شه‌ی زیاده له هۆرمۆنه‌كاندا ده‌كرێت كێشه بۆ ته‌ندروستیت دروستبكات. له‌وانه‌ش جه‌ڵته‌ی دڵ. گوتی: تۆ نارازیت، به‌ڵام ده‌بێت به‌خێرایی نه‌شته‌رگه‌ری بكه‌ین.

ئه‌ی كاریگه‌رییه لاوه‌كییه‌كانی چی؟ بێجگه له‌وه‌ی ئه‌گه‌ری هه‌یه له‌ژێر چه‌قۆی نه‌شته‌رگه‌ریدا بمرم. گه‌وره‌ترین مه‌ترسی ئه‌وه‌بوو كه ڕه‌نگه نه‌شته‌رگه‌رییه‌كه سیسته‌می ڕژێنه‌كانم تێكبدات و چیتر هه‌رگیز نه‌توانم وزه‌ی جاران به‌ده‌ستبهێنمه‌وه. ئه‌مه ئه‌و باجه‌بوو كه خۆم ئاماده‌نه‌كردبوو بیده‌م. كاره‌كه‌ی من پێویستی به وزه‌یه‌كی زۆر هه‌یه بۆئه‌وه‌ی یارمه‌تی خه‌ڵكی بده‌م ژیانیان بگۆڕن. بیرمده‌كرده‌وه ئه‌ی چی ده‌بێت ئه‌گه‌ر نه‌شته‌رگه‌رییه‌كه وه‌هام لێبكات نه‌توانم كاروباری ڕۆژانه‌شم بكه‌م؟ بۆ زانیارییت به‌شێوه‌یه‌كی ڕێژه‌یی كۆبوونه‌وه و سیمیناره‌كانم له‌كۆتایی هه‌فته‌كاندا نزیكی ١٠,٠٠٠ كه‌س ئاماده‌ی ده‌بێت و له چوار ڕۆژدا ماوه‌كه‌ی ٥٠ كاتژمێر ده‌بێت. له جیهانی ئه‌مڕۆماندا خه‌ڵكی دانانیشن سه‌یری فلیمێكی ٣ كاتژمێری بكه‌ن كه كه‌سێك ٣٠٠ ملیۆن دۆلاری تێدا خه‌رجكردووه تاوه‌كو توانیویه‌تی به‌رهه‌می بهێنێت! له‌به‌رئه‌وه ئه‌گه‌ر وزه‌ی ته‌واوم نه‌بێت ناتوانم ئه‌م ئه‌زموونه‌ی كه هه‌مه بیگه‌یه‌نم به خه‌ڵكانێك له ٤٠ ولاتی جیاوازه‌وه كه نه‌ك ته‌نها گوێم بۆ ده‌گرن، به‌ڵكو ژیانیشیان گۆڕاوه به‌هۆی منه‌وه. له‌به‌رئه‌وه ئه‌مه وزه‌ی ته‌واوی ده‌وێت.

دكتۆره‌كه لێم توڕه‌بوو گوتی: '' به‌بێ نه‌شته‌رگه‌ری ناتوانیت دڵنیابیت

کە دەژیت یاخود نا.'' ویستم بۆچوونی کەسێکی دیکە وەرگرم، بەڵام ئەو ڕەتیکردەوە لەگەڵ هیچ دکتۆرێکی دیکە ڕاوێژ بکەم، بەڵام لەڕێگەی هاوڕێکانمەوە توانیم دکتۆرێکی شارەزا بەم بوارە بدۆزمەوە. ئەم دکتۆرە دووبارە مێشکمی پشکنی و دواتر دانیشت بۆئەوەی باسی ئەنجامەکانم بۆ بکات. پیاوێکی زۆر نایاب و بەسۆز بوو، هەروەها هەڵسوکەوت و بۆچونەکانی بەتەواوەتی جیاوازبوون، گوتی کە پێویستم بە نەشتەرگەری نییە، گوتی کە مەترسییەکانی نەشتەرگەری گەورەن. گوتی لەجێگەی ئەوە پێویستە ساڵی دووجار گەشت بکەیت بۆ سویسرا و لەوێ دەرمانێك بەکاربهێنیت کە هێشتا لە ئەمریکا ئەو دەرمانە پەسەندنەکراوە. ئەو زۆر دڵنیابوو کە ئەو دەرمانە لووەکەم لە گەشەکردن دەوەستێنێت و ناهێڵێت هۆرمۆنەکانم گەشەبکەن و ببنە هۆی دروستبوونی هیچ کێشەیەکی دڵ.

کاتێك وتم دکتۆرەکەی پێشترم ویستوویەتی ئەم لووە ببڕێت پێکەنی و گوتی: '' قەساب دەیەوێت سەربڕێت، نانەواچی دەیەوێت بیبرژێنێت، دکتۆرێکیش دەیەوێت بیبڕێت، منیش دەمەوێت دەرمانت پێبدەم! '' زۆر ڕاستبوو. هەمومان دەمانەوێت ئەوە بکەین کە بەلامانەوە باشترینە بۆئەوەی بگەین بە ئارامی. کێشەیەك هەبوو ئەویش ئەوەبوو ئەو دەرمانە ئەگەری هەبوو کاریگەری گەورەی هەبێت لەسەر ئاستی وزەم. دکتۆرەکە زانی کە ئەم بابەتە منی خستووەتە کێشەیەکی گەورەوە، گوتی '' تۆ وەك ئامێرێکی سامسۆنگ وایت، لەوە دەترسیت وزەت نەمێنێت کاتێك وەیارەکەت دەبڕین! '' پرسیارم لێکرد چی دەبێت ئەگەر هیچ نەکەم، نە دەرمان نە نەشتەرگەری. گوتی: من نازانم، کەسیش نازانێت. منیش وتم ئەی کەوایە بۆچی ئەم دەرمانە بەکاربهێنم؟ گوتی ئەگەر تۆ ئەم دەرمانە

بەکارنەهێنیت دڵنیانییت دەژیت یاخود نا.

من ئێستا هیچ هەست بە نائارامی و دوودڵی ناکەم. ئەوە بۆ ١٤ ساڵ دەچێت هیچ نیشانەیەکیش نییە کە بڵێت تەندروستیم تێکچووە. کەواتە بۆچی دەبێت زارەکە هەڵبدەمە ناو یارییەکەوە و خۆم توشی نەشتەرگەرییەکی پڕ مەترسی یان دەرمان خواردن بکەم؟ دوای ئەوە چووم چەندین دکتۆرم بینی تا ئەوکاتەی یەکێکیان پێیگوتم "تۆنی ئەوە ڕاستە، تۆ ڕێژەیەکی بەرز گەشەی هۆرمۆن لە خوێنتدا هەیە، بەڵام هیچ کاریگەرییەکی لاوەکی نەبووە. لەڕاستیدا ئەمە یارمەتی جەستەت دەدات خێراتر چاکبێتەوە. من یاریزانی لەشجوانی دەناسم کە دەبێت مانگانە ١,٢٠٠ دۆلار خەرج بکات بۆئەوەی ئەو هۆرمۆنەی دەستبکەوێت کە تۆ بە بەلاش دەستتدەکەوێت.''

لە کۆتاییدا بڕیارمدا هیچ نەکەم تەنها چەند ساڵ جارێك پشکنینی خۆم بکەم بۆئەوەی کە بزانم بارودۆخم خراپتر نەبووە. سەرەتا نەمزانی، بەڵام دواتر بۆمدەرکەوت کە خۆم لە گولەیەکی کوشندە پاراستووە. بەڕێوەبەرایەتیی دەرمان و خۆراکی ئەمریکا دوای ماوەیەك ئەو دەرمانەی قەدەغەکرد کە بڕیاروابوو من بیخۆم. بەپێی توێژینەوەکان ئەو دەرمانە بووبووە هۆی شێرپەنجە، لەگەڵ ئەوەی نییەتی باشبوو، بەڵام ئامۆژگاری ئەو دکتۆرە خەریکبوو ژیانم وێرانبکات.

پاشان دەزانیت چی؟ دوای بیست و پێنج ساڵ، ئێستاش ئەو لووەم هەیە. هەروەها ژیانیشم زۆر خۆشبووە، توانیومە یارمەتی ملیۆنان خەڵك بدەم. ئەمە تەنها بەهۆی ئەوەوەبوو کە لەکاتی ناڕەحەتی و ناسەقامگیریدا توانیم خۆڕاگربم. ئەگەر زۆر بەو بابەتە تێك بچوومایە و

بەبێ پرسیار شوێن یەكێك لە ئامۆژگاریی دكتۆرەكان بكەوتمایە و بیرم لە بژاردەكانی دیكە نەكردایەتەوە، ئێستا بەشێكی مێشكم لەدەستدابوو، یان توشی شێرپەنجە بووبووم، یان ڕەنگە ئێستا مردبام. ئەگەر پشتم بە ئەوان ببەستایە بۆ ئارامی و دڵنیابوون، ئەوا توشی كارەسات دەبووم، بەڵام لەبری ئەوە من دڵنیاییم لەناو خۆمدا دۆزییەوە، هەرچەندە لە دەرەوە هیچ لە بارودۆخەكە نەگۆڕا.

دەكرێت سبەی بەهۆی لووەكەی مێشكمەوە بمرم؟ بەڵێ. دەكرێت بەهۆی تەنكەرێكیشەوە بمرم كە لەكاتی پەڕینەوەمدا لێمبدات، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا من لە ترسی ئەوەدا ناژیم كە تۆ بڵێیت دواتر چی ڕوودەدات. من ئەوەم لە مێشكی خۆم دەركردووە. تۆش دەتوانیت خۆڕاگربیت، بەڵام ئەمە بەخششێكە كە تەنها خۆت دەتوانیت بە خۆتی ببەخشیت. كاتێك بابەتەكە لایەنێكی گرنگی ژیانە وەك خێزان و تەندروستی و لایەنی دارایی، ئەوكات ناتوانیت پشت بە هیچ كەسێكی دیكە ببەستیت بۆئەوەی پێتبڵێت چی بكەیت و چی نەكەیت. زۆر شتێكی باشە لەو كەسانەوە كە شارەزای ئەم بوارەن زانیاری وەربگریت، بەڵام ناتوانیت بەكاریان بهێنیت لە بڕیاری كۆتاییدا. تۆ ناتوانیت كۆنترۆڵی چارەنووست بدەیتە دەستی كەسێكی دیكەوە، هەرچەندە دڵسۆز و كارامە بێت.

بۆچی من ئەم چیرۆكی ژیان و مردنە لە پەرتوكێكدا باسدەكەم كە لەبارەی پارە و وەبەرهێنانەوەیە؟ لەبەرئەوەی زۆر گرنگە لەوە تێبگەیت هەرگیز ئارامیی و دڵنیایی تەواو لە ژیاندا نییە، لەبەرئەوە ئەگەر دەتەوێت دڵنیابیت لەوەی كە هەرگیز پارەت لەدەستناچێت لە بازاڕدا، ئەوە برۆ سامانەكەت بكە بە كاش، بەڵام ئەوە بزانە هەرگیز هەلی ئەوەت

نابێت سەربەستی دارایی بەدەستبهێنێت، هەروەك وارن بەفت دەڵێت: "ئێمە قوربانییەکی زۆر دەدەین لەپێناو ئارامیی."

زۆربەی خەڵکی خۆیان لە مەترسی دارایی دەپارێزن، چونکە نائارامیی توشی ترسێکی زۆریان دەکات. لەساڵی ٢٠٠٨ دا شتومەکی بازاڕی ئەمریکا بەڕێژەی ٣٧٪ دابەزی. پێنج ساڵ دواتر لە ڕاپرسییەکی وردا ئەوە دەرکەوت کە ٤٤٪ی ئەمریکییەکان دەنگیان بەوەدا کە هێشتا نایانەوێت جارێکی دیکە وەبەرهێنان بکەنەوە، چونکە ئەو یادەوەرییەی کە دەربارەی قەیرانەکە هەیانە زۆر ترساندونی. لە ساڵی ٢٠١٥ دا ڕاپرسییەکی دیکە ئەنجامدرا و تێیدا ئەوە خرایەڕوو کە ٦٠٪ی ئەوانە کە بەشداربوون متمانەیان بە بازاڕ نەبوو بەهۆی ئەو دارمانەی کە لە ساڵی ٢٠٠٨ بۆ ٢٠٠٩ ڕوویدا. لە دڵەوە پێم ناخۆشە کە دەبینم ئەو ژمارە زۆرە گەنجە هیچ وەبەرهێنانێك ناکەن. با پێت بڵێم بۆ: ئەگەر لەترسدا بژیت، ئەوە پێش ئەوەی یارییەکە دەستپێبکات دۆڕاویت. چۆن دەتوانیت شتێك ببەیتەوە لەکاتێکدا ناوێرێت هیچ قوربانییەك بدەیت؟ هەروەك شکسپیر چوار سەدە لەمەوپێش نوسیویەتی "ترسنۆکەکان چەندین جار پێش مەرگی خۆیان دەمرن، ئازاکانیش تەنها یەکجار تامی مەرگ دەکەن."

با بەڕوونی پێت بڵێم: ناڵێم بە بێباکی خۆت توشی مەترسی بکە! منیش کاتێك بابەتەکە پەیوەندی بە تەندروستیمەوە هەبوو، چەندین کەسی شارەزا و چەندین بژاردەی جیاوازم دۆزییەوە و هێشتم ڕاستییەکان ڕێنوێنیم بکەن نەك هەست و سۆزی کەسێك یان هەندێك بنەما کە شارەزایەك دایناوە.

دواتریش بڕیارێکی دروستمدا کە ئەگەرەکانی بەلای مندا شکاندەوە. ئەم

پرۆسـەیە وایلێکـردم کـە لـە گومـان و دوودڵییـەوە برۆمـە حاڵـەتێکی خۆڕاگرییەوە.

ئەمەش هـەمان شـتە لـەبواری وەبەرهێنانـدا، هـەرگیز نازانیـت شـتومەکی بازاڕ چییان بەسەردێت، بەڵام نائارامی و دوودڵی بیانوو نییە بۆ وەسـتان. دەتوانیـت بـەهۆی کۆکردنـەوەی زانیـاری و لێکۆڵینـەوە لـە وەبەرهێنانـە درێژخایەنـەکان و لاسـاییکردنەوەی باشـترین وەبەرهێنـەکان و بڕیـاردانی ژیرانە کە لەسەر بنەمای تێگەشتنە، کۆنترۆڵ بگرێتە دەست.

پاشـان وارن بـەفت دەڵێـت: ‘‘ مەترسـی کاتێـك دێـت کـە نـەزانیت چـی دەکەیت.‘‘

ئێمـە لـە یـەك شـت دڵنیـایین: هـەروەك چـۆن لـە ڕابـردوودا ڕوویـداوە لـە داهاتوداشدا دابەزینی نـرخ و تێکچوونی بـازاڕ ڕوودەداتـەوە، بـەڵام ئەمـە ڕەوایـە دەسـتەوئەژنۆ دابنیشـین و هـیچ نەکـەین بـەهۆی ترسـەوە؟ بـڕوام پێبکە هەر وا ئاسان نەبوو کە زانیم لوو لە سەرمدا هەیە، بەڵام بـۆ مـاوەی ٢٥ ساڵە بەخۆشی ژیاوم، چونکە فێربووم کە بەبێ ترس بـژیم. کـە دەڵـێم بـەبێ تـرس مانـای ئەوەیـە هـیچ نەترسـیت؟ نـەخێر! بـەڵام واتـە کـەمتر بترسە. کاتێك جـاری داهـاتوو گرانـی و تێکچوونی نـرخ سـەریهەڵدایەوە و خـەڵکی زۆر ترسـان، دەمـەوێت تـۆ زانیـاریی و هێـزی تـەواوت هـەبێت بۆئـەوەی کـەمتر بترسـیت. ئـەم چاونەترسـییەت لـەکاتی ناسـەقامگیریدا دەبێتە هۆی بەدەستهێنانی پاداشتێکی گـەورە. لـە بەشـی دواتـردا فێـری ئەوە دەبیت کە کاتێـك خـەڵکی لەترسـی داشـکانی بـازاڕدا دەژیـن، ئـەوە باشترین دەرفەتە بۆ تـۆ بۆئـەوەی سـامانێکی گـەورە بەدەسـت بهێنیـت. بۆچی؟ چونکە ئەمە ئەوکاتەیە کە خەڵکی شتەکانیان دەفرۆشـن! بیهێنـە

پـێش چـاوت زۆر دەمێکـە حـەز لـە فیرارییـەك دەکـەیت، ئێستـەش بـۆت ڕێککـەوتووە بـە نیـوەی نرخەکـەی دەتوانیـت بیکڕیـت. ئایـا تـۆ بەمـە بێتاقەت و دڵتەنگ دەبیت؟ بێگومان نەخێر! دەی کەچی لەکاتێکدا بـازاڕ نرخەکەی دادەبەزێت، زۆربەی خەڵکی وادەزانن کـە ئەمـە کارەساتە! تـۆ دەبێت لـەوە تێبگـەیت دابـەزینی ئاستـی بـازاڕ لـە بەرژەوەنـدی تۆدایـە. ئەگەر لەسەرخۆ و وریابیت، ئەوە بـارودۆخی بازاڕ دەبێتـە یارمەتیـدەرێك بۆ گەشتن بە سەربەستیی داراییـت. ئەگـەر ئـارامیی و ئاسـودەیی نـاوخۆ بدۆزیتەوە، ئەوە لەکاتی دابەزین و تێکچونی بازاڕدا بەبەخت دەبیت.



ئێستا من دەمەوێت سەرکردایەتی کارەکە بدەم بە پیتەر مالۆك، ئەو کەسەی بۆتان ڕووندەکاتەوە کە چۆن خۆی و دامەزراوەکەی، پلانی دروستکەر، لەکاتی داشکانە گەورەکەی ۲۰۰۸ بۆ ۲۰۰۹ ڕابەرایەتی خەڵکیان دەکرد. پیتەر زۆر حەزی لەخۆنواندن نییە، بەڵام با من پێت بڵێم ئەو بە شێوازێك توانی لە قەیرانەکەی ساڵی ۲۰۰۸ دا سەرکەوتوو بێت، کە تەنها لەساڵی ۲۰۰۸ بۆ ۲۰۱۰ قازانجی پشکەکانی لە ٥۰۰ ملیۆنەوە بوو بە ۱,۸ ملیار و شتێك، ئەمە بەبێ بانگەشە و ڕیکلامیش. شایەنی باسە کۆمپانیای ' پلانی دروستکەر' تاکە کۆمپانیا بوو کە بۆ ماوەی سێ ساڵ لەسەریەك ناوی لە ڕۆژنامەی 'بارۆن'دا وەك یەکەم باشترین کۆمپانیا هاتبوو.

پیتەر ئەوەت پیشاندەدات کە چۆن ئامادەبیت بۆ داشکانی بازاڕ و هەروەها سودی لێوەربگریت. وەك خۆیشی دواتر باسی دەکات، هەموو ئەمانە لە پلانێکی هەمەچەشنەوە دەستپێدەکەن کە لە هەموو هەوراز و نشێوێکدا سەرکەوتوو بێت. هەروەها ئامۆژگاریی بەنرخت دەداتێ لەبارەی هونەری هەڵبژاردن و دیاریکردنی پشك و شتومەکەوە. بەم زانیارییانەوە پێویست ناکات لە هیچ بترسیت. کاتێك بازاڕ دەشکێت و هەمووان هەڵدێن، تۆ لە شوێنی خۆت دەوەستیت وورچەکە دەکوژیت.

## ئامادەبە بۆ ورچەکە

### لەلایەن پیتەر مالۆکەوە

یاسایەکی سادە چۆنییەتی مامەڵەکانم ڕووندەکاتەوە: کاتێك کە خەڵکی چاوبرسین تۆ بترسە، کاتێکیش خەڵکی دەترسن تۆ چاوبرسی بە، بەدڵنیاییەوە ئێستاش ترس زۆر بەربڵاوە.

– وارن بەفت

## چاوی ورچەکە

لە ٢٩ی ئەیلولی ٢٠٠٨ دا،نرخی ڕۆژانەی شمەکەکانی ئەمریکا بەرێژەی ٧٧٧ خاڵ دابەزی. ئەمە گەورەترین دابەزین بوو کە لەیەك ڕۆژدا ڕوویدا. ئەمەش بووە هۆی فەوتانی ١,٢ ترلیۆن دۆلار. لەهەمان ڕۆژدا بەپێی تۆمارێك ڕێژەی ترس لەناو خەڵکیدا گەشتە ئەوپەڕی ئاستی لەمێژودا. لە ٥ ی ئازاری ٢٠٠٩دا، بازاڕ بەرێژەی ٥٠٪ دابەزین. ئەمە زریانی تەواوەتی بوو. بانکەکان دارمان، پڕۆژە بەرزەکان پوکانەوە و دایان لەزەوی. هەندێك لە ناودارترین وەبەرهێنەکانی ئەمریکا ناوبانگیان لەکەداربوو، بەڵام هێشتا من وەك یەکێك لە ئیشە گرنگەکانی خۆم لەو پشێوی و شڵەژانە دەڕوانم. کاتێك بوو کە کۆمپانیاکەمان ' پلانی دروستکەر' ڕێنوێنی موشتەرییەکانی خۆی کرد بەرەو سەلامەتی و هەروەها جێگیرکردنیان بەشێوەیەك کە نەك تەنها لەو بارودۆخە ڕزگاریان بوو، بەڵکو توانیان قازانجێکی زۆر لە باشبوونەوەی بازاڕ ببینن کە بەدوای ئەو

بارودۆخەدا هات.

تۆنی داوای لێکردم کە چیرۆکی ئەوتان بۆ باسبکەم، چونکە وانەیەکی گرنگی ئەم کێشەیە: تێکچونی بازاڕ یان باشترین کاتە یان ئەوەتا خراپترین کاتە، کەوتووەتە سەر بڕیاری خۆت. ئەگەر بڕیارێکی هەڵە بدەیت، هەروەك زۆربەی خەڵکی لەساڵی ٢٠٠٨دا دایان، ئەوە دەکرێت کارەسات بێت و چەندین ساڵ بتگێڕێتەوە دواوە، بەڵام ئەگەر بڕیارە ڕاستەکە بدەیت، وەك کۆمپانیا و موشتەرییەکانم دایان، ئەوە هیچ شتێك نییە کە لێی بترسیت. تەنانەت فێری ئەوەش دەبیت بەخێرهاتنی تێکچونی بازاڕ بکەیت بەهۆی ئەو هەمووە دەرفەتە بێوێنانەی کە دارمان و تێکچوونەکانی بازاڕ پێشکەشی کەسە لەسەرخۆ و جێگیرەکانی دەکات. چۆن کەشتییەکەی ئێمە ڕزگاری بوو، لەکاتێکدا هەموو ئەوانی دیکە نوقمی بن دەریا بوونەوە؟ پێش هەموو شتێك ئێمە لە کەشتییەکی باشتردا بووین! ماوەیەکی زۆر پێش ئەوەش خۆمان ئامادەکردبوو بۆی. دەمانزانی ئاسمانی سامان هەمیشە ئاوا نامێنێتەوە و هەر گەردەلولێك بەدوایدا دێت. هیچ یەکێك لە ئێمە نەیدەزانی کەی و چۆن دارمانی بازاڕ ڕوودەدات، هەروەها ئەوەشمان نەدەزانی تا کەی بەردەوام دەبێت، بەڵام هەروەك لە بەشی دووەمدا فێربوویت دابەزینی نرخ و تێکچونی بازاڕ بەشێوەیەکی ڕێژەیی لەماوەی ئەم ١١٥ ساڵەی ڕابردوودا هەموو سێ ساڵ جارێك ڕوویداوە، بەڵام ئەمە هۆکار نییە تاوەکو خۆت بشاریتەوە، بەڵکو هۆکارێکە بۆئەوەی دڵنیابیت کە بارودۆخ هەرچۆنێك بێت تۆ کەشتییەکەت سەلامەتە. دوو ڕێگەی سەرەکی هەیە بۆئەوەی خۆت بۆ پشێوی بازاڕ ئامادە بکەیت. یەکەم پێویستت بە ڕێکخستنی سامانە، واتە

دەبێت پلان و نەخشەڕێگاکەت چەندین جۆری جیاواز کالاّ لەخۆبگرێت، وەك زەوی وزار و بەڵگەنامە و شتومەك. دووەم دەبێت بەشێوەیەکی ورد شوێنەکانت دیاری بکەیت بۆئەوەی لەکاتی تێکچوونی بازاڕدا پێویست نەکات شمەکەکانت بفرۆشیت. ئەمەش وەك ئەوە وەهایە کە پێش ئەوەی بچیتە ناو دەریا خواردن و سەلامەتی کەشتییەکە و هەموو شتێکت تەواو بێت. ئەوەندەی من بزانم ٩٠٪ ی ڕزگاربووانی قەیرانەکان ئەوانەن کە پێشتر خۆیان ئامادەکردووە.

ئەی ئەو ١٠٪کەی دیکە؟ ئەمەیان پەیوەندی بە هەست و سۆزی تۆوە هەیە کە چۆن لەکاتی ئەو بارودۆخەدا مامەڵە دەکەیت. زۆربەی خەڵکی وادەزانن سەهۆڵ لەناو دەمارەکانیاندا هەیە و زۆر لەسەرخۆن، بەڵام ئەمە لایەنی دەروونییە و کاتێك بازاڕ دادەشکێت خەڵکانێکی زۆر ترسیان لێدەنیشێت. هەر لەبەر ئەم هۆکارەیە ڕاوێژکارە بەئەزمونەکان زۆر بەسوودن. دەتوانن لەڕووی دەروونییەوە لەنگەرت پێبگرن و واتلێبکەن لەسەرخۆ بیت بۆئەوەی نەترسیت و لە بەلەمەکەوە خۆت فڕێنەدەیت!

یەکێك لە لایەنە باشەکانی کڕیارەکانم ئەوەبوو کە پێشوەخت ئامادەبوون، لەبەرئەوە توشی سەرسامی نەبوون کاتێك دارمان ڕوویدا. لەوە تێگەشتبوون بۆچی ئەم شتومەکانەیان هەیە، هەروەها ئەوەشیان دەزانی کە ئەگەر بازاڕ تێك بچێت ئەم شمەکانەی ئەمان چۆن دەبن لە بازاڕدا. ئەمە وەك ئەوە وەهایە کە دکتۆر ئاگادارت بکاتەوە و بڵێت ئەم دەرمانە کەمێك گێژت دەکات و توشی دڵ تێکچونت دەکات. لەبەرئەوە کاتێك ئەم مەترسییە دەبێتە ڕاستی تۆ تێکناچیت. هەرچەندە بەم شێوەیەش بێت و کڕیارەکان تێکنەچن و جێگیربن، هێشتا هەندێکیان

پێویستیان بە دڵنیاییە. ئەمانە پرسیار دەکەن و دەڵێن: باشتر نییە لە پشك و شمەکەکان بکشێینەوە؟ ئەم دارمانە جیاواز نییە لە ئەوەکانی دیکە؟ ئەمانە قسەکەی جۆن تێمپلتۆنم بیردەخاتەوە کە دەیگوت: ‘‘ گرانترین چوار وشە لە وەبەرهێناندا بریتییە لە ‘‘ ئەم جارە شتەکە جیاوازە. ‘‘ لەناوجەرگەی پشێوی و تێکچوونی بازاڕدا خەڵکی پێیان وایە ئەمجارەیان شتەکە جیاوازە! بەهۆی هەوڵی خراپی ڕاگەیاندنەکانەوە تۆقیون. هەمووی دەڵێت تۆ بڵێیت جارێکی دیکە بازاڕ وەك خۆی لێبێتەوە.

بەردەوام ئەوەم بیری کڕیارەکانم خستووەتەوە کە هەموو داشکانێکی بازاڕ لە مێژووی ئەمریکادا بەرزبوونەوەیەکی بەدوادا هاتووە، سەرەڕای هەوڵە ناڕاست و خراپەکانی دەزگا ڕاگەیاندنەکانیش. بیرێك لەهەموو ئەو کارەسات و قەیرانانە بکەرەوە کە لەسەدەی بیستەمدا ڕوویانـدا: بڵاوبونەوەی بەکتریا بەهەموو لایەکدا کە نزیکەی ٥٠ ملیۆن خەڵکی لەسەرانسەری جیهاندا کوشت. کەوتنی بازاڕی ئەمریکا لەساڵی ١٩٢٩، دوو جەنگی گەورەی جیهان و چەندین شەڕ و پێکدادانی دیکە، هەر لە ڤێتنامەوە هەتاوەکو وڵاتانی کەنداو. ئەمە سەرەڕای چەندین سستیی ئابوری و داشکانی نرخەکان. کەواتە چۆن لە کاتێکی ئاوادا بازاڕ گەشە دەکات و سەرکەوتوو دەبێت؟



*جەیمس هەرگیز جێگاکەی بەجێنامێڵێت، لە بوای داراییدا جگە لە ترس هیچ شتێکی دیکە نابینێت.*

لەڕووی دەروونییەوە کارێکی ئاسان نییە لەکاتی ڕەشبینیدا شتومەك بکڕیت، بەڵام هەمیشە لەو کاتانەدا پاداشتەکان زۆر خێرا دەبن. کۆمپانیاکانی ئەمریکا لە ساڵی ١٩٧٤ تەواو دابەزینە خوارەوە، هەم دیسان لە ١٢ مانگی دواتردا بەڕێژەی ٣٨٪ بەرزبوونەوە. لە مانگی ئابی ١٩٨٢ هەم دیسان بەڕێژەی ٢٠٪ دابەزییەوە و هەم جارێکی دیکە لە ماوەی ١٢ مانگدا ٥٩٪ بەرزبویەوە. ئێستا بیهێنە پێش چاوت ئەگەر وەبەرهێنەکان بترسانایە و شتەکانیان لەو کاتەدا بفرۆشتایە چییان بەسەردەهات؟ نەك هەر تەنها هەڵەیەکی کارەسات ئامێزیان دەکرد، بەڵکو ئەو هەمووە قازانجەی کە لەکاتی بەرزبوونەوەکاندا هەبوون ئەمان لەدەستیان دەچوو.

کاتێك لەساڵی ۲۰۰۸ جارێکی دیکە بازاڕ دابەزییەوە، من سووربووم لەسەرئەوەی زۆرترین دەرفەت بقۆزمەوە. هیچ دڵنیانەبووم چی کاتێك بازاڕ دەگەڕێتەوە دۆخی جارانی، بەڵام دڵنیابووم کە دەگەڕێتەوە. لە گەرمەی قەیرانەکاندا من ئەمەم بۆ کڕیارەکانم نوسی: '' لە هەموو مێژوودا هیچ پێشبینییەك نەیگوتووە بازاڕ بەم شێوەیە دەمێنێتەوە... بەڵکو گوتویانە تەنها دوو ئەگەر هەیە: یان ئەم قەیرانە کۆتایی ئەمریکایە یان ئاساییبونەوەی دۆخەکەیە. هەرجارێکیش هەر وەبەرهێنێك گرەوی لەسەر یەکەمیان کردبێت دۆڕاندوویەتی.'' لە گەرمەی داشکانی بازاڕدا ئێمە بەردەوامبووین بەچڕی وەبەرهێنان بکەین بەناوی کڕیارەکانیشمەوە. ئێمە تەنها یەك شمەکمان نەکڕی، بەڵکو چەندین جۆری شمەك و گرێبەست و کاڵامان خستە پڕۆژەوە.

وەك دەزانیت کڕیارەکانیشمان زۆر خۆشحاڵبوون. شانازی دەکەم بەوەی کە کڕیارەکانمان خۆڕاگر و لەسەرخۆبوون لەکاتی داشکانەکاندا و بەدەگمەن کەشتییەکەمان بەجێهێشت. لەبەرئەوە لەئەنجامدا کاتێك بازاڕ هاتەوە دۆخی ئاسایی ئەمان قازانجێکی باشیان کرد. تەنها دوو کڕیار نەبێت کە لەبیرمن. یەکێکیان کە ستراتیجییەتەکەی ئێمە بەجێهێشتبوو کڕیارێکی تازەبوو کە ماوەیەکی کەم پێش قەیرانەکە هاتبوو پلان و نەخشەڕێگاکەی پێکهاتبوو لە زەویوزار، بەڵام ئێمە یامەتیماندا هەمەچەشنی بکات کە ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە کاتێك بازاڕ داشکا ئەم سامانێکی زۆری بۆ بمێنێتەوە، بەڵام توانای ئەو دۆخەی بازاڕی نەبوو بۆیە ترسا و هەموو پارەکانی کرد بە کاش.

دوای ساڵێك پەیوەندیم پێوەکردەوە بۆئەوەی بزانم چۆنە. ئەوکات بازاڕ

زۆر بەباشــی گەڕابوویــەوە دۆخــی جــارانی، بــەڵام ئــەو هێشــتا هــەر لەچاوەڕوانیدابوو. زۆر نیگەرانبوو بۆئەوەی وەبەرهێنان بکات. ئەوەنــدەی مـن بـزانم هێشـتاش هـەر لـە چـاوەڕوانیدایە و لـەماوەی ئـەم ٧ ساڵەشـدا هەموو هەلێکی بازاڕی لەدەستچوو. هەروەك تۆنی ئاماژەی پێدا، دەبێـت باجێکی گەورە بدەیت بۆ گەشتن بە دڵنیایی و ئاسودەیی.

ئـەو کڕیارەکـەی دیکـەش کـە پلانـی دروسـتکەری بەجێهێشـت لەوکاتـەدا گیری خواردبوو بەدەست هەوڵ و قسەی دەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە. گـوێی لێبوو کە کەسێك لە کەناڵەکاندا ڕایگەیاندبوو کە گوایە بازاڕ بەڕێـژەی ٩٠٪ توشـی دارمـان دەبێـت، یـان نرخـی دۆلار تـەواو دادەبـەزێت یـان ئـەوەتا ئــەمریکا مایەپوچــبوونی خــۆی ڕادەگەیــەنێت. ئــەم هەواڵانــە تــەواو ترساندبووی. لە هەمووی خراپتر ئەوەبوو کـە کچـەکەی لـە کۆمپانیایەکـدا کاری کردبوو یەکێك لـە هاوڕێکـانی قـایلی کردبـوو کـە گوایـە بـەم زووانـە سیسـتەمی دارایـی شکسـت دەهێنێـت، لەبەرئـەوە پـارێزراوترین شـت ئاڵتونە. باوکیشی گوێی لە کچـەکەی گـرت و بـەگوێی کـرد. لـە خـراپترین کاتدا پارەکەی کردبوو بە ئـاڵتون. دواتـر سامانێکی زۆری لەدەستدابوو. دوای چەند مانگێك ئەوکاتەی من قسەم لەگەڵ کـرد شـتومەك زۆر نرخیـان بـەرزبوو، بـەڵام ئـەو لـەوە دەترسـا کـە زۆر درەنگـە بـۆ ئـەم بۆئـەوەی بگەڕێتەوە ناو بازاڕ.

ئەمە خەمباریشم دەکات کە دەیڵێم، بەڵام ئـەو دوو کڕیـارە توشـی سـزای دارایـی و ناڕەحـەتی بوونـەوە، چـونکە لـەکاتی دابـەزینی بـازاڕدا بڕیـاری هەڵەیاندابوو. هۆکارەکەی چی بوو؟ هەست و سۆز زاڵبووبـوو بەسـەریاندا. لە بەشی دواتردا باسی ئەوە دەکەین چۆن خۆمان لـەو هەڵـە دەروونییانـە

بپارێزین کە وەبەرهێنەکان توشی دەبن. بەڵام سەرەتا با جەخت لە بابەتێکی گرنگ بکەینەوە: چۆنییەتی خۆئامادەکردن بۆ دابەزین و تێکچونی بازاڕ لەڕێگەی دانانی نەخشەڕێگەیەکی هەمەچەشن و دابەشکراو کە مەترسییەکانت کەمدەکاتەوە و قازانجت زیاد دەکات. ئەمەش یارمەتیت دەدات لە زیادکردنی سامان لەهەر بارودۆخێکدا بێت و ڕێگەت دەدات شەوانە بەئارامی بخەویت!

## پێکهاتەکانی سەرکەوتن

هاری مارکۆویز، ئابوریناس و براوەی خەڵاتی نۆبڵ، ڕایگەیاند کە هەمەچەشنی و جۆراوجۆری لە پلاندا " تاکە ژەمی بێبەرانبەرە " لە وەبەرهێناندا. ئەگەر وابێت ئەی پێکهاتەکانی ئەم ژەمە خۆراکە چین؟ ئێمە لێرەدا بەخێرایی باسێکیان دەکەین، ئەوانیش پشك و قەوڵە و بابەتەکانی دیکەیە. هەروەها دواتریش باسی ئەوە دەکەین کە چۆن ئەم پێکهاتانە تێکەڵ بکەین و پلان و نەخشەڕێگەیەکی باشی لێدروست بکەین، بەڵام پێش ئەوەی بڕۆینە ناو درێژەی باسەکەوە با بزانین بۆچی باش وایە پلانەکەت چەندین جۆر پشك و شمەکی جیاواز لەخۆبگرێت.

با بە تاقیکردنەوەیەکی سادە دەستپێبکەین، بیهێنە پێش چاوت کۆمەڵێك میوان لەماڵی ئێمەن. منیش یەکی ١ دۆلاریان دەدەمێ بە شەقامەکەدا بپەڕنەوە. هەموویان بەئاسانی دەپەڕنەوە، بەڵام ئەمە لەشوێنێکدایە کە قەراغی شارە و ناوچەکە ئارامە و هێماکانی هاتوچۆ زۆر کەمن لێرەدا، لەبەرئەوە ئەم پارەی من وەك ئەوەیە بە بەلاش بیاندەمێ. بەڵام با جارێکی دیکە پارەیان بدەمێ، بەڵام ئەمجارە دوو بژاردەیان

هەیە: ئەگەر لە شەقامەکەی ماڵی ئێمە بپەڕنەوە دۆلارێك وەردەگرن ، ئەگەر لە شاقامێکی خێرای چوار ئاڕاستەدا بپەڕنەوە دۆلارێك وەردەگرن. کامیان هەڵدەبژێرن؟ بێگومان کەسیان بە شەقامە چوار ئاڕاستەکەدا ناپەڕێتەوە و هەمووان شەقامە سەلامەتەکە هەڵدەبژێرن. ئەی باشە ئەگەر پارەی شەقامە خێراکە زیاد بکەم بۆ هەزار یان ١٠ هەزار دۆلار؟

بێگومان لەم کاتەدا پارەکە وەهایان لێدەکات بە شەقامە چوار ئاڕاستە خێراکەدا بپەڕنەوە! ئەوەی کە من ڕوونمکردەوە پەیوەندیی نێوان مەترسی و پاداشت بوو. دەبێت پاداشت بەرزبێتەوە بۆئەوەی لەگەڵ مەترسییەکەدا هاوتابێت و مامەڵەکە دادپەروەرانە بێت. ئەو پاداشتە زیادەیەش لەبەرانبەر ئەو مەترسییەدا وەریدەگریت پێی دەگوترێت پاداشتی مەترسی. کاتێك شارەزایان لە شمەك و پشکەکانت دەکۆڵنەوە، هەوڵدەدەن پاداشتی مەترسییەکانت بۆ هەر پشکێك هەڵسەنگێنن. هەتا پشکێك مەترسیدارتر دەرکەوێت، وەبەرهێنەکە داوای پاداشتی زیاتر دەکات. من وەك ڕاوێژکارێکی دارایی لیستی شمەکەکانی کڕیار بەشێوازێك دادەڕێژم کە پێکبێت لە چەندین جۆر پشك لەگەڵ چەندین جۆر مەترسی جیاواز و چەندین ڕێژەی قازانجی جیاواز. من ئامانجم چییە لە ئەمە؟ ئامانجم ئەوەیە ئەو قازانجەی کە پێویستە بەدەستی بهێنیت لەگەڵ ئەو مەترسییەی ڕووبەڕووی دەبیتەوە هاوسەنگ بکەمەوە. یەکێك لە جوانییەکانی هەمەچەشنی لە شمەکەکاندا ئەوەیە کە یارمەتیتدەدات قازانجێکی زیاتر بکەیت بەبێ ئەوەی توشی مەترسییەکی گەورە ببیتەوە. ئەمە چۆن دەبێت؟ لەبەرئەوەی چەند جۆرێکی جیاوازی شمەك لە یەك کاتدا نرخیان ناگۆڕێت. لەساڵی ٢٠٠٨دا کۆمپانیاکانی ئەمریکا

٣٨٪ دابەزین لەکاتێکدا ڕێژەی قەوڵە و ڕێکەوتن ٥,٢٤٪ زیادیکرد. ئەگەر لەوکاتەدا تۆ قەوڵە و مامەڵە و پشکیشت هەبووایە ئەوە مەترسی کەمترت توش دەبوویەوە و قازانجی باشترت دەستدەکەوت بە بەراورد بەوەی کە تەنها پشکت هەبوایە.

ئێستا با پۆلێنێکی ئەو شتانە بکەین کە دەتوانین کۆیان بکەینەوە و بەهۆیەوە بگەین بە ئارامیی.

## پشکەکان

کاتێك پشکێك دەکڕیت وانەزانیت بلیتی یانسیب دەکڕیت، بەڵکو تۆ دەبیتە بەشێك لە بازرگانییەك. نرخی پشکەکەت بەپێی نرخی کۆمپانیاکە بەرزونزم دەبێتەوە. بە بەگەڕخستنی پشکێك تۆ لە بەکاربەرەوە دەبیتە خاوەندا. ئەگەر ئایفۆنێك بکڕیت ئەوە تۆ بەکاربەرێکی بەرهەمەکانی کۆمپانیای ئەپڵیت، بەڵام ئەگەر پشکێکی کۆمپانیای ئەپڵ بکڕیت ئەوکات خاوەنی کۆمپانیاکەیت و ناوت دەلکێت بەناوی کۆمپانیاکەوە و ڕێژەیەکی سەدیش دەستکەوتەکانی داهاتووی بۆ تۆ دەبێت.

تۆ وەك وەبەرهێنێك لە پشکەکاندا چاوەڕێ دەکەیت چی بەدەست بهێنیت؟ کارێکی زۆر زەحمەتە کە پێشبینی ئەوە بکەیت، بەڵام دەتوانین ڕابردوو وەك ڕێبەرییەکی باش بەکاربهێنین. لەڕووی مێژووییەوە، بازاڕ لەماوەی یەك سەدەی ڕابردوودا هەموو ساڵێك بەڕێژەی ٩٪ بۆ ١٠٪ قازانجی کردووە، بەڵام ئەم تۆمارانە فریودەرن، چونکە دەکرێت بەشێوەیەکی کوتوپڕ پشکەکان نرخیان بگۆڕێت. ئاسایی نییە بۆ بازاڕ ئەگەر چەند ساڵ جارێك بەڕێژەی ٢٠٪ بۆ ٥٠٪ دابەزێت. بەشێوەیەکی

ڕێژەی بازاڕ هەر چوار ساڵ جارێك دادەبەزێت، لەبەرئەوە دەبێت ئەم ڕاستییە بزانیت بۆئەوەی کاتێك کە نرخی شمەك داڕما، تۆ توشی سەرسوڕمان نەبیت. هەروەها خۆت لەمەترسی گەورە بپارێزیت. لە هەمانکاتیشدا ئەوەش بزانە کە بازاڕ لەو چوار ساڵەدا سێ ساڵیان قازانجی کردووە.

بەکورتی، بازاڕی شمەکەکان شتێکی چاوەڕواننەکراوە، هەرچەندیش پسپۆڕان وەهای پیشانبدەن کە دەزانن چی ڕوودەدات!

لەمانگی کانونی دووەمی ساڵی ٢٠١٦دا، کۆمپانیا زەبەلاحەکانی ئەمریکا ١١٪ دابەزین، دواتر گەڕانەوە و بەشێوەیەکی خێرا سەرکەوتنەوە.

ئەمە بۆچی؟ هاوارد مارك، یەکێك لە ناودارترین وەبەرهێنەکانی ئەمریکا، بەڕاشکاوی بە تۆنی گوت: ''هیچ هۆکارێکی باش نییە بۆ پوکانەوە، بە هەمانشێوە هیچ هۆکارێکی باشیش نییە بۆ بوژانەوە.'' بەڵام تائێستا هیچ شتێك هێندەی بازاڕی شمەکەکان پەیوەندی بە ئابوورییەوە نەبووە و کاردانەوەی نەبووە بۆی. بەپێی کات ژمارەی دانیشتووان و ئابوری گەشە دەکەن، کارکەرانیش زیاتر بەرهەمدەهێنن. ئەم شەپۆلی بەرزبونەوەی ئابوورییە وادەکات کار و بازرگانییەکان قازانجی زیاتر بکەن و ئەمەش وادەکات کە نرخی شمەکەکان بەرزبێتەوە. ئەمە ئەوەمان بۆ دەردەخات بۆچی لەسەدەی بیستەمدا سەرەڕای ئەو هەمووە شەڕوشۆڕ و قەیرانە، بازاڕ بەو شێوەیە بەرزبوویەوە. ئێستا دەزانیت ئەگەر بتەوێت بەگەڕخستنی ماوەدرێژ بکەیت لە شمەك و کاڵادا پێویستی بە باجدانە؟

هیچ کەسێك هێندەی وارن بەفت بەباشی لەوە تێناگات. لەمانگی ١٠ی ٢٠٠٨دا، وارن بەفت بابەتێکی بۆ ڕۆژنامەی نیویۆرك تایمز نوسی. هانی

خەڵکی دەدا تاوەکو شمەکی ئەمریکا بکڕن، ئەمە لەکاتێکدا دارایی جیهان لە پشێویدا بوو، بەپێی مانشێتی ڕۆژنامەکانیش بێت ئەم پشێوییە بەردەوام دەبێت. هەروەها نوسی: ''بیربکەنەوە لە جەنگی دووەمی جیهانی، کاتێك شتەکان بۆ ئەمریکا بە ئاراستەیەکی خراپدا دەڕۆشت. لەمانگی ٤ی ساڵی ١٩٤٢دا، بازاڕ بەتەواوی کەوت. دیسان جارێکی دیکە و لە ١٩٨٠ کاندا هەڵاوسان ڕوویدا و ئابوری وڵات خەریك بوو تێك دەچوو، بەڵام ئەوە باشترین کات بوو بۆ شتکڕین. بەکورتی، هەواڵە خراپەکان باشترین هاوڕێی وەبەرهێنن، چونکە لەکاتی دارمانی بازاڕدا واتلێدەکات بەشێك لە داهاتووی ئەمریکا بکڕیت. لە وەبەرهێنانی ماوەدرێژیشدا هەواڵەکان باش دەبن.''

من پێشنیارت بۆ دەکەم ئەم ڕستە لە مێشکت بپارێزیت: ''لەوەبەرهێنانی ماوەدرێژدا هەواڵەکان باش دەبن.'' ئەگەر بەتەواوەتی لەوە تێبگەیت، ئەمە یارمەتیت دەدات کە ببیتە کەسێکی ئارام و خۆڕاگر و هەروەها ئەوپەڕی دەوڵەمەند دەبیت.

کەواتە لەکوێدا شتومەك لەگەڵ لیستەکەتدا دەگونجێت؟ ئەگەر تۆ بڕوات وابێت کە ئابوری و جموجوڵی بازرگانی تا ١٠ ساڵی دیکە باش دەبێت، ئەوە کارێکی گونجاو دەکەیت بەشێکی زۆری وەبەرهێنانەکەت لە پشك و شمەکدا خەرج بکەیت. زۆرجار تاوەکو ١٠ ساڵ بازاڕ بەرز دەبێتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هیچ گرەنتی و دەستەبەرێك نییە. توێژینەوەیەك ئەوەی خستووەتەڕوو کە بازاڕ لەساڵی ١٩٢٩ بۆ ١٩٣٨ بەشێوەیەکی ڕێژەیی -١٪ بووە. هەواڵە خۆشەکان کامانەن؟ توێژینەوەکە تێبینی ئەوەی کردبوو ئەم ١٠ ساڵەی کە بازاڕ لە دارماندابوو بەدوایدا دووجار ١٠

ساڵی باش هات کە بازاڕ گەشتەوە ئاستێکی بەرز.
بێگومان ڕکابەرییەکە لەوەدایە بۆ ماوەیەکی دورودرێژ لەبازاڕدا بمێنیتەوە بۆئەوەی تامی ئەو دەستکەوتانە بکەیت. کۆتا شت کە پێویستتە ئەوەیە ببیتە فرۆشیار کاتێك تێکچوونی دۆخی بازاڕ زۆر درێژەی کێشا. چۆن خۆت لەم چارەنووسە دەپارێزیت؟ یەکەم شت نابێت پارەکانت زۆر خەرج بکەیت هەروەها نابێت خۆت توشی قەرزێکی زۆر بکەیت، چونکە ئەم دوو هۆکارە بەزوویی لاوازت دەکەن. لەبەرئەوە هەتا دەتوانیت لایەنی داراییت بپارێزە.بۆئەوەی لەکاتی دابەزینی بازاڕدا ناچارنەبیت شمەکەکانت بکەیت بە پارە. ڕێگەیەکیش بۆئەوەی ئەو خۆپاراستنە بهێڵێتەوە و سەلامەتت بکات ئەوەیە کە مامەڵە بە قەوڵە و گرێبەستەکانەوە بکەیت.

## قەوڵەکان

کاتێك تۆ قەوڵەیەك دەکڕیت، ئەوە تۆ قەرز دەدەیت بە حکومەت یان کۆمپانیایەك یان هەر دامەزراوەیەکی دیکە. دامەزراوە پیشەسازییەکان حەزیان لێیە ئەم بابەتە لەپێش چاوت ئاڵۆز بکەن، بەڵام بابەتەکە زۆر سادەیە. قەوڵەکان قەرزن. کاتێك تۆ قەرز دەدەیت بە حکومەت، ئەوە پێی دەوترێت قەوڵەی میری. کاتێك قەرز دەدەیت بە شارێك یان وڵاتێك، ئەوە پێی دەوترێت قەوڵەی شارەوانی. کاتێك قەرز دەدەیت بە کۆمپانیایەکی وەك مایکرۆسۆفت، ئەوە پێی دەوترێت قەوڵەی پشتیوانی. کەواتە ئێستا تێگەشتیت قەوڵەکان چین.
وەك کەسێك کە پارە دەدەیت بە قەرز تا چەند دەتوانیت پارەکەت دەستبکەوێت؟ کەوتووەتە سەر بارودۆخەکە. کرێدان بە حکومەت

دەستکەوتێکی زۆری نابێت بۆت، چونکە مەترسی ئەوە هەیە کە حکومەت پابەندنەبێت بە ڕێککەوتنەکەوە. قەرزدان بە حکومەتێکی وەك فەنزوێلا (لەکاتێکدا هەڵاوسان ٧٠٠٪ بێت ئەو ساڵە) زۆر مەترسیدارترە، بۆیە دەستکەوتەکانیش دەبێت زۆر بەرزترین. ئەمە جارێکی دیکە دەبێتەوە بە بازرگانی نێوان مەترسی و پاداشت. حکومەتی ئەمریکا داوات لێدەکات لە ڕۆژێکی خۆرەتاودا بە شەقامێکی ناوچە گوندنشینەکاندا بپەڕیتەوە، حکومەتی فەنزوێلاش داوات لێدەکات لە شەوێکی باراناویدا بەچاوی بەستراوەوە بە شەقامێکی خێرای قەرەباڵغدا بپەڕیتەوە. هەروەها ئەگەرەکانی کۆمپانیایەك بۆئەوەی شکست بهێنێت و نەتوانێت قەرزی خاوەن پشکەکانی بداتەوە زۆر زیاترە لەوەی حکومەت قەرزەکانی لەکاتی خۆیدا نەداتەوە. واتە حکومەت بەتواناترە و ئەگەری دانەوەی قەرزەکانی زیاترە.

بۆچی خەڵکی دەیانەوێت قەوڵەیان هەبێت؟ پێش هەموو شتێك قەوڵەکان زۆر لە شمەك سەلامەترن. هەروەها ئەو کەسەشی قەرزەکەی وەرگرتووە بەپێی یاسا ناچارکراوە قەرزەکە بداتەوە و ناتوانێت پارەکەت بخوات.

ئەی لە چی کاتێکدا قەوڵەکان گونجاون؟ کەسێك کە زۆر پارێزگارە و خانەنشین بووە و بەرگەی گۆڕانەکانی بازاڕ ناگرێت، ڕەنگە بڕێکی زۆر لە سامانەکەی بکات بە قەوڵە. بەڵام کەسێك کە کەمتر خۆپارێزە بڕێکی کەمتر سامان لە قەوڵەدا بەگەڕدەخات. ئەو وەبەرهێنەرانەشی کە زۆر سەرکەوتوون بەردەوام هەندێکی سامانەکەیان وەك قەوڵە دەهێڵنەوە بۆئەوەی هەرکات بازاڕ تێکچوو ئەمان کێشەیان نەبێت. ئەمەش ڕێك

ئەوەیە کە `` پلانی دروستکەر`` لەکاتی قەیرانەکاندا کردی: هەندێك قەوۆڵەی کڕیارەکانمان فرۆشت و سامانەکەمان لەبازاڕدا بەگەڕخست، بەڵام کێشەکە ئەوەیە، کارێکی سەختە لە جیهانی ئاڵۆزی ئێستای ئابوریدا بتوانیت ئەو حەزەت هەبێت بۆ قەوۆڵەکان.

کۆمپانیاکان لە بارودۆخێکی لاوازدان، لەبەرانبەر ئەو کارەی کە دەیکەیت قازانجێکی زۆر کەمت دەستدەکەوێت. ئەگەر لەم ڕۆژانەی ئێستادا پارەکەت بە کاش بهێڵیتەوە، ئەوا هیچت دەستناکەوێت. لەڕاستیدا لەدوای هەڵئاوسانەوە پارەش لەدەستدەدەیت، بەڵام هەر هیچ نەبێت قەوۆڵەکان هەندێك داهاتت بۆ دەهێڵنەوە. قەوۆڵەکان وەك جلێك دەبینم کە لەناو جلەکانی دیکەدا کەمتر پیسە.

## سەرمایە جێگیرەکان

هەر وەبەرهێنان و بەگەڕخستنێك بێجگە لە قەوۆڵە و شمەك و پارەی کاش، پێی دەوترێت سەرمایە جێگیرەکان. ئەمەش وەك کەلوپەلە بیانییەکانت، ئۆتۆمبیلە تایبەتەکەی گەراجەکەت، خشڵە بەنرخەکانت، ڕەشەوڵاخەکانت. بەڵام لێرەدا جەخت لە دیارترینیان دەکەینەوە، کە ڕەنگە پەیوەندیداربێت بە زۆرێك لە هاوڵاتیانەوە.

یەکەم، وەك ئاگادارکردنەوەیەك: زۆربەی سەرمایە جێگیرەکان ناتوانرێت مامەڵەی پێوەبکرێت (کارێکی سەختە کە بتەوێت بیانکەیت بە پارەی کاش)، هەروەها باجێکی زۆریان لەسەرە و تێچوویان زۆر بەرزە. ئەمانە دوو ڕەوشتیان هەیە: هەندێکجار قازانجی باش بەدەستدەهێنن، هەندێکجاریش هیچ پەیوەندییان بە بازاڕەوە نییە، ئەمەش مانای ئەوەیە

کە دەتوانن لیستی شمەکەکانت هەمەچەشن بکەن و مەترسی گشتی کەمبکەنەوە. بۆ نمونە، ئەگەر بازاڕ ٥٠٪ دابەزێت، سامانەکەی تۆ توشی ٥٠٪ زیان نابێتەوە، چونکە هەموو هێلکەکانت نەخستووەتە سەبەتەیەکەوە (هەموو لیستەکەت یەك جۆر شمەك نییە).

ئێستا با باسێکی هەندێك لەم جۆرە سەرمایانە بکەینەوە:

- دامەزراوەی بەگەڕخستنی زەویوزار. من دڵنیام کە تۆ خەڵکانێك دەناسیت کە قازانجێکی باشیان کردووە بەهۆی مامەڵەکردن بە زەویوزارەوە، بەڵام زۆربەمان توانای ئەوەمان نییە کە ژمارەیەکی زۆر خانوبەرە و زەوی بکڕین. لەبەر ئەم هۆکارەیە کە من حەزم لەوەیە لەگەڵ دامەزراوەی بەگەڕخستنی زەویوزاردا مامەڵە بکەم و وەبەرهێنان بکەم. ئەمان هەوڵدەدەن پێکەوە لەگەڵ چەند کەسێك پارەکان بخەنە وەبەرهێنانەوە و زەویوزار بکڕن. بەم جۆرەش تۆ پێویست ناکات پارەیەکی زۆرت هەبێت و بەتەنها هەمووی بکڕیت، بەڵکو لەگەڵ ئەواندا لیستەکەت هەمەچەشن دەکەیت و چەند جۆرێکی زەویوزار بەهاوبەشی دەکڕن. لەوانەش دەکرێت چەند شوقەیەك، دەرمانخانە یان مۆڵێك بکڕن، بەم جۆرەش تۆ بەشێکت هەیە لەو مۆڵانەدا.
- پارەدانی تایبەت: ئەم جۆرە بریتییە لە کۆکردنەوەی پارەی کۆمەڵێك کەس و دواتر کڕینی بەشێکی کۆمپانیایەك. دواتر ئەم کەسانە دەتوانن بەهۆی دووبارە ڕێکخستنەوەی کۆمپانیاکە و لابردنی هەندێك تێچوو، پارەیان دەستبکەوێت و قازانج بکەن. لەکۆتاییشدا هەوڵدەدەن کۆمپانیاکە یان بەشەکەی خۆیان

بەنرخێکی بەرزتر بفرۆشن. لایەنی باشی: ئەم جۆرە مامەڵەیە لەلایەن کۆمەڵێك کەسی شارەزاوە بەڕێوەدەبرێت کە دەتوانن قازانجی زۆر بکەن و لیستی شمەکەکانیشت هەمەچەشن بێت. لایەنی خراپی: ئەم جۆرە وەبەرهێنانە مەترسیدارن، بەئاسانی ناکرێن بە پارەی کاش، هەروەها کرێیەکی زۆرت لێوەردەگرن.

- بازرگانی هاوبەشی سنووردار: من هاندەرێکی گەورەی ئەم جۆرە بازرگانییەم، کە بەشێوەیەکی گشتی وەبەرهێنان لەژێرخانی وزە و کەرتی نەوت و گازدا دەکەن. وەك تۆنی لەبەشی کۆتاییدا ئاماژەی پێکرد، ئێمە زۆرجار پێشنیاری ئەم جۆرە وەبەرهێنانە دەکەین، چونکە داهاتێکی باشیان هەیە و باجیان ڕێکخستووە. بەنیسبەت زۆرێك لە وەبەرهێنەرانەوە بەتایبەت ئەوانەی کە گەنجن، ئەم جۆرە وەبەرهێنانە شتێکی گونجاو نییە، بەڵام بەنیسبەت ئەوانەی کە لەسەرو ٥٠ ساڵەوەن و هەژمارێکی بانکی گەورەیان هەیە شتێکی زۆر نایابە.
- ئاڵتون: زۆربەی خەڵکی پێیانوایە ئاڵتون لەکاتی پەشێوی بازاڕ و ئابووریدا پارێزەرێکی چاکە. دەڵێن ئەگەر هەڵاوسان ڕوووبدات و ئابوری وڵات تێك بچێت و نرخی دۆلار دابەزێت، ئاڵتون تاکە دراوی ڕاستەقینە دەبێت. بۆچوونی من چییە؟ ئاڵتون هیچ داهاتێك بەرهەمناهێنێت و سەرچاوەیەکی گرنگ نییە، هەروەك وارن بەفت جارێکیان گوتی: ''ئاڵتون لە خاکی ئەفریقا یان شوێنێکی دیکە دەردەهێنرێت، دواتر ئێمەش دەیتوێنینەوە. چاڵێکی دیکەی بۆ هەڵدەکەنین و دەیشارینەوە، هەروەها پارەش دەدەین بە خەڵکی

تاوەکو پاسەوانی بکەن. پاشان ئاڵتون هیچ بەکارهێنانێکی نییە. ئەگەر کەسێك لە هەسارەیەکی دیکەوە سەیربکات و بمانبینێت ئاوها دەکەین دەدات بە سەری خۆیدا.'' لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا جارجار نرخی ئاڵتون بەرزدەبێتەوە و خەڵکیش بەردەوام کۆیدەکەنەوە! لە مێژوودا هەرجارێك نرخەکان دابەزیبن، شمەك و قەوڵە و زەوییوزار لە ئاڵتون باشتربوون. ئێستا تۆ پێم بڵێ ئاڵتون چییە؟

## شێوازێکی ڕێکخراو بۆ دیاریکردنی کات و جۆری پشکەکانت

ئێستا تۆ دەزانیت کام پێکهاتانە بەکاربهێنیت، بەڵام چۆن کۆیان دەکەیتەوە و دەیانکەیت بە ژەمێکی تەواو؟ ڕاستییەکەی ئەوەیە، هیچ ڕێگەیەك نییە کە بۆ هەموو کەسێك گونجاو بێت. کەچی زۆربەی ڕاوێژکارەکان ڕێگەیەك بەکاردەهێنن بۆ دیاریکردن و ڕێکخستنی پشکەکان، هەروەها گوێ نادەن بە جیاوازیی پێداویستییەکان لەنێوان کڕیارەکاندا. ئەمە وەك ئەوە وایە کە پارچە گۆشتێك بدەیت بە ئاژەڵێکی ڕووەکخۆر و ڕووەکیش بدەیت بە گۆشتخۆرێك.

ڕێگەیەك هەیە زۆر هەڵەیە و زۆریش باوە، ئەویش ئەوەیە کە تەمەنی کەسەکە لەبەرچاو بگیرێت بۆ دیاریکردنی ڕێژەی شمەکەکە لە لیستەکەیدا. بۆ نمونە ئەگەر تۆ ٥٥ ساڵ بیت، ئەوە تۆ ٥٥٪ی شمەکەکانت دەکرێن بە قەوڵە. بەنیسبەت منەوە، ئەمە شتێکی شێتانەیە. لەڕاستیدا ئەو جۆرە شمەکەی کە هەتە دەبێت لەگەڵ ئەوەی کە پێویستە بەدەستی بهێنیت بگونجێت. دوای هەموو ئەمانە، دایکێکی ٥٥ ساڵ کە پارە بۆ خوێندنی منداڵەکەی پاشەکەوت دەکات جیاوازە

لەگەڵ بەڵێندەرێکی ٥٥ ساڵ کە تازە کار و بار و بازرگانییەکەی فرۆشتووە و دەیەوێت وەسیەتێك بکات و پارەکەی بکات بەخێر. هیچ گونجاو نییە بەشێوەیەك مامەڵە لەگەڵ ئەم دوو کەسەدا بکەیت وەك ئەوەی پێداویستییەکانیان یەك شت بێت، تەنها لەبەرئەوەی تەمەنەکەیان وەك یەکە!

ڕێگەیەکی دیکەی باو ئەوەیە کە توانای بەرگەگرتنی کەسەکە بکەیت بە پێوەر لەبەرانبەر مەترسییەکاندا. ئەمیش بەوە دەبێت کە سەرەتا دەبێت ڕاپرسییەك پڕبکەیتەوە بۆئەوەی بزانن تۆ کەسێکی بوێریت یان پارێزگاریت (خۆت دەپارێزیت لە مەترسی). دواتر لیستی شمەکەکانیشت بەو شێوازە دادەڕێژن کە لەگەڵ ڕێژەی مەترسییەکانتدا بگونجێت. واتە تا چەند ئامادەی مەترسیت ئاوها لیستی شمەکەکانت ئامادە دەکرێت. بەنیسبەت منەوە، ئەم ڕێگایەش هەڵەیە، چونکە پێداویستییەکانت فەرامۆش دەکات.

کەواتە چۆن مامەڵە لەگەڵ دیاریکردنی شمەکەکاندا دەکەیت؟ تۆ وەك کەسێك کە پارەی هەبێت چۆن کەلوپەل و شمەك دەکڕیت و هەڵبژاردن لە نێوانیاندا دەکەیت؟ ئەوەندەی من بزانم، ئەو پرسیارەی کە تۆش و ڕاوێژکارەکەشت وەڵامیان نییە بۆی ئەمەیە: کام جۆری شمەك زۆرترین ئەگەری ئەوەت پێدەدات لەو شوێنەی کە ئێستا تێیدایت، بتباتە ئەو شوێنەی کە پێویستە لێی بیت؟ واتە تا چەند ئەم شمەکانەی کە دەیانکڕیت دەتوانن بەرەوپێشت ببەن؟ بەمانەیەکی دیکە، شێوازی لیستی شمەکەکانت دەبێت لەسەر بنەمای پێداویستییە تایبەتییەکانت بێت.

دەبێت راوێژکارەکەت بەوە دەستپێبکات کە وێنەیەکی ڕوونت پیشان بدات بۆئەوەی بزانیت ئەمڕۆ لە کوێدایت (خاڵی دەستپێکردنت)، دەتەوێت چەندێك پاشەکەوت بکەیت و توانای چەندێکیشت هەیە کە پاشەکەوتی بکەیت، چەندێك پارەشت پێویست دەبێت، هەروەها کەی پێویستت دەبێت (خاڵی کۆتاییت). هەرکاتێك ئەم پێداویستیانە ڕوونکرانەوە، دەبێت ڕاوێژکارەکەت چارەسەرێکت بۆ ئامادەبکات کە یارمەتیت بدات لە بەدەستهێنانی ئەو پێداویستییانەدا. خۆت دەتوانیت بەبێ هیچ ڕاوێژکار و کەسێکی شارەزا هەموو ئەمانە لێکبدەیتەوە و چارەیان بکەیت؟ بەدڵنیاییەوە دەتوانیت، بەڵام ئەوکات مەترسییەکان زۆر بەرزدەبنەوە، وە تۆش ناتەوێت شتەکان تێك بدەیت. ئەگەر بەتایبەت شارەزای یەکێك لەم بابەتانە نییت، ئەوە باشتر وەهایە یارمەتی لە کەسێکەوە وەربگریت.

لە هەر بارودۆخێکدابیت، با بڵێین تۆ پێویستت بە ٧٪ قازانجی ساڵانە هەیە تاوەکو لە ١٥ ساڵی داهاتوودا خانەنشین ببیت. ڕەنگە ڕاوێژکارەکەت ٧٥٪ی لیستەکەت بکات بە شمەك و کاڵا و ٢٥٪ی بکات بە قەوڵە. گرنگ نییە کە تەمەنت ٥٠ یان ٦٠ ساڵە. لەبیرت بێت: کە پێداویستییەکانت جۆری شمەك و ڕێکخستنیان دیاریدەکەن نەك تەمەنت. هەر کاتێکیش ڕاوێژکارەکەت هەموو شتێکی ڕێکخست، باشتر وەهایە لەبارەی مەترسییەکانەوە کە دەکرێت توشی ببیتەوە، ڕاوێژی لەگەڵ بکەیت و بزانیت دەتوانیت بەرگەی بگریت یان نا. ئەگەر نەتتوانی، ئەوە ڕاوێژکارەکەت دیسان بەشێوازێکی پارێزگارانە (کەمتر مەترسی تێدابێت) لیستەکەت بۆ ئامادەدەکات بۆئەوەی بگەیت بە ئامانجەکەت.

یەکێکی دیکە لە خاڵە گرنگەکان ئەوەیە کە پلانێك بۆ یارییەکە دابڕێژیت کە ڕێژەی باجدانت کەمبکاتەوە. با بڵێین تۆ لیستێك پیشانی ڕاوێژکارەکەت دەدەیت. لیستەکەت بەکەڵك نایەت، لەبەرئەوە ڕاوێژکارەکەت پێشنیاری گۆڕانکاری دەکات لە سەرجەم لیستەکەدا. ڕەنگە ڕاوێژکارەکەت لەمەدا سەرکەوتوو بێت و پلانەکەی سەربگرێت، بەڵام ئەگەر وەبەرهێنانەکە سەربگرێت و قازانجێکی باشبکات، دواتر کە ویستت ئەم شتانە بفرۆشیت باجێکی زۆر لەسەر قازانجەکانت بوو ئەوکات چی؟ ڕاوێژکاری کارامە هەمیشە سەرەتا ڕێژەی باج و کاریگەرییەکانی لەسەر ڕێژەی فرۆشتن دیاریدەکات، دواتر لیستی شمەکەکانت دەستنیشان دەکات.

مەبەستەکە ئەوەیە، تۆ پێویستت بە ڕاوێژکارێکە کە توانای ئەوەی هەبێت لیستی شمەکەکان بەشێوەیەك بدوزێت کە بە بەری پێداویستییەکانت بکات. یەك ڕێگا کە بۆ هەموو کەسێك بەکاریدەهنێت زۆر هەڵەیە و دەکرێت کارەساتی بەدوادا بێت. ئەمە وەك وەهایە کە بچیت بۆ لای دکتۆر و پێت بڵێت. ''ئەم دەرمانەی کە من دەتدەمێ باشترین دەرمانی جومگەیە لە جیهاندا.'' تۆش وەڵامدەدەیتەوە و دەڵێیت: ''ئەمە شتێکی زۆر نایابە دکتۆر، بەڵام من نەخۆشی جومگەم نییە! من هەڵامەتمە.''

## لەبیرت بێت و بەدەستی بهێنە

پێش ئەوەی کۆتایی بەم بەشە بهێنین، دەمەوێت هەندێك ڕێنمایی گرنگت بۆ بەجێبهێڵم بۆئەوەی کاتێك کە لیستەکەت دارشت یان دووبارە داترشتەوە، لەبیریان نەکەیت. ئەمە ئەو بنەمایانەن کە ئێمە لە پلانی

دروستکەردا بەردەوام لەگەڵی دەژین و بەکاریان دەهێنین، هەروەها دڵنیام کە بەباشی لە ڕۆژە خۆرەتاو و زریانەکاندا یارمەتیت دەدات!

١. دیاریکردنی شمەکەکان قازانج دیاریدەکات. با یەکەمجار بەو تێگەشتنەوە دەستپێبکەین کە دیاریکردنی شمەکەکانت گەورەترین هۆکارن بۆ دیاریکردنی دەستکەوتی وەبەرهێنانەکانت. لەبەرئەوە بڕیاردان لەسەر شتومەك و قەوڵە و وەبەرهێنانەکانی دیکە بەشێوەیەکی هاوسەنگ، گرنگترین بڕیاری بازرگانییە کە لە ژیانتدا بیدەیت. هەرشتێك کە هەڵیدەبژێریت دڵنیابەرەوە کە بەشێوەیەکی هەمەلایەنە ڕێکخراوە. هەرگیز داهاتووت مەخەرە گرەوی یەك وڵات یان یەك جۆر شمەکەوە.

٢. با هەمیشە پاشەکەوتت هەبێت. هەرگیز ناتەوێت لە بارودۆخێکدا بیت کە ناچاربیت لە خراپترین کاتدا شمەکەکانت بفرۆشیت. وایە؟ دەی کەواتە شتێکی زۆر گونجاوە هەتا دەتوانییت با هەمیشە پاشەکەوتێکت هەبێت. ئێمە لە کۆمپانیاکەی خۆماندا دڵنیا دەبینەوە لەوەی کە کڕیارەکانمان ڕێژەیەکی گونجاو پرۆژەیان هەیە کە داهاتیان بۆ دەهێنێت، لەوانەش قەوڵە و شمەکەکانیان. هەروەها ئێمەش ئەو شمەکانەیان بۆ جۆراوجۆر دەکەین و داهاتەکانیان لە بازاڕدا بەگەڕدەخەینەوە، بەم جۆرە وەهامان لێدێت کە دارمان و تێکچوونی بازاڕ بە هاوڕێ بزانین نەك دوژمنێکی ترسناك.

٣. بدۆزەرەوە: بنەمایەکی گرنگ لە لیستی شمەکی کڕیارەکانمان بریتییە لە بەگەڕخستن لەو پرۆژە هاوبەشانەدا کە دەبێتە هۆی ئەوەی کە قازانجەکانیان وەك بازاڕ بێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا شتێکی گونجاوە ئەگەر بتوانیت ستراتیجییەتێکی زیادە بدۆزیتەوە کە دەرفەتی قازانجت

زیادبکات. بۆ نمونە ڕەنگە وەبەرهێنێك هەندێك پارەی زیاتر بخاتە پرۆژەوە و مەترسییەکەی زیاتربێت، بەڵام دەستکەوتیشی زیاتر دەبێت.

٤. هاوسەنگی: من بڕوای تەواوم بە `` هاوسەنگکردنەوە `` هەیە، ئەمیش واتە ماوەیەك، با بڵێین ساڵی جارێك، لیستی شمەکەکانت بخەرەوە سەر بنەڕەتی خۆی کە سەرەتا داتڕشتووە و گۆڕانکاری و چاکسازی تێدا بکە. بۆ نمونە تۆ ٦٠٪ وەبەرهێنانت لە شمەکدا کردووە و ٤٠٪ یش لە قەوڵەکاندا، دواتر نرخی بازاڕ گۆڕانکاری بەسەردادێت، ئەوکات نرخی شمەکەکانت دەبێتە ٤٥٪ و قەوڵەکانیشت ٥٥٪. کەواتە لەم دۆخەدا بۆئەوەی هاوسەنگیی بگەڕێنیتەوە هەندێك لە قەوڵەکان دەفرۆشیت و هەندێك شمەك دەکڕیت.

وەك پرۆفیسۆر بورت مالکێڵ بە تۆنی گوت: وەبەرهێنە ناسەرکەوتووەکان `` دەیانەوێت ئەو شمەکانە بکڕن کە بەهایان بەرزبووەتەوە و ئەوانەش بفرۆشن کە بەهایان دابەزیوە. `` هەروەها گوتی یەکێك لە سوودەکانی هاوسەنگکردنەوە ئەوەیە `` تۆ پێچەوانەی ئەمە دەکەیت، `` ناچارت دەکات ئەو شتانە بکڕیت کە خواستیان لەسەر نییە، بەڵام دواتر کاتێك گەڕانەوە دۆخی جاران قازانجێکی باش دەکەیت.

## کۆتا وتە

ئەگەر تۆ شوێن ئامۆژگارییەکانی ئەم بەشە بکەویت، ئەوە توانای ئەوەت دەبێت کە لەهەموو زریانێکدا سەوڵ لێبدەیت. بەدڵنیاییەوە کاتی وەها هەیە هەوڵەکان پڕن لە سەردێڕی ترسناك، بەڵام تۆ ئەو دڵنیاییەت هەیە کە لیستی شمەکەکانت بەباشی ڕێکخراون و هەمەچەشنن، بۆیە بەرگەی

هەموو پشێوییەكی بازاڕ دەگریت.

لە بەشی دووەمدا، فێری ئەوە بوویت كە هیچ پێویست ناكات لە سستیی بازاڕ بترسیت، هیوادارم ئێستا بزانیت كە هیچ پێویست ناكات لە داڕمانی بازاڕیش بترسیت. لەڕاستیدا ئەم بارودۆخانە باشترین دەرفەتت بۆ دەڕەخسێنن كە دەتوانیت بگەیت بە ئاستێكی تەواو جیاواز. ئەو داڕمانەی كە سێ ساڵ جارێك ڕوودەدات بەخششێك كە تەنها كاتێك نییە هەوڵ بدەیت خۆت دەرباز بكەیت، بەڵكو كاتێكە كە دەتوانیت تێیدا سەركەویت.

بەڵام هەردووكمان باش دەزانین كە جیاوازییەكی گەورە هەیە لەنێوان تیۆر و كرداردا. بیرێك لە كرپارەكەی پێشووم بكەرەوە كە لەكاتی داڕمانی بازاڕدا هەموو پارەكانی كرد بە ئاڵتون. ترس وایلێكرد واز لە پلانێك بهێنێت كە دەكرا داهاتووی دیاریبكات و دڵنیای بكاتەوە لە سەركەوتن. كەواتە چۆن دڵنیا دەبیتەوە كە هەستەكانت لەدەست دەرناچن و لە ئاڕاستە لاتنادەن؟

بەشی دواتر سەرنج دەخاتە سەر دەروونزانی سامان بۆئەوەی ئەو هەڵە باوانە نەكەیت كە ئێمە بەردەوام دەیبینین. وەك دواتر بۆتدەردەكەوێت، تەنها یەك بەربەست لە بەردەم سەركەوتنەكانی بواری دارایی: ئەویش خۆتیت! هەركات فێربوویت كە چۆن دوژمنی ناوخۆت بێدەنگ بكەیت، هیچ شتێك ناتوانێت بتوەستێنێت.

# بەندی سێیەم

# دەروونزانی سامان

# بەشی هەشتەم
# بێدەنگکردنی دوژمنی ناوخۆت

ئەو شەش هەڵەیەی کە وەبەرهێنەکان دەیکەن

هەروەها چۆن خۆتیان لێلابدەیت

دەکرێت سەرەکیترین و بگرە خراپترین دوژمنی وەبەرهێن،

خودی خۆی بێت

– بێنجامین گراهام

پیرۆزە ! تۆ پەرتوکی یاساکان و ستراتیجییەکانت تەواوکرد و ئێستا ئەو زانیارییەت پێیە کە پێویستتە بۆئەوەی بەتەواوی خۆڕاگر بیت.
ئەوەی کە پێویستتە فێری بوویت بۆئەوەی ئاگاداری بارودۆخەکە بیت و ئاگات لەخۆت بێت، فێری ئەو ڕاستییانە بوویت کە دەکرێت لەکاتی دارمان و سستیی بازاڕدا ڕزگارت بکەن، هەروەها بەتەواوی پڕچەك کراویت بە ستراتیجییەتەکانی بردنەوە کە لە باشترین وەبەرهێنەکانی سەر ڕووی زەوی وەرگیراون. هەروەها کۆمەڵێك زانیاری بەنرخت وەرگرتووە لەبارەی کرێ و باجەکان و چۆنییەتی دۆزینەوەی ڕاوێژکارێکی کارامە. هەموو ئەمانە پەرژینێکی بەهێزن کە دەبنە هۆی پاراستنت، واتلێدەکەن لەکاتی پشێویی و ناسەقامگیریدا بەئاسودەیی و لەسەرخۆیی بمێنێتەوە. ڕێگایەکی تاقیکراوەی نایابت لەبەردەستە بۆ گەشتن بە سەربەستیی دارایی.

بەڵام با بپرسم... دەکرێت چی شتێك هەموو ئەمانە تێکبدات؟ با من زانیارییەکت پێبدەم: هیچ شتێکی دەرەکی نییە، ئەوە خۆتی! بەڵام مێشکی مرۆڤ بەم شێوەیە، کاتێك بابەتەکە دێتە سەر وەبەرهێنان بڕیاری گەمژانە دەدات. تۆ دەتوانیت هەموو شتێك بەباشی بکەیت، بەگەڕخستن لە پڕۆژەیەکی هەرزاندا بکەیت، کرێ و باج کەمبکەیتەوە، بەشێوەیەکی زیرەکانە هەمەجۆری لە شمەکەکانتدا بکەیت، بەڵام ئەگەر شکست بهێنیت لە دەستبەسەراگرتنی لایەنی دەروونی خۆت، ڕەنگە ببیتە قوربانی لەبواری بازرگانیدا.

لەڕاستیدا ئەمە بەشێکی بچوکیەتی. ئەگەرنا لەهەموو ڕوویەکەوە لە ژیانی ڕۆژانەماندا: ئەگەر ژوانبێت، هاوسەرگیری بێت، لە شوێنی کار بیت، لەکاتی وەرزشکردندا بێت، یان هەر شتێکی دیکە بێت، ئێمە دەمانەوێت ببینە دوژمنی خۆمان. کێشەکە ئەوەیە مێشکمان ناتوانێت خۆی لە ئازار لابدات و بەدوای خۆشیدا بگەڕێت. بەشێوەیەکی سروشتی ئێمە تامەزرۆی ئەو شتانەین کە یەکسەر دەستکەوت و پاداشتیان هەیە. پێویستیش ناکات بیڵێم، بەڵام ئەم جۆرە ڕەفتارانە بەشێك نین لە بڕیاردانی درووست. لەڕاستیدا کاتێك لەگەڵ پارەدا هەڵسوکەوت دەکەین مێشکمان ئامادەی بڕیاری هەڵەیە.

وەك دواتر باسی دەکەین، لە مێشکماندا جۆرە ڕێکییەك هەیە کە بەشێوازێك کاری وەبەرهێنان قورس دەکات توشی سەرسوڕمانت دەکات. ئەمە بەشێکە لەناو مێشکماندا دروستکراوە هەروەك چۆن کۆمپیوتەر هەندێك بەشی لە ناوەوە جێگیرکراوە. ئەم بەشە بەشێوازێك داڕێژراوە کە هەندێك بیرۆکە و کەرەستەی گرنگت پێدەدات کە دەتوانیت بەکاریان

بهێنیت بۆ ڕزگاربوون لەو لایەنە دەروونییەی زۆرێك لەخەڵکی لەسەر ڕێگەکەیان لادەدات.

با نمونەی بەربەستێکی دەروونی زۆر باوت پێبدەم کە دەکرێت زۆربەمان ڕوبەڕووی ببینەوە. زانایانی تایبەت بە مێشك ئەوەیان دۆزیووەتەوە، ئەو بەشانەی مێشکی مرۆڤ کە شکستە داراییەکان شیکار دەکەن، هەمان ئەو بەشانەن کە بەرپەرچدانەوەیان دەبێت بۆ مەترسییە گەورەکان. کەمێك بیر لەوە بکەرەوە و بزانە واتای چییە. بیهێنە پێش چاوت تۆ کەسێکیت لە دارستان دەژیت و بەدوای ژەمە خۆراکێکدا دەگەڕێیت، لەپڕ پڵنگێکی ددان تیژی گەورە لەبەردەمت پەیدا دەبێت. لەم کاتەدا مێشکت دەچێتە ئاستێکی بەرزی ئاگادارکردنەوەوە، ئاماژەی زۆر کتوپڕت بۆ دەنێرێت بۆئەوەی یان شەڕ بکەیت یان بوەستیت یان ئەوەتا ڕابکەیت و ژیانی خۆت ڕزگار بکەیت. ڕەنگە هەوڵبدەیت نزیکترین بەرد یان ڕم بەکاربهێنیت و هەوڵبدەیت شەڕ بکەیت، یان ئەوەتا ڕابکەیت و لە ئەشکەوتێکی سەلامەت خۆت حەشار بدەیت.

ئێستا بیهێنە پێش چاوت کە ٢٠٠٨ە، تۆش وەبەرهێنێکیت کە بڕێکی زۆر لە سامانەکەت لەبازاڕدایە. قەیرانە داراییە جیهانییەکان نرخی بازاڕیان داشکاندووە، پرۆژەکانت زیانیان بەردەکەوێت و لەم کاتەشدا مێشکت پەرچەکرداری دەبێت بۆ ئەو کۆمەڵە پارەیەی کە خەریکە لەدەستی دەدەیت. مادام بابەتەکە پەیوەندی بە مێشکەوە هەیە، ئەم بابەتە وەك بابەتی پڵنگەکە وەهایە کە هەوڵیدەدا بتکات بە ژەمێکی خۆی.

کەواتە چی ڕوودەدات؟ مێشکت گڵۆپی سور هەڵدەکات! بەشی تایبەت بەم بوارە لەمێشکتدا دەستدەکات بە ناردنی پەیام و پێت دەڵێت تۆ لە

مەترسییەکی کوشندەدایت، بەڵام دەزانیت کە ژیرانەترین جوڵە لەبازاڕدا ئەوەیە کاتێک شمەکەکان دەفرۆشرێن، تۆ بیانکڕیت. بەڵام مێشکت بەردەوام پێت دەڵێت هەموو شتێك بفرۆشە و پارەکەت بهێنەرەوە و برۆ لەژێر جێگەکەتدا (باشتر لە ئەشکەوتەکەش) خۆت حەشاربدە تاوەکو ئەم ترسە نامێنێت. گومانی تێدا نییە زۆربەی وەبەرهێنەرەکان کارە هەڵەکە دەکەن! ئەمەش کاریگەریی بەشی مێشکمانە کە هەوڵی ڕزگاربوون دەدات. ئێمە وامان لێدێت کە زۆر بترسین، چونکە مێشکمان بڕوای وەهایە ئەم قەیرانی داراییە مردنێکی ڕاستەقینەیە، بەڵام لەڕاستیدا بیروڕای ئێمە گرنگە نەك بارودۆخەکە.

بیروڕای ئێمەیە کە فرمان دەنێرێت بۆ هەستە دەمارەکان. بیروڕا هیچ نین جگە لە کۆمەڵێك هەستی دڵنیایی کە ڕەوشتمان ڕێکدەخات. ئەگەر بیروڕاکان بەباشی ڕێکبخێرن، گەورەترین هێزن بۆ دروسکردنی ئاسودەیی، بەڵام بیروڕاکانمان دەکرێن بژاردەکانیشمان سنورداربکەن و زیانێکی توند بە کارەکانمان بگەیەنن. ئەی کەواتە چارەسەر چییە؟ چۆن دەتوانین ئەو بەشەی مێشکمان فەرامۆش بکەین کە تایبەتە بە خۆڕزگارکردن، بۆئەوەی فێرببین لەکاتی داڕمانی بازاڕدا (یان پڵنگێکی برسی) بە جێگیری و خۆڕاگری بمێننەوە؟ وەها دەردەکەوێت شتەکەمان زۆر سادەکردبێتەوە، بەڵام هەموو ئەوەی پێویستمان دەبێت تەنها کۆمەڵێك چارەسەری ڕێکخراوە بۆئەوەی زیانە لاوەکییەکان نەهێڵین یان کەمیان بکەینەوە. مادام زانینی ئەم شتانە بەس نییە، کەواتە دەبێت چارەسەرێکیش هەبێت. تۆ پێویستت بە توانایەکە بۆئەوەی هەموو کاتێك دەستبکەیت بە جێبەجێکردنی کارەکانت.

بیرێك لـه هێڵـه ئاسمانییـەکان بکـەرەوە، دەکرێـت یـەك هەڵـەی مـرۆڤ کارەسـات دروسـت بکـات. بەنیسـبەت فرۆکەخانەکانـەوە، ئـەوان ناچـارن هـەموو کاتێـك شـوێن پرۆسـەیەکی دیـاریکراو بکـەون. بۆیـە بـەهۆی جێبەجێکردنی زنجیرە چارەسـەرێك و پشـکنینەکانەوە ڕێـژەی مەترسـیی کەمدەکەنـەوە. سـەیری ئـەو یاریـدەدەرە بکـە کـە لەگـەڵ فرۆکەواندایـە، لەحاڵەتێکـدا کـە فرۆکەوانەکـە هەڵەیـەکی کـرد، پشـکنینەکان دەکـات و چـاودێری ورد بـۆ سـەلامەتی گیـانی سەرنشـینان و ڕاگرتنـی هاوسـەنگی دەکات. یاریدەدەرەکـە بـۆ ئـەوە لـەوێ نییـە کـە کاتێك فرۆکەوانەکـە لـە شوێنێکی دیکەبوو ئەم فرۆکەکە ئاڕاستە بکات، بەڵکو لەهەر بارودۆخێکدا کە پێویست بوو بڕیارێك بدرێت ئـەم ڕاوبۆچـوون پێشکەشـی فرۆکەوانەکـە دەکـات. هـەروەها گـرنگ نییـە چـەند هـەزار میـل دەفـڕن، هـەردوو فرۆکەوانەکە و یاریدەدەرەکەش بەردەوام چاودێری ڕەوشـی سەرنشـینان دەکـەن بۆئـەوەی هـەمووان بەسـەلامەتی بمێننـەوە، بـەم شـێوەیەش لەکاتی خۆیدا دەگەنە جێگەی مەبەست.

کاتێك دێتە سەر وەبەرهێنان، هەڵەی مرۆڤ ڕەنگە نەگاتـە ئاسـتی مـردن و ژیان، بەڵام هەڵەی بازرگانی سـەرئەنجام دەکرێت کارەسات بێت. تـەنها پرسـیار لەوانـە بکـە کـە لـەکاتی قەیرانـە داراییەکـەدا مـاڵ و حاڵیـان لەدەسـتدا، یـان ئەوانـەی نـەیانتوانی پـارەی منداڵـەکانیان دابـین بکـەن تـاوەکو بخـوێنن. لەبـەر ئەمەیـە وەبەرهێنـەکانیش سیسـتەم و یاسـا و پرۆسەیەکی سادەیان پێویستە بۆئەوەی خۆیان لەخۆیان بپارێزن.

## بزانە چی دەکەیت، ئەوەشی کە دەیکەیت بیزانە

باشترین وەبەرهێنەکان زۆر ئاگاداری ئەوەن بزانن تاوەکو چەندێك پێویستیان بە سیستەمە سادەکان هەیە، چونکە دەزانن سەرەڕای کارامەییان، دەکرێت بەجۆرێك شتەکان تێکبدەن کە توشی ئازارێکی یەکجار گەورە ببنەوە! ئەوان تێدەگەن کە بەس نییە بزانیت چی دەکەیت، بەڵکو پێویستە ئەوەش بکەیت کە دەیزانیت.

لەماوەی ئەم ٢٠ ساڵەی کە ڕاهێنەری پاوڵ تودەر بووم، گرنگترین شتێك کە جەختی لەسەرکرابێتەوە بەرەوپێشبردن و تازەکردنەوەی ئەو سیستەمانە بووە کە پاوڵ بەکاریهێناوە بۆ هەڵسەنگاندن و داڕشتنی بڕیارەکانی. لەڕاستیدا ئەوکاتەی کە یەکەمجار پاوڵم بینی گەورەترین وەبەرهێنانی کردبوو لەمێژوودا، هەموو هەلێکی ئەو ڕووداوەی قۆستەوە کە لەساڵی ١٩٨٧دا ڕویدا و لەماوەی ڕۆژێکدا بازاڕ ٢٢٪ دابەزی. لەو ساڵەدا پاوڵ بەڕێژەی ٢٠٠٪ قازانجی بۆ وەبەرهێن و خاوەن پشکەکانی کرد، بەڵام دوای ئەو سەرکەوتنە نایابە، پاوڵ زیاتر بڕوای بە خۆی پەیداکرد، ئەمەش جۆرە بیرکردنەوەیەکی باوە کە لەم بەشەدا زیاتر لەبارەیەوە فێردەبیت. دەرئەنجام چی؟ وایلێهات کەمتر گرنگی دەدا بە ئەو سیستەمەی کە چەندین ساڵە کۆیکردووەتەوە و ڕێکیخستووە بۆئەوەی ببێت بە ئەم کەسەی ئێستا...

بۆ ئەوەی ئەو بیرکردنەوەیە ڕاستبکەمەوە، دەستمکرد بە لێکۆڵینەوە لەوەی کە چۆن وەك وەبەرهێنێك ڕەوشت و هەڵسوکەوتی ئاوها گۆڕا. چەند هاوڕێ هاوپیشەیەکی پاوڵم بینی و چاوپێکەوتنم لەگەڵ هاوکارەکانیدا کرد، هەروەها سەیری ڤیدیۆکانیم کرد کە چۆن لە

کاتەکانی سەرکەوتنیدا وەبەرهێنان و مامەڵەی دەکرد. لەسەر بنەمای ئەم تێگەشتنە، لەگەڵ پاوڵ کارم کرد و لیستێکم دروستکرد، ئەویش هەندێك بنەمای سادەبوون کە پێش هەر بڕیارێك لەهەر بازرگانییەکدا بەکاریدەهێنا.

بۆ نمونە، یەکێك لەو بنەمایانەی کە دانرابوو ئەوەبوو پێش ئەوەی پاوڵ هەر وەبەرهێنانێك یان بازرگانییەك بکات، دەبوایە یەکەمجار لە دڵی خۆیدا ئەوە بچەسپێنێت کە ئەمە بازرگانییەکی سەخت دەبێت. واتە بازرگانییەك نییە کە هەموو کەسێك بیکات.

دووەم، وەها خۆی ڕاهێنابوو کە دڵنیابێت شێوازی مەترسی بە پاداشت بەکاردەهێنێت. بۆئەوەی ئەمە بزانێت هەموو کات پرسیاری لەخۆی دەکرد: '' ئەمە سێ بەرانبەر بەیەکە؟ ئایا ئەمە پێنج بەرانبەر بە یەکە؟ دەکرێت دەستکەوتێکی نەگونجاوم دەستبکەوێت بەرانبەر کەمترین مەترسی؟ هەروەها ئەگەرەکانی قازانج و زیان دەکرێت چەندێك بن؟

سێیەم، دەبێت دابنیشێت و پرسیار لەخۆی بکات، '' خاڵی تێکشکانی وەبەرهێنەکانی دیکە چییە؟ کەی نرخەکان ئەوەندە بەرز یان ئەوەندە نزم دەبنەوە کە وەهایان لێبکات لە بازاڕ بکشێنەوە؟'' دواتر ئەم دیدگا و بۆچونانە وەك خاڵی دەستپێك بەکاربهێنێت.هەروەها لە کۆتاییشدا ، ئەگەر بێت و تووشی هەڵەیەك بوویەوە،خاڵی دەرچوونی دیاریدەکات.

کەواتە چی شێوازێك لێرەدا بەکاردێت؟ شێوازی باوی پاوڵ بریتییە لە چەند پرسیارێکی سادە کە بەکاریدەهێنێت بۆ شیکارکردنی بیروڕاکانی و سەیرکردنی بارودۆخەکە بە شێوازێکی وردتر.

هەروەها هەموو ئەم پرسیارانە لیستێکی بۆ پاوڵ ئامادەکردووە کە

دەیتوانی بەهۆیەوە کارەکانی پێ بپشکنێت، هەروەها ئەوەشی وایلێکرد ئەو لیست و بەرنامەیە بکەوێتە کار پابەندبوون بوو پێیەوە. دوای هەموو ئەمانەش، کاتێك سیستەمێك کاریگەرە کە بەکاریبهێنیت! بۆئەوەی دڵنیاببمەوە کە پاوڵ ئەم کارەی کردووە، داوام لێکرد نامەیەك بنوسێت بۆ ئەندامانی بازرگانییەکەی و بەڕوونی ئەوەیان پێ ڕابگەیەنێت کە نابێت هیچ بەگەڕخشتنێك بکەن تاوەکو یەکەمجار لەگەڵ ئەم دانەنیشن و دواتر ئەم پرسیارانەیان بکردایە کە ئێمە پوختەمان کردووە: ‘‘ بەڕاستی ئەم مامەڵەیە سەخت دەبێت؟ ئایا ئەم بازرگانییە سیستەمی مەترسی بە پاداشتی هەیە؟ ئایا ئەم شێوازە سێ بەرانبەر بە یەك یان پێنج بەرانبەر بە یەکە؟ کامە خاڵی دەستپێکە؟ لەکوێدا دەوەستیت؟’’

بۆئەوەی زیاتر دڵنیابین، بەشێوازێك ڕێنماییمان پێدابوون کە دوای لێدانی زەنگەکە و دەستپێکردنی مامەڵەکە هیچ فرمانێکی دیکە وەرنەگرن. بە واتایەکی دیکە، ڕێگەپێدراو نەبوو لە نیوەی ڕۆژەکەدا دەستبکەن بە مامەڵە. باشە بۆچی نا؟ چونکە پاوڵ دەیزانی کە مامەڵەکردن لەو قۆناغەی یارییەکەدا، واتە پەرچەکرداری بۆ بازاڕ هەبووە، واتە لەکاتی نرخ بەرزیدا شتی کڕیوە و لەکاتی نرخ کەمیدا شتی فرۆشتووە، بۆیە ئەمەش هێزی کەمدەکاتەوە و دەیدات بە کەسێکی دیکە.

وەك دەبینین وەبەرهێنە گەورەکانی وەك پاوڵ لەوە تێدەگات کە دەروونناسی یان دروستت دەکات یان تێکت دەشکێنێت، لەبەرئەوە زۆر گرنگە بەردەوام بیت. لەم بەشەدا پێکەوە دەمانەوێت لیستێك ئامادە بکەین کە شەش کەرەستەی تێدایە بۆئەوەی ئاگادار بیت و ڕێگە لە زیانەکان بگریت تاوەکو دڵنیابیتەوە لە سەرکەوتنت.

٨٠٪ دەروونناسی

٢٠٪ ڕێکارەکان

بۆ ماوەی چوار دەیە، لە چەندین بواری جیاوازدا لێکۆڵینەوەم لە چەندین کەس کردووە، هەر لەبواری وەبەرهێنان، بازرگانی، پەروەردە، وەرزش و هەروەها پزیشکی. ئەوەی کە بەردەوام دەستم دەکەوت ئەوەبوو کە ٨٠٪ی سەرکەوتنەکان بەهۆی دەروونناسییەوە بووە و ٢٠٪ی ڕێکارەکان بووە.

دەروونناسی وەبەرهێن بابەتێکی تەواو ئاڵۆز و هەمەچەشنە. لەڕاستیدا، یەك بواری ئەکادیمیی تایبەت هەیە بەناوی '' شێوازی بازرگانی،'' ئەم بابەتە لێکۆڵینەوە لە مێشك و هەستەکان دەکات کە دەبنە هۆی ئەوەی وەبەرهێنەران بەشێوەیەکی شپرزەیی ڕەفتار بکەن. ئەم هەستانە زۆرجار خەڵکی بەو ئاڕاستەدا دەبەن کە قورسترین هەڵەی وەبەرهێنان بکەن. بۆ نمونە دیاریکردنی کاتی بازاڕ، بەگەڕخستن بەبێ زانیاری لەسەر کاریگەری ئابونە و کرێ، هەروەها شکستهێنان لە هەمەچەشنکردنی لیستەکەیاندا.

ئامانجی ئێمە لێرەدا ئەوەیە کە شتەکان کورت و سەرنجڕاکێش بکەین! لەم بەشە کورتەدا، دەمانەوێت ئەوە ڕوونبکەینەوە کە ئایا پێویستە لەبارەی گەورەترین هەڵەی دەروونییەوە چی شتێك بزانیت، هەروەها چۆن خۆت لەو کێشانە بپارێزیت کە بەهۆی هەڵە بازرگانییەکانەوە توشیان دەبێت.

وەك ڕەی دالیۆ پێی گوتم: ئەگەر سنورەکانت بزانیت، ئەوکات دەتوانیت

خۆت بگونجێنیت و سەرکەوتوو بیت. ئەگەر نەیانزانیت، ئەوە زیانت پێدەگات. هەروەها بەهۆی چەند چارەسەرێکی تایبەتەوە، دەتوانیت وەك باشترین وەبەرهێنەرەکانی سەر ڕوی زەوی بیت لەو مەرج و بەربەستانە ڕزگارت بێت و دەستبگریت بەسەر بارودۆخەکەدا.

## هەڵەی یەکەم: گەڕان بەدوای هاوشێوەی بیرکردنەوەکانت بۆچی باشترین وەبەرهێنەکان بیرکردنەوەیەك پەسەند دەکەن کە دژی بیرکردنەوەی خۆیانە.

لەکاتی شەڕی هەڵبژاردنی ٢٠١٦ی سەرۆکایەتی ئەمریکا لەنێوان دۆناڵد ترەمپ و هیلاری کلینتن'دا، ڕەنگە لەگەڵ هاوڕێکانت بەشداری یەکێك لە دیبەیتە گەرمەکانت کردبێت، بەڵام هیچ کاتێك بیرت لەوە کردووەتەوە کە ئەوانە بە هیچ جۆرێك دیبەیت نەبوون؟ چونکە هەموو کەسێك پێشوەخت بڕیاری خۆیداوە. ئەوانەی ترەمپیان خۆشدەوێت و ڕقیان لە هیلارییە یان بەپێچەوانەوە، هیچ شتێك بیروڕای نەدەگۆڕین!

ئەمە لە میدیاکاندا زۆر زیاتر هەستی پێدەکرێت. زۆربەی خەڵکی سەیری کەناڵێك دەکەن کە جۆرە بیرکردنەوەیەکی هەیە و بەدڵی ئەوانە. سەرئەنجام چی دەبێت؟ وەك ئەوە وەهایە لە ئەشکەوتێك دابنیشیت و گوێت لە دەنگی خۆت بێت، چونکە هەموو بیرۆکە و بۆچوونەکانی دەورووبەرت وەك ئەوەی تۆیە.

هەڵبژاردنەکەی ٢٠١٦ نمونەیەکی باشی خستووەتەڕوو لەبارەی پەسەندکردنی بیرکردنەوەکانی هاوشێوەی خۆت، کە یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی مرۆڤ و بەدوای ئەو زانیارییانەدا دەگەڕێت کە لەگەڵ

بۆچـونەکانیدا دەگونجێـت و بـەرز دەیاننرخێنێـت. هـەروەها ئـەم جـۆرە بیرکردنـەوە وامـان لێـدەکات ئـەو زانیارییانـە کەمبکەینـەوە کـە لەگـەڵ بیرکردنەوەکانمانــدا نــاگونجێن و بێبــەهایان بکــەین. بەنیســبەت وەبەرهێنەکانیشـەوە، گـەڕان بـەدوای هـەمان بیرکردنـەوە نەخۆشـییەکی ترسناکە. با بڵێین تۆ جـۆرە شمـەکێکت لـە لیستەکەتدا خۆشـدەوێت کـە پێشتر لـەماوەی چـەند سـاڵی ڕابـردوودا قـازانجێکی باشـی کـردووە. لـەم کاتەدا مێشکت بەدوای ئەو زانیارییانـەدا دەگـەڕێت کـە دەیسـەلمێنن ئـەو پشکە هی تۆیە و ئـەو زانیارییانـە وەردەگریـت کـە پشـتگیری لـەو پشـکە دەکـەن. وەبەرهێنـەکان زۆرجـار ئـەو ڕۆژنامانـە دەخوێننـەوە کـە لەگـەڵ بیرکردنەوەکانیاندا دەگونجێت و پاڵپشتی ئەو شمەکانە دەکات کە ئـەمان هەیانە، یان ئەوەتا هانی خۆیـان دەدەن بـە خوێندنـەوەی ئـەو بڵاوکـراوە ئەرێنییانەی کە دەربارەی ئەو بەشەی ئەمان وەبەرهێنانیان تێداکردووە. ئەی باشە چی دەبێت ئەگەر بارودۆخەکە پێچەوانە بوویەوە و ئەو شمەکـە یان ئەو بەشەی کە وەبەرهێنانی تێداکراوە توشی دارمان بێـت و بـدات لـە زەوی؟ تا چەند ئامادەین و توانامان هەیـە کـە بۆچـوونەکانمان بگـۆڕین و هەست بەوە بکەین هەڵەمان کردووە؟

پیتەر ماڵۆك ئەم دیاردەی لە هاوڕێیـەکی بینـی کـە پێشـتر بـەهۆی جـۆرە شمەکێکەوە سامانێکی زۆری دەستکەوتبوو کە بۆ ماوەی دەیەیەك نرخـی تەواو بەرزبووبووەوە. کڕیارەکە نزیکەی ١٠ ملیـۆنی لـەو پشـکەدا هـەبوو. ئێمـەش لـە پلانـی دروسـتکەر پلانێکـی تۆکمـەمان بـۆ دارشـت بۆئـەوەی شمەکەکانی هەمـەجۆر بکـات، هـەروەها مەترسییەکانیشـی بەشـێوەیەکی بەرچاو کەمبکاتـەوە. سـەرەتا کڕیارەکـە ڕازیبـوو، بـەلاّم دواتـر بڕیـاری

گۆڕی. داوای شمەکەکەی خۆی کردەوە و لەوە تێگەشت بۆچی ئەم شمەکەی ئاوا نرخی بەرز دەبێتەوە. بە پیتەری گوت: " من گرنگی بەوە نادەم کە تۆ دەیڵێیت، ئەم شمەکەیە منی گەیاندووەتە ئێرە!"

بۆ ماوەی چوار مانگ، پیتەر و تیمەکەی هەوڵیاندا قایلی بکەن بۆئەوەی پرۆسەکەی هەمەچەشن بکات و خەریکی یەك شمەك نەبێت، بەڵام کابرا گوێی نەگرت. دوای ماوەیەك نرخەکان نیوە دابەزین، ئەمیش ٥ ملیۆن دۆلار زیانی بەرکەوت. کەچی هێشتا هەر سوور بوو لەسەرر قسەی خۆی و چاوەڕێیکرد کە بازاڕ باش ببێتەوە، بەڵام بازاڕ هەر باش نەبوویەوە. ئەگەر گوێی لە ئەو ئامۆژگارییە باشە بگرتایە کە دژی بیرکردنەوەکانی خۆی بوو، ئەوە ڕەنگە ئێستا لەسەر ڕێڕەو بوایە و بەرەو سەربەستیی دارایی برۆشتایە.

چارەسەرەکەی: پرسیار لە کەسی باشتر بکە و کەسی کارامەتر بدۆزەرەوە کە لەگەڵت هاوڕانین.

باشترین وەبەرهێنەکان دەزانن کە بەرانبەر بیرکردنەوەکانی خۆیان لاوازن، هەروەها بەم شێوەیەش هەموو شتێك دەکەن بۆئەوەی ڕووبەڕووی ببنەوە. باشترین شتیش ئەوەیە بەدوای بیروڕای کەسی کارامەدا بگەڕێیت کە لە بیرکردنەوەکانی خۆت جیاوازن. بەدڵنیاییەوە تۆ کەسێکت ناوێت تەنها بیروڕاکانی جیاواز بێت، بەڵکو کەسێکت دەوێت کە کارامە و زیرەك بێت و ڕابردوویەکی باشی هەبێت، بۆئەوەی بیروڕا و بۆچوونی جیاوازت پێبدات. هەموو بیرکردنەوەکان بەیەکسانی دروستنەکراون. هیچ کەسێك هێندەی وارن بەفت لەمە باش تێناگات. ئەو زۆرجار لەگەڵ هاوبەشەکەی کە تەمەنی ٩٣ ساڵ بوو ڕاوێژی دەکرد. هاوبەشەکەی ناوی چارلی مەنگەر

بوو، بیرمەندێکی لێوەشاوە و قسەلەڕوو بوو. لە ڕاپۆرتی ساڵانەیدا و لەساڵی ٢٠١٤دا، بەفت ئاماژەی بەوەکرد مەنگەر بەتەنها توانیویەتی قایلی بکات کە ستراتیجییەتی کارەکانی بگۆڕێت، هەروەها قایلی کرد کە ڕێگەیەکی ژیرانەتر هەیە '' کڕینی کاڵایەکی گونجاو بە نرخێکی نایاب لەبیربکە، لەجێگەی ئەوە، کاڵایەکی نایاب بە نرخێکی گونجاو بکڕە. ''

بەواتایەکی دیکە، وارن بەفت کە گەورەترین وەبەرهێنە، شوێنی ئامۆژگاریی کەسێك کەوت کە لۆژیکێکی بێوێنەی هەبوو. بەم شێوەیە دەتوانین دژی بیرکردنەوەکانی خۆمان بین و سەرکەوتوو بین.

هەروەها ڕەی دالیۆ هەموو کات بەدوای بیروبۆچوونێکدا گەڕاوە کە جیاواز و پێچەوانەی خۆی بووە. جارێك بە منی گوت: زۆر قورسە لە بازاڕدا بتوانیت ڕاست بیت دەربچیت، ئەوەی بۆم دەرکەوت کە زۆر کاریگەرە ئەوەیە کەسانێك بدۆزیتەوە کە هاوڕانین لەگەڵت، هەروەها بزانیت هۆکار و بیرکردنەوەیان چییە... ناڕازیبوونی دوو بیرمەند زۆر بەسودە. هەروەها ئەوەشی بۆ ڕوونکردمەوە کە پرسیارە گرنگەکە ئەمەیە '' من چی شتێك نازانم؟ ''

دەتوانیت وەك وەبەرهێنێك سوود لە دۆزینەوەی کەسانی باش وەربگریت و ئەو پرسیارانەیان لێبکەیت کە شتە شاراوەکانت بۆ ئاشکرادەکەن و ئەو شتانە فێرببیت کە نایانزانیت. هەرکاتێك بیر لە وەبەرهێنانێك دەکەمەوە، لەگەڵ ئەو هاوڕێیانەم قسەدەکەم کە بیرکردنەوەیان جیاوازە، لەوانەش هاوڕێی زیرەك و بلیمەتم پیتەر گوبە.

ئەوەی کە بڕوام پێیەتی بەباشی ڕوونیدەکەمەوە، دواتر لێیان دەپرسم: '' دەکرێت لە چی شتێکدا هەڵەبم؟ چی شتێك نابینم؟ لایەنە خراپەکانم

چین؟ چی شتێك هەیە من ناتوانم لێكدانەوەی بۆ بكەم؟ هەروەها كێی دیكە هەیە بتوانم قسەی لەگەڵ بكەم تاوەكو زانیارییەكانم زیاتر بكات؟''

ئەم پرسیارانە یارمەتیم دەدەن لە مەترسی بیركردنەوەكانی خۆم پارێزراو بم.

هەڵەی دووەم: تێكدانی كارەكانی ئێستات بەهۆی خواستێكی داهاتووەوە

## بۆچی زۆربەی وەبەرهێنەكان شتە هەڵەكان لە كاتە هەڵەكاندا دەكرن

یەكێك لە باوترین و ترسناكترین هەڵەی وەبەرهێنان ئەوەیە كە بڕوات وابێت ئەم بارودۆخەی ئێستا بەردەوام دەبێت. لەبەرئەوە كاتێك شتەكان بەو شێوازە نابێت كە وەبەرهێنەكان پێشبینی و چاوەڕێیان كردووە، وەڵام و كارلێكی زۆریان دەبێت و ئەمەش وادەكات ئەو بیركردنەوە و خواستەی كە پێشتر هەیانبوو بەتەواوی پێچەوانە ببێتەوە. باشترین نمونەش بۆ ئەمە هەڵبژاردنی ساڵی ٢٠١٦ی ئەمریكابوو. چاوەڕوان دەكرا هیلاری كلینتن بە جیاوازییەكی زۆر دەنگەكان بباتەوە، یان بەلایەنی كەمەوە بەپێی زۆربەی سندوقەكانی دەنگدان، پێشبینی دەكرا ڕێژەیەكی زیاتر دەنگ بهێنێت. تاوەكو نیوەڕۆ، ئەو كەسانەی گرەویان دەكرد لەسەر ئەنجامی هەڵبژاردنەكە، هەلی ٦١٪یان دا بە كلینتن، بەڵام لە كاتژمێر هەشتی ئێوارەدا چاوەڕوانییەكان پێچەوانەبوونەوە و ٩٠٪ هەلی بردنەوەیان دا بە ترەمپ. كاتێكیش ئەنجامی هەڵبژاردنەكان ڕوونبوویەوە، وەبەرهێنەكان توشی ترسێكی زۆر بوون، چونكە چاوەڕوانییەكانیان لەبارەی داهاتووەوە تەواو پێچەوانە بوویەوە.

بـازاڕیش بەشـێوەیەکی توند کەوتـە ژێـر هـەژمووونی ئـەم ڕووداوەوە، هەروەها بازاڕی ئەمریکا ۹۰۰ خاڵ دابەزی.

بەشـێوەیەکی زۆر سـەیر، ڕۆژی دواتـر بـازاڕ ئاڕاسـتەکەی پێچـەوانە بوویەوە. بازاڕی ئەمریکا ۳۱٦ خـاڵ بەرزبوویـەوە، چونکە وەبەرهێنـەکان هەوڵیانـدا خۆیـان لەگـەڵ ڕاسـتییەکاندا بگـونجێنن. ئـەم کاتـەی ئەمـە دەنوسم مانگی ۱۲ی ۲۰۱٦یە، کۆمپانیا زەبەلاحەکانی ئەمریکا بۆ مـاوەی سێ ڕۆژی لەسەریەك گەشتونەتە بەرزترین ئاستیان، هـەروەها بـازاڕی ئەمریکاش بەشێوەیەکی گشتی لـەماوەی ۷ هەفتـەی دوای هەڵبژاردنەکـە ٦٪ بەرزبووەتەوە!

بەڕای تـۆ ئێسـتا وەبەرهێنـەکان چـی هەسـتێکیان هەیـە؟ زۆر دڵخۆشـن! کاتێك دەبینیت بازاڕ بەرەو گەشە دەچێت، زۆر قورسە خـۆت پێڕابگیرێـت و شـادومان نـەبیت! ڕەنگـە لیسـتی شمەکـەکانت نرخیـان بەرزبێتـەوە و بگەنە لوتکە و هەست بکەیت کە ئەمە باشترین قازانجییەتی بە بەراورد بە هـەموو کاتـەکانی دیکـە. چـەند هەسـتێکی ناوازەیـە! دانـی پێـدادەنێم لەبارەی داهاتوی بازارەوە هیچ نازانم و نـازانم چـی بەسـەردێت، هـەروەها باشـترین وەبەرهێنـەکانی دونیـاش نـازانن! بـەڵام دەزانم کـە خـەڵکی لەکاتێکی ئاوها خۆشدا کـە شمەکـەکانیان قـازانجێکی گـەورە دەکـات زۆر شـادمان دەبـن. بـەهۆی ئـەو هەسـت و بیرکردنەوانەیانـەوە خۆیـان قایـل دەکەن کە کاتە باشەکان بەردەوام دەبێت! بە هـەمان شێوە کـاتێکیش بازاڕ دادەبەزێت، بڕوا بەخۆیان دەهێنن کـە هـەرگیز بـاش نابێتـەوە. وەك وارن بەفت دەڵێت: " وەبەرهێنەکان خۆیـان لـەو داهـاتووەدا دەبیننـەوە کە بەم دواییانە بەسەریاندا هـاتووە. ئەمـەش ڕەوشـتێکی هەمیشـەییە لـە

ناخیاندایە.''

ئەم قسەیە چۆن ڕوونبکەینەوە؟ واتە کاتێك کەسێك بیەوێت لێکدانەوە بۆ بابەتێك یان شتێك بکات کە لەداهاتوودا ڕوودەدات، ئەم کەسە زیاتر پشت بەو ئەزموون و ڕووداوانە دەبەستێت کە بەم دواییانە ڕوویانداوە.لە مێشکی کەسەکەدا ئەزموون و ڕووداوەکانی ئەم دواییانە کاریگەرترە وەك لەو شتانەی زووتر بەسەریداهاتوون یان بینیونی. لەکاتی بەرزبونەوەی بازاڕدا، هەستەدەمارەکانی مێشکت یارمەتیت دەدەن ئەوەت لەبیربێت کە ئەزموونەکانی ئەم دواییانەت هەموویان ئەرێنی بوون، هەروەها ئەمەش ئەو بۆچوونەت لەلا دروستدەکات کە پێت وابێت ئەم هەست و خۆشییە لە داهاتووشدا هەر بەردەوام دەبێت!

بۆچی ئەم بابەتە زۆر سەربەکێشەیە؟ چونکە وەك دەزانیت وەرزە بازرگانییەکان دەکرێت لەپڕ بگۆڕێن. دەکرێت بەدوای دارمانی بازاڕدا بەرزبونەوەی بازاڕ بێت یان بەپێچەوانەوە. تۆش ناتەوێت ببیتە ئەو کەسەی کە داوای هاوینێکی دورودرێژ بلێت هەرگیز جارێکی دیکە باران نابارێتەوە. لەبەرئەوە وامەزانە ئەو هەستەی کە ئێستا هەتە لەداهاتووشدا وادەبێت، چونکە وەرزەکان بەردەوام لە گۆڕاندان، هەروەها دەکرێت گۆڕانەکانیش گەورە و لەپڕێکدا بن.

شتە گەورەکان لەلایەن ئەو کەسانەوە بەدەستنەهاتووە
کە دوای خواست و مۆدێل یان قسەی خەڵك دەکەون.

– جاك کیرواك

بەم دواییانە چاوپێکەوتنم لەگەڵ هاری مارکۆویز ئەنجامدا کە یەکێکە لەو ئابوریناسە بەناوبانگانەی کە خەڵاتی نۆبڵی بەدەستهێنا بۆ گەشەپێدان و بەرەوپێشبردنی تیۆرێك سەبارەت بە پلان و لیستی شمەکەکان. لەم تیۆرەدا باسی ئەوە دەکات چۆن شمەکەکانمان ڕێکبخەین بۆئەوەی مەترسییەکانمان کەمبکەینەوە. هاری بازرگانێکی بلیمەتە کە تەمەنی ۸۹ساڵە و هەموو شتێکی بینیووە، لەبەرئەوە زۆر بەپەرۆش بووم بۆئەوەی لەبارەی کۆمەڵێك هەڵەی زۆر باوەوە، کە پێویستە خۆمانی لێبپارێزین، قسەی لەگەڵ بکەم.

ئەمەی پێگوتم: "گەورەترین هەڵە کە وەبەرهێنی بچوك دەیکات ئەوەیە کاتێك بازاڕ بەرز دەبێتەوە شمەك دەکرێت، چونکە پێی وایە بازاڕ زیاتر بەرز دەبێتەوە، هەروەها کاتێك بازاڕ دادەبەزێت شت دەفرۆشێت، چونکە پێی وایە بازاڕ زیاتر دادەبەزێت." لەڕاستیدا ئەمە بەشێکی بچوکە بە بەراورد بەوەی بڕوات وابێت کە بارودۆخی ئێستای وەبەرهێنان لە داهاتووشدا بە هەمان شێوە دەبێت. وەبەرهێنەکان بەردەوام دەکەونە دوای کڕینی ئەو شتەی کە ڕەواجی هەیە، وازدەهێنن لەوەش کە ڕەواجی نییە. وەك هاری گوتی: "ئەوەی کە ڕەواجی هەیە ئەوان دەیکڕن!" خەڵکی وادەزانن ئەم ئەستێرانەی دەدرەوشێنەوە هەر ئاوها بەگەشاوەیی دەمێننەوە، بەڵام وەك لە بەشی سێیەمدا ڕامانگەیاند: دەکرێت براوەکانی ئەمڕۆ، دۆڕاوەکانی سبەینێ بن. ڕەنگە لەبیرت بێت، توێژینەوەیەك لێکۆڵینەوەی لە ۲٤۸ پرۆژە کرد کە لەلایەن ڕۆژنامەی مۆرنین ستارەوە پلەی پێنج ئەستێرەیان پێدرابوو. دوای ۱۰ ساڵ، تەنها چوار دانەیان لە هەمان ئاستدا مابوونەوە!

وەبەرهێنەکان لەوکاتەدا دێن بۆ ئاهەنگەکە کە خەریکە تەواو دەبێت. زۆربەی دەستکەوتەکانیان لەدەست دەچێت و لە دۆڕانەکاندا بەشداری دەکەن. دەیڤد سوێنسن بەکورتی و پوختی ئەمەی باسکرد و پێیگوتم: ‘‘ تاکەکان خواستیان لەوەیە ئەو شتانە بکڕن کە ڕەواجیان باشە. ئەمانە بەدوای قازانجەکەدا ڕادەکەن. هەروەها دواتر، کاتێك بازاڕ لاواز دەبێت، دەستدەکەن بە فرۆشتن. بۆیە لەکۆتاییدا وایان لێدێت شتە نرخ بەرزەکان بکڕن و نرخ نزمەکان بفرۆشن. هەروەها ئەمەش شێوازێکی زۆر خراپە بۆ پەیداکردنی پارە.‘‘

## چارەسەرەکەی: شت مەفرۆشە. هاوسەنگیی ڕابگرە.

ئەوەی کە باشترین وەبەرهێنەکانی دونیا دەیکەن ئەوەیە لیستێك یاسای سادە دادەڕێژن بۆئەوەی کاتێك شتەکان کەوتنە ژێر لایەنی هەست و سۆزییەوە، لە ئاڕاستەکەدا بمێننەوە و لەسەر ئامانجەکەیان لانەدەن و بەردەوامبن. ڕەنگە تۆش بتەوێت لیستێك بۆ خۆت دروست بکەیت کە وەك وەبەرهێنێك بەڕوونی پێت دەڵێت بەرەو کوێ دەڕۆیت، دەبێت ئاگاداری چی بیت، هەروەها چۆن بەسەلامەتی گەشتەکەت ئاڕاستە دەکەیت. پلانی گەشتەکەت لەگەڵ کەسێك باسبکە کە متمانەت پێیەتی، بەتایبەت ڕاوێژیکارێکی دارایی کارامە. ئەو دەتوانێت یارمەتیت بدات لەسەر بەرنامەکەت بەردەوام بیت و دڵنیات دەکاتەوە کە بەهۆی پەرچەکرداری مێشکت و بڕیاری لەناکاو لە یاساکان لانەدەیت. بەشێوەی یاریدەدەرێکی ناو فڕۆکە لەم ڕاوێژکارەت بڕوانە، کە تەنها بابەتەکان ڕووندەکاتەوە و دڵنیات دەکاتەوە کە بەرەو شاخێك نافڕیت!

پێکهاتەیەکی گرنگی ئەم یاسا بازرگانییە ئەوەیە کە پێشوەخت بڕیار بدەیت بە دابەشکاریی لەنێوان لیستی شمەکەکانت ئەمیش بە دانانی ڕێژەیەکی سەدی بۆ قەوڵە و هەندێك بۆ پڕۆژە و هەندێك بۆ کاڵاکانی دیکە. ئەگەر لیستەکەت دانەخەیت، ئەوە بارودۆخ گۆڕانکاری بەسەردا دێت و تۆش مێشکت دەگۆڕێت و بیرکردنەوەت گۆڕانی بەسەردا دێت. لەبەرئەوە کاتێك بارودۆخ گۆڕانێکی بەسەردادێت، لەجێگەی ئەوەی پابەندبیت بە پلانەکەتەوە کە بەشێوەیەکی نمونەیی بۆت داڕێژراوە، هەرا دەنێیتەوە و پەرچەکردارت بۆ ڕووداوەکان دەبێت. ئەگەر لەبیرت بێت، یەکێك لە چارەسەرەکانی ئەم تێکچوونە ئەوەیە ساڵی جارێك پلانەکەت هاوسەنگ بکەیتەوە.

ئەمە مانای چییە؟ هاری مارکۆویز نمونەیەکی ڕوونی وەبەرهێنێکی پێدام کە ٦٠٪ی پلانەکەی بۆ شمەك و کاڵا دانابوو، هەروەها ٤٠٪ی دیکەش بۆ قەوڵە. ئەگەر نرخی شتومەکی بازاڕ بەرزببێتەوە ڕەنگە ئەم ٧٠٪ی لیستەکەی ببێت بە شمەك و ٣٠٪ەکەی دیکەش ببێتە قەوڵە. واتە نرخی شمەکەکان بەرزبێتەوە و نرخی قەوڵەکان دەبەزێت. لەبەرئەوە ئەویش هەندێکی لە شمەکەکانی دەفرۆشێت و هەندێك قەوڵە دەکرێت، بەم جۆرە لیستەکەی هاوسەنگ دەکاتەوە و دەیگەڕێنێتەوە ئاستی سەرەتای. هاری دەڵێت جوانی دووبارە هاوسەنگکردنەوە ئەوەیە: ناچارتدەکات'' هەرزانەکان بکڕیت و گرانەکان بفرۆشیت.''

## چارەسەرەکەی: ڕاستەقینەبە، ڕاستگۆبە

یەکێك لە چارەسەرەکانی زۆر متمانە بەخۆبوون ئەوەیە کە لەبەردەم ئاوێنەیەکدا بوەستیت و ئەمە لەخۆت بپرسیت: '' بەڕاست من هیچ

پەرژینێکم هەیە بمپارێزێت و ڕێگەم بدات ببم بە وەبەرهێنێك کە بەسەر بازاڕدا سەردەکەوێت؟'' ئەگەر چەند تایبەتمەندیی و نهێنییەکی تایبەتت نییە، ( بۆ نمونە، هەندێك زانیاریی باڵا و توانای شیکارکردن کە وەهات لێدەکەن وەبەرهێنە گەورەکانی وەك وارن بەفت، هاوارد مارك، هەروەها ڕەی دالیۆ لە یەك جیابکەیتەوە و بیانناسیتەوە) ئەوە لەهەموو دونیادا هیچ هۆکارێکی ژیرانە نییە کە بڵێیت تۆ لە پرۆژە درێژخایەنەکاندا بەسەر بازاڕدا سەردەکەویت.

کەواتە پێویستە چی بکەیت؟ ئاسانە! ئەوە بکە کە هاوارد، وارن بەفت، هەروەها دەیڤد سوێنسن بە زۆربەی وەبەرهێنەکانیان گوتووە بیکەن، ئەویش ئەوەیە کە وەبەرهێنان لە پرۆژەیەکی هەرزاندا بکە و دواتر ڕایبگرە با بمێنێتەوە و بە هەوراز و نشێوەکاندا بڕوات. دواتر قازانجێکت بۆ دەکات دووره لەو سێ بارە قورسەی کە وەبەرهێنەکانی دیکە دەبێت هەڵیبگرن، ئەوانیش: کرێی مامەڵەکان، پارەی بەڕێوەبردنەکان، هەروەها باجێکی زۆرن.

پرۆژە هەرزانەکان هەروەها هەمەچەشنییەکی فراوانت پێدەبەخشێت، کە ئەمەش پارێزەرێکی بەهێزە دژی زیاد برواب‌ەخۆبوون. دوای هەموو ئەمانە، ئەم هەمەچەشنکردن و جۆراوجۆرکردنەی لیستی شمەکەکانت خۆی لەخۆیدا دانپێدانانێکە بەوەی کە نازانیت چی جۆرە پشك و قەوڵە یان کام وڵات باشترین قازانج دەکات. لەبەرئەوە تۆش لەهەریەکێکیاندا کەمێکت هەیە.

لێرەدا دژێتییەکی (تناقض) گەورە هەیە: تۆ بە دانپێدانانت بەوەی کە هیچ قازانجێکی تایبەتت نییە، قازانجێکی گەورە بەخۆت دەدەیت! چۆن

چۆنی؟ چونکە تۆ لە هەموو ئەو وەبەرهێنە بڕوا بەخۆبووانە باشتریت کە خۆیان بەوە دەخەڵەتێنن کە دەتوانن قازانجێکی زۆر بکەن. کاتێك دێتە سەر وەبەرهێنان، خۆخەڵەتاندن ڕەنگە گەورەترین باج بێت کە بیدەیت!

## هەڵەی چوارەم: چاوبرسێتی، قومارکردن، هەروەها گەڕان بەدوای قازانجێکی زەبەلاحدا

## ڕاکردن بەرەو پەرژینەکە شتێکی فریودەرە، چونکە سەرکەوتن بۆ ئەوانەیە کە وەستاون

کاتێك ١٩ ساڵ بووم، ، لە مالینا دێل ڕەی سەر بە ویلایەتی کالیفۆرنیا خانویەکم لە ناوچەیەکی گرانبەهای کەنار دەریا بەکرێگرت. ڕۆژێکیان جلەکانم برد لە دوکانێك ئوتوویان بکەم، ئۆتۆمبیلێکی زۆر نایاب وەستا و ئافرەتێکی زۆر جوان لە ئۆتۆمبێلەکە دابەزی. منیش هیچم بۆ نەکرا تەنها سەیرم دەکرد! ئەویش جلی هێنابوو بۆ دوکانەکە بۆ ئەوەی ئوتوویان بکات. کاتێك جلەکانی هێنا دەستمانکرد بە گفتوگۆ لەگەڵیدا. پرسیاری ئەوەم لێکرد کە خێزانەکەیان چی کارێکیان هەیە، گوتی کە مێردەکەی لە بانك کاردەکات، هەروەها زۆر باشە کارەکەی. منیش گوتم ‘‘ هەستی پێدەکەم. ئەی هیچ ئامۆژگارییەکت هەیە بۆم؟‘‘

پێی گوتم: ‘‘ لەڕاستیدا ئامۆژگارییەکی زۆر بێوێنە هەیە.‘‘ ناوی شمەکێکی پێگوتم کە ڕەواجی زۆر بوو. با شتێکتان پێبڵێم، ئەو ئامۆژگارییەی ئەو وەك ئەوە وابوو کە دەسەلاتدارێکی گەورە قسەی

بۆکردبێتم! دڵنیابووم ئەو لە بابەتەکە دەزانێت! لەبەرئەوە ٣,٠٠٠ دۆلارم هەبوو هەموویم خستەگەڕ بۆ ئەو شمەکە. ئەو پارەیە بۆ ئەوکات وەك ٣ ملیۆن دۆلاری ئێستا وابوو، دەزانیت چی ڕوویدا؟ هەموو پارەکەم سفربوویەوە! ئای خوایە ئەوەندە گەمژە بووم. لەو ئەزموونە بەئازارەوە فێربوومە چاوچنۆکی و بێئارامی لە بابەتی بازرگانیدا دوو ڕەوشتی زۆر ترسناکن.

هەموومان دەمانەوێت بەخێراترین شێوە و کەمترین کات زۆرترین قازانج بکەین، ئەوەك سەرنج بخەینەسەر گۆڕانکاریی ورد و بچوك کە دوای ماوەیەکی زۆر زیاددەکات و قازانجێکی دەبێت. باشترین ڕێگە بۆ بردنەوەی یارییەکە ئەوەیە کە قازانجی بەردەوامی درێژخایەن بەدەستبهێنیت، بەڵام ئەوە زۆر هەڵخەڵەتێنەرە ئەگەر بەدوای قازانجی لەپڕ و گەورەدا بگەڕێیت، بەتایبەتی کاتێك دەبینیت ئەوانی دیکە لە تۆ خێراتر دەوڵەمەند دەبن!

کێشەکە ئەوەیە کاتێك ڕادەکەیت بەرەو پەرژینەکە، دەکرێت سەرکەوتوو نەبیت. ئەمەش کارەساتێکی کوشندەیە. وەك لە بەشی شەشەمدا باسمانکرد، زۆربەی وەبەرهێنە باشەکان سەرقاڵی ئەوەن کە نەدۆڕێن. وانە بیرکارییەکەت لەبیرە؟ کاتێك ٥٠٪ لەدەستدەدەیت لە وەبەرهێنانێکدا، پێویستت بە ١٠٠٪ دەبێت بۆئەوەی بگەیتەوە بەو ئاستەی کە لەدەستتچووە. ئەمەش دەکرێت چەند ساڵێکی پێ بچێت.

بەداخەوە حەزی سەرکێشی و قومار لە ناخماندا چەسپیووە. ناوچەکانی قومارکردنیش بەباشی ئەمە دەزانن، لەبەرئەوە بەشێوازێکی زیرەکانە سود لەلایەنی فسیۆلۆجی و دەروونیمان وەردەگرن: کاتێك کە

دەیبەینــەوە جەســتەمان جـۆرە ماددەیـەك دەردەدات پێـی دەگوترێـت ئینــدرۆفین، لەبەرئــەوە هەســت بــە خۆشــحاڵی دەكــەین و نامانــەوێت بوەستین. كاتێكیش دەدۆڕێین، جەستەمان حـەز لـەو مادەیـە دەكـات و هەوڵـدەدات خـۆی لـە ئـازاری دۆڕان بپارێزێـت. گازینۆكـان دەزانـن چـۆن بـەكارمان بهێـنن، ئـەمیش لەڕێگـەی هاندانمانـە و لـەكاتی یاریكردنـدا خواردنــەوەی بێبەرانبــەرمان پێــدەدەن بۆئــەوەی ڕامــانبگرن و نــەهێڵن گەشەبكەین و ببەینەوە.

كۆمپانیاكــانی ئــەمریكاش زۆر جیــاوازنین! قومارخانــەكان حەزدەكــەن كڕیارەكانیــان قومــاری زۆر بكــەن، ئــەمانیش كــرێ و پارەیــەكی زۆریــان لێــوەربگرن. هــەروەها هەوڵــدەدەن قایلــت بكــەن و كۆمــەڵێك بانگەشــە دەكـەن و پێشـنیاری بازرگـانی بـێ كـرێ و باجـت بـۆ دەكـەن. هـەروەها چەندین بۆچوونی جیاوازت لەبارەی بازاڕەوە پێدەدەن كـە گوایـە ئەمانـە یارمەتیت دەدەن ببیتە براوە. بەڵێ ئەمە ڕاستییە! پێتوایە ئەمە شتێكی ڕێكەوتە كە شێواز و پێكهاتەی بازرگانییەكەت وەك گازینۆیەك وەهایە كـە تێیدا كارتی ڕەنگاوڕەنگ و دەنگ و قسـەی نهێنـی و شـتی تایبـەتی تێـدا بــەكاردەهێنرێت؟ یــان هــەمووی پــلان بۆداڕێــژراوە! هــەموو ئەمانــە بەشێوەیەك ڕێكیان خستووە بۆئەوەی وەهات لێبكەن كە شمەك بكریت!

دەزگا ڕاگەیاندنەكانیش ئەوەیان دووپاتكردووەتەوە كە بازاڕ گازینۆیـەكی گەورەیە، پلانێكیان بۆ داناویت كـە گوایـە بـەخێرایی دەوڵەمـەند دەبیـت، ئەمەش تەنها بۆئەوەی ڕاتبكێشنە ناو بازاڕەوە و شمەك بكڕیت! شـتێكی ئاسانە كـە بكەویتـە داویانـەوە، لەبـەر ئەمەشـە زۆرێـك لـە وەبەرهێنـەكان تەنانەت جلەكانی بەریشیان دۆڕاندووە بەهۆی گرەوكـردن لەسـەر شمەكـە

ڕەواج بەرزەکان و هاتن و دەرچوونیان لە بازاڕ. هەموو ئەمانە بەهۆی ویستی قومارچییەکەوەیە کە دەیەوێت پارەکە بباتەوە !

ئەوەی پێویستە لێی تێبگەیت ئەوەیە کە جیاوازییەکی گەورە هەیە لەنێوان بەگەڕخستنی ماوەدرێژ و بەگەڕخستنی ماوەکورت. ئەوانەی شمەك دەکڕن بۆئەوەی لەماوەیەکی کورتدا قازانج بکەن، زۆرجار شکستدەهێنن، لەکاتێکدا ئەوانە بەباشی خۆیان ڕێکخستووە و لەکاتە ناخۆشەکانیشدا لە بازاڕدا دەمێننەوە و سەرکەوتوو دەبن. کۆمپانیاکان کاتێك دەیبەنەوە کە تۆ زۆر چالاك بیت و جموجوڵت هەبێت، بەڵام تۆ کاتێك دەیبەیتەوە کە ئارام بیت و بۆماوەی چەند ساڵێك لە یارییەکەدا بمێنیتەوە. لەبیرت بێت وارن بەفت گوتی: ‘‘ شمەك و بازاڕ ئامێرێکن پارە لەو کەسانەی بێئارامن دەگوازنەوە بۆ ئەوانەی کە ئارام دەگرن.‘‘

## چارەسەرەکەی: هێواش بە نەوەك خێرا

پرسیارە گەورەکە ئەمەیە: بەشێوەیەکی کردەیی، چۆن دەتوانیت ئارەزووی ناخت بێدەنگ بکەیت و زۆر لەخۆت بکەیت ئازابیت و ببیت بە وەبەرهێنێکی درێژخایەن؟

ئەو کەسەی کە زۆر خەریکی ئەم بابەتە دەبێت وەبەرهێنی بەناوبانگ گای سپایەرە. گای دوو دەیە لەمەوبەر دەهات بۆ کۆبوونەوەکانم، هەروەها شانازی دەکرد بە منەوە، چونکە هۆکاربووم بۆئەوەی وەهای لێبکەم لاسایی باشترین وەبەرهێنەکان بکاتەوە. بۆ نمونە لاسایی وەبەرهێنی ماوەدرێژ وارن بەفتی کردەوە.

بـه بۆچـوونی گـای یـه‌کێك لـه گـه‌وره‌ترین به‌ربه‌سـته‌کانی سـه‌رکه‌وتن له‌بـه‌رده‌م وه‌به‌رهێنه‌ره‌کانـدا ئه‌وه‌یـه کـه ئـه‌م وه‌به‌رهێنانـه بـه هـه‌موو ورده‌کاری و ژاوه‌ژاوێکی کۆمپانیاکان تێکده‌چـن. ئه‌مـه‌ش وایـان لێـده‌کان نـه‌توانن به‌ئاسـانی شمه‌کـه‌کانیان بهێڵنـه‌وه و بـۆ ماوه‌یـه‌کی دوورودرێـژ ڕاییگرن. بۆ نمونه: ئه‌م وه‌به‌رهێنه‌رانه به‌رده‌وام بارودۆخی وه‌بـه‌رهێنان و مامه‌ڵه‌کانیان ده‌پشکنن بۆئه‌وه‌ی بزانن شته‌کان چۆن ده‌ڕوات و نرخـه‌کان چـۆنن، هـه‌روه‌ها گـوێ لـه شـاره‌زایانی ئـه‌م بابه‌تـه ده‌گـرن کـه لـه ته‌له‌فزیۆنه‌وه پێشبینی بێبنه‌ما ده‌که‌ن. گای گوتی: " کاتێك کـه هـه‌موو ڕۆژێـك سـه‌یری کۆمپیته‌ره‌کـه‌ت ده‌کـه‌یت و هـه‌موو ڕۆژێـك لیسـته‌کان ده‌پشکنیت، به‌م شێوه‌یه شیرینی ده‌ده‌یت به مێشکت، دواتـر مێشـکت خۆشحاڵ ده‌بێت. له‌به‌رئه‌وه ده‌بێت ئه‌وه بزانیـت کـه خـوو ده‌گریت بـه‌م ڕه‌وشـته‌وه و پێویسـته بـه‌زووترین کـات بوه‌سـتێنیت. دووربکـه‌وه لـه شیرینییه‌کان! "

گـای پێشـنیار ده‌کـات سـاڵی یـه‌کجار به‌رنامـه و لیسـتی شمه‌کـه‌کانت بپشـکنیت. پێشـنیار ده‌کـات به‌تـه‌واوه‌تی واز لـه بازرگـانی نـاو ته‌له‌فزیۆنه‌کان بهێنیت. هه‌روه‌ها ده‌ڵێت هه‌موو ئه‌و توێژینه‌وانه فـه‌رامۆش بکـه‌یت کـه دامـه‌زراوه زه‌به‌لاحـه‌کانی ئـه‌مریکا ئه‌نجامیانـداوه. هـه‌روه‌ها بزانیت ئه‌م هاندانه‌ی ئه‌وان بۆ ئه‌وه‌یه که به‌رهه‌مـه‌کانیان بکڕیـت نـه‌ك بـۆ ئه‌وه‌بێت ژیرییت له‌گه‌ڵ به‌ش بکه‌ن! هـه‌روه‌ها ڕوونیشـیکرده‌وه و گـوتی: " زۆربه‌ی ئه‌وه‌ی که ناویان ناوه زانیاری و شـیکاریی لـه‌باره‌ی بـازاڕه‌وه هیچ نییه ته‌نها بـۆ ئه‌وه‌یـه جموجـوڵ زیـاد بکـه‌ن و چـالاکی لـه‌بازاڕدا زۆر بێت، بۆئه‌وه‌ی وامان لێبکـه‌ن گولله‌که بتـه‌قێنین و خۆمـان پێڕانـه‌گرێت،

چـونکە کەسـێکی دیکـە بـەهۆی جموجـوڵ و چـالاکی ئێمـەوە پـارەی دەستدەکەوێت.''

لەجێگـەی ئەمـە گـای پێشـنیاری دروسـتکردنی '' ژەمێـك زانیـاریی تەندرووسـت'' دەکـات، ئـەمیش بـە لێکۆڵینـەوە لـە ژێـری وەبەرهێنـە ئارامگرەکانی وەك وارن بـەفت و جـاك بۆگـڵ. سـەرئەنجام چـی دەبێـت؟ سەرئەنجام مێشکت ڕزگاری دەبێت لەو بیرکردنەوانە و ئەمـەش کـاری تـۆ ئاسـان دەکـات و مێشـکت ڕادەهێنێـت بۆئـەوەی بیرکردنـەوەکانت بـۆ ماوەیەکی درێژ بن.

## هەڵەی پێنجەم: مانەوە لەماڵەوە

## جیهان زۆر گەورەیە - کەواتە چۆن زۆربەی وەبەرهێنەکان زۆر نزیکن لە ماڵەوە؟

مرۆڤ سروشتی وەهایە حـەز دەکـات لەناوچـەیەك بمێنێتـەوە کـە ئاسـودە بێت تێیدا. ئەگەر تۆ لە ئەمریکا بژیت، ڕەنگە زیـاتر حـەزت لـە هەمبـەرگر بێت وەك لە ژەمێك خواردن کـە لـە ڕۆژهـەڵاتی ناوەڕاستدا بخورێت، یـان ئەگەر خەڵکی ناوچە عەرەبییەکان بیت، ڕەنگە زیاتر حـەزت لـە خـواردنی عـەرەبی بێـت وەك لـە هەمبـەرگر و هۆتـدۆگ. بەهـەمان شـێوە، ڕەنگـە دوکانی تایبەت بەخۆت یان بەنزینخانە و چێشتخانەی دیـاریکراوت هـەبێت و سـەردانی بکـەیت، نـەك شـوێنێکی دوور ببڕیـت بـۆ چێشـتخانە یـان بەنزینخانەیەکی دیکە.

کاتێکیش باسی وەبەرهێنان دەکـەین، خـەڵکی حـەزیان لـەو شتانەیە کـە

زۆر شارەزان تێیدا، هەروەها پێیان باشە متمانە بەو کەسانە بکەن کە زۆرباش دەیانناسن. ئەمە پێیدەوترێت "حەزی نیشتیمان." ئەمەش خواستێکی دەروونییە کە وا لە خەڵکی دەکات بەشێوەیەکی نەگونجاو وەبەرهێنان لەبازاڕی وڵاتەکەی خۆیاندا بکەن - زۆرجار بەشێوەیەکی زۆر چڕوپڕ لە ناوچەکانی خۆیاندا مامەڵە دەکەن.

بەنیسبەت پێشینانمانەوە کە لە ئەشکەوتدا دەژیان، ئەم "حەزی نیشتیمان"ە ستراتیجییەتێکی باش بوو بۆ خۆڕزگارکردنیان. ئەگەر زۆر دوور بڕۆشتبایت، کێ دەیزانی چی مەترسییەکت توش دەبێتەوە؟ ڕەنگە توشی دڕندەیەك بوویتایەتەوە. لەبەرئەوە ئەگەر لەناوچەکانی خۆماندا بەشێوەیەکی فراوان وەبەرهێنان بکەین مەترسییەکان کەمدەبنەوە.

تۆ ناتەوێت لە هیچ وڵاتێکدا زۆر مەترسیت توش ببێت - تەنانە لەو شوێنەشی کە لێی دەژیت ناتەوێت مەترسیت توش بێت، چونکە تۆ هیچ کات نازانیت کەی بارودۆخ تێکدەچێت. لە کۆتاییەکانی ١٩٨٠ کاندا، وەبەرهێنە یابانییەکان ٩٨٪ی کارەکانیان لەناوخۆی وڵاتدا بوو. ئەمەش وایکرد لە هەشتاکاندا یابان قازانجێکی زۆر بکات و ببێتە یەکێك لە باشترینەکانی جیهان، بەڵام دواتر لە ساڵی ١٩٨٩دا بازاڕی یابان داڕما، هەرگیز بەتەواوی نەگەڕایەوە دۆخی جارانی. ئەمەش هەمووی بەهۆی "حەزی نیشتیمان"ەوە بوو! ڕاپۆرتێك کە لەلایەن ڕۆژنامەی مۆرنین ستارەوە ئەنجامدرا، ئەوەی دەرخست کە وەبەرهێنە ئەمریکییەکان لە کۆتایی ساڵی ٢٠١٣ بەڕێژەی ٧٣٪ لە ناوخۆی ئەمریکادا وەبەرهێنانیان کردبوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەمریکا ئەم مامەڵانەی بەڕێژەی ٤٩٪ وەك بازرگانیی جیهانی حسابکرد بوو. لەڕاستیدا تەنها ئەمریکییەکان نەبوون.

ڕیچارد تالەر لەگەڵ کاس سەنستین کە دوو شارەزای بواری بازرگانین نوسیویانە: وەبەرهێنە سویدییەکان ڕێژەی ٤٨٪ی وەبەرهێنانەکانیان لەناوخۆی سویددا بووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا تەنها ١٪ی ئەم شمەکانە لە ئابوری جیهاندا حسابیان بۆکراوە. هەروەها وەبەرهێنێکی ژێری ئەمریکی یان یابانی تەنها بەڕێژەی ١٪ لە شمەکە سویدییەکاندا وەبەرهێنان دەکەن. ئەی کەواتە دەکرێت وەبەرهێنە سویدییەکان ٤٨٪ لە ئەوان زیاتر وەبەرهێنان بکەن؟ نەخێر!

## چارەسەرەکەی: ئاسۆت فراوان بکە

ئەمە زۆر سادەیە. وەك لە بەشەکانی پێشتردا باسمانکرد، پێویستە شمەك و پشکەکانت هەمەچەشن بکەیت، نەك تەنها لە چەند پشك و شمەکێکدا، بەڵکو لە وڵاتەکانیشدا هەمەچەشنیی بکە. باشتروایە لەبارەی دیاریکردنی پشکە جیهانییەکانەوە لەگەڵ ڕاوێژکارە داراییەکەت قسەبکەیت. ئەو کاتەی بڕیارتدا کە چەندێك لە ناوخۆ و چەندێك لە دەرەوە بخەیتە کارەوە، باشتر وەهایە هەموویان بنوسیت و لە لیستێکدا دایان بنێیت. هەروەها گرنگە ئەو هۆکارانە بنوسیتەوە کە بووەتە هۆی بەدەستهێنانی ئەمەی ئێستا هەتە. ئەم شێوازە، هەرکاتێك شمەکێکت ڕەواجی نەبوو یان قازانجی زۆر نەکرد، ئەم هۆکارانە دێنەوە بیرت.

باشترین ڕاوێژکارەکان ئەوانەن کە یارمەتیت دەدەن سەرنج و بۆچوونەکانت بۆ مەودا دوورەکان بێت، چونکە بەم شێوەیە لەو تەڵەیە ڕزگارت دەبێت کە زۆربەی وەبەرهێنەرەکان تێیدەکەون، ئەویش کڕینی ئەو شتانەیە کە کاتییە و لە ئێستادا خواستی زۆری لەسەرە. هاری

مارکۆویز پێی گوتم: '' ئێمە ماوەیەکی زۆرە لە بازاڕەکانی ئەورووپا باشترین... بەڵام ئەم گەشەکردنەی بازاڕە شتێکی کاتییە. ئەم شتانە دێن و دەچن.''

بەهۆی هەمەچەشنی و جۆراوجۆرکردنی شمەکەکانتەوە بەشێوەیەکی نێودەوڵەتی و فراوان، نەك تەنها لە مەترسییەکان خۆت دەپارێزیت، بەڵکو قازانجیشت زیاددەکەیت. لەبیرتە کاتێك باسی ''ماوەی دۆڕان''مان کرد لە ساڵی ٢٠٠٠ بۆ ٢٠٠٩، کاتێك کۆمپانیا زەبەلاحەکانی ئەمریکا لە ساڵێکدا تەنهان ١,٤٪ قازانجیان کرد؟ لەو ماوەیەدا، شمەکە نێودەوڵەتییەکان بەڕێژەی ٣,٩٪ قازانجیان کرد. لەبەرئەوە ئەو وەبەرهێنانەی کە بەشێوەیەکی فراوان و نێودەوڵەتی شمەکەکانیان دانابوو، ئەم ساڵانەی کە قەیرانبوو بۆ ئەوان وەك تاسەیەکی سادەی سەر شەقامەکان وابوو.

## هەڵەی شەشەم: نەرێنیبوون و لەدەستدانی حەزەکانت

## مێشکت دەیەوێت لەکاتی پەشێویدا بترسیت - گوێی بۆ مەگرە!

سروشتی مرۆڤ وەهایە کە ئەزمونە نەرێنییەکانی باشتر بەبیردێتەوە وەك لە ئەزمونە ئەرێنییەکان. ئەمەش بە '' خواستی نەرێنی'' ناسراوە. سەردەمی خۆی کاتێك لە ئەشکەوتدا دەژیاین، ئەم خواستە زۆر بەسودبوو. یارمەتی دەداین لەبیرمان بێت ئاگر ئازارمان پێدەگەیەنێت، هەندێك خۆراك ژەهراویمان دەکەن، هەروەها کارێکی بێمێشکانەیە لەگەڵ ڕاوچییەکدا شەڕ بکەیت کە دوو هێندەی قەبارەی خۆت بێت.

بیرکەوتنەوەی ئەزموونە نەرێنییەکان دەکرێت لەکاتی ئێستاشماندا زۆر

بەسوودبن: ڕەنگە لەبیرت کردبێت کە ساڵیادی هاوسەرگیرییەکەت بوو کە قوڕی کرد بەسەرتدا، بۆیە فێربوویت کە جارێکی دیکە ئەو هەڵەیە نەکەیتەوە!

بەڵام چۆن نەرێنیبوون کاریگەری دەکاتە سەر شێوازی وەبەرهێنانمان؟ سوپاس بۆ پرسیارەکەت! وەك دەزانیت، سستیی و قەیرانی بازاڕ شتێکن بەردەوام ڕوودەدەن. لەبیرت بێت: بەشێوەیەکی ڕێژەیی، لەساڵی ۱۹۰۰ ەوە تا ئێستا سستیی بازاڕ ساڵی جارێك ڕوویداوە، هەروەها قەیران و دابەزینی بازاڕ سێ ساڵ جارێك ڕویداوە. ئەگەر لە ساڵانی ۲۰۰۸ – ۲۰۰۹ ژیابیت، باش لەوە تێدەگەیت کە ئەو ئەزموونە چەند بەئازار بوو. ئەگەر وەك زۆربەی وەبەرهێنەکان تۆش شمەك و کالاّت هەبووایە و یەك لەسەر سێ یان نیوەی نرخەکەی دابەزیایە، ئەوە بەئاسانی ئەو ئەزموونە نەرێنییانەت لەبیرنەدەکرد!

ئێستا هەردووکمان دەزانین باشترین وەبەرهێنەکان لەکاتی سستیی و دابەزینی بازاڕدا خۆشحاڵ دەبن، چونکە لەم کاتەدایە هەموو شمەکەکان دەفرۆشرێن. ئێستا دڵنیام لەبیرتە، وارن بەفت دەیەوێت " چاوبرسی بێت کاتێك ئەوانی دیکە دەترسن،" هەروەها جۆن تێمپڵتۆن چۆن سامانەکەی دەستکەوت، لەبیرتە؟ لەکاتی ئەوپەڕی ڕەشبینیدا بوو. بەڵێ ڕێك لەو کاتەدا. پێم وابێت مێشکە ژیرەکەت لەوە تێدەگات کە تێکچوونی بازاڕ هەلێکی نایابە بۆئەوەی سامانی تێدا بەدەستبخەیت، نەوەك شتێك بێت لێی بترسیت! بەڵام خواستی نەرێنی وا لە وەبەرهێنەکان دەکات نەتوانن ئەو زانیارییە بەباشی بەکاربهێنن.

بۆچی؟ چونکە لە ناوجەرگەی پشێوی و ئاژاوەدا، مێشکمان ڕێژەیەکی

زۆر یادەوەری نەرێنیمان بۆ دەنێرێت. لەڕاستیدا بەشێکی مێشك هەیە کە وەك ئاگادارکەرەوەیەکی بایۆلۆجی کاردەکات، کاتێك پارەمان لەدەست دەچێت، جەستەمان پڕدەکات لە ترس! تەنانەت سستییەکی بچوکی بازاڕ دەکرێت یادەوەرییەکی نەرێنیمان بەبیر بهێنێتەوە و ببێتە هۆی ئەوەی زۆربەی وەبەرهێنەکان پەرچەکرداریان هەبێت، چونکە لەوە دەترسن ئەم سستییە ببێتە داڕمان و گەورە ببێت. لەکاتی داڕمانی بازاڕیشدا، ئەم ترسە زۆر زیاد دەکات، وەها لە وەبەرهێنەکان دەکات زۆر نیگەرانی ئەوەبن جارێکی دیکە بازاڕ باش نابێتەوە!

کێشەکە ئەوەیە، پارە دۆڕاندن دەبێتە هۆی ئازارێکی زۆر بۆ وەبەرهێنەران، بۆیە ئەمانیش بەشێوەیەکی ناژیرانە هەڵسوکەوت دەکەن بۆئەوەی خۆیان لە ئەگەری پارە دۆڕاندن بپارێزن! بۆ نمونە، کاتێك بازاڕ دادەبەزێت، زۆرکەس لەجێگەی ئەوەی ئەو شمەکانە بکڕن کە یەکەمجاریانە ئاوا نرخیان هەرزان بێت، شمەکەکانیان دەفرۆشن. ڕێك لە کاتە هەڵەکاندا ڕادەکەن بۆ پارەی کاش.

یەکێك لەو هۆکارانەی کە وادەکات باشترین وەبەرهێنەکان سەرکەوتوو بن ئەوەیە کە ئەوان لەکاتی پشێوی بازاڕدا دەست بەسەر ئەم لایەنەی خۆیاندا دەگرن و کۆنتڕۆڵی خواستەکانیان دەکەن. سەیرێکی هاوارد مارك بکە. لە ١٥ هەفتەی کۆتایی ساڵی ٢٠٠٨دا، لەکاتێکدا بازاڕ داڕما، پێی گوتم کە تیمەکەیان لە هەفتەیەکدا نزیکەی ٥٠٠ ملیۆن دۆلاریان دەستکەوتووە. بەڵێ ئەمە ڕاستییە! ئەوان بۆ ماوەی ١٥ هەفتەی ڕێك هەموو هەفتەیەك نیو ملیاریان پەیدا دەکرد. ئەمە لەکاتێکدا کە زۆربەی خەڵك پێیان وابوو هەموو شتێك کۆتایی هاتووە! هاوارد پێی گوتم، ''

لەڕاستیدا هەموو کەسێك ئاواتی بە مەرگ دەخواست، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی ئەمە کاتێکی باش بوو بۆ شتکڕین''

بەهۆی ئەوەی هاوارد و هاوڕێکانی بەشێوەیەکی ئارام سەرنجیان خستەسەر دەرفەتەکان، کاتێك کە زستان کۆتاییپێهات و بەهار هات، سەرئەنجام ئەمان ملیۆنان دۆلاریان دەستکەوت. ئەگەر ئەمان بترسابان، هەرگیز ئەمەیان بۆ نەدەکرا و ئەو قازانجەیان نەدەکرد!

## چارەسەرەکەی: خۆئامادەکردن زۆر گرنگە

## بە شکستهێنانت لە خۆئامادەکردندا، خۆت بۆ شکست ئامادە دەکەیت.

پێش هەموو شتێك، زۆر گرنگە ئاگات لەخۆت بێت. هەرکاتێك زانیمان بەرانبەر ئەم بیرکردنەوە نەرێنییانە لاوازین و خواستەکانمان لەدەستدەدەین، ئەوکات دەتوانین ڕووبەڕوویان ببینەوە و بەسەریاندا زاڵبین. لەسەروو هەموو ئەمانەشەوە، تۆ ناتوانیت شتێك بگۆڕیت کە زانیاریت لەبارەیەوە نەبێت! بەڵام چی ڕێگەیەك دەگریتەبەر بۆئەوەی ترس نەتوانێت تەنانەت لە خراپترین بارودۆخیشدا لە ڕێڕەوەکە لات ببات؟

وەك لەبەشی حەوتەمدا باسمانکرد، پیتەر ماڵۆك سەرکەوتووانە توانی یارمەتی کڕیارەکانی بدات و لەکاتی قەیرانە داراییە جیهانییەکەدا ڕێنوێنییان بکات. هۆکارەکەشی ئەوەبوو: ئەو پێشتر خۆی شارەزاکردبوو بە مەترسییەکانی دارمانی بازاڕ، لەبەرئەوە کاتێك ڕووداوەکەش ڕوویدا، ئەم زۆر سەرسام نەبوو. هەروەها هیچ ترسیشی نەبوو. بۆ نمونە،

ڕوونیكردەوە كە هەندێك شمەك پێشتر بازاڕیان چۆنبووە، لەبەرئەوە لەڕووی دەروونییەوە خۆیان ئامادەكردبوو بۆ ئەو شتانەی كە دەكرێت ڕووبدەن. هەروەها كڕیارەكان دەیانزانی كە پیتەر پێشوەخت پلانی دانابوو بۆئەوەی ئەو پشێوییە لە بەرژەوەندی خۆی بەكاربهێنێت، وەك فرۆشتنی قەوڵەكان و دواتر قازانجەكەی بدات بەو شمەكانەی كە نرخیان هەرزانە. پیتەر گوتی: '' ئێمە دڵنیاییمان لەبارەی پرۆسەكەوە دابوو، لەبەرئەوە كڕیارەكان دەیانزانی چاوەڕێی چی دەكەن. ئەمەش بەشێوەیەكی بەرچاو نائارامی و دوودڵییانی كەمكردەوە. بە مانایەكی دیكە، باشترین ڕێگا بۆ ئەوەی چارەسەری پشێوی بازاڕ بكەیت ئەوەیە خۆتی بۆ ئامادە بكەیت.

وەك بەدرێژی باسمانكرد، یەك ڕێگای گرنگ بۆ ئەوەی خۆت ئامادەبكەیت ئەوەیە كە پشك و شمەكەكانت بەڕاستی و ڕێكی دەستنیشان بكەیت. هەروەها ئەگەر هۆكاری ئەوەش بنوسیت كە بۆچی ئەو شمەكەت هەڵبژاردووە كارێكی باشە و سوودی دەبێت. واتە بۆ هەر شمەكێك كە لە لیستەكەدا دەسنیشانت كردووە هۆكارەكەشی بنوسە، چونكە هەندێكجار هەندێك شمەك بازاڕیان نابێت. زۆربەی وەبەرهێنەكان متمانەیان لەدەستدەدەن، چونكە سەرنجیان خستووەتە سەر پرۆژە كورتخایەنەكان. بەڵام كاتێك شتەكان سەختتر دەبن، تۆ توانای ئەوەت دەبێت كە سەیری ئەو تێبینییانە بكەیتەوە و بیری خۆتی بخەیتەوە بۆچی ئەو شمەكەت هەڵبژاردووە و چۆن ئەم شمەكە بۆ پرۆژەی دوورمەودا قازانجی دەبێت.

ئەم ڕێگا ئاسانە دەتوانێت چەندین ناڕەحەتی و ناخۆشی لەسەر

وەبەرهێنانەکانت لابەرێت. مادام پێویستییەکانت نەگۆڕاون و شمەکەکانت هێشتا پەیوەستن بە ئامانجەکەتەوە، دەتوانیت بە ئاسودەیی دابنیشیت و کاتی پێویست بدەیت بە پڕۆژەکانت بۆ ئەوەی بەهای ڕاستەقینەی خۆیان بسەلمێنن. هەروەها زۆر باش دەبێت ئەگەر ڕاوێژکارێکت هەبێت کە لەکاتە سەختەکاندا لەبارەی ترس و نیگەرانییەکانتەوە قسەت لەگەڵ بکات، بەبیرت بهێنێتەوە ئەو ستراتیجییەتەی کە لەکاتی لەسەرخۆیی و ئارامیی نوسیووتە هێشتا ڕاستە و بەکەڵکت دێت.

ئەمەش تا ڕادەیەك وەك فڕینی فڕۆکەیەکە لە کەشوهەوایەکی سەختدا. فڕۆکەوانەکە ئەگەر بەتەنهاش بێت بەباشی لێدەخوڕێت و کێشەی نییە، بەڵام ئەگەر یاریدەدەرێکی بەئەزموونت لەتەنیشت بێت کارەکەت زۆر ئاسانتر دەبێت! لەبیرت بێت: تەنانەت ''وارن بەفت''یش هاوبەشێکی هەبوو.

## دەستگرتن بەسەر مێشکتدا

ئێستا تۆ ئاگاداری ئەو هەڵسوکەوتە دەروونییە وێرانکەرەیت، ئێستا تۆ بەباشی ئامادەیت خۆت بپارێزیت لێیان. ئێمە مرۆڤین، دەکرێت جارجارێك بکەوین و هەڵە بکەین، بەڵام سەرئەنجام وەك باسمانکرد ئەم خوو و ڕەوشتانە بەشێکن لە ئێمە، ئێمە ناتوانین بەتەواوەتی لایان ببەین، بەڵام وەك گای سپایەر گوتی: '' بابەتەکە ئەوە نییە ژمارەیەکی زۆر بەدەست بهێنیت. تەنانەت گۆڕانکارییە بچوکەکانیش لە خودی ڕەوشتی خۆماندا، دەکرێت دەستکەوتی گەورەمان بۆ بهێنن.''

بۆچی؟ چونکە وەبەرهێنان یارییەکی وردە. ئەگەر تۆ بۆ هەر ساڵێك

بەڕێـــژەی ٢ یـــان ٣ لەســــەد پــێش بکــەویت، ئــەوە کاریگــەریی دەستکەوتەکانت زۆر سەرسامکەر دەبن. ئەم چارەسەرە ڕێکخراوە کە لەم بەشەدا باسمانکرد دەکرێت زۆر زیاتر درێژە بکێشێت، یارمەتیت بدات لە خۆپاراستنت، یان کەمکردنەوەی قورسترین ئەو هەڵانەی کە زۆربەی وەبەرهێنەکان دەیکەن.

بۆ نمونە: ئەم یاسا و پرۆسە سادەیە کارت ئاسان دەکەن وەبەرهێنانی ماوەدرێـژ بکـەیت، هـەروەها یارمـەتیت دەدەن کـڕین و فرۆشـتنی کـەمتر بکـەیت، کـرێ و تێچـووی مامەڵـەکانت کەمبکەیتـەوە، کراوەبیـت بـۆ ئـەو ڕاوبۆچـوونانەی کـە جیـاوازن لـەوەی خـۆت، بـەهۆی هەڵبـژاردنی پشـك و شمەکی جۆراوجۆرەوەمەترسییەکانت کەمبکەیتـەوە. هـەروەها کـۆنترۆڵی ئـەو ترسـە بکـەیت کـە دەکرێـت لـەکاتی تێکچـوونی بـازاڕدا تووشـی سەرلێشێوانت بکات. ئایا دوای هـەموو ئەمانـە بـێ کـەموکورتی دەبیـت؟ نـەخێر، ئـەی باشـتر ئەنجامـدەدەیت؟ بـەڵێ بەدڵنیاییـەوە! هـەروەها دەکرێت ئەم جیاوازییەی کە دروستی دەکەیت ببێتە هـۆی بەدەستهێنانی چەندین ملیۆن دۆلار!

ئێستا لە ڕێوشوێن و لایـەنی دەروونـی وەبـەرهێنان تێدەگـەیت. دەزانیـت پێویستت بە چییە بۆئەوەی دەست بەسەر مێشکتدا بگریت. بەم شێوەیە و بەسەرکەوتووانە وەبەرهێنانی دوورمەودا دەکـەیت. ئـەو زانیارییـەی کـە بەدەستتخسـتووە زۆر بەنرخـە، دەکرێـت یارمـەتی خـۆت و خێزانەکەشـت بدات بۆ گەشتن بە سەربەستیی دارایی.

ئێستا با لاپـەڕەکە هەڵبدەینەوە و بچینە کۆتا بەش و فێـری ئـەوەبیت کـە چۆن سامانێکی ڕاستەقینە و درێژخایەن بنیات بنێیت!

# بەشی نۆیەم
# سامانی ڕاستەقینە

## دەرکردنی گرنگترین بڕیار لە ژیانتدا

هەموو ڕۆژێك، کاتێك لەخەو هەڵدەستیت بیر بکەرەوە، "ئەمڕۆ من خۆشبەختم کە زیندووم، ژیانێکی بەنرخم هەیە، لەبەرئەوە نامەوێت بەفیڕۆی بدەم."

– دالای لاما

ئەگەر ئەم پەرتوکە یارمەتیت بدات لە سەربەستیی ئابوریدا، ئەوە من زۆر خۆشحاڵدەبم. بەڵام ئەگەر لەگەڵت ڕاستگۆبم، ئەمە بەس نییە. بۆچی؟ چونکە دەوڵەمەندبوون لەڕووی داراییەوە گرەنتی ئەوەت پێنادات کە وەك مرۆڤ دەوڵەمەند دەبیت. هەموو کاسێك دەتوانێت پارە پەیدابکات. وەك لە بەشەکانی پێشتردا فێربوویت، یاسا و کەرەستەکان کە پێویستت دەبێت زۆر سادەن، بۆ نمونە ئەگەر زیانت بەرکەوت لە قازانجەکانتدا، بۆ ماوەیەکی دورودرێژ لەبازاڕدا بمێنەرەوە، هەمەچەشنی بکە لە بەرهەمەکانتدا، هەروەها هەتا دەتوانیت کرێ و باجەکانت کەمبکەرەوە، ئەوکات ئەگەرەکانی دەستکەوتنی سەربەستیی دارایی زۆر زۆر دەبن.

بەڵام ئەی چی ئەگەر سەربەستیی دارایی و ئابوری بەدەست بهێنیت، بەڵام هەر دڵخۆش نەبیت؟ زۆر کەس چەندین ساڵ خەون بەوەوە دەبینن کە ببن بە ملیۆنەر یان ملیاردێر. دواتر کاتێك لەکۆتاییدا دەگەن بە

ئامانجەکەیان، دەڵێن: ‘‘ شتەکە ئەمەیە؟ ئەمە هەموو ئەوەیە کە من دەمویست؟‘‘ بۆیە بڕوام پێبکەن، ئەگەر ئەوەی دەتەوێت بەدەستی بهێنیت و دواتر هەر خەمباربیت، ئەوە بەڕاستی تۆ دۆڕاویت!
کاتێك خەڵکی خەون بە دەوڵەمەندییەوە دەبینن، خەیاڵ بەوە ناکەن ببنە خاوەنی ملیۆنان کاغەز کە وێنەی کەسێکی مردووی لەسەرە! ئەوەی بەڕاستی دەیانەوێت ئەو هەستەیە کە ئێمە پەیوەستمان کردووە بە پارەوە: بۆ نمونە، هەستی ئازادیی، هەستی دڵنیایی، یان ئاسودەیی کە بڕوامان وەهایە پارە دەتوانێت پێمان ببەخشێت، نەك خودی پارە خۆی. واتە ئێمە بەدوای ئەو هەستانەوەین نەك خودی پارەکە، ئەگەر بێت و پارەمان بەدەستهێنا و ئەو هەستانەی لەگەڵ نەبوو کەواتە پارەمان نییە!
من لەنرخی پارە کەمناکەمەوە. ئەگەر پارە بەباشی بەکاری بهێنیت، ژمارەیەکی زۆر ڕێگە هەیە کە دەتوانێت ژیانی خۆت و ئەوانەشی خۆشتدەوێن خۆش بکات، بەڵام سامانی ڕاستەقینە زۆر لە پارە زیاترە. پارەی ڕاستەقینە لایەنی دەروونی و هەست و ڕۆحە. ئەگەر لەڕووی داراییەوە سەربەست بیت، بەڵام لەڕوی هەستەکانتەوە ئازار بچێژیت، ئیتر ئەمە چی جۆرە سەرکەوتنێکە؟
ڕەنگە ئەمە لە بابەتەکە لابدات و بۆ پەرتوکێك نەبێت کە باسی پارە و وەبەرهێنان بکات!
دەزانیت ئەگەر یەك پەرتوکی تەواو لەسەر چۆنییەتی بەدەستهێنانی سامان بنوسم، بەڵام لەولاوە چۆنییەتی بەدەستهێنانی سامانی هەست و سۆز فەرامۆش بکەم، هەستدەکەم کەمتەرخەمیم کردووە؟ خۆشبەختانە،

لەسەر تۆ پێویست نییە لەنێوان ئەم دووانە یەکێکیان هەڵبژێریت! وەك لەم بەشەدا بۆت ڕوون دەبێتەوە، دەکرێت لەڕووی دارایی و هەست و سۆزیشەوە دەوڵەمەندبیت. هاوڕێ ئەمەش ئەوپەڕی بەهای هەیە!

بەبڕوای من، ئەم بەشەی کە خەریکی دەیخوێنیتەوە بەبێ هیچ گومانێك گرنگترین بەشی ئەم پەرتوکەیە. بۆچی؟ چونکە لە لاپەڕەکانی دواتردا فێردەبیت کە بڕیارێك هەیە کە ئەمڕۆ بیدەیت دەکرێت تەواویی ژیانت بگۆڕیت. ئەم بڕیارە ئەگەر بەوردیی کاری لەسەربکەیت بەشێوازێك خۆشی و ئاسودەیی مێشك و سامانی ڕاستەقینەت بۆ دەستەبەر دەکات کە خەڵك بیریشی لێنەکردووەتەوە. لەهەمووی باشتر، پێویست ناکات ۲۰،۳۰، یان ٤٠ ساڵ چاوەڕێ بکەیت. ئەگەر ئەو بڕیارە بدەیت دەتوانیت ئێستا دەوڵەمەندبیت!

لەڕاستیدا، دەمەوێت ئەم بیرۆکەیەت لەگەڵ باسبکەم، چونکە بەنیسبەت خۆمەوە ژیانی گۆڕیووم. لەبەرئەوە ئەگەر ئامادەیت لەگەڵم بەشداربیت، با دەستبکەین بە کۆتا هەنگاوی گەشتەکەمان!

## تایبەتمەندیی بێوێنەی ژیان

هەموو ژیانم هەوڵمداوە یارمەتی خەڵکی بدەم تاوەکو خەونەکانیان بکەن بە ڕاستی. سەردانی زیاتر لە ۱۰۰ وڵاتم کردووە و لەهەموو گۆشەیەکی ئەم سەرزەوییەدا قسەم لەگەڵ خەڵکیدا کردووە کە بزانم بەڕاستی چییان دەوێت. دەزانیت چیم دۆزییەوە؟ هەموو کلتورەکان بیروڕا و بەهای خۆیان هەیە، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا هەموویان کۆمەڵێك پێداویستی بنەڕەتییان هەیە کە هاوبەشە لەنێوانیاندا. ئەوەی کە دۆزیوومەتەوە لە

هەموو ئەو شوێنانەی بۆی چووم ئەوەیە، هەمووومان پەرۆشی تایبەتمەندییەکی بێوێنەی ژیانین.

بەنیسبەت هەندێك کەسەوە، ئەمە واتای هەبوونی ماڵێکی جوان و باخچەیەکی سەرنجڕاکێشە. بۆ هەندێکی دیکە، گەورەکردنی سێ منداڵە، بۆ هەندێکی دیکە، بەواتای نوسینی ڕۆمان یان هۆنراوەیەك دێت. بۆ هەندێکی دیکە، واتە بنیاتنانی بازرگانییەکی سێ ملیۆن دۆلاری، هەروەها بۆ هەندێکی دیکەش، واتە لەگەڵ خودا نێوانتان باش بێت. بەمانایەکی دیکە، بابەتەکە ئەوە نییە لەخەونی کەسێکی دیکەدا بژیت، بابەتەکە ئەوەیە کە خۆت بیت و ژیانی خۆتت هەبێت، بەڵام چۆن دەتوانیت ئەمە بەدەست بهێنیت؟ چۆن دەتوانیت کەلێنی نێوان ئەو شوێنەی ئەمڕۆ و ئەو شوێنەی دەتەوێت پێی بگەیت بگریت؟ وەڵام: دەبێت دەست بەسەر دوو بەهرەی تەواو جیاوازدا بگریت.

## زانستی بەدەستهێنان

یەکەم شت ئەوەیە کە ناوم لێناوە ''زانستی بەدەستهێنان.'' لەهەموو بوارێکدا چەند یاسایەکی سەرکەوتن هەن کە دەتوانیت بیانشکێنیت (لەم حاڵەتەدا دەکرێت سزا بدرێیت)، یان شوێنیان بکەویت ( کە لەم حاڵەتەشدا پاداشت دەکرێیت). بۆ نمونە، زانستێك هەیە دەربارەی تەندروستی و وەرزشکردن. لەڕووی جەستەیی و سروشتەوە هەمومان جیاوازین، بەڵام ئەگەر دەتەوێت زیاتر هەوڵبدەیت و وزەی زیاتر بەدەست بهێنیت، چەند یاسایەکی بنەڕەتی هەن کە دەتوانیت شوێنیان بکەویت. ئەگەر ئەم یاسایانە بشکێنیت، بەقورسی باجەکەی دەدەیت.

ئەمەش لەجیهانی بازرگانیدا هەمان شتە. تەنها بیر لەو شتانە بکەرەوە

کە لەم پەرتوکەدا فێربوویت. سەرکەوتووترین وەبەرهێنەکان چەند شوێنەوار و ئامارەیەکیان بۆ بەجێهێشتووین بۆئەوەی شوێنیان بکەوین. بە لێکۆڵینەوە لەم شێواز و یاسایانە و جێبەجێکردنی ئەم هۆکار و ستراتیجییەت و بنەمایانە لە ژیانی خۆتدا، ئەوا گەشتەکەت بەرەو سەرکەوتن خێراتر دەکەیت. بابەتەکە ڕوونە وایە؟ وەك سەرکەوتووترین وەبەرهێنەکان تۆو بکە و هەمان دەستکەوتی ئەوان بدورەوە. بەم شێوازە کە دەتوانیت شارەزای بازرگانی بیت و دەست بەسەریدا بگریت.

کاتێکیش باسی زانستی بەدەستهێنان دەکەین، سێ هەنگاوی گرنگ هەیە کە دەکرێ یارمەتیت بدەن و بەتوانات بکەن لەبەدەستهێنانی هەر شتێکە کە دەتەوێت.

هیچ شتێکت لەبیرە کە کە ڕۆژێك لەڕۆژان ئەستەم بووبێت ودواتر بەدەستت هێنابێت؟ ڕەنگە پەیوەندییەك بێت، یان کارێکی نایاب بێت، یان بازرگانییەکی سەرکەوتوو بێت، یان ئۆتۆمبێلێکی وەرزشی بووبێت. دواتر بیربکەرەوە کە چۆن ئەو خەونە لە شتێکی ئەستەمەوە بوو بەشتێك لە ژیانت. ئەوەی دیدۆزیتەوە ئەوەیە کە ڕێگەی بەدەستهێنان پرۆسەیەکی بنەڕەتییە کە پێکدێت لە سێ هەنگاو.

هەنگاوی یەکەم: بۆ بەدەستهێنانی هەرشتێك کە بتەوێت سەرنجدانە. لەبیرت بێت: سەرنجت بۆ هەرشوێنێك بڕوات، وزەکەشت لەگەڵی دەڕوات. کاتێك هەموو سەنجت دەخەیتە سەر شتێك کە بەتەواوەتی بۆت گرنگە، کاتێك بەردەوام هەموو ڕۆژێك بیری لێدەکەیتەوە، ئەوە خواستێك دەردەکەوێت کە دەبێتە هۆی بەدەستهێنانی ئەو شتانەی کە ڕۆژانێك ئەستەم دیاربوون. با بزانین لەناو سەرماندا چی دەگوزەرێت: بەشێك

هەیە لەمێشکتدا بە سیستەمی چالاکی چڕ ناسراوە، ئەم سیستەمە لەلایەن خواستەکانتەوە چالاك دەبێت، لەبەرئەوە ئەم سیستەمە سەرنجت بۆلای ئەو شتانە ڕادەکێشێت کە یارمەتیتدەدەن لە بەدەستهێنانی ئامانجەکەت.

هەنگاوی دووەم: ئەوەیە لەسەروو برسێتی و خواست و حەزەکانتەوە بڕوانیت و ئامانجەکانت بەرزبن، هەروەها بەردەوام کاری گەورە ئەنجام بدەیت. زۆر کەس خەونی گەورە دەبینن، بەڵام هەرگیز دەستپێناکەن! بۆ ئەوەی سەرکەویت، دەبێت کاری گەورە ئەنجام بدەیت، بەڵام پێویستیشە باشترین ستراتیجییەت بدۆزیتەوە. ئەمەش بەمانای ئەوەدێت هەموو ئەو شێوازانەی بەکاریدەهێنیت بیانگۆڕە تاوەکو باشترینیان دەدۆزیتەوە. بزانە کامەیان زۆرترین سوودت پێدەگەیەنێت ئەوە هەڵبژێرە. لەڕێگەی ئەو کەسانەی کە سەرکەوتوو بوون دەتوانیت ئەم پرۆسەیە خێراتر بکەیت، هەر لەبەرئەمەیە ئێمەش بەچڕی سەرنجمان خستووەتەسەر شارەزایانی وەك وارن بەفت، جاك بۆگڵ، ڕەی دالیۆ، هەروەها دەیڤد سوێنسن. بە لێکۆڵینەوە و سەرنجدانت لەسەر شێوازێکی ڕاست، دەکرێت بە هەفتەیەك بەشی چەند ساڵێك فێرببیت.

هەنگاوی سێیەم: بۆ بەدەستهێنانی ئەو شتانەی دەمانەوێت سوپاسگوزاری و ڕەوشتە. هەندێك کەس پێیدەڵێن بەخت، هەندێکی دیکە پێیدەڵێن خوداوەند. با من پێت بڵێم، بەپێی ئەزموونی خۆم: هەتاوەکو زانیاریی زیاترت هەبێت لەبارەی سوپاسگوزاریی و ڕەوشتەوە، ئەوە زیاتر پیادەیان دەکەیت!

بەدڵنیاییەوە بۆ ئەوەی ئامانجەکانت بەدەست بهێنیت، دەبێت هەموو

شتێك بکەیت کە لە دەسەڵاتی تۆدایە. بەڵام هێشتا کۆمەڵێك شت هەیە کە دەسەڵاتت نییە بەسەریاندا. ئەوکاتی لەدایکبوویت مێشك و دڵێکت پێبەخشرا کە پێویست نەبوو هەوڵیشی بۆ بدەیت. هەروەها دەبێت بە ناچاری سوود لە هێزی تەکنەلۆجیا وەربگریت و بەکاری بهێنیت. هیچ یەکێك لەمانە لەژێر کۆنترۆڵی تۆدا نەبوون و خۆشت دروستت نەکردوون. ئێستا تۆ سێ کلیلە گرنگەکەی بەدەستهێنانت دەزانیت، بەڵام ئەوەی هاوشانی بەدەستهێنان گرنگە کارامەییە کە من ناویدەنێم " هونەری هێنانەدی."

## هونەری هێنانەدی

بۆ ماوەی چەند ساڵێك، بەچڕی سەرنجم خستبووە زانستی بەدەستهێنان. سەرنجم خستبووە سەر فێربوونی ئەوەی چۆن دەست بەسەر جیهانی دەرەوەدا بگریت، سەر ئەو ڕێگایانەی یارمەتی خەڵکی دەدەن بە نارەحەتییەکاندا سەربکەون و چارەسەری کێشەکان بکەن، بەڵام ئێستا بەدڵ و بەگیان بڕوام وەهایە کە هونەری هێنانەدی کارامەییەکی گرنگترە بۆ ئەوەی فێریبین. بۆچی؟ چونکە ئەگەر دەست بەسەر جیهانی دەرەوەدا بگریت و دەست بەسەر ناخی خۆتدا نەگریت، چۆن دەتوانیت بەردەوام بیت و دڵخۆشی ڕاستەقینە بیت؟ هەر لەبەر ئەمەیە گەورەترین خولیای من لە ئەمڕۆدا بریتییە لە هونەری هێنانەدی.

## تابلۆیەکی ٨٦,٩ ملیۆن دۆلاری

وەك پێشتر باسمکرد، هەموومان بیرۆکە و ڕای جیاوازمان هەیە لەبارەی ئەوەی چی شتێك ژیانێکی نایاب پێکدەهێنێت. بە ڕێگەیەکی دیکە

پێتبڵێم، ئەو شتەی ئاواتەکانی تۆ دەهێنێتەدی جیاوازە لەوەی من یان کەسێکی دیکە. خواست و پێداویستییەکانیشمان بەشێوەیەکی بەرچاو جیاوازن لەیەکتری! یەکێك لەو ئەزموونانەی کە ئەمەی بۆ سەلماندم ئەو ڕۆژە لەبیرنەکراوەبوو کە لەگەڵ هاوڕێی ئەزیزم ستیف واین بەسەرم برد.

چەند ساڵێك لەمەوپێش، ستیف لەڕۆژی لەدایکبوونیدا پەیوەندی پێوەکردم بۆئەوەی بزانێت لەکوێم. خۆشبەختانە، هەردووکمان کاتی پشومان بوو، لە سەن ڤالێی بووین. ئەوەبوو ستیف بانگێتی کردم بۆ ئەوەی کەمێك کات بەسەرببەین. پێشی گوتم '' کاتێك گەشتیتە ئێرە دەبێت شتێکت پیشان بدەم. چەندین ساڵە حەزم لەم شتە کردووە. دواجار توانیم لە مەزادەکە بیبەمەوە و لە هەمووان زیاتر پارەمدا! نرخی ٨٦,٩ ملیۆن بوو! ''

نازانیت چەندە حەزمدەکرد ئەو گەوهەرە بەنرخە ببینم کە هاوڕێکەم ئەم ماوە دورودرێژە خەونی پێوەبینیوە. بیرم دەکردەوە ڕەنگە کەرەستەیەکی سەردەمی ڕێنسانس بێت کە ماوەتەوە و لە مۆزەخانەکانی پاریس یان لەندەن هەڵگیرابێت، بەڵام کاتێك گەشتمەماڵی ستیف، دەزانیت چیم بینی؟ وێنەی چوارگۆشەیەکی پرتەقاڵی گەورە! بڕوام بەوە نەدەکرد. سەیرێکم کرد و بەگاڵەوە گوتم '' بایی سەد دۆلار لەو وێنەیەم بدەرێ. لەماوەی کاتژمێرێکدا چەندین نوسخەی لەبەردەگرمەوە. '' ستیف زۆر کەیفی بە قسەکەم نەهات. لەڕاستیدا ئەوە یەکێك بوو لە گەورەترین وێنەکانی مارك ڕۆسکۆ.

باشە بۆچی ئەم چیرۆکەت بۆ باسدەکەم؟ چونکە زۆر بەجوانی ئەو ڕاستییە ڕووندەکاتەوە کە هەموومان بە شتی جیاواز دەگەین بە

ئاسودەیی و موراد. لەبابەتی هونەریدا ستیڤ لە من کارامەتر بوو. لەبەرئەوە ئەو دەیتوانی ئەو وێنانە لێکبداتەوە و هەموو ئەو واتا و هەست و سۆزەی لەو وێنەدا بەکارهاتووە بیانخوێنێتەوە. بەمانایەکی دیکە، پەڵەیەکی پرتەقاڵی بۆ من، خەونێکی ٨٦,٩ ملیۆن دۆلارییە بۆ پیاوێکی دیکە! هەرچەندە هەموومان جیاوازین، بەڵام لە بابەتی ئاوات و ویستەکاندا چەند شێوازێکی هاوبەش هەیە. ئەگەر دەتەوێت بگەیت بە ویستەکانت، دەبێت چی جۆرە هەڵسوکەوتێك یان بنەمایەك پیادە بکەیت؟

بنەمای یەکەم: دەبێت بەردەوام بیت لە گەشەکرد. هەموو شتێك لەم ژیانەدا یان گەشەدەکات یان دەمرێت. هەر لە پەیوەندی، بازرگانی یان هەرشتێکی دیکەبێت. ئەگەر گەشە نەکەیت، نائومێد و خەمبار دەبیت. گرنگ نییە چەند ملیۆنیشت لە بانك هەبێت. با نهێنیی دڵخۆشیت بە یەك وشە پێبڵێم: گەشەکرد.

بنەمای دووەم: دەبێت ببەخشیت. ئەگەر نەبەخشیت، ئەوە زۆر شتت هەیە کە تەنها ناخت هەستی پێدەکات، بەڵام هەرگیز چالاك و دڵخۆشی تەواو نابیت. وەك وینستۆن چەرچڵ دەڵێت: ‘‘ ئەوەی پەیدای دەکەیت ژەمێکە، ئەوەی دەیبەخشیت ژیانێکە.’’ کاتێك پرسیار لە خەڵك دەکەم لەبارەی خۆشترین لایەنی ژیانیان، هەمیشە باسی بەخشین دەکەن بە ئەوانی دیکە. سروشتی ڕاستەقینەی مرۆڤ خۆپەرستی نییە. ئێمە لەناخماندا بەشێوازێکین کە حەزمان لە بەخشینە. ئەگەر واز لەهەستی بەخشین بهێنین کە لەناخماندایە، هەرگیز ناتوانین بەتەواوی هەست بە ئاسودەیی بکەین.

شایەنی وەبیرهێنانەوەیە ئەو ڕاستییە بڵێین کە دەوڵەمەندیی پارە مانای ئاسودەیی نییە. هەردووکمان باش دەزانین، زۆربەی خەڵکی بەدوای پارەدا ڕادەکەن و بڕوایان وەهایە پارە جۆرە دەرمانێکی جادوییە هەر کە خواردیانەوە خۆشحاڵییان بۆ دەهێنێت و ژیانیان بەهادار دەکات، بەڵام هەرگیز پارە بەتەنها ژیانێکی نایابت بۆ ناهێنێت. ماوەی چەند ساڵ لەگەڵ ملیاردێرەکاندا بووم، هەندێکیان ئەوەندە خەمبار بوون کە بەزەییت پێیاندا دێتەوە. ئەگەر دڵخۆش نەبیت، ناتوانیت ژیانێکی خۆش بژیت، گرنگ نییە گیرفانت چەندێکی تێدایە.

لەبیرت بێت: پارە خەڵکی ناگۆڕێت تەنها گەورەیان دەکات. ئەگەر پارەیەکی زۆرت هەبێت و ڕەزیل بیت، ئەوە هەر بۆخۆت ڕەزیل بە، بەڵام ئەگەر پارەیەکی زۆرت هەبێت و بەخشندەبیت، ئەوە بەشێوەیەکی سروشتی حەزت لەوەیە زیاتر ببەخشیت. کارێکی ناوازەیە.

ئەی سەرکەوتنی پیشەیی چی؟ زۆر بێوێنەیە ئەگەر سەرکەوتنەکانت ئەو هەستی بەخشین و گەشەکردنەت پێببەخشن کە هەمووومان پێویستمانە بۆ ئەوەی ئاسودەبین، بەڵام دڵنیام خەڵکانێکی زۆرت بینیووە کە هەست بە دڵخۆشی و ئاسودەیی ناکەن. چۆن دەکرێت ئەمە ناوبنێین سەرکەوتن؟ لە ڕاستیدا من بڕوام وەهایە کە سەرکەوتن بەبێ ئاسودەیی ئەوپەڕی شکستە. با کەمێك بیر لەم نمونە بەئازارە بکەینەوە.

## گەنجینەی نەتەوەیەك

لەساڵی ٢٠١٤دا کەسێکمان لەدەستچوو کە من بە گەنجینەی نەتەوەیەك سەیری دەکەم. ئەکتەر و کۆمیدیاکار ڕۆبن ویلیام بوو. لەم دوو ساڵەی دواییدا، لەسەرانسەری جیهاندا لەبارەی ئەم دیارییە بەنرخەوە قسەم بۆ

خەڵكی دەكرد. هەمووجارێك ئەم پرسیارەم دەكرد: ‘‘ چەندێك لەئێوە لێرەدا ڕۆبن ویلیامی خۆشدەویست؟ ئەگەر تەنها بەدڵتان بوو دەستان بەرزمەكەنەوە، تەنها ئەگەر زۆر خۆشتانویستووە دەست بەرزبكەنەوە.‘‘ دەزانیت چی؟ هەر شوێنێك كە بۆی چووم، لە لەندەنەوە هەتاوەكو لیما، لە تۆكیۆوە هەتاوەكو تۆرنتۆ، نزیكەی ٩٨٪ی ئامادەبووان دەستیان بەرزدەكردەوە.ئەی باشە ڕۆبن ویلیام شارەزابوو لە بەدەستهێنانی شتەكاندا؟ بەڵێ بەدڵنیاییەوە. ئەو لە هیچەوە دەستیپێكرد، دواتر بڕیاریدا ببێت بە ئەستێرەی بەرنامە تەلەفزیۆنییەكانی خۆی. لەكۆتاییدا بوو. دواتر بڕیاریدا خێزانێكی جوان دروستبكات، دروستیكرد. دواتر بڕیاریدا كە پێویستە لەو پارەیە زیاتر پەیدابكات كە ڕۆژانە خەرجی دەكات، پەیدایكرد. دواتر بڕیاریدا ببێتە ئەستێرەی ناو فیلمەكان، بوو. دواتر بڕیاریدا خەڵاتی ئۆسكار بباتەوە، بەڵام وەك كەسێكی كۆمیدی نا، ئەویشی بردەوە! ئەم پیاوە هەموو ئەمانەی ئەنجامدا. هەموو ئەوەی بەدەستهێنا كە خەونی پێوە دەبینی، بەڵام دواتر خۆی هەڵواسی. لەماڵەكەی خۆیدا خۆی هەڵواسی! سەدان ملیۆن هەوادار و خەڵكی بەجێهێشت كە زۆریان خۆشدەویست. لەوەش خراپتر خێزان و منداڵەكانی خۆی بەدڵشكاوی و خەمباری بەجێهێشت.

كاتێك بیر لەم تراژیدیایە دەكەمەوە، وانەیەكی سادەم بەبیردێتەوە: ئەگەر ئاسودە نەبیت هیچ شتێكت نییە.

ڕۆبن ویلیام ئەوەندەی بەدەستهێنا كە ئێمە نەماندەتوانی بیریشی لێبكەینەوە، بە سامان و ناوبانگیشییەوە، بەڵام سەرەڕای هەموو ئەم دەستكەوتانە ئەمە بەس نەبوو. بۆ ماوەی چەندین ساڵ ئازاری چەشت،

هەوڵیدەدا بەهۆی بەکارهێنانی دەرمان و ماددەهۆشبەرەکانەوە چارەسەری ئەو پەستانەی بکات. لەم دواییانەی ژیانیدا، توشی نەخۆشی تێکچوونی دەمارەکانیشی بوویەوە. خێزانەکەی 'سوزان' لە ڕۆژنامەیەکی پزیشکیدا نوسیبووی: "ڕۆبن مێشکی لەدەستدەدا، هەروەها خۆشی ئاگاداری ئەوەبوو. دەتوانیت هەست بەو ئازارە بکەیت کە ئەو پێیدا تێدەپەڕی؟"

ڕۆبن ویلیام پیاوێکی باش بوو کە گرنگی تەواوی بە کەسانی دیکە دەدا، پیاوێك کە زۆری بەخشیبوو بە جیهان، سەرەڕای جەنگێکی درێژ لەگەڵ ئالودەیی بە ماددە هۆشبەرەکان و نائومێدی و ناتەواوی تەندروستی، هەمووانی دڵخۆشکرد جگە لەخۆی.

ئەمە ئەو ڕێنماییە سەلامەتییانەم بەبیردێنێتەوە کە لەکاتی سواربوونی فڕۆکەدا پێتیدەدەن. کاتێك سواری فڕۆکە دەبیت ئەم ڕێنماییەت پێدەدەن". لەکاتی حاڵەتی کتوپڕدا، پێش ئەوەی یارمەتی ئەوانی دیکە بدەن تکایە ماسکە ئۆکسجینییەکان لەدەم بکەن."

یەکەمجار کە گوێت لێدەبێت دەڵێیت ئەمە خۆپەرستی و دڵڕەقییە، بەڵام لەڕاستیدا ئەمە کارێکی گونجاوە. ئەگەر سەرەتا یارمەتی خۆت نەدەیت چۆن دەتەوێت یارمەتی ئەوەکانی دیکە بدەیت؟

بڕوام پێبکەن، ڕۆبن ویلیام باشترین نمونەیە. من خەمی ئەوەم نییە کە خۆت بکوژیت، بەڵام زۆرکەس دەبینم، تەنانەت دەوڵەمەند و کەسە سەرکەوتووەکانیش، ئەو ئاسودەیی و خۆشییەیان نییە کە پێویستە هەیانبێت. دەمەوێت تۆ ئەو خۆشی و ئاسودەییە ئەزموون بکەیت.

*پرسیارەکە ئەمەیە ـ ئازار بچێژیت یان ئازار نەچێژیت*

مرۆڤ بەرهەمی بیرکردنەوەکانیەتی. بیر لەچی بکاتەوە، دەبێت بە ئەوە.

– ماهاتما غاندی

با چیرۆکی ئەوەت بۆ باسبکەم کە چی لە ژیانی خۆمدا گۆڕاوە. لە دوو ساڵی پێشوودا، خەریکی گەشتێکی نایابی مێشکم بووم. من بەردەوام بەدوای گەشتکردن دەگەڕێم، لەبەرئەوە دەربارەی ئەوەی کە چۆن بگەم بە ئاستێکی تەواو نوێ بەردەوام بیرۆکەی جیاواز دەدۆزمەوە.

دوو ساڵ پێش ئێستا، لە هیندستان بووم سەردانی هاوڕێیەکم دەکرد، کوردیشناجی، ئەویش بەهەمان شێوە سەرسام بووبوو بە پرسیاری ئەوەی کە چۆن ژیانێکی تایبەت و باش بەدەستبهێنین. هاوڕێکەشم خۆی ئەوەی دەزانی کە چەندین ساڵە من خەڵکی فێری ئەوە دەکەم کە چەندە گرنگە بەردەوام پڕ وزەبن، وزەیەك کە دەتوانیت هەموو شتێکی پێ بەدەستبهێنیت، پەیوەندییەکانت بە حەزێکی زۆرەوە درێژە پێبدەیت. لەبەرانبەریشدا، کاتێك وزەت لەئاستێکی نزمدایە، جەستەت هەست بە ماندوویی دەکات، مێشکیشت هەست بە سستی دەکات، هەروەها ناتوانیت چالاکی زۆر ئەنجام بدەیت، تەنها بێزاری و نیگەرانی و تووڕەبوون نەبێت هیچت نییە بیکەیت بەڕووی خەڵکدا!

هاوڕێکە پێیگوتم: ‘‘ چی دەبێت ئەگەر دوو وشەی جیاواز بەکاربهێنین بۆ باسکردنی ئەم دوو حاڵەتە؟’’ وەك ڕوونیکردەوە، گوتی تەنها دەتوانیت

لە دوو حاڵەتدا بیت، یان لە بارودۆخێکدا بیت کە وزەت بەرزە کە دەکرێت پێی بڵێین "بارودۆخێکی باش" یان لە بارودۆخێکدایت کە وزەت نزمە ئەمیش دەکرێت بە "حاڵەتی ئازارچەشتن" وەسفبکرێت. هاوڕێکەم پێیگوتم کە دەیەوێت لەو بارودۆخە خۆشەدا بژی، ئیتر گرنگ نییە هەرشتێك لە ژیانیدا ڕوبدات.

هاوڕێکەم دواتر ئەوەی دەگوتەوە کە منیش و زۆر کەسی دیکەش بەردەوام فێری خەڵکمان کردووە، ئەویش ئەمەبوو: ئێمە ناتوانین ڕووداوەکانی ژیانمان کۆنترۆڵ بکەین، بەڵام دەتوانین ئەو شتانە کۆنترۆڵ بکەین کە ئەو ڕووداوانە بۆمان دەهێنن! هاوڕێکەم بڕوای وەهابوو ئەگەر بەشێوازێکی ورد هەڵبژاردن بکەین و بڕیار بدەین کە بەباشی بژین، ئەوە نەك تەنها چێژ لە ژیان دەبینین، بەڵکو چێژی زیاتر بە خێزان و منداڵ و تەنانەت جیهانیش بەشێوەیەکی گشتی دەبەخشین.

زۆر بیرم لە قسەکانی کردەوە. ئێستا من بەدەستهێنەرم. ئەگەر تۆش ئەم پەرتوکە دەخوێنیتەوە، ڕەنگە تۆش بەدەستهێنەر بیت. هەروەها ئێمەی بەدەستهێن بڕوامان وەهایە هەرگیز ئازار ناچێژین، وایە؟ نەخێر نایچێژین! ئێمە تەنها "پەستان"مان دێتەسەر!

لەڕاستیدا ئەگەر دوو ساڵ پێشتریش پێت بگوتمایە ئازار دەچێژیت، پێکەنینم پێتدەهات. ژیانێکی وەك بەهەشت و چوار منداڵی سەربەرز و سەربەستیی تەواوی بازرگانی و هەروەها کارێکیشم هەیە کە ڕۆژانە دڵخۆشم دەکات، بەڵام بۆم دەرکەوت جارجار ڕێگە بەخۆم دەدەم بچمە حاڵەتی ئازار چەشتنەوە. بۆ نمونە، تووڕە دەبم، پەستان دێتە سەرم، بێزاردەبم و نیگەرانیش دەبم. سەرەتا وامدەزانی ئەمانە بەشێکن لە ژیان.

ڕاستییەکەی خۆمم بەوە قایلدەکرد کە پێویستم بەمانە هەیە بۆئەوەی هانی خۆم بدەم بەرەوپێشەوە بڕۆم، بەڵام ئەوە مێشکم بوو فێڵی لێدەکردم! کێشەکە ئەوەیە، مێشکی ئێمەی مرۆڤ بەشێوەیەك دیزاین نەکراوە کە دڵخۆش و ئاسودەمان بکات، بەڵکو بەشێوازێك دارێژراوە کە لەکاتی پێویستدا ڕزگارمان بکات. ئەم بەشەی جەستەمان هەمیشە بەدوای کێشەدا دەگەڕێت، بۆ ئەو شتانە دەگەڕێت کە ئازارمان دەدەن. ئەوکات یان دەبێت ڕابکەین یان دەبێت بجەنگین بەرانبەر مەترسییەکان. ئەگەر مێشك بە شێوازی جیاواز ئاراستە نەکرێت و دەستکاری نەکرێت ، بە سروشتی خۆی لەسەر شێوازی خۆڕزگارکردندایە، بەردەوام ئەو ترسانەمان پێڕادەگەیەنێت کە ڕووبەڕوومان دەبنەوە و گەورەیان دەکات. لەئەنجامدا ژیانمان پڕدەبێت لە نیگەرانی و پەستان. زۆربەی خەڵکی بەم شێوەیە دەژین. بڕیاری نائێرانە دەدەن کە لەسەر بنەمای خوڕەوشتە نەك ژیریی. وایدادەنێن کە بێزاری و نائومێدی و توڕەبوون و پەستان بەشێکن لە ژیان. بەکورتی وا لەخۆیان دەکەن لەئازاردا بژین، بەڵام دڵخۆشم بەوەی پێتبڵێم ڕێگەیەکی دیکە هەیە. ڕێگەیەك کە بیرکردنەوەکانت ئاراستە دەکات، بەم جۆرەش فرمانەکانی خۆت ئەنجامدەدەیت نەوەك هی چواردەورت.

ئەمە ئەو ڕێگایەیە کە من هەڵمبژارد: بڕیارمدا کە چیتر لەحاڵەتی ئازارچەشتندا نەژیم. بڕیارمدا کە هەموو شتێك لەژێر دەسەڵاتی خۆمدا ئەنجام بدەم بۆئەوەی لەحاڵەتی خۆشبەختیدا بژیم و ببم بە نمونەیەکی دیار! لەسەروو هەموو ئەمانەشەوە، هیچ شتێك لەوە خراپتر نییە کە دەوڵەمەندێکی ناسوپاسگوزار و توڕەبیت!

## بەرز بفڕیت، نزم دەنیشیتەوە

پێش ئەوەی بچینە درێژەی بابەتەکە، با جیاوازی ئەو دوو حاڵەتە ڕوونبکەینەوە:

حاڵـەتی خۆشـبەختی: کاتێـك هەسـت بـە خۆشەویسـتی، خۆشـی، سوپاسـگوزاری، ڕێـز، پشـو، داهێنـان، خواسـت، گرنگیپێـدان، گەشـە، زانسـتخوازی، یـان پێـزانین دەکـەیت، ئـەوە تـۆ کەسـێکی لـە حاڵـەتی خۆشـبەختیدایت. لـەم حاڵەتـەدا بەتـەواوەتی دەزانیـت چـی بکـەیت، هەروەها شتە ڕاستەکەش دەکەیت. لەم حاڵەتـەدا، ڕۆح و دڵـت زینـدوون، بە باشترین شێوە دەردەکەویت، هیچ شتێك نابێتـە کێشـە، هـەموو شـتێك تێدەپـەڕێت. هەسـت بـە هـیچ تـرس و بێزارییـەك ناکـەیت. لەگـەڵ نـاخی خۆتدا تەبا و ڕێکیت.

حاڵـەتی ئازاچەشـتن: کاتێـك هەسـت بـە پەسـتان، نیگـەرانی، بێزاریـی، تـوڕەیی، نائومێـدی، وەڕسـی، ڕق، زوو توڕەبـوون، یـان تـرس دەکـەیت، ئەوە تۆ لەحاڵەتی ئازاردا دەژیت هەرچەندە نەشمانەوێت دانی پێـدابنێین، هەموومان ئەم هەستانە و چەندینی دیکەمان ئەزمونکردووە! وەك پێشـتر ئاماژەم پێدا، زۆربەی بەدەستهێنەران پێیان باشە لەژێر پەسـتاندابن وەك لەژێر ترس. بەڵام ڕاستیەکەی "پەستان" وشەیەکە کە بەدەستهێنەران لەجێگەی ترس بەکاریدەهێنن!

کەواتە چـی شـتێك ئـەوە دیاریدەکات کـە لەحاڵـەتی خۆشـیدایت یـان لـە حاڵەتی ئازارچەشتن؟ ڕەنگە وەهای دابنێین ئەم بابەتە بەگشتی بەندە بە

بارودۆخی دەرەوەت. ئەگەر لەسەر کورسییەك دابنیشیت و ساردەمەنی بخۆیت، ئەوە بەئاسانی دەچینە حاڵەتی خۆشییەوە! بەلاّم لەڕاستیدا، ئەو بیرکردنەوانەی کە سەرنجیان دەخەینەسەر، بارودۆخی دەروونی و شێوازی هەستەکانت دیاریدەکەن. ئەو بارودۆخەی تێیدا دەژیت دەرئەنجامی ئەو بیرکردنەوانەیە کە لەگەڵیان دەژیت.

من نمونەیەکی ژیانی خۆمت بۆ باسدەکەم. بۆ ماوەی ٢٥ ساڵ، لەنێوان ئەمریکا و ئوستراليا گەشتم کردووە و لە ساڵێکدا چەند جارێك ڕۆشتووم و گەڕاومەتەوە. ئێستا خۆشبەختانە فرۆکەی خۆمم هەیە، تا ڕاددەیەك وەك ئەوە وەهایە کە ئۆفیسێکی ئاسمانیم هەبێت. لەبەرئەوە هیچ کات پێویست ناکات لەکار دابڕێم! بەلاّم لەبیرمە کاتێك گەشتی بازرگانیم دەکرد بەرەو ئوستراليا. ئەو ترسەم هەبوو چۆن دەکرێت بژیم ئەگەر هێڵەکانی ئینتەرنێت نەمێنێت و نەتوانم بۆ ماوەی ١٤ کاتژمێر نامە و بەریدی ئەلیکترۆنی بنێرم، چۆن کارەکانم بەبێ من بەڕێوە دەچێت؟

دواتر و لەڕۆژێکی ئەفسوناویدا، لەناو فرۆکەیەك دانیشتبووم کە گەشتی بۆ شاری سیدنی دەکرد، کاپتنەکە بەشانازییەوە ڕایگەیاند کە فرۆکەکە ئینتەرنێتی نێودەوڵەتی هەیە. لە هەموو چواردەورم خەڵك دەستیانکرد بە خۆشی دەربڕین و چەپڵەلێدان! وەك ئەوە وەهابوو فریشتەیەك دابەزیبێتە ناو فرۆکەکە! من هەڵنەسامەوە و هیچم نەکرد، بەلاّم دەبێت دانیپێدابنێم: لە دڵی خۆمدا منیش چەپڵەم لێدەدا، بەلاّم دوای ١٥ خولەك لە دڵخۆشی دەزانیت چی ڕوویدا؟ هێڵی ئینتەرنێت پچڕا. هەتاوەکو گەشتەکە تەواوبوو چاکنەبوویەوە. ڕەنگە دوای ئەم هەموو ساڵەش هێشتا چاکنەبووبێتەوە.

پێتوایـــە سەرنشـــینەکان پەرچـــەکرداریان چـــۆن بـــوو؟ هـــەموومان بێهیوابووین! لەیەك خولەکدا هەموومان دڵخۆشبووین، یەك خولەکی دواتـر هەموومان نەفرەتمان لە بارودۆخی خۆمان دەکرد. ئەوەی لێرەدا سـەیرە ئەوەیـە چـۆن ئاوهـا بـەخێرایی بۆچـوونمان گـۆڕا، تۆزێـك لەمـەوپێش ئینتـەرنێت شـتێکی مـوعجیزەیی بـوو ئەگـەر هەبووایـە، کەچـی ئێسـتا نەبوونی ئینتەرنێت شتێکی قورسـە و هـەمووان بەشـێوازێك هەڵسوکەوت دەکەن کە دەبێت هەبێت! هەموو ئەوەی بیرمـان لێکردەوە ئـەوەبوو کـە پێمـانوابوو کـە فڕۆکەکـە مـافێکی لێ زەوتکـردووین، مافێـك کـە تۆزێـك لەمەوپێش هەر بـوونی نـەبوو. بـەهۆی تووڕەییمانـەوە، وەك باڵنـدە بـەناو ئاسماندا دەفڕین و ئەو هەموو دیمەنە جوانانەشمان لەدەستچوو، ئاگامـان لە خۆشی گەشتەکە نەبوو. شتێکی بێمانا نەبوو کە ئاوها ناڕەحەت بووین و ڕێگـەمان بـەخۆمان دابـوو ئاوهـا بێـزاربین؟ کاتێـك بارودۆخەکـە لـە بەرژەوەنـدیی ئێمـە نابێـت، کاتێـك ئـەوەی دەمانـەوێت یـان چاوەڕێی دەکـەین بەدەسـتی نـاهێنین، بـەخێرایی دەسـتبەرداری دڵخۆشـییەکانمان دەبین و نوقمی ئازار دەبین.

هـەموو کەسـێك شـێوازی خـۆی هەیـە بـۆ ئازارچەشـتن. کەواتـە مـن ئـەم پرسیارەم هەیە: شێوازی ئازارچەشتنی تۆ چییە؟ کام بارودۆخـە زۆرتـرین کـات توشـی دەبێـت؟ خەمبارییـە؟ بێزارییـە؟ تووڕەییـە؟ نائومێدییـە؟ حەسودی یـان نیگەرانییـە؟ گرنگ نییـە وردەکارییەکـەی چەند و چۆنە، چـونکە هـەموو ئەمانـە حاڵـەتی ئازارچەشـتنن. هـەروەها هـەموو ئـەم ئازارانەش ئەنجامی ئاڕاستەکردنی مێشکێکن کـە زۆر پەرۆشـی کێشـەیە و بەدوایدا دەگەڕێت!

بیرێك لە كۆتا بارودۆخ بكەرەوە كە بووە هۆی ئازار و ناڕەحەتییت، كاتێك كە تێیدا ناڕەحەت و نیگەران و توڕە بوویت. هەركاتێك هەستت بە یەكێك لەم ئازارانە كرد ئەوە هۆكارەكەی مێشكێكی ئاڕاستەنەكراوە كە پەیوەندیدارە بە یەكێك لەم سێ شێوازەی پێشبینییەكانەوە. بەشێوەیەكی هەستپێكراو بێت یان هەستپێنەكراو، بەهۆی یەكێك لەم سێ هۆكارەی ئازارەوە تۆش توشی ئازار دەبیت.

١. هۆكاری ئازار ''لەدەستدان''ە. كاتێك سەرنج دەخەینەسەر لەدەستدان، ئەوە خۆت قایلدەكەیت بەوەی كە كێشەیەكی تایبەت بووەتە هۆی یان دەبێتە هۆی لەدەستدانی شتێك كە نرخی هەیە لەلات. بۆ نمونە: تۆ لەگەڵ دایك و باوكت كێشەت هەیە، بەهۆی ئەمەشەوە هەستدەكەیت ڕێز یان خۆشەویستیت لەدەستداوە، بەلاّم كەسێكی دیكە شتێكی كردووە یان شكستی هێناوە لە كردنی كارێكدا پێویست ناكات تۆ ئەو هەستە بۆ خۆت دروستبكەیت. ئەم هەستی لەدەستدانە دەكرێت بەهۆی شتێكەوەبێت كە خۆت كردوتە یان شتێك بێت كە شكستتهێناوە لەكردنی. بۆ نمونە: تۆ كارێكت دواخستووە و كەمتەرخەمییت تێداكردووە، ئێستاش بەو هۆیەوە هەلێكی گەورەت لەدەستچووە. لەبەرئەوە هەركات بڕوامان بە خەیاڵی لەدەستدان هەبێت، ئازار دەچێژین.

٢. هۆكاری ئازار ''كەمی''ە، كاتێك سەرنج دەخەیتە سەر ئەو بیركردنەوەی كە پێتوایە كەمت هەیە یان كەمت دەبێت، ئازار دەچێژیت. بۆ نمونە، ڕەنگە بڕوات وەهابێت بەهۆی ئەوەی كێشەیەك ڕوویداوە یان كەسێك بەشێوازێك ڕەفتارێكی كردووە، تۆ پارەی كەم، شادومانیی كەم،

سەرکەوتنی کەم، یان دەرئەنجامە ئازاربەخشەکانی دیکەت توش دەبێت. ''کەمی'' دەکرێت بەهۆی ئەو کارانەوە بێت کە تۆ و ئەوانی دیکەش کردوویانە یان شکستیان هێناوە لە کردنی.

٣. هۆکاری دۆڕان ''هەرگیز''ە، ئەگەر سەرنج بخەیتەسەر ئەو بۆچوونەی هەرگیز نابیتە خاوەنی شتێك کە بەنرخە بەلاتەوە، وەك خۆشەویستی، شادومانی، ڕێز، سامان، دەرفەت، ئەوە بەدڵنیاییەوە ئازار دەچێژیت، هەرگیز دڵخۆش نابیت، هەرگیز نابیت بەو کەسەی کە دەتەوێت. ئەم شێوازی بیرکردنەوەیە کە شتێکی ڕۆتینییە بەدڵنیاییەوە دەتگەیەنێت بە ئازار. لەبیرت بێت: مێشکمان هەمیشە هەوڵدەدات بمانخاتە ناو فێڵی بۆچوون گەلێکەوە کە دەڵێت خۆت ڕزگار بکە. لەبەرئەوە هەرگیز مەڵێ هەرگیز. بۆ نمونە: بەهۆی نەخۆشییەکەوە یان بەهۆی برینداربوونێکەوە یان شتگەلێك کە براکەت کردوویەتی، ڕەنگە پێتوابێت کە هەرگیز چاکنابێتەوە و وەك پێشترت لێنایەتەوە.

ئەم سێ شێوازی بیرکردنەوەیە هۆکاری هەموو ئازارەکانمانن. دەزانیت چی شتێك زۆر سەیرە؟ گرنگ نییە کێشەکە ڕاستەقینەیە یان نا، هەرکاتێك بەو شێوازانەی سەرەوە سەرنج بدەین، ئازار دەچێژین، بەبێ گوێدان بەوەی کە لەڕاستیدا ڕویداوە. تا ئێستا بەو شێوازە بیرتکردووەتەوە کە هاوڕێیەکت کارێکی زۆر خراپی کردووە بەرانبەرت؟ دواتر کە بۆت دەرکەوتووە هەڵەبوویت و ئەو کەسەش شایەنی ئەو هەموو لۆمەیە نەبووە زۆر نیگەران بوویت! لەکاتی ئازاردا، کاتێك ئەو بیرکردنەوە نەرێنییانە لە مێشکتدابن، ڕاستییەکان هیچ گرنگ نین. مادام لەم کاتەدا تۆ ئەو شێوازە بیرکردنەوەت هەیە، لەجیهانی ڕاستیدا و لە

ژینگەکـەت چـی ڕووبـدات گـرنگ نییـە. سـەرنجەکانت هەسـتەکانتی دروسـتکردووە، هـەروەها هەسـتەکانت ئەزمونـەکانتی دروسـتکردووە. سـەرنج بـدە، زۆربـەی ئازارەکانمـان (ئەگـەر هەموویشـی نـەبیت) بـەهۆی سەرقاڵبوونمان و سەرنجدانمانە لەسەر ئەوەی چی دەدۆڕێنین، چی شتێك کەممان دەبێت، یان هەرگیز نامان بێت.

بـەلآم هەوڵـە خۆشـەکە ئەمەیـە: هـەر کـە ئاگاداربوویتـەوە و ئـەم سـێ شێوازەی سەرنجدانت زانـی، دەتوانیـت بەشـێوەیەکی بەرنامـە بۆداڕێـژراو بیانگۆڕیـت، بـەم جـۆرەش خـۆت ڕزگاربکـە لـەم ئازارچەشـتنە. هـەمووی لەوەوە دەستپێدەکات کە بزانیت ئەم ئازارە بژاردەیەکی ژیرانەی خۆتە.

## هەمووی لەکۆتاییدا پەیوەستە بە هێزی بڕیاردانەوە

ژیانمان بـەهۆی بڕیارەکانمانـەوە بنیـاتنراوە نـەوەك بارودۆخمـان. ئەگـەر بیرێك لە ٥ یان ١٠ ساڵی پێشـووترت بکەیتـەوە، دڵنیـام یـەك دوو بڕیـارت بەبیردێتەوە کـە ژیـانی گۆڕیوویت. ڕەنگـە ئـەو بڕیـارە لـەبارەی ئـەوەوە بووبێت بچیت بۆ کام زانکۆ، دوای چی کارێك بکەویت، یان کێ هەڵبـژێریت بۆ خۆشەویستی و هاوسەرگیری. بیرێك لەو کاتانە بکەرەوە. ئەگەر ئێستا بەشـێوازێکی دیکـە ئـەو بڕیارانـەت بدایـە، ئێسـتا ژیانـت چـەندە جیـاواز دەبوو؟ ئەو بڕیارانە و چەندینی دیکەش ئاڕاستەی ژیانت دیاریدەکەن.

ئـەی کەواتـە گـەورەترین بڕیـار چییە لەژیانتـدا کـە ئێسـتا دەتوانیـت بیدەیت؟ ئەگەر جاران بوایە پـێم دەگوتیـت گـرنگترین شت ئەوەیـە کـە بڕیـار بـدەیت کاتـەکانت لەگـەڵ کـێ بەسـەرببەیت، بڕیـار بـدەیت کێـت خۆشبوێت.

بەلام بۆ ماوەی دوو ساڵ دەبێت، بیرکردنەوەم گەشەی کردووە و گۆڕاوە. بۆمدەرکەوت گرنگترین بڕیار لە ژیاندا ئەمەیە: سەرەڕای هەرشتێك كە ڕوویدات، خۆت تەخانکردووە بۆئەوەی دڵخۆش بیت؟
با بەشێوازێکی دیکە پێت بڵێم: بڕیارتداوە تەنها کاتێك چێژوەربگریت كە هەموو شتێك بەدڵی تۆ بێت یان کاتێك شتەکان بەدڵی تۆ نەبن، کاتێك نادادپەروەری بەرامبەرت دەکرێت، کاتێك کەسێك بێزارت دەکات، کاتێك کەسێك یان شتێك لەدەستدەدەیت، یان کاتێك هیچ کەسێك لێت تێناگات و نرخت نازانێت؟ ئەگەر بڕیاری تەواوەتی نەدەیت بۆ وەستاندنی ئەم ئازارانە و بەخۆشی نەژیت، ئەوا هەرکاتێك خواست و چاوەڕوانییەکانت نەهاتەدی، بیرکردنەوەکانمان ئازارمان دەدەن. سەیرە چۆن ئەو ژیانەمان بەفیڕۆ دەدەین!
ئەمە بڕیارێکە کە هەر لە ئەمڕۆوە دەتوانێت هەموو شتێك لە ژیانتدا بگۆڕێت، بەلام ئەوە بەس نییە تەنها بلێیت دەمەوێت ئەو گۆڕانکارییە ئەنجام بدەم یان دەمەوێت دڵخۆشبم. دەبێت ئەو بڕیارە هی خۆت بێت و ببێت بە بەشێك لە تۆ. هەرچی پێویست بێت ئەنجامی بدەیت، هەروەها هەموو ئەو ئەگەرانە لاببەیت کە دەکرێت پەشیمانت بکەنەوە. ئەگەر دەتەوێت دورگەیەك بەدەست بهێنیت، دەبێت هەموو بەلەمەکانی دەوروبەری بسوتێنیت. دەبێت بڕیاربدەیت ١٠٠٪ بەرپرسیار دەبیت بەرانبەر مێشك و بیرکردنەوەکانت، هەروەها بەرانبەر ئەزموونی ژیانت.

## ئاگاداری دێوەکە بە

چەندین تەکنیکی جیاواز هەیە کە دەتوانیت بەکاریان بهێنیت بۆ دەستگرتن بەسەر مێشکتدا و ژیانێکی خۆش بەدەست بهێنێت. ئەمە بابەتێکی ئەوەندە گرنگە کە ویستم پەرتوکێکی لەسەر بنوسم، بەڵام پێویست ناکات چاوەڕێی ئەم گەشتە بکەیت کە ژیانت دەگۆڕێت. هەر ئێستا دەتوانیت بڕیاربدەیت و چیتر ژیانێك نەژیت لەکاتێکدا شایەنی لەوە باشتریت. هەموو ئەوەی کە پێویستە بیکەیت بۆئەوەی ژیانت بەهەمیشەیی بگۆڕیت ئەوەیە کە شتێك بدۆزیتەوە هەموو کاتێك نرخی بزانیت و پێزانینت بۆی هەبێت. دواتر هەست بە سامانی ڕاستەقینەی خۆشبەختی دەکەیت!

ئامادەیت هەر ئێستا ئەو بڕیارە نایاب و بوێرانە بدەیت؟ ئەگەر ئامادەیت با هاوکاریت بکەم، ئەمیش بە پێداچوونەوەی دوو تەکنیکی سادە کە پێموایە بەشێوەیەکی نایاب یارمەتیت دەدەن لەسەر هێڵەکەت بمێنیتەوە و لانەدەیت.

یەکەم تەکنیك من پێیدەڵێم '' یاسای ۹۰ چرکە ''. هەرکاتێك ئازار بچێژم، ۹۰ چرکە بەخۆم دەدەم بۆئەوەی بیوەستێنم و بتوانم بگەڕێمەوە دۆخی جارانم و جارێکی دیکە بەخۆشی بژیم. یاساکە باشە وایە؟ بەڵام چۆن لەڕاستیدا ئەمە دەکەیت؟ با بڵێین گفتوگۆیەکی چڕوپڕم لەگەڵ یەکێك لە فەرمانبەرەکانم دەکەم، بۆم دەرکەوتووە کە هەڵەیەکی کردووە کە دەکرێت سەربکێشێت بۆ کێشە و پشێوی بنێتەوە. بەم هۆیەوە هەندێك دەنگەدەنگ دەکەین. بەشێوەیەکی سروشتی مێشکم دەچێتە حاڵەتی گەڕان بەدوای کێشە و مەترسیدا، بەشی ڕزگاربوون لە مەترسی

دەکەوێتەکار، هەروەها ژمارەیەکی زۆر بیرکردنەوەم بۆ دەنێرێت لـەبارەی ئەوەی کە دەکرێت خۆم و تیمەکەشم توشی ئازار ببینەوە لەئەنجامی ئـەو هەڵەیەی کە فەرمانبەرەکە کردوویـەتی. پێشـتر بوایـە بەئاسـانی نیگـەران دەبووم و تێکدەچـووم یـان توڕەدەبـووم، ئەمـەش دەیخسـتمە گێـژاوێکی گەورەی ئازارەوە!

بەڵام ئێستا هەرکاتێك هەست بە پەشێوی و بەرزبونەوەی پەسـتان بکـەم، خۆم دەگرم. ئەو شێوازەش کە من خۆم دەگـرم زۆر سـادەیە: بەهێواشـی هەناسە دەدەم و شتەکان هێور دەکەمەوە. دەچمە دەرەوە و لەو هـەموو بیرکردنــەوە نەرێنییانــە خــۆم دووردەخەمــەوە کــە مێشــکم دروســتیان دەکات.

شـتێکی سروشـتییە ئـەو جـۆرە بیرکردنەوانــە دروسـتبن، بـەڵام تــەنها بیرکردنـەوەن و هیچیتر. کاتێـك هێـور دەبیتـەوە، ئـەوکات دەزانیـت کـە پێویسـت ناکـات بڕوایـان پێبکـەیت و خەفـەتیان بـۆ بخۆیـت. دەتوانیـت بگەڕێیتەوە و بەخۆت بڵێیت ‘‘ واو، سەیری ئەو بیرکردنەوە شێتانە چۆن تێدەپەڕن! هەم دیسان توڕە دەبمـەوە! ‘‘ ئەمـە چـۆن سـودی دەبێـت؟ چـونکە کێشـەکە بـوونی بیرکردنـەوەی نـەرێنی و وێرانکـەر نییـە، هـەموو کەسـێك ئەمانـەی هەیـە! ئـەوەی ئازارمـان دەدات بڕوابوونمانـە بـەو بیرکردنەوانە. بۆ نمونە: تا ئێسـتا ڕوویـداوە لەکەسـێك توڕەبوویـت و بـەم شێوەیە بیرت کردبێتـەوە، ‘‘ بەڕاسـتی دەمـەوێت ئـەم کابرایـە بخنکێـنم، دەیکوژم! ‘‘ بەبڕوای من ئەوەش ناکـەیت کـە دەیڵێیـت. بۆچـی؟ چـونکە بڕوات بە بیرکردنەوەکانت نییە!

هەرکات خۆمم لەم بیرکردنـەوە بێزراوانـە دوورخسـتەوە، یەکسـەر سـەرنج

دەخەمە سەر دۆزینەوەی شتیك كە نرخی بزانم. ئەو بەشەی مێشك كە تایبەتە بە خۆدەربازكردنەوە هەمیشە بەدوای كێشەكەدا دەگەڕێیت، بەڵام هەموو كات وتومە: كێشە هەمووكات بوونی هەیە... بەڵام باشەش بەهەمان شێوە! ڕەنگە ئەمە ڕاستییەكی سادە بێت كە من زیندووم و باشم، هێشتا هەناسە دەدەم. ڕەنگە ئەوە ڕاستی بێت ئەو كەسەی كە هەڵەیەك دەكات كەسێكی باش بێت و زۆر هەوڵبدات و مەبەستی باشی هەبێت. ڕەنگە ئەوە ڕاستی بێت كە من هۆشیاریم هەبێت لەبارەی ئەو ئازارەی كە دەیچێژم، هەروەها ئەم هۆشیارییەم توانام دەداتێ و وادەكات ئازارەكانم نەمێنن.

گرنگ نییە سوپاسگوزاری چی شتێك دەبیت و پێزانینت بۆچی دەبێت. ئەوەی گرنگە ئەوەیە بەسەرنجدانت لەسەر ئەو پێزانینە مێشكت هێور دەكەیتەوە. خۆشەویستی و شادومانی و بەخشین هەموویان گۆڕانكاری ئەرێنی دروستدەكەن. ئەم گۆڕانكارییەش شێوازی لەسەرنجەكانتدا دەبێتە هۆی دروستكردنی بۆشاییەك بۆ دەروونت بۆ ئەوەی بچێتە ناو یارییەكەوە. لەبەرئەوە ئیتر لەناو سەرتدا گیرناخۆیت، بەڵكو دەروونت ئازاد دەبێت. ئەگەر بەردەوام وەك خۆی ئەمانە بكەیت، بەڕاستی دووبارە سیستەمە دەمارییەكانت ڕێكدەخەیتەوە و مێشكت ڕادەهێنیت لە هەموو بارودۆخێكدا شتە باشەكان بدۆزێتەوە، بەم جۆرەش ئەزموونی ژیانت یەك پارچە خۆشی و سوپاسگوزاری دەبێت.

دەزانیت چی شتێك ئەفسوناوییە؟ پێش ئەوەی خۆت بزانیت، هەست بە ئازادی دەكەیت. بهێڵە شتەكان تێپەڕن. بەو شتانە پێبكەنە كە پێشتر بێزاریان دەكردیت. ئەمەش دەتگەیەنێت بە ژیانێكی خۆشتر و

پەیوەندییەکی تەندروستتر، لە هەمان کاتیشدا یارمەتیت دەدات بەڕوونی بیربکەیتەوە و بڕیاری ژیرانەتر بدەیت. هێشتا دوای هەموو ئەمانەش، کاتێك هەست بە پەستان، تووڕەیی، خەمباری، یان ترس دەکەیت، مەرج نییە باشترین چارەسەرەکان بدۆزیتەوە. ئەوکاتانەی لەبارودۆخێکی خۆشدایت، وەڵام و چارەسەرەکان باشتر دەدۆزرێنەوە. هەر وەکو ڕادیۆ وەهایە، کاتێك ڕوویدەکەیتە شوێنێك دەنگەکەی ڕوون و ڕەوان دەبێت و دەتوانیت لە هەموو شتێك تێبگەیت. بەپێچەوانەشەوە ئەگەر ڕووەکەی تەواو نەبێت، بەئاسانی زانیاری و وەڵامەکان تێناگەیت.

سەرەتا کاتێك دەستمکرد بە بەکارهێنانی ئەم تەکنیکە، دەبوایە ناوم لێبنایە یاسای چوار کاتژمێری یان یاسای چوار ڕۆژی، چونکە جاری وەها هەیە زۆرم پێدەچێت تاوەکو ئەم ئازارە بوەستێنم و دووبارە هاوسەنگیی بەدەستبهێنمەوە. بەڵام ئەمیش وەك هەر بەهرەیەکی دیکە وەهایە: تا زیاتر بەکاری بهێنیت، باشتر پێی ڕادێیت. بۆمدەرکەوت کاتێك لە کێشەکاندا خۆم ڕادەگرم و بەخێرایی بەسەریاندا زاڵدەبم، زۆر سەرکەوتوو دەبم وەك لەوەی بهێڵم ئەم بیرکردنەوە نەرێنییانە بمێننەوە و زیاتر لە ٩٠ چرکە درێژەبکێشێت. بۆ؟ چونکە باشترین کات بۆ کوشتنی دڕندەیەك ئەوکاتەیە کە بچوکە. نابێت چاوەڕێ بکەیت دێوەکە بێت و هەموو شارەکەت وێران بکات!

هێشتا منیش بێ کەموکورتی نیم، هەندێکجار منیش گیردەخۆم، بەڵام ئەوەندە یاسای ٩٠ خولەك بەکاردەهێنم کە لە تەکنیکێکە بووە بە خوویەکی ژیانم. ئەم تاکە تەکنیکە بەشێوازێکی نایاب ڕزگاریکردووم لە هەموو ئەو هەستە وێرانکەرانەی کە خۆشی ژیان و ئارامیی مێشکمیان

دەدزی. ئـەم هەسـتانە ئێسـتاش هـەر دێـن، بـەڵام بـەهۆی هێـزی سوپاسـگوزاری و پێزانینـەوە بـەزوویی نـامێنن. لەئەنجامیشـدا، ژیـان لـە هەمووکات خۆشتر دەبێت!

هەروەها شتێکی دیکەش کە دەیدۆزیتەوە ئەوەیە: ئەگـەر خـۆت سـەرقاڵ نەکـەیت بـە بابـەتی (لەدەسـتدان، کـەمتر، هـەرگیز)ەوە، لـە ئـەنجامی ئەمەشـدا دەبیتـە یارمەتیـدەر بـۆ ئـەوانی دیکـە. کاتێـك لـە بـارودۆخێکی خۆشدایت، دەتوانیت زۆر زیاتر ببەخشیت بە ئەوانەی کە خۆشتدەوێن.

ئینجا دەزانیت چیتر؟ دڵخۆشیی هێزە. دڵخۆشیی، دەستکەوتی هەیە. دڵخۆشـیی، دەسـتکەوتە لەژیانتـدا. دڵخۆشـیی دەسـتکەوتە لـە پەیوەندییەکانتـدا، دڵخۆشـیی دەستکەوتە لـە کارەکەتـدا، دڵخۆشـیی دەسـتکەوتە لەهـەموو شـتێکدا. ژیـان لـە بـارودۆخێکی خۆشـدا سـامانی ڕاستەقینەیە. ئیتر گرنگ نییە سەربەستیی تەواو چییە و باشـترین دیـاری کامەیە کە دەیبەخشیت بە ئەوانەی کە خۆشتدەوێن. تەنانـەت باشـتریش لـەوە، لەجێگـەی ئـەوەی چـاوەڕێ بکـەیت بڕێکـی دیـاریکراو پـارەت دەستبکەوێت، دەتوانیت ئەو خۆشـی و شـادمانییە بـەکاربهێنیت و ئیشـی پێبکـەیت! هـەوڵی دڵخۆشـکەریش ئەوەیـە کـە بڕیارەکـە لەدەسـتی خۆتدایە. دەتوانیت ئەو خۆشبەختییە بەخۆت ببەخشیت.

## دڵت ئازاد بکە:

## هێزی تەبابوون!

بۆ زاڵبوون بەسەر ترسدا، باشترین شتێك ئەوەیە کە زۆر سوپاسگوزار بیت.

– سێر جۆن تێمپڵتۆن

دووەم تەکنیك کە دەمەوێت لەگەڵت باسی بکەم بیرکردنەوەیەکی سوپاسگوزاری دوو خولەکییە، کە لە سیمینار و کۆڕەکانمدا فێری دەیان هەزار خەڵکم کردووە. ئەم بابەتەم تۆمارکردووە و لە سایتی www.unshakeable.com و هەروەها بەرنامەی مۆبایل بەناوی Unshakeable لەبەردەستە و دەتوانیت سودی لێوەربگریت.

هەروەها بەشێوازی نوسینەکیش لە خوارەوە باسیدەکەین. ئێمە هەمووومان بە ڕێگەی جیاواز زانیاری وەردەگرین. لەبەرئەوە ڕەنگە تۆ بتەوێت ئەمە بخوێنیتەوە و ڕێنماییەکی گشتی لێوەربگریت و دواتر خۆت ئەم بیرکردنەوە کورتە ئەنجامبدەیت. پێموایە بەبێ گوێگرتن لە دەنگەکەشی ئەگەر یەك جاریش بیخوێنیتەوە بۆئەوەی بزانیت پرۆسەکە بەکوێ دەگات، بەرێژەیەك سوودی لێوەردەگریت. بەڵام زۆر ئاسانترە ئەگەر گوێ لە شێوازە دەنگییەکەشی بگریت. بەم جۆرە لەمێشکت دەردەچێت و دەچێتە ناو دڵتەوە. هەرچۆنێك بێت، هیوادارم تێبگەیت کە ئەمە تەکتیکێکی زۆر بەهێزە بۆ ڕێکخستنی مێشك و دڵت، بۆ گەشتن بە بارودۆخێکی خۆش.

ئامانجی ئەم بیرکردنەوەیە ئەوەیە بارودۆخە هەستی و سۆزییەکانت

بگۆڕێت و پڕیان بکات لە هەستی سوپاسگوزاری، هەروەها بۆئەوەی ئەو هەستە بەکاربهێنیت بۆ چارەسەرکردنی هەر شتێك کە بووەتە هۆی ئازاردانت. باشە بۆچی سوپاسگوزاریت؟ چونکە ناتوانیت لەیەك کاتدا هەم توڕە و هەم سوپاسگوزاریش بیت. ناتوانیت لەیەك کاتدا بترسیت و سوپاسگوزاریش بیت. ئەگەر دەتەوێت ژیانت ناخۆش و پڕ خەم بێت، باشترین شت ئەوەیە سەرنج بخەیتە سەر ترس و توڕەیی. ئەگەریش دەتەوێت خۆش بژیت و دڵخۆش بیت، هیچ شتێك هێندەی ئەوە باش نییە سەرنج بخەیتەسەر سوپاسگوزاریی!

لەبەرئەوە ئەگەر دەتەوێت ئەم تەکنیکە تاقی بکەیتەوە، بڕۆ گوێ لە دەنگە تۆمارکراوەکەی بگرە یان ئەم هەنگاوانەی خوارەوە بخوێنەرەوە.

ئەوەی دەمەوێت بیکەیت ئەمەیە:

هەنگاوی یەکەم: سەرەتا دەمەوێت لایەنێکی ژیانت هەڵبژێریت کە تێیدا چەند ''کارێکی تەواونەکراو''ت هەبێت: شتێك بێت کە پێویست بێت بیگۆڕیت یان چارەسەری بکەیت، کێشەیەك بێت کە چەندێکە دواتخستووە و چارەت نەکردووە. دەکرێت ئەمە ناڕەحەتییەکی سەر کارەکەت بێت یان کێشەیەك بێت لەگەڵ یەکێك لە ئەندامانی خێزانەکەت. ئەم کێشەیە لە ١٠ چەندی پێدەدەیت؟ واتە پلەی قورسی و ناڕەحەتییەکەی چەندێك دەبێت؟ باشتر وەهایە کێشەیەك هەڵبژێریت کە ٦ بۆ ٧ پلە قورسبێت، دواتر ئەم تەکنیکە بەکاربهێنە ئەوکات دەزانیت کاریگەری چۆن دەبێت.

هەنگاوی دووەم: ئێستا ئەو کێشەیە وەلابنێ و هەردوو دەستت بخەرە سەردڵت. هەست بە ترپەکانی دەکەیت. پاشان دەمەوێت بەقوڵی

هەناسەیەك هەڵمژیت. كاتێك هەناسە دەدەیت هەست بەو ئۆكسجین و خوێنە بكە كە دەچێتە ناو دڵت. هێزی ناو دڵت بدۆزەرەوە. بۆ چی شتێك لەو شتانە دڵخۆشیت كە دڵت ڕێنوێنی كردوویت بۆی؟ خۆشی، پێزانین یان بەخشین؟

هەنگاوی سێیەم: كاتێك بەقوڵی هەناسە دەدەیت، هەست بە سوپاسگوزاری بكە بەرانبەر بە دڵت. هەست بەوە بكە دڵت چی بەخشێكە. هەموو ڕۆژێك سەدان هەزارجار لێدەدات و بەدرێژی ٦٠ هەزار میل خوێن بەناو دەمارەكاندا دەنێرێت. پێویست ناكات بیر لە دڵت بكەیتەوە، ئەو خۆی هەموو كات ئامادەیە، تەنانەت لەكاتی خەویشدا. باشترین دیارییە كەچی پێویستیش ناكات بەدوایدا بگەڕێیت، چونكە خۆی پێتبەخشراوە. مادام دڵیشت لە سینگتدا لێدەدات، كەواتە تۆ زیندوویت. چی بەخششێكە! ئێستا هەست بە هێزی ئەو بەخششە بكە.

هەنگاوی چوارەم: كاتێك كە هەناسە دەدەیت و بەقوڵی هەست بە سوپاسگوزاری دەكەیت بەرانبەر بە دڵت، دەمەوێت لەڕووی جەستەییشەوە هەست بە لێدانی دڵت بكەیت. كاتێكیش ئەمە دەكەیت، دەمەوێت بیر لە سێ ئەزموونی ژیانت بكەیتەوە كە سوپاسگوزاریت بەرانبەریان، دواتر دانە بەدانە بچۆرە ناو ئەو ئەزموونانەوە. دەكرێت ئەم ئەزموونانەش گەورە یان بچوكبن. دەكرێت بتگێڕنەوە سەردەمی منداڵییت، دەشكرێت هی ئەم هەفتەیە یان ئەمڕۆ بن.

هەنگاوی پێنجەم: دەمەوێت بیر لە یەكەم ئەزموونیان بكەیتەوە و هەر ئێستا بچیتە ناویەوە وەك ئەوەی لەوێ بیت، دووبارە تێیدا بژیت. بزانە چی هەستێكت بۆ دروست دەبێت، هەستی سوپاسگوزاریی تەواوەتی.

هەستی پێبکە و بەدەستی بهێنە، هەروەها هەست بە سوپاسگوزاریی تەواوەتی بکە. خۆت پڕبکە بە سوپاسگوزاری، چونکە کاتێک سوپاسگوزاریت، هیچ خەمبارییەك نییە، هیچ ئازارێك نییە، هیچ تووڕەییەك نییە. ناتوانیت لەیەك کاتدا هەست بە تووڕەیی و سوپاسگوزارییت بکەیت. ناتوانیت نیگەران و لەهەمان کاتدا سوپاسگوزاریش بیت. ئەگەر ئێمە سوپاسگوزاری بچێنین، ژیانێکی جیاوازمان دەبێت. ئێستا بیر لە ئەزموونەکانی دیکەش بکەرەوە و بەهەمان شێوە هەست بە سوپاسگوزاری بکە تێیدا و بچۆرە ناویەوە، بەم شێوەیە بۆت دەردەکەوێت کاتێك لە بارودۆخێکی دیاریکراودا سوپاسگوزار بیت، چەندە کاریگەر دەبێت و چۆن بارودۆخەکە لە خەم و نیگەرانی و پەستانەوە دەبێت بە خۆشی و شادی.

هەنگاوی شەشەم: ئێستا دەمەوێت بیر لە یەك ئەزمونی دیکە بکەیتەوە، بەڵام با ئەمجارەیان شتێکی بەڕێکەوت بێت نەك پلان بۆداڕێژراو. ڕەنگە ئەزموونێکی بەڕێکەوت بێت کە وەهای کردبێت ئەو کەسە ببینیتەوە کە خۆشتدەوێت. یان ئەم ئەزموونە گەیاندبێتی بە پیشەیەك، یان هەلێکی نوێی پێ بەخشیبێت بۆئەوەی گەشە بکەیت یان دڵخۆش بیت. ئەم ڕوداوە تەنها بەرانبەر تۆ ڕوویداوە. ئەمە تەنها ڕووداوێك بوو یان بووە هۆی ئەوەی ئاڕاستەت بکات؟

من بڕوایەکی چەسپیووم هەیە کە زۆرجار لە ئازار دەریهێناوم و بردوومی بەرەو ئاسودەیی. لەناخی دڵمەوە، بڕوام وەهایە ژیان هەمیشە بۆ ئێمەیە نەك دژی ئێمە بێت! تەنانەت بە ئازارترین بارودۆخەکان بوونەتە هۆی گەشەکردن و قوڵبوونەوە و فراوانبوونمان. دڵنیام کۆمەڵە ڕوداوێك لە

ژیانندا هەبووە کە هیچ کاتێك ناتـەوێت بگەڕێیتـەوە بۆی، بـەڵام کاتێك ٥ بۆ ١٠ساڵ دواتر سەیرێکی ئەو ڕوداوانە دەکەیت، ئەو مەبەستە گەورەیە دەبینیت کە لەو ڕوداوانەدا هەبووە. پاشان تێدەکەیت چۆن لـەو کاتانـەدا ژیان بۆ تۆ بووە و لە بەرژەوەندی تۆ بووە. تەنانـەت ئـەو کاتانەشـی کـە تێیدا ئازارت چەشتووە بوونەتە هۆکاریی گەشەکردنت.

کەمێك ڕاوەستە و سوپاسی ئەو کەسە بکـە ئـەم بەخششـانەی پێـداویت. خـۆت پڕبکـە لـە سـوپاس بەرانبـەر خـودا. هـەروەها بـڕوای تـەواوت پێـی هـەبێت، چـونکە بـەردەوام ئاگـای لێتبـووە. تەنانـەت لـەو کاتانەشـدا کـە ڕێگەت لێ ونبووە!

هــەنگاوی حەوتــەم: ئێســتا تــۆ هەناســە دەدەیــت و هەســت بــەو سوپاسگوزارییە گەورەیە دەکـەیت، لەبەرئـەوە دەمـەوێت ئـەو کێشـەیەت لـەبیربێت کـە پێشـتر نیگـەرانی دەکردیـت. لەکاتێکـدا لـەم حاڵەتـەدایت دەمـەوێت پرسـیارێکی سـادە لـەخۆت بکـەیت: '' هـەموو ئـەوەی لـەو بارودۆخەدا پێویستە بـیری لێبکەمـەوە، هـەموو ئـەوەی پێویسـتە سـەرنج بخەمەسـەری، هـەموو ئـەوەی پێویسـتە بیکـەم... چییە؟ تـەنها دڵـت وەڵامەکەی دەزانێت، وەهایە؟ بەڵێ، وەهایـە دەیزانێـت. متمانـە بـە دڵـت بکـە. دڵ و مێشـکت پێکـەوە هێزێکـی گـەورەن. کاتێـك یەکـدەگرن نابـەزێنرێن. باشـترە گـویێ لـەم تـەکنیك و تۆمـارە بگریـت کـە مـن ئامـادەمکردووە. وەك لـەوەی بیخوێنیتـەوە. لەبەرئـەوە تکایـە سـوود لـە دەنگەکەشی وەربگرە. وەك پیشتر ئاماژەم پێدا، ڕێنـوێنی دەیـان هـەزار خەڵکم کردووە بەهۆی ئـەم شـێوازە چارەسـەر و بیرکردنەوانـەوە لـەکاتی نیگەرانیدا. هەندێکجار پرسیارم لە ئامادەبووان دەکرد، ئەگەر لەو کاتـەی

بارودۆخ تێکدەچێت و پەستانیان دەچێتە سەر دەزانن چی بکەن، با چاو دابخەن و دەستیان بەرزبکەنەوە. دواتر چاوتان بکەنەوە بۆئەوەی بزانن چەند کەس لە ژوورەکەدا دەستی بەرزکردووەتەوە. زۆربەی کاتەکان ٩٥٪ی ئامادەبووان دەستیان بەرزکردەوە. هەندێکجار بارودۆخەکە زۆر چڕ دەبێتەوە بەجۆرێك کە پێویستی بە کاری زیاترە، بەڵام ئەم شێوازی دوو خولەك بیرکردنەوەیە یەکێکە لە تەکنیکەکانی دیکەم کە بەکاریان دەهێنم.

بەڵام خاڵێکی دیکە هەیە کە دەمەوێت ئاماژەی پێبکەم، منیش و تۆش هەردووکمان هێزی ئەوەمان هەیە لەحاڵەتی ناڕەحەتی و ئازاردا خۆمان دەرباز بکەین و بچینە حاڵەتێکی خۆشەوە هەمووی تەنها لە دوو خولەکدا. چۆن؟ بە سەرنجدانمان لەسەر ئەو شتەی کە نرخی دەزانین. ڕێگایەکی زۆر ئاسان و کاریگەرە: پێزانین و شادومانی و خۆشەویستی هیچ شتێك نین دەرمان نەبێت بۆ ئازار. هەمووی پەیوەندی بەوەوە هەیە کە خەیاڵت لەسەر (لەدەستدان، کەم، هەرگیز) لاببەیت و بیگۆڕیت بە سوپاس و پێزانین و خۆشەویستی بۆ ئەو شتانەی کە هەتە.

هەموو بیرکردنەوە و هەستە نەرێنییەکان بگۆڕە بە پێزانین. دواتر دەبینین چۆن هەموو ژیانت دەستبەجێ دەگۆڕێت.

خەونی دڵخۆشی و بینینی هیوا

دوێنێ تەنها خەونێك بوو،

سبەینێش تەنها هیوایە.

بەڵام ئەگەر ئێستا باش بژیت، هەموو دوێنێت دەبێت بەخۆشی،

هەموو سبەینێش دەبێت بە هیوا.

– کەلیدەسا (شاعیر و درامانوسی سەدەی پێنجەم)

ئێستا من دەڵێم تۆ جارێکی دیکە نە ئازار دەچێژیت و نە پەستان دێتە سەرت. هەردووکمان دەزانین ژیان پڕە لە شتی جۆراوجۆر. گرنگ نییە چەند زیرەك یان چەند دەوڵەمەند بین، کەسمان پارێزراونین لە نەخۆشی، ئازاری لەدەستدانی ئەو کەسانەی کە خۆشماندەوێن، هەروەها ئەو هەزاران ناخۆشییانەی دیکە. من ناتوانم کۆنترۆڵی ئەوە بکەم کە لە داهاتوودا بەسەر خۆت و خێزانەکەت دێت. هەروەك ناتوانم کۆنترۆڵی ئەو شتانە بکەم کە بەسەر بازاڕدا دێت. خۆزگە بمتوانیایە

.

(لەکوێ ئەمەت دۆزییەوە؟ هەموو شوێنێکی بۆ گەڕام.)

(من خۆم ئەمەم دروستکرد.)

وێنەی لاپەڕە ١٨٤

بەڵام ئەم بەڵێنەت پێدەدەم، ئەگەر بڕیار بدەیت دەست بەسەر مێشکی خۆتدا بگریت، لەڕووی دەروونییەوە دەتوانیت چارەسەری هەر شتێك بکەیت کە ڕووبەڕووت دەبێتەوە. هەندێك کەس پسپۆڕی کۆسپی دەرونین، بەڵام من بەشێکی زۆری ژیانم سەرنجم خستووەتەسەر شێوازی گەشەکردنی ئەم کۆسپە دەروونییە. لێکۆڵینەوەم لە زۆر کەسی لاواز کردووە کە بەناو زۆر ناخۆشیدا تێپەڕی بوون و لەکۆتاییدا ژیانێکی نایابیان دروستکرد.

چەند ساڵێك لەمەوپێش، ئافرەتێکم بینی ناوی ئەلایس بوو، پیانۆژەنێکی

زیرەك بوو، لە ساڵی ١٩٠٣ لەدایكبوو بوو. لەكاتی جەنگی دووەمی جیهانیدا، ئەلایس و كوڕەكەی سنورداش كران و نێردران بۆ كەمپێك. لەوێ زۆریان لێكرد بۆ ئەوەی پیانۆ بژەنێت. ئەمیش خۆی وەها نیشاندا بۆ ئەو كەسەی كە دەستگیری كردووە پیانۆ دەژەنێت كە كەسێكی نازی بوو، بەڵام لەڕاستیدا حەزیدەكرد منداڵەكەی بكوژێت ئەوەندە ڕقی لێی بوو. دواتر شێوازی ڕزگاربوونی ئەلایس لەو شوێنە بووبە پەرتوكێك بەناو (باخچەیەكی بەهەشت لەناو دۆزەخدا).

كاتێك ئەلایسم بینی، لە ئینگلتەرا دەژیا و تەمەنی ١٠٨ ساڵبوو. زۆر ناخۆشی و تراژیدیای بینیبوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا یەكێك بوو لە ئەرێنیترین و دەروون بەرزترین كەسەكان كە تا ئێستا چاوم پێی كەوتبێت. بەتەنها دەژیا كەچی هێشتا سووربوو لەسەر ئەوەی دەتوانێت ئاگای لەخۆی بێت. تا ئەوكاتەش هەموو ڕۆژێك پیانۆی دەژەنی و گۆرانی دەگوت.

ئەوەی زۆر سەرنجی ڕاكیشام ئەوەبوو هەموو شتێك لەبەرچاوی ئەو جوان بوو. چەندە نایابە؟ بەنیسبەت خۆمەوە، ئەمە باشترین وەبیرهێنەرەوەیە كە تەنانەت ئەو كەسەشی لە دۆزەخدایە دەتوانێت خۆشبەختی دروستبكات. زۆر كاریگەربووم بە باسكردنی ژیانی لە كەمپەكەدا. ئەلایس پێی گوتم كە هەموو ساتێكی ژیانی بەخشش بووە، تەنانەت بەو ساڵانەشەوە كە لە كەمپەكەدا بوو.

كاتێك كەسی لەم جۆرە دەبینیت هەرگیز لەبیریان ناكەیت. ئەم جۆرە كەسانە توانا نایابەكەیان بەكاردەهێنن بۆئەوەی لە پێزانین و شكۆ و سوپاسگوزاریدا بژین. سەرەڕای هەموو ئاستەنگەكان، خۆشەویستی و

شادومانییان پێوەدیارە، بەڵام کەسانێکیش هەن کە دەبینیت تەنها لەبەرئەوەی شیر یان قاوەکەیان گەرم نییە دەیکەن بە هاتوهاوار، ڕێك حەزدەکەیت بدەیت بەسەریاندا.

کەواتە دەتەوێت چی بکەیت؟ دەتەوێت لەم گەشتەدا بۆ دۆزینەوەی سامانی ڕاستەقینە و هەمیشەیی بەشدار بیت لەگەڵم؟ دەتەوێت لەڕێگەی ڕاهێنانی مێشکتەوە هەموو ساتێکی ژیانت پڕ بکەیت لە شادومانی؟ بەدەستی خۆتە دەتەوێت لەخۆشیدا بژیت یان ئازار. تۆ توانای ئەوەت هەیە ببیتە خاوەنی خۆشبەختی، مێشکت پڕبکەیت لە ئاسودەیی، هەروەها بەبێ گوێدان بە هیچ شتێکیش دڵخۆشبیت. لە هەمووی خۆشتر، ئەو شادومانییەی لەناختدا هەیە کاریگەری دەکاتە سەر ئەوانەی چواردەوریشت.

ئەگەر ئامادەیت بەلەمەکان بسوتێنیت و دورگەکە بگریت، پێشنیارت بۆ دەکەم کە تێبینییەك بنوسیت و ئەو بڕیارە ڕوون بکەیتەوە کە داوتە لەبارەی ئەوەی لەمەودوا خۆت بژیت، هەروەها هۆکاری بڕیارەکەش ڕوونبکەرەوە. دواتر ئەم تێبینییە بۆ سێ کەس بنێرە کە ڕێزیان هەیە لەلات. داوایان لێبکە (بەڕێزەوە !) هەرکاتێك تۆیان بینی ئازار دەچێژیت، با ئەو تێبینییەت پیشانبدەن. هەروەها دەتوانیت لەڕێگەی ئەم بەریدە ئەلیکترۆنییەوە endsufferingnow@tonyrobbins.com بۆ منی بنێریت. خۆشحاڵدەبم ببیستم کە ئەو بڕیارەتداوە و هەروەها هۆکارەکەشی بڵێیت. پاشان پێمان بڵێیت چۆن ژیانتی گۆڕیوە. هەموو کەسێك پێویستی بە دیدگا و بۆچوونێکە. ئەوەی من سادەیە. من دەمەوێت هەموو ڕۆژێکی ژیانم لە حاڵەتێکی خۆشدا بژیم، کاتێکیش لە

ڕێڕەوەکە لابدەم، بەزوویی خۆم دەگێڕمەوە سەر ڕێگاکە. ئەمەش یارمەتیم دەدات خۆشی بخەمە ژیانی هەموو ئەوانەی خۆشمدەوێن. هیوادارم لەم کارەدا بەشداربیت لەگەڵم. لەبەرئەوەی با پێتبڵێم: ژیان لە حاڵێکی خۆشدا گەورەترین دیاری و باشترین گەنجینەیە.

ئەمە زۆر دەگمەنتر و گەورەترە لەوەی ببیت بە ملیۆنەر.. ئەگەر بتوانیت فێرببیت چۆن لە هەوراز و نشێودا بەباشی لێبخوڕیت، ئەوە تۆ بەتەواوی خۆڕاگریت.

## نهێنیی ژیان بەخشینە

سەرەتای ئەم بەشە بە قسەکردن دەربارەی سامانی ڕاستەقینە دەستمپێکرد. وا خەریکە دەگەینە کۆتایی بەشەکە و کاتەکانمان پێکەوە تەواو دەبێت، ئێستا سامانی ڕاستەقینە چییە؟ چۆن دەتوانیت هەموو ڕۆژێك ئەزموونی بکەیت؟ کاتێك لەگەڵ سێر جۆن، یەکێك لە وەبەرهێنە نێودەوڵەتییەکان، چاوپێکەوتنم کرد، پرسیارم لێکرد: نهێنیی گەشتن بە سامان چییە؟پێی گوتم ‘‘ تۆنی، ئەوەیە کە تۆ فێری خەڵکی دەکەیت.’’ پێکەنیم و وتم: من زۆر شت فێری خەڵکی دەکەم، کامیان دەڵێیت؟

بە ڕوویەکی گەشاوەوە وەڵامیدایەوە و گوتی، ‘‘ سوپاسگوزاری! تۆنی دەزانیت ئێمە زۆر کەسمان بینیوە خاوەنی ملیۆنان دۆلار بوون، بەڵام خەمبار بوون. ئەوانە بەڕاستی هەژارن. هەروەها هەردووکمان کەسانێك دەناسین بەڕووڵەت هیچیان نییە، بەڵام سوپاسگوزارن بەرانبەر ئەو ژیانەی هەیانە. لەبەرئەوە ئەمانە بێهاوتا دەوڵەمەندن.’’

بەڵێ، هەموومان لەناخی دڵمانەوە ئەوە دەزانین ئەوە پارە نییە دەوڵەمەندمان دەکات. دڵنیام تۆش بۆتدەرکەوت کە گەنجینەی ڕاستەقینە لایەنی دارایی نییە، بەڵکو ئەو کاتانەیە کە پێزانینمان بۆ هەموو شتەکان هەیە. ئەو کاتانەیە کە هەست بە شتێکی هەمیشەیی و پتەو دەکەین لەناخماندا. ئەویش دەروونمانە. پەیوەندیی گەرموگوڕە لەگەڵ خێزانەکەمان. دۆزینەوەی کارێکی پڕ مانایە. توانای فێربوون و گەشتکردنە. بەخشین و خزمەتکردنە.

بەنیسبەت منەوە، یارمەتیدانی خەڵکییە بۆئەوەی سنورەکانیان تێپەڕێنن و بەگەشاوەیی بیانبینم و هەروەها بزانن کێن و توانای بەدەستهێنانی چییان هەیە. مایەی خۆشحاڵیمە ببینم ژیانیان ئاهەنگە نەوەك جەنگ. هەستێکی ئەفسوناوییە کە دەبینم کاریگەرییەکم هەبووە و گۆڕانکارییەکم لە ژیانیاندا دروستکردووە، هەروەها لە بەئاگاهێنانەوەی مرۆڤێکدا دەورم گێڕاوە. مایەی پێزانینە هەموو ئەو شتانەی پێیدا تێپەڕیبووم نەك خزمەتی خۆم، بەڵکو خزمەتی ئەوانی دیکەشی کردووە. تەنانەت گەورەترین ئازاریش گەیاندوومی بە خۆشبەختی و ئاسودەیی. لەڕاستیدا هیچ شتێك لەو دیارییە گەورەتر نییە کە ژیانێکی پڕمانات هەبێت. ئەمە بەتەواوی یارییەکە دەگۆڕێت.

شتێك بدۆزەرەوە بۆئەوەی خزمەتی بکەیت، ئامانجێك کە پەرۆشی بیت، کە ئەمەش لە خودی خۆت گەورەترە، هەروەها دەتوانێت ساماندارت بکات. هیچ شتێك هێندەی یارمەتیدانی ئەوانی دیکە دەوڵەمەندت ناکات.

خەڵکی هەمیشە دەڵێن کاتێك دەوڵەمەندبوون ئەوکات دەبەخشن، بەڵام ڕاستییەکەی ئێستا دەتوانیت دەستبکەیت بە بەخشین هەرچەندە

کەمیشت هەبێت. ئەگەر کەسێك لە دۆلارێك نەتوانێت سەنتێك ببەخشێت، هەرگیز لە ملیۆنێك دۆلار ناتوانێت ١٠٠ هەزار دۆلار ببەخشێت! لە هەرچییەکەوە هەتە دەستپێبکە، ئەوکات منیش دڵنیات دەکەمەوە بەبێ پێوانە بەختەوەری دەڕژێت بەسەرتدا! ئەم ئەم گۆڕانکارییە دەروونییە لە کەمیەوە بۆ زۆری دەوڵەمەندت دەکات و هەستێکی نایابی ئازادییت پێدەبەخشێت. لەم گۆڕانکارییەدا، تۆ ڕاهێنان بە مێشکت دەکەیت تا ئەوەی بۆت دەرکەوێت هیچ شتێك لەوە بەنرختر نییە ببەخشیت و سوپاس و پێزانینت هەبێت و ئەوانی دیکەت خۆشبوێت. هەروەها لەبیرت بێت: ئەوەی کە دەتوانیت بیبەخشیت تەنها پارە نییە، بەڵکو دەتوانیت کاتەکانت ببەخشیت، کارامەییەکانت ببەخشیت، دەتوانیت خۆشەویستی و پەرۆشی و تەنانەت دڵیشت ببەخشیت.

نزای هەموو ڕۆژێکی من ئەوەیە کە ببمە بەختەوەرییەك بۆ هەموو ئەوانەی چاوم پێیانکەوتووە. ئەگەر تۆ ئەم هۆکار و بنەمایانە بکەیت بە شتێکی بنەڕەتی لە ژیانتدا، ئەوە دەتوانیت لەوەی کە چاوەڕوانتکردووە زیاتر وەربگریت و زیاتریش ببەخشیت. کاتێك ئەم ڕێژە زۆرە دەبەخشیت و ڕێژەیەکی زۆریشت دەستدەکەوێت، بەتەواوی هەست بە بەختەوەری دەکەیت. هەروەها دەبیت بە بەختەوەرییەکی گەورەتر و گەورەتر لە ژیانی ئەوانی دیکەشدا. ئەمە هەستی سامانی ڕاستەقینەیە.

من سوپاستدەکەم کە شەرەفی ئەوەت پێدام کە کاتەکانم لەگەڵ تۆدا بەسەر ببەم. لەناخی دڵمەوە هیوا دەخوازم ناوەڕۆکی ئەم پەرتوکە یارمەتیدەرت بێت لە گەشتی ئازادی و سەربەستیی داراییتدا. ڕەنگە ڕۆژێك ڕێگاکەمان بگاتەوە بەیەك، ئەوکات شەرەفی ئەوەم دەبێت گوێ

لـە چـیرۆکەکەت بگـرم و بـزانم چـۆن ئـەم پەرتوکـە یارمەتیـداویت لـە دروستکردنی ژیانێکی شایستە کە جێگەی ڕەزامەندی خۆت بێت.
تکایە هەرکات پێویستیکرد لاپەڕەکان هەڵبەرەوە و سـەیرێکیان بکـەرەوە بۆئەوەی بیرت بکەوێتەوە تۆ کێیت و دەتوانیت چی بکەیت. لـەبیرت بێـت تۆ زیاتر لە ساتێکیت. تۆ ڕۆح و گیان و دەروونیت! هەروەها بەڕاستی تۆ خۆڕاگریت. خودا ڕەحمت پێبکات!


برایان تره‌یسی
ئامانجه‌كان!
GOALS!
BRIAN TRACY


زیره‌ك به‌ !
برایان تره‌یسی


سپێنسه‌ر جۆنسۆن
كێن بلانچارد
به‌ڕێوه‌به‌ری
یه‌ك
خوله‌كی
The One Minute Manager


هەنگاو بنێ!
ستیڤ هارڤی
jump
STEVE HARVEY
وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە:
حەیدەر ئیبراهیم


وەك خانمێك
ڕەفتار بكە
وەك پیاوێك
بیربكەرەوە
پیاوان چۆن بیر لە خۆشەویستی و پەیوەندیی
سۆزداریی و پابەندبوون دەکەنەوە
ستیڤ هارڤی
وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە:
STEVE HARVEY
ACT LIKE A LADY
THINK LIKE A MAN


سەرکەوتووانە
بیر بکەرەوە
سەرکەوتووانە
ڕەفتار بکە
ستیڤ هارڤی
STEVE HARVEY
ACT LIKE A SUCCESS THINK LIKE A SUCCESS



# خۆراگر بە!

## تۆنی ڕۆبنز

‘‘ ڕۆبن یەکێکە لە باشترین پێشکەشکاری بەرنامە ئابورییەکان کە تا ئێستا کارم لەگەڵ کردبێت. ئەو دیدگا و بۆچوونانەی کە لەباشترین بیرمەندە بازرگانییەکان دەهێنێت و پێشکەشی وەبەرهێنە ئاساییەکانی دەکات، کارێکی زۆر ناوازەیە ’’

– ئالان گرینسپان


Bakhtiary Bookshop

ktebxanay baxtiary

07505000122

بەختیاری

4000 IQD